حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

# سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان (١٩٧٠-٢٠٠٤)

**(توێژینەوەیەکی مێژوویی -سیاسییە )**

نامەیەکە لە لایەن:

**( ئاوات عبداللە عبدالقادر)**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی(ماستەر) لە زانستی مێژوو لە پسپۆڕیی مێژووی نوێ و هاوچەرخ.

بە سەرپەرشتی:

**پ.ی.د. هاوار کمال میرزا عبداللە**

١٤٤٤ کۆچی ٢٧٢٢ کوردی ٢٠٢٢ زاینی

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەی خوێندکار(ئاوات عبداللە عبدالقادر) بە ناونیشانی(سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان ١٩٧٠-٢٠٠٤ (توێژینەوەیەکی مێژوویی - سیاسییە)) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی مێژوو لە پسپۆڕیی مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د.هاوار کمال میرزا عبداللە

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: ١٩/ ٩/ ٢٠٢٢

به پێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ.د.پشکۆ حمەطاهر عبدالرحمن

سەرۆکی بەشی (مێژوو).

ڕێکەوت: ١٩/ ٩/ ٢٠٢٢

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەی خوێندكار (ئاوات عبدالله عبدالقادر) بە ناونیشانی(سیاسەتی حكومەتی سوریا بەرامبەر بە پرسی كورد لە ڕۆژئاوای كوردستان ١٩٧٠- ٢٠٠٤ (توێژینەوەیەكی مێژوویی - سیاسییە))مان خوێندەوە. گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەكانی دیكەی كردووە، بڕیارمان دا بە پلەی(              ) بڕوانامەی (ماستەر)ی لە (مێژووی نوێ و هاوچەرخ) پێ بدرێت.

واژۆ:

ناو: د. عبدالله محمد علی

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆكی لیژنە

ڕێكەوت: ٣١ / ١٠ / ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: د. خەسرەو عبدالرحیم نجم

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێكەوت: ١٦ / ١١ / ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: د. سیامەند كریم محمود

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێكەوت: ٣١ / ١٠ / ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: د. هاوار كمال میرزا عبدالله

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێكەوت: ٣١ / ١٠ / ٢٠٢٢

لە لایەن ئەنجومەنی كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان/ زانكۆی سلێمانی–پەسەند كرا.

واژۆ:

ناو: پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.ابتسام اسماعیل قادر

ڕاگری كۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەكان

ڕێكەوت:    /    / ٢٠٢٢

# پێشکەشە بە:

- بە هەرتاکێکی کورد لە هەرشوێنێکی دونیا کە قوربانی دەستی سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس بووە.
- دایک و باوکی خۆشەویستم.
- هاوسەرەکەم هەمیشە هاوکارم بووە لە بەپایانگەیشتنی ئەم نامەیەدا.
- منداڵەکانم بە درێژایی ماوەی خوێندنم نەمتوانی وەک پێویست لەگەڵیاندابم.
- مامۆستایانی خۆشەویستم لە تێکڕای قۆناغەکانی خوێندندا و هەموو ئەو کەسانەی لە ژیانمدا هاوکارییان کردووم و ڕێگای فێربوون و زانستیان پیشانداوم.

# سوپاس و پێزانین بۆ :

- بەڕێز سوپاسی زۆر زۆرم بۆ سەرپەرشتیاری بەڕێزم (**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر هاوار کمال میرزا عبدالله**)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی گرتەئەستۆ و بە سەرەنج و تێبینی و زانیارییەکانی توانیمان بەسەر زۆر ئاستەنگدا سەرکەوتووبین، بەدڵنیاییەوە بەبی هاوکاری و هەوڵی بەرێزیان ئەم نامەیە بەم شێوەیەی ئێستا نەدەبوو.
- سەرۆکی بەشی مێژوو بەڕێز (**پ.د. پشکۆ حمەطاهر عبدالرحمن**) هەمیشە درێخی نەکردووە لە ئاسانکاریی و دەستگرۆیی کردنمان.
- هەموو ئەو مامۆستا خۆشەویستانەم دەکەم، کە لە ماوەی کۆرسی خوێندن لەگەڵماندا بوون و زەحمەت و ماندووبوونەکانیان جێگەی سوپاس و پێزانینە.
- کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرو نوسەرەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، ئەوانەی وەک شایەتحاڵی ڕووداوەکان چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردوون بە زانیاری و کتێب و نووسینەکانی خۆیان هاوکارییان کردوم وەک (پ.د.ئیسماعیل حەصاف، بەڕێز عەلی شمدین، عەلی جەزیری، عەلی صالح میرانی و لوقمان سلێمان).
- هەموو بەڕێزان :( ئوستاد دارەوان عبدالقادر مامۆستا لە زانکۆی کۆیە، م. بەرزانی مەلا تەها و هەردوو هاوڕێم، م. سامان مجید و م.جلیل حسین).
- هەموو ئەوانەی بە وشەیەکیش بوو بێت هاوکارییان کردووم و یارمەتییان داوم لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە.

# لیستی هێما و ناوە کورتکراوەکان:

| هێما کوردییەکان: | |
|---|---|
| لاپەڕە | م |
| چاپ | چ |
| بەرگ | ب |
| وەرگێڕ | و |
| **هێما عەرەبییەکان:** | |
| الطبعة | ط |
| الترجمة | ت |
| الجزء + مجلد | ج |
| الصفحة | ص |
| **هێما ئینگلیزییەکان:** | |
| Page-لاپەڕە | P. |
| Volume | Vol. |
| Translate | Tra: |

# پێرست:

**بابەت :** **لاپەڕە:**


**پێشەکی**............................................................................................ ١-٩

**دەروازە: پوختەیەکی مێژوویی سەبارەت بە سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە ڕۆژئاوای کوردستان تاوەکو ساڵی ١٩٧٠:** ........................................................................ ١٠-٣١

**بەشی یەکەم: هەڵوێستی حکومەتی سوریا بەرامبەر پرسی کورد (١٩٧٠-١٩٨٢) :............ ٣٢**

**باسی یەکەم:** سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە کورد **لە ڕۆژئاوای کوردستان** (١٩٧٠-١٩٧٥)................................................................................................................ ٣٣-٥٨

**باسی دووەم:** سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە ڕۆژئاوای کوردستان (١٩٧٦-١٩٨٢).٥٩-٧٧

**بەشی دووەم: پرسی کوردی ڕۆژئاوا لە ستراتیژی سیاسی حکومەتی سوریادا (١٩٨٣-حوزەیرانی ٢٠٠٠)........................................................................................................ ٧٨**

**باسی یەکەم:** سیاسەتی حکومەتی سوریا لە ڕۆژئاوای کوردستان (١٩٨٣-١٩٩٢):.................. ٧٩-٩٩

**باسی دووەم:** کاردانەوەی حکومەتی سوریا لە بەرامبەر ڕۆژئاوای کوردستان (١٩٩٣-حوزەیرانی٢٠٠٠): ......................................................................... ١٠٠-١١٩

**بەشی سێیەم: ڕۆژئاوای کوردستان و هاتنی بەشار ئەسەد بۆ دەسەڵات (حوزەیرانی ٢٠٠٠ – ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤):.......................................................................................... ١٢٠**

**باسی یەکەم:** ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان و هاتنەسەر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد (حوزەیرانی٢٠٠٠-ئاداری ٢٠٠٤):........................................................................................ ١٢١-١٣٧

**باسی دووەم:** ڕاپەڕینی ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤ ، هەڵوێست و کاردانەوەکانی حکومەتی سوریا بەرامبەر ڕاپەڕینەکە:........................................................................................ ١٣٨-١٦١

ئەنجام.................................................................................................... ١٦٢-١٦٦

لیستی سەرچاوەکان ..................................................................................... ١٦٧-١٨٤

پاشکۆکان................................................................................................ ١٨٥-٢٠٠

پوختە بە زمانی کوردی...................................................................................... أ-ت

پوختە بە زمانی عەرەبی..................................................................................... أ-ت

پوختە بە زمانی ئینگلیزی.................................................................................... I-III

# پێشەکی

## گرنگی توێژینەوەکە:

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەژێر ناونیشانی (سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان (١٩٧٠-٢٠٠٤))وەک ماوەیەکی مێژووی دیاریکراو گرنگ و پڕ بایەخە، چونکە لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی هاتۆتەکایەوە کە کاریگەریی لەسەر کوردی ڕۆژئاوای کوردستان هەبووە. سیاسەتێک کە هەر لەگەڵ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سوریاوە لە ساڵی ١٩٤٦ بە چڕیی دەستپێکرد دژ بە کورد کە خۆی دەبینییەوە لە سیاسەتی جیاکاریی ڕەگەزیی و نکۆڵیکردن لە بوونی پرسی کورد لە سوریا لە ڕێگەی دانانی دەستوری دژ بە کورد، ئیدی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی شوناس و فەرهەنگی کورد لە سوریا دەستپێکرد و بە سەرژمێری نائاسایی لە پارێزگای کوردنشینی حەسەکە لە ١٩٦٢ و پلانی محەمەد تەلەب هیلال بۆ سڕینەوەی کورد و تواندنەوەی لە بۆتەی عەرەبدا و هەڵکەندنیان لە زێدی خۆیان لە ڕێگەی پشتێنەیەکی ئەمنی و نیشتەجێکردنی عەرەبەوە لە ناوچە سنورییەکان، گەیشتە لوتکە. سەردەمی حافز ئەسەد ١٩٧٠-٢٠٠٠ ئەگەر چی لەڕووی سیاسییەوە نکۆڵیکردن لە بوونی پرسی کورد و داننەنان بەبوونی کورد وەک نەتەوەی دووەم لە سوریا و پێنەدانی مافە سیاسی، مەدەنی و فەرهەنگییەکان و حوکمی خۆجێی بۆ کورد، جگە لەوەی دەرکردنی مەرسوم بۆ دژایەتی کورد درێژەی هەبوو،...هتد، لە ١٩٨٠ کاندا کرانەوەیەکی کەم لەڕووی فەرهەنگی و کەمکردنەوەی سیاسەتی توندوتیژی هاتەئاراوەو و سەرکوتکاریی بەرامبەر بەکورد کەمکرایەوە ، هەڵبەت پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە لە سیاسەت بۆ بەرژەوەندی حکومەت و تاکتیکێکی کاتی بوو، چونکە حکومەت ڕووبەڕووی کێشەی نێوخۆی ببووەوە لەو قۆناغەدا بۆ ڕێگری لە بوونی ئۆپوزسیونی نێوخۆی زیاتر، جۆرێک لە نزیکبوونەوەو لێکتێگەشتن لە نێوان کوردو حافز ئەسەد هاتە ئاراوە. بەڵام سیاسەتی حکومەت بۆ نکۆڵیکردن لە بوونی کورد و داننەنان بەبوونی پرسی کورد وسیاسەتی عەرەبکردن درێژەی هەبوو. ئامانج لەم سیاسەتانەی حکومەتی سوریا سڕینەوەی سیما وفەرهەنگی کورد و بوونی کوردبوو لە ناوچە کوردییەکان، جگە لەوەی قسەکردن بەزمانی کوردی و میوزیکی کوردی و بڵاوکردنەوە، تەنانەت ناونانی کوردی لە منداڵانی کورد بە خێزانە کوردەکان بەمەرسومی فەرمی یاساخ کرابوون. بەکورتی لەڕووی سیاسیەوە...هتد قۆناغێکی سەرکوتکاری شمولی دەسەڵاتی سوریا بوو بەرامبەر بە کوردی ڕۆژئاوا، لەبەرئەوە قسەکردن لەو قۆناغە بایەخ و گرنگی باشی بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەوشی پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت.

کاتێک بەشار ئەسەد هاتەسەر دەسەڵات لە ساڵی ٢٠٠٠دا ، هەوڵێک لەژێر چەتری بەڵێنەکانی حکومەتی ئەسەدی کوڕ بۆ کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگەی سوریا بەڕووی دیموکراتیزەکردن، ئازادی ڕۆژنامەگەریی و بیروڕای ئازاد هاتەئاراوە لە لایەن چالاکوان و ڕۆشنبیرانی سوریا پشتیوانیکرا و وەک دەلاقەیەک لێی ڕوانر بۆ بە دەستهێنانی دەستکەوتی ئازادی زیاتر، بەڵام هەر زوو ئەم هەوڵانە کە بە بەهاری دیمەشق ناوی دەرکردبوو، شکستییهێنا و بە توندترین شێوە چالاکوانان لە هەر ڕەگەز و نەتەوەیەک سەرکوتکران، تێبینی دەکرێت سیاسەتی توندوتیژی حکومەتەکانی سوریا دژ بە کورد کاریگەریی ڕووداو و پێشهاتەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانی لەسەربووە و هەر ئەمە هانی کوردی دا بۆ بەرپاکردنی گەورەترین ڕاپەڕین لە مێژووی خۆیدا لە ڕۆژئاوای کوردستان، کە ڕاپەڕینی ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤ بوو. ئەم ڕاپەڕینە دەنگدانەوەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی بەرفراوانی بەدوای خۆیدا هێنا. گرنگی ئەم توێژینەوەیە پێشچاوخستنی سیاسەتی هەریەک لەو حکومەتانەیە بەوردی بەرامبەر بە کورد هەر لە سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕەتکردنەوەی فەرهەنگی کوردی و سیمای کۆمەڵایەتی تایبەتمەند بە کوردی ڕۆژئاوای کوردستان.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە خستنەڕووی سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئەو پاڵنەر و هۆکارانەی لە پشت ئەم سیاسەتەوە بوون چی بوون ؟، هەروەها ڕاڤەکردنی ئەو  سیاسەتە نەتەوەگەراییەی حکومەتی سوریایە، کە پاڵپشتە بە ئایدۆلۆژیای نەتەوەگەرای عەرەبی و هەوڵدان بۆ تەفسیرکردنی خەڵک و خاک و تەواوی نەتەوە جیاوازەکانی سوریا لە بۆتەی ئەم ئایدۆلۆژیایەدا، کە دژە بە تێکڕای بنەماکانی دیموکراسی و یاسا ئاسمانی و زەمینییەکان. جیا لەمانە ئامانجی توێژینەوە باسکردنە لەو مەرسوم و بڕیار و هەوڵانەی حکومەتی سوریا بۆ یاساخ کردنی زمان و فەرهەنگ و چالاکی سیاسی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان و تەنانەت لێدان لە بواری پەروەردە و خوێندن...هتد. پاشان هەوڵدان بۆ پیشاندانی چۆنێتی گۆڕینی ناوی شار و ناوچە کوردییەکان بۆ ناوی عەرەبی، نەک هەر ئەمە بگرە حکومەتی سوریا سیاسەتەکانی بە ڕادەیەک خستە خزمەتی دژایەتیکردنی کوردی وڵاتەکەی بە جۆرێک هەوڵیدا بۆ ڕێگرتن لە ناونانی منداڵانی کورد بە ناوی کوردی و ناچارکردنیان بە ناونانی منداڵە کوردەکان بە ناوی عەرەبی. ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی ئەم سیاسەتانەیە بەرامبەر کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر بنەمای لایەنگیری بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکان و خۆ دوورگرتن لە کەوتنە ژێر کاریگەری عاتیفی و نەتەوەیی...هتد، نوسینی ئەو بابەتانەیە بەشێوەیەکی ئەکادیمی.

## هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەكە:

خەباتی كورد لە سوریا و سیاسەتی حكومەت بەرامبەر بە پرسی كورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٠-٢٠٠٤) لەگەڵ ئەوەی قۆناغێكی گرنگ و هەستیارە، هەروەها ئەو سیاسەت و مامەڵانەی حكومەت ڕاستەوخۆ كاریگەریی لەسەر چارەنوسی كورد هەبووە، بەڵام سیاسەتی حكومەتەكانی سوریا بەرامبەر بە كورد لەو قۆناغەدا توێژینەوەیەكی ورد و زانستییانەی لەسەر نەكراوە كە سیاسەت و مامەڵەی حكومەت و ڕەوشی كورد لە سایەی ئەو سیاسەتانەدا دەربخات، لەبەرئەوە پێویستی بە توێژینەوەیەكی ورد بە میتۆدێكی كرۆنولۆژیانە سەبارەت بەم بابەتە گرنگی و بەهای خۆی دەبێت بۆ خستنەڕووی ئەو ڕێوشوێنانەی دژ بە كورد دەركراوە لە دووتوێی توێژینەوەیەكی زانستی بێلایەنانەدا، هەروەها دەرخستنی هۆكار و ئامانجی ئەو سیاسەتانەی حكومەت بەرامبەر بە كورد كە دەیگرتەبەر، پاشان خستنەڕووی ڕووداو پێشهاتەكانی پارچەكانی دیكەی كوردستان و كاریگەریی لەسەر سیاسەتی حكومەتی سوریا بەرامبەر بەكورد لە ڕۆژئاوای كوردستان لە دووتوێی نامەیەكی ئەكادیمیدا، چونكە ئەوەی هەیە لەم بارەیەوە بەشێوەیەكی پەرت و بڵاو لە چوارچێوەی كتێب یان ڕۆژنامەكان یان یاداشتی كەسایەتییەكاندا هەبووە، هەر لەبەرئەوە ئەم بابەتە گرنگی دەبێت بەپشتبەستن بە سەرچاوە و كەسایەتی ناو پارتە كوردییەكان و چاوپێكەوتن لەگەڵ شایەتحاڵەكانی ئەو سەردەمە بخرێتە پێشچاو و وتوێژەرانی دیكەی دواتر سوودی لێببینن و كتێبخانەی كوردی پێ دەوڵەمەند بكرێت. بە تایبەت قۆناغی توێژینەوەكە بە كەمی كاری لەسەركراوە.

## میتۆدی توێژینەوەكە:

لەم توێژنەوەیەدا پشت بە میتۆدی مێژوویی-سیاسی بەستراوە، بۆ تۆماركردنی ڕووداو و گۆڕانكارییەكانی ڕۆژئاوای كوردستان بە تۆماركردنی كرۆنۆلوژیی ڕووداوەكان بۆ پیشاندانانی سیاسەتی حكومەتی سوریا لە ڕۆژئاوای كوردستان و لێكەوتەكانی ئەو سیاسەتانە لەسەر كورد و پرسی كورد لە سوریا لەسەر ئاستەجیاوازەكانی سیاسی، ئابووریی و فەرهەنگی حكومەتە یەک لەدوایەكەكانی سوریاوە ڕاڤەكراوە بەپشتبەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن و فرە جۆر و بەزمانی جیاواز.

## گرفتەكانی توێژینەوەكە:

نووسینی نامەیەكی ئەكادیمی بێ گومان توێژەر ڕووبەڕووی گرفت و ئاستەنگی جیاجیا كردەوە، بۆ نموونە هەستیاری ئەو بابەتە و ئەو قۆناغەی دەكەوێتە چوارچێوەی

توێژینەوەکەوە، هەروەها نادیاریی ڕووداوەکان و ناڕوونی و وردەکاری بەشێکی دیاری ڕووداوەکان، کە لە ڕاستیدا قۆناغی دوای ١٩٨٠وە زانیارییەکان گرفتی پچڕان و کەمی زانیاریی و سەرچاوەی تێدان، بەشێکی زۆر لە سەرچاوەکان بێ دەنگن لەو قۆناغەدا لە تۆمارکردنی ڕووداو گۆڕانکارییەکان، ئەمەش بۆ سیاسەتی توندی حکومەت و لاوازی تۆماری مێژووی ڕووداوەکان لە لایەن سیاسییەکانی کوردی ڕۆژئاواوە دەگەڕێتەوە کە ئەمە گرفتێکی جدی توێژینەوەکە بوو. جیا لەوە دەستخستنی بەڵگەنامەکان کارێکی دژوارە و بەکەمی وەچنگ دەکەون و زۆری لای دەوڵەتی سوریا پارێزراوە و بەنهێنی ماوەتەوە و دەسخستنی کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت لە ڕەوشێکی سیاسی وەهادا، کە سوریای تێدایە، لەپاڵ ئەمانەدا دەستڕا نەگەیشتنی توێژەر بە ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی پارتە سیاسییەکانی کورد لە سوریا، ئەگەر چی ژمارەیەک لەو کەسایەتییانەی بەشداربوون لە خەباتی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە و بەشێک لە زانیارییەکانیان سودی گەورەی بۆ توێژینەوەکە هەبوو ، بەڵام ژمارەیەکیش پاش هەوڵی زۆر بە هۆکاری جیاواز یان ئەوەی لە تاراوگە دەژین یاخود ئامادە نەبوون چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت و سوود لە زانیاریی و یادەوەرییەکانیان وەک شایەتحاڵی ڕووداوەکان بخرێتە خزمەتی نوسینەوەی مێژووی کوردەوە.

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە دەروازە و سێ بەش وشەش باس و ئەنجام، پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

**دەروازە:** پوختەیەکی مێژووییە سەبارەت بە سیاسەتی حکومەتی سوریا تاوەکوساڵی١٩٧٠ و ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان لە سایەی حکومەتەکانی سوریا و سیاسەتیان بەرامبەر بە کورد. **بەشی یەکەم:** بەناونیشانی (**هەڵوێستی حکومەتی سوریا بەرامبەر پرسی کورد (١٩٧٠-١٩٨٢**)، دابەشکراوە بۆ دوو باس: **باسی یەکەم:** بە ناونیشانی (**سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان ١٩٧٠-١٩٧٥**) تیایدا باس لە نکۆڵیکردن لە لایەن حکومەتی سوریاوە لە بوونی کورد و پێنەدانی مافی سیاسی بە کورد و سیاسەتی بەعەرەبکردن و پرۆژەی "پشتێنەی عەرەبی" دەکات و بە گەورەترین سیاسەتی گۆڕینی دیموگرافیا دادەنرێت کە لە ناوچە کوردیەکان و دژی کورد ئەنجامدرابێت. **باسی دووەم:** لە ژێر ناونیشانی (**سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە ڕۆژئاوای کوردستان(١٩٧٦-١٩٨٢)**)و تیایدا تیشکخراوەتە سەر

سیاسەتی حکومەت و ڕۆڵ و پێگەی کورد لە ڕووداوە مێژووییەکانی سوریا لە نێوان ساڵانی (١٩٧٦ -١٩٨٢).

**بەشی دووەمی** توێژینەوەکە: خۆی دەبینێتەوە لە (**پرسی کوردی ڕۆژئاوا لە ستراتیژی سیاسی حکومەتی سوریادا ١٩٨٣-حوزەیرانی ٢٠٠٠**) بۆ دووباس دابەشکراوە، **باسی یەکەم:** لەژێر ناوی (**سیاسەتی حکومەتی سوریا لە ڕۆژئاوای کوردستان ١٩٨٣-١٩٩٢**)، تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە گۆڕانی سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە کورد و جۆرێک لە کرانەوەی حکومەت بەڕوی کوردا بەتایبەت ڕێگە بەکورد درا جۆرێک لە ئازادی فەرهەنگی و کلتوری هەبێت ئەوەش دوای ئەوەهات کە حافز ئەسەد دڵنیابوو لەوەی کە کورد کار لە دژی حافز ئەسەد و دەسەڵاتەکەی ناکات.

**باسی دووەم:** لە ژێر ناونیشانی (**کاردانەوەی حکومەتی سوریا لە بەرامبەر ڕۆژئاوای کوردستان ١٩٩٣-حوزەیرانی٢٠٠٠**)، تیایدا تیشکخراوەتەسەر ئەو سیاسەتەی حکومەتی سوریا لەو ماوەیەدا لەڕووی فەرهەنگی و سیاسی و سەرکوتکارییەوە بەرامبەر بە کورد گرتویەتیەبەر.

**بەشی سێیەم** بۆ (**ڕۆژئاوای کوردستان و هاتنی بەشار ئەسەد بۆ دەسەڵات (حوزەیرانی ٢٠٠٠ - ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤)**) تەرخانکراوە، کە بۆ دووباس دابەشکراوە، **باسی یەکەم:** بەناوی (**ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان و هاتنەسەر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد حوزەیرانی ٢٠٠٠- ئاداری ٢٠٠٤**)ە و تێیدا قسە لە ڕووداو گۆڕانکارییەکانی ئەو ماوە مێژووییەدا کراوە. هەرچی **باسی دووەمە** لە ژێر ناونیشانی (**ڕاپەڕینی ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤ ، هەڵوێست و کاردانەوەکانی حکومەتی سوریا بەرامبەر ڕاپەڕینەکە**) و وردەکاریی و هۆکارو چۆنێتی ڕووداوەکان و کاردانەوە نێوخۆیی و ناوچەییەکان خراوەتەڕوو، پاشان لێکەوتەکانی ئەم ڕاپەڕینە لەسەر چارەنوسی کوردی ڕۆژئاوا ڕاڤەکراوە.

## شیکردنەوەی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا سود لە سەرچاوەی فرەجۆر بە زمانە جیاوازەکانی کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی وەرگیراوە، هەریەک لەو سەرچاوانە دەستگرۆییەکی باشی توێژەربوون لە پێدانی زانیاریی ناو توێژینەوەکە، بەشێوەیەک توانراوە لە ڕێگەی ئەم سەرچاوانەوە بیروڕاو تێڕوانینی کەسانی سیاسی و بیانی و توێژەران خوێندنەوەی بۆ بکرێت و ئەنجامێکی گونجاو دەستبخرێت بۆ ڕاستی ڕووداوەکان، چونکە زانیاریەکانی نێو هەندێک لەو سەرچاوانەی بەکارهاتوون دەسەتخستنیان زەحمەتی زۆری دەوێت و لە سەرچاوەیەکی دیکەدا کەم بەرچاو دەکەون، هەروەک بەشێک لەو سەرچاوانە بەزمانی کوردی سوودی لێ وەرگیراوە، بۆ نموونە

کتێبی بیانی (کوردی سوریا بونێکی نکۆڵی لێکراو)ی نووسەر (هێریەت مونتگومری)، کە زانیاریەکی زور وورد و بێلایانانە لە خۆدەگرێت بەشێوەیەک زۆرێک لە سیاسەت و بڕیارەکانی حکومەتی سوریا دژ بەکورد خراوەتەڕوو، کە نوسەر زۆرینەی زانیارییەکانی لە دەرەوەی سوریا بەدەستهێناوە، هەندێک بەڵگەنامە و وتاری تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە لە کەم سەرچاوەدا وەبەرچاو دەکەوێت، ئەمە بێجگە لەوەی نووسەر چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵ کوردەکان لە سوریا، بەرپرسانی کورد لە تاراوگە ئەنجام داوە و زانیاری وردی لێ وەرگرتوون، کە بۆ توێژەرانی ئەم بوارە دەستخستنیان ئەستەمە.

لەو سەرچاوە عەرەبیانەی کە سودێکی گەورەیان بە توێژینەوەکە گەیاندوە و بونەتە هۆکاری کامڵکردنی توێژینەوەکە سەرچاوەکانی توێژەر (عەلیساڵەح میرانی) مامۆستای زانکوی دهۆکە کە پسپۆڕی بواری مێژوو و پرسی کوردە لە ڕۆژئاوای کوردستان ، هەم وەک کوردی سوریا و هەم وەک توێژەر زانیارییەکی زۆر گرنگ و دەگمەنی لەنێو سەرچاوەکانی دا خستوەتەڕوو کە ئەو زانیاریانە بەڵگەنامەن یان چاوپێکەوتنی کەسانێکی دیاری کورد بوون یان سەرچاوەوو بڵاکراوەی ڕەسەنن و دەستپێگەشتنیان ئەستەمە هەر لەبەر وردی و دەگمەنی زانیاری نێو سەرچاوەکانی بۆ سەرجەم بەشەکانی ئەم توێژینەوەیە پشتی پێبەستراوە وەک کتێبی (سیاسة التمييز القومي وحملات التعريب الحكومية في كوردستان-سوريا ٧ آب ١٩٢٨-٥ تشرين الاول ٢٠٠٨)، کەتیایدا زۆرێک لە بڕیار و مەرسومەکانی حکومەتی خستوەتەڕوو، کە سەبارەت بەکورد و دژی کورد دەرکراوە، بۆ زۆری بەشەکانی ئەم توێژینەوەیە سودی لێ وەرگیراوە، هەروەها کە سودێکی زۆر لە ماستەرنامەی ناوبراو بە ناوی (الحركة القومية الكوردية في كوردستان سوريا ١٩٤٦-١٩٧٠) وەرگیراوە بۆ دەروازەی ئەم توێژینەوەیە.

نوسەرێکی دیکەی کورد کە سود لە سەرچاوەکانی وەرگیراوە بە زمانی عەرەبی نوسراوە، کتێبەکانی (پ.د ئیسماعیل محەمەد حەصاف)، کە بۆ زۆرینەی بەش و باسەکانی توێژینەوەکە سوودیان لێ وەرگیراوە، چونکە لێکۆڵەرەو کوردی ڕۆژئاوای کوردستانە و بەشداربووە لە خەباتی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، هەنوکە ناوبراو مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین و سیاسەتمەدارێکی دیاری ڕۆژئاوای کوردستانە. زۆر توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە، بە نموونە لەم توێژینەوەیەدا سوود لە کتێبی (تاريخ كوردستان سوريا المعاصر) سێ بەشە و بۆ دەروازەو و باسی یەکەمی بەشی یەکەم سودی زۆری لێوەرگیراوە، هەرهەمان نووسەر کتێبی (المسألة الكردية في سوريا) بۆ بەشی سێ یەم سوودێکی زۆری لێوەرگیراوە، چونکە توێژەرە و ئەکادیمییەکی شارەزایە و زانیارییەکانی ووردن سەبارەت بە پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان.

لەو کتێبە عەرەبیانەی دیکە کە سودێکی زۆریان لێ وەرگیراوە دوو کتێبی بەڵگەنامەین کە لە لایەن چەند نووسەرو لێکۆڵەرێکی کوردەوە نوسراوە و سەنتەری لێکۆڵینەوە و پاراستنی بەڵگەنامەکانی زانکۆی دهۆک بڵاویکردونەتەوە بە ناوەکانی (القضیة الکوردیة فی کوردستان-سوریا خلال عهد الرئیس حافظ الاسد و القضیة الکوردیة فی کوردستان-سوریا خلال عهد الرئیس بشار الاسد) لەم دوو کتێبەدا زانیاری زۆر وورد و دەگمەن سەبارەت بە سیاسەتەکانی حکومەت و ڕەوشی کورد لە سایەی ئەو سیاسەتانەدا بەشێوەیەکی مێژوویی نوسراوە. ئەم دوو کتێبە بونەتە بناغەی زانیارییەکان بۆ تەواوی توێژینەوەکە. جیا لەوانە کتێبەکانی نووسەر و لێکۆڵەری سوری (محمد جمال باروت) سەرۆکی سەنتەری عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی سیاسی بۆ توێژینەوەکە سودی لێبینراوە، هەروەها کتێبی نووسەری کوردی ڕۆژئاوای کوردستان (عبدالصمد داوود) بەناوی (الحزام العربي في الجزیرة-السوریة) کە توێژینەوەیەکە بەوردی تیشکیخستوەتە سەر پرۆژەی پشتینەی عەرەبی و هەنگاوەکانی و شێوازی جێبەجێکردنی کۆی پرۆژەکە کە لە بەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی باش سودی لێ بینراوە، کتیبی (المسالة الکردیة فی سوریا فصول منسیة من معانات مستمرة)ی نوسەروو کەسایەتی ڕۆژئاوای کوردستان (عبد الباسط سیدا)، کە ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەی تێدایە کەلێنی گەورەی توێژینەوەکەی پرکردوەتەوە.

کتێب و سەرچاوە ئینگلیزیەکان بەشێکی گرنگی سەرچاوەو زانیاریەکانی ناو توێژینەوەکە پێکدەهێنن، چونکە زۆرێک لەم سەرچاوە ئینگلیزیانە زانیاری وردیان خستوتەڕوو کەلەلایەن نوسەرانی کوردو عەرەبەوە ئاماژەی پێنەدراوە هەروەک کتێبی جۆردی تیجل(Jordi Tejel) بەناونیشانی (Syria's Kurds History Politics and Society) نوسەرو مامۆستای زانکۆی نیوشاتلی سویسرایەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەتایبەت لەسەر کورد لە سوریا ومافی مرۆف لەو وڵاتە، کتێبەکەشی نموونەیەکە لەو لێکۆڵینەوانەی زانیاری زۆر وردو زانستی پشتبەست بە سەرچاوەی فرەجۆر و ڕەسەن نەک بۆ ئەم توێژینەوەیە، بەڵکو بۆ نوسین لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان زەحمەتە بێ کتێبەکەی تیجل نوسینەکە بێ کەم و کورتی نەبێت. سەرچاوەیەکی دیکەی ئینگلیزی، توێژینەوەکەی دەوڵەمەند کردوە (Rojava Revolution, war and the Future of Syria’s Kurds) کە نوسەرەکەی تۆماس شمیدینگەر(Thomas Schmidinger)ە، کە زانیاری وردی تێدایە سەبارەت بە کوردو سیاسەتی حکومەت و ئەکادیمیبوونی نوسیەنەکە بایەخی گەورەی بۆ توێژینەوەکە هەبوو. هەروەها نامە ئەکادیمییەکان کە بەزمانی ئینگلیزی نووسراون زانیاریەکانیان توێژینەوەکەی دەوڵەمەند کردوە وەک کتێبی بەدر حوسەین لەژێر ناوی ( The Kurdish Issue: the Kurds between the

historical dream and the ambiguous reality). سەرەڕای ئەوەی نامەیەکی ئەکادیمییە و پشتی بە سەرچاوەی فرەجۆر بەستووە و بێلایەنانە ڕووداوەکانی تۆمار کردووە و لە توێژینەوەکەدا سودی باشی لێ وەرگیراوە. سەرچاوەیەکی دیکە کە توێژەر سودی لێ بینیوە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی پارتە کوردیەکانی سوریا بوون وەکو زمان حاڵی پارتەکان وەک(صوت الاكراد)، (الديمقراطي)، کە توێژەر سودی زۆری لێ وەرگرتوون، چونکە هەندێک زانیاریی هەبوو تەنیا لە دوتوێی ئەو ڕۆژنامانە بوونیان هەیە. چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی ڕۆژئاوای کوردستان زانیاری و گێڕانەوەکانیان لە ڕێگەی پەیوەندیکردن و چاوپێکەوتنەوە توێژنەوەکەی دەوڵەمەند کردوە، چونکە ئەو زانیارییانە بەسەرچاوەی ڕەسەن دادەنرێن و پاش شەن و کەوکردنی و بازنەیەکی وونی ڕوداوەکانی کوردی ڕۆژئاوا لەم چاوپێکەوتنانەوە بەدەستهاتوون، هەروەک چاوپێکەوتن لەگەڵ "عەلی شمدین" نووسەرو سیاسەتمەداری کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، کە خۆی کاراکتەرێک بووە لە بزوتنەوەی نەتەوەی کورد لەو بەشە زانیاری و گێڕانەوەکانی بە چاوی خۆی بینیوە، توێژەر هەم لەڕێگەی چاوپێکەوتنەوە سودی لێ بینیوە هەم وەک نووسراوەکانی لە دوتوێی چەندین سەرچاوەدا کە خۆی نوسیویەتی. لە کۆتاییدا بە هیواین ئەم توێژینەوەیە دەلاقەیەک بێت بۆ نوسینی زیاتر لە بارەی سیاسەتی حکومەتی سوریا لە ڕۆژئاوای کوردستان.

# دەروازە

## پوختەیەکی مێژوویی سەبارەت بە سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە ڕۆژئاوای کوردستان تاوەکو ساڵی ١٩٧٠

سوريا ناوەندێکی ستراتیژییە، دەروازەی هەموو ڕێگاکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ دیمەشق و بە پێچەوانەوە، واتە ناوەندێکە بۆ سەرجەم ناوچەکان[1]. پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٤-١٩١٨ سوریا بەشێک بووە لە خاکی عوسمانی[2]، لە میانەی جەنگی جیهانیدا لە ڕێگەی پەیمانێکی نهێنییەوە بەناوی پەیمانی سایکس-بیکۆ-سازانۆڤ[3] لە ساڵی ١٩١٦دا، بەندە نهێنییەکانی ئەم پەیمانە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دارِشتەوە[4]، بە پێی ئەم پەیمانە خاکی سوریا و لوبنان و بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی خواروی تورکیا (ڕۆژئاوای کوردستان) موسل و دیاربەکر بە فەرەنسا دران[5]. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە سوریا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروستبوو[6]، (فەیسەڵی کوری حسین)[7] لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ حکومەتی دەستوری عەرەبی لەسوریا پێکهێنا[8]، بەڵام زۆری نەبرد فەرەنسییەکان دیمەشقیان داگیرکرد و حکومەتەکەی فەیسەڵیان ڕووخاند و لە ٢٤-٢٥ی تەموزی ١٩٢٠ منداتی فەرەنسا بەسەر سوریادا سەپێنرا[9].

لە ٢٤ تەموزی ١٩٢٢ کۆمەڵەی گەلان ڕەزامەندی لەسەر منداتی فەرەنسا بەسەر سوریادا نیشاندا[10]، لێرەوە منداتی فەرەنسی و تورکیا و بە پێی ڕێکەوتنی ئەنکەرە لە ١٩٢١ سنوری سوریا

---

[1]وليد معلم: سوريا ١٩١٨- ١٩٥٨، التحدي والمواجهة، ط١، المركز الثقافي في اللاذقية، دمشق، ١٩٨٥، ص٣.

[2] فيليب حتي: تاريخ سوريا و لبنان و فلسطين، ت: كمال االيازجي، ج٢، ط٢, دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٢، ص٣٥٤.

[3] جورج انطونيوس: يقظة العرب تاريخ حركة العرب القومية، ت: ناصرالدين الاسد و احسان عباس، ط٨، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٨٧، ص٣٤٩ ؛ هێسەر لێهر واکنەر: کوردستان لەنێوان سیڤەر و سنورە دەستکردەکاندا، و: شەفیعی حاجی خدر، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ل٩٠ .

[4] طالب محمد وهيم: مملكة الحجاز (١٩١٦ -١٩٢٥) دراسة في الاوضاع السياسية، ط١، منشورات مركز خليج العربي بجامعة البصرة، البصرة ١٩٨٢، ص٤٣-٤٨ .

[5] يوهانس رايسنر: الحركات الاسلامية في سورية من الاربعينات حتى نيهاية عهد الشيشكلي، ت: ابراهيم الاتاسي، ط١، رياض الريس للكتب والنشر، بيروت، ٢٠٠٥، ص٢٤ ؛ جورج انطونيوس: يقضة العرب...، ص٣٤٩-٣٥٠.

[6] ابو خلدون ساطع الحصري: يوم ميسلون صفحة في تاريخ العرب الحديث؛ مذكرات، منشورات دار الاتحاد، بيروت، ١٩٤٨، ص٨٧،٨٠.

[7] فەیسەڵی کوڕی حسێن: کوڕی شەریف حسێنی مەککە بوو، کە دەسەڵاتداری ئیسلام بووە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی حکومەتی سوریای پێکهێنا، بەڵام فەرەنسییەکان لە ساڵی ١٩٢٠دا حکومەتەکەی فەیسەڵیان ڕوخاند و منداتی سوریا درا بە فەرەنسا. بڕوانە: (علي صالح ميراني: الحركة القومية الكوردية في كردستان-سوريا ١٩٤٦ -١٩٧٠، مطبعة سپيريز، دهۆک، ٢٠٠٤، ص٢٠-٢١ ).

[8]محمدجعفر فاضل الخيالي: العلاقات بين سوريا والعراق ١٩٤٥-١٩٥٨ (دراسة في العمل السياسي القومي المشترك)، ط ١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠١، ص٢٨ ؛ فاتح رەسول: بنچینەی مێژوویی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ٢، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی،٢٠٠٥، ل٣٨٤ .

[9]ناجي عبدالنبي بزي: سورية صراع الاستقطاب (دراسة و تحليل الاحداث الشرق الاوسط والتداخلات الدولية في الاحداث السورية ١٩١٧-١٩٧٣)، دار ابن العربي، دمشق، ١٩٩٦، ص٨٤ .

[10]اندرو راثميل: الحرب الخفية في الشرق الاوسط، الصراع السري على سورية ١٩٤٩-١٩٦١، ت: عبدالكريم محفوظ، ط١، دارالسلمية للكتاب، دمشق، ١٩٩٧، ص١٤ ؛ تری دوێرتی: سوریا، و: حسەین نەجمەدین، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٤٥-٤٦.

و تورکیایان دیارییکرد[١]، هەردوولا بەم هەنگاوە کاریان کرد بۆ پەرتکردنی کورد وهۆزە کوردییەکانی ناوچەکە، بە تایبەت جەزیرە[٢]. چونکە ئەو ڕێکەوتنە کوردستانی دابەشکرد بۆ باکور و ڕۆژئاوای کوردستان و لەیەکی دابڕین[٣]، بەم پێیە بەشێک لە کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی منداتی فەرەنسی لە چوارچێوەی سوریا کە بە (ڕۆژئاوای کوردستان)[٤] ناسراوە.

هەڵکەوتەی جوگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان بەجۆرێکە کورد لەگۆشەی باکورو ڕۆژهەلاتی سوریا نیشتەجێن[٥] کەواتە زیاتر لەناوچەکانی باکوری وڵاتی سوریا و هاوسنوری تورکیا نیشتەجێن، باکوری ڕووباری عەفرین لەچیای ناسرا و بە (جبل الاکراد) لە قەزاکانی (باکوری ڕۆژهەڵاتی جەزیرەی فوراتی) دەژین[٦]. ڕۆژئاوای کوردستان لەڕۆژئاواوە سنوری ئەسکەندەرونەو لە ڕۆژهەڵاتەوە لەسەر کەنداوە، لە ڕۆژئاوا بە جبل الاکراد کۆتایی دێت و لە ڕۆژهەلاتیشەوە بە قەزای جەزیرە کۆتایی دێت[٧]. عەبدوڵلا غەفور پێی وایە، ڕۆژئاوای کوردستان سنورەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە لە چیای جریبەوە دەستپێدەکات، بۆ گوندی خاتونیە لە کۆبانێ لە ڕۆژئاواوە، لە گوندی حسنیەوە

---

[١] فواد حمه خورشيد مصطفى: القضيةالكردية في المؤتمرات الدولية، اربيل، ٢٠٠١، ص٨٠-٨٢ .

[٢] صلاح بدرالدين: الحركة القومية الكردية في سوريا رؤية نقدية في الداخل، ط١، رابطة كاوه للثقافة الكردية، مطبعة حاج هاشم، اربيل،٢٠٠٣، ص١٧ ؛ ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سایکس-پیکۆ و ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشور، چ٢، چاپخانەی سلیمانی، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٥ ؛ عبدالفتاح علي يحيى البوتاني: الحركة القومية الكردية التحررية دراسات و الوثائق، ط١، مطبعة دار سپيريز، دهۆک، ٢٠٠٤، ص٦٨٢ .

[٣]حامد محمود عيسى علي: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط من البدايتها حتى سنة ١٩١٩، مكتبة مدبولي، مصر، ١٩٩١، ص٣٥٠ ؛ عبدالرزاق محمود قيسي: محطات اثرية في حياة الكورد وحركاتهم القومية، مطبعة حمدي للطباعة والنشر، السليمانية،٢٠١٠، ص١٢٢.

[٤] ڕۆژئاوای کوردستان: پێکهاتەیەکی جوگرافی و مێژوویی ناوچەیی دەگرێتەوە، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە نەخشەی بۆ کێشراوە، ئەم چەمک و ناوچەجوگرافییە لە ساڵی ٢٠١١ەوە لەسەرنەخشەی جیهانی دەرکەوت، لەسێ کانتۆنی دابراوی ئۆتۆنۆمی (عەفرین-کۆبانێ- جەزیرە) پێکهاتووە، بەدرێژایی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا پێکدەهێنێت، واتا لەمالکیەوە لەگەڵ عێراق و لە عەفرینەوە دەگاتە سنوری سوریا لە باکورەوە بە وڵاتی تورکیاو لە باشورەوە بەهەردوو پارێزگای ڕەقە و دێرئەلزوور و لە خورئاواوە بە قەزای عەفرین و پارێزگای حەلەب و لە ڕۆژهەڵاتەوە بە وڵاتی عێراق. کورد لە کۆنەوە لەشێوەی هۆز وکۆمەڵە لەو ناوچانە نیشتەجێ بووە، (محەمەد ئەمین زەکی بەگ: خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمڕۆ، ئامادکردنی: رەفیق سالح، ب٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولیر، ٢٠٠٦، ل٢٩ ؛ ئومێد ناصح جیهانی: خۆرئاوای کوردستان جینۆساید و بەرخودان لە ماوەی سەد ساڵدا (١٩٢٠ - ٢٠٢٠) ، چ١، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٦٢-٦٦ ).

[٥] ايفان بختيار: النضال السلمي الديمقراطي للشعب الكردي في كردستان سوريا، ط١، مطبعة حمدي، السليمانية، ٢٠١١، ص٢١.

[٦] أحمد وصفي ذكريا: جولة اثرية في بعض بلاد الشامية، ط٢، دارالفكر، دمشق، ١٩٨٤، ص٣١١.

٧ أديب معوض: الأكراد في لبنان و سوريا: بحث إجتماعي نشر تباعا في مجلة النشرة الأميركية، ط١، مطبعة جامعة دهوک، ٢٠٠٨، ص٥٦.

دەڕوات بەرەو ناوەڕاستی چیای نورداغیلت بەرەو کەنداوی ئەسکەندەرونە. بەوجۆرە دەکەوێتە سەر بازنەی (٣٠-٣٦) پلەی باکور بەئاڕاستەی ڕۆژهەڵات لەسەر هێڵی درێژی (٤٠-٣٠)پلە یە[١].

بەو پێیە ناوچەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا هاوشانی سنوری عێراق و سوریا شوێنی نیشتەجێبوونی کوردە[٢]، ڕووبەری ڕۆژئاوای کوردستان بۆچوونی جیاوازی لەسەرە هەندێک بە (١٨,٣٠٠کم²)یان خەمڵاندووە[٣]، بەشێکی دیکە بە (٢٣٠٠٠ کم²)یان لەقەڵەمداوە[٤]. سەبارەت بە ژمارەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بە پێی سەرژمێری ١٩٥٢ و ١٩٥٦ بە (٣٠٠) هەزار کورد لەقەڵەمدراوە[٥]، بەڵام ژمارەی کورد لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ (١٢٧٥٨٢٠) کەس بەرزبووەوە کە دەکاتە (١٣٪) کۆی دانیشتوانی سوریا[٦]، هەرچەند سەرچاوە کوردییەکان ئاماژە بەوە دەکەن ڕێژەی کورد گەیشتووەتە (١٥٪) و هەندێکی دیکە بە (٢٠٪)ی تێکڕای دانیشتوانی سوریا تۆماریان کردووە[٧]، ئەم ڕێژەیە جیاواز لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆکراوە، بە کورتی کورد گەورەترین کەمینەی نەتەوەییە لە سوریا و بە پلەی دووەم دێت لە دوای عەرەب[٨].

شێوازی دابەشبوونی کورد لە سوریا بەم شێوەیەیی خوارەوەیە:

**یەکەم: پارێزگای جەزیرە**(حەسەکە)**:** پایتەختی هەرێمی جەزیرە حەسەکەیە، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای جەزیرەو سنوری باکوری حەسەکە، تورکیایە لە باشورەوە چیای عەبدولعزیزە، هەروەها چیای سنجار ڕۆژئاوای سنوری حەسەکە پێکدەهێنێت، ڕووباری خابور باکوری ڕۆژئاوای حەسەکە پێکدەهێنێت[٩]. جەزیرە لە پێنج ناوچەی سەرەکی پێکدێت کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردە، حەسەکە گرنگترین ناوچەیانە و ڕووبەرەکەی نزیکەی (١٧٠-٢٢٠ کم²)[١٠]، حەسەکە لە هەردوو ناحیەی

---

[١] سنوری کوردستان، چ٣، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٤٦-٤٩.

[٢] دارا عەتار: خەباتی کورد لە پێناوی ناسنامەکەیدا، چاپخانەی هەڤاڵی هونەری، هەولێر، ٢٠١٩، ل١٣٨ .

[٣] عبدالرحمن قاسملو: كردستان والكرد دراسة سياسية والاقتصادية، ت: ثابت منصور و غانم حمدون، ط٢، مطبعة شفان، السليمانية، ٢٠٠٨، ص٢٦.

[٤] دارەوان عبدالقادر احمد: الاوضاع الاقتصادية والسياسية للكرد في سوريا ١٩١٨-١٩٦٠، رسالة مقدمة لنيل درجة الماجستير في جامعة القاهرة، كلية الاداب، قسم التاريخ، القاهرة، ٢٠١٥، ص٤٣. (غير منشورة).

[٥] احمد تاج الدين: الأكراد والتأريخ شعب وقضية وطن، ط١، دارالثقافية للنشر، القاهرة، ٢٠٠١، ص٣٨.

[٦] دارەوان عبدالقادر احمد: الاوضاع الاقتصادية والسياسية للكرد في سوريا...، ص٤٤.

[٧] ايفان بختيار: النضال السلمي الديمقراطي للشعب الكردي في كردستان سوريا، ص٩.

[٨] أمل ميخائيل بشور: دراسة في تأريخ سوريا السياسي المعاصر، ط١، مطبعة جروس برس، طرابلس، ٢٠٠٣، ص٣٢ .

[٩] کونی رەش: القامشلي (دراسة في الجغرافية المدن)، ط٢، مطبعة شڤان، السليمانية، ٢٠٠٦، ص٣٥-٣٦.

[١٠] بەدران ئەحمەد حەبیب: کوردستانی هاوچەرخ، و: گوشاد حەمەسەعید، چ١، چاپخانەی ئاراس، هە ولیر، ٢٠٠٥، ل١١٣.

سەرێکانی و درباسیە پێکدێت[١]، کە دانیشتوانەکەی نزیکەی (٩٠٠) هەزار کەسە[٢]، هەروەها قامیشلۆ[٣] دەکەوێتە دەشتی جەزیرەوە[٤].

**دووەم: ناوچەی کۆبانێ:** دەکەوێتە باکوری شاری حەلەبەوە لە سنوری تورکیا، ڕوباری فورات لەم ناوچەیەوە دێتە خاکی سوریا، کە (١٢٠) گوندی تێدایە و بە گشتی کوردن. کۆبانێ دەکەوێتە سنوری سوریا و تورکیاوە لە باکور و ناوچەکە بە گشتی کوردن و ڕوبەری (٣٠٠٠کم$^2$)دەبێت[٥].

**سێیەم: ناوچەی کورداغ (عەفرین):** ناوچەیەکی شاخاوییە لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژئاوای حەلەب، هاوسنورە لەگەڵ پێدەشتەکانی ئەنتاکییە و ئەسکەندەرونە[٦]، زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن و بەسەر (٣٦٠) گوند دا دابەشبوون و ناوچەی شاخاویی پێکدەهێنن[٧]. ژمارەی کورد لەم ناوچەیە (١١٠٠٠٠) کەسە[٨]. جگە لەوناوچانەی باسکران، کورد لە ناوچەی دیکەی سوریا بە پەرت و بڵاوی هەیە، وەک گەڕەکی (حي الاكراد)[٩] لە دیمەشق[١٠].

---

[١] علي صالح ميراني: الحركة القومية الكوردية في كوردستان...، ص٢٩ ؛ دارەوان عبدالقادر احمد: الاوضاع الاقتصادية والسياسية للكرد في سوريا...، ص٤٤.

[٢] بەدران ئەحمەد حەبیب: کوردستانی هاوچەرخ، ل١١٥.

[٣] قامیشلۆ: شارێکە لە باکوری خۆرهەڵاتی شاری حەسەکە هەڵکەوتووە، گەورەترین قەزای سەر بەپارێزگای حەسەکەیە، (٨٠ کم) لەحەسەکەوە دورە، قامیشلۆ بۆ کورد وەک ناوەند و پایتەختی ڕۆژئاوای کوردستانە، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە زیندوڕاگرتن و پێشخستنی گیانی کوردایەتی و ئەدەب و هونەر و دیرۆکی کوردیدا هەبووە، قامیشلۆ پێکهاتەیەکی ئاینی و ڕەگەزی جۆراو جۆری هەیە، کورد، عەرەب و سریانی و ئاشوری تێدا دەژین، کورد (٧٠%) تێکرای دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنێت، قامیشلۆ بەبوونی بزوتنەوەی سیاسی چالاک دەناسرێتەوە، بەتایبەت بەبونی بزوتنەوەی کورد ناسراوە، لە قامیشلۆ ژمارەیەک پارتی سیاسی بوونی هەیە سەرجەمیان مۆڵەتی فەرمییان نییە. بڕوانە: (ئومێد ناسح: جیهانی خۆرئاوای کوردستان ...، ل ١٢-١٣)، هەروەها قامیشلۆ مەڵبەندی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی و چالاکی سیاسی کوردی بووە. بڕوانە: (ياسين الحاج صالح: الثورة المستحيلة، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠١٧، ص٢١٦).

[٤] علي صالح ميراني: الحركة القومية الكوردية في كوردستان...، ص٣٠.

[٥] ب. ليرخ: دراسات حول الاكراد واسلافهم الخالديين، ت: عبدي حاجي، ط١، منشورات مكتبة خاني، حلب، ١٩٩٤، ص٧١ ؛ ايفان بختيار: النضال السلمي الديمقراطي للشعب الكردي في كردستان سوريا، ص١٢-١٣.

[٦] عوسمان عەبدولرەحمان سمایل: کورد لە سوریا ١٩٢٠-١٩٤٦، چ ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩، ل٤٩.

[٧] ايفان بختيار: النضال السلمي الديمقراطي للشعب الكردي في كردستان سوريا، ص١٢.

[٨] عصمت شريف وانلي: المسالة الكردية في سوريا، لجنة دفاع الشعب الكردي، دمشق، ١٩٦٨، ص٢٢.

[٩] حي الاكراد: گەڕەکێکی کوردییە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی دیمەشق دوو لەسەر سێی کوردی دیمشق لەو گەڕەکە دەژین، لە ڕووی زمان و جل و بەرگەوە تێکەڵی خەڵکی دیمەشق بوون. (عزالدين علي ملا: حي الأكراد في مدينة دمشق بين عامي (١٢٥٠ – ١٩٧٩) دراسة تأريخية إجتماعية اقتصادية، دار فارابي، بيروت، ١٩٩٨، ص٢٩-٣٩).

[١٠] عزالدين علي ملا: حي الاكراد في مدينة دمشق...، ص١٣-١٥.

فەڕەنسییەکان لەسەرەتای مانداتییان لەسەر سوریا، هەوڵیاندا هاوسەنگی لە نێوان گەل و نەتەوەو لایەنە جیاوازەکانی سوریا ڕابگرن[١]، هەروەها سیاسەتی هاندانی کەمینەکانی سوریایان پەیڕەوی لێکرد وەک پتەوکردنی پێگەی کورد دژی عەرەب و هاندانی کورد بە مەبەستی فشارخستنەسەر بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی، واتە بەکارهێنانی کورد دژی عەرەب لەسوریا، لەم سیاسەتەشدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لەڕاکێشانی ژمارەیەک سەرکردەی کورد لە سوریا کە هاوکاریی بالادەستبوونی فەڕەنسایان کرد[٢].

لەڕاستیدا چەند هۆکار کاریگەریی لەسەر هەڵوێستی فەڕەنسا لە بەرامبەر کورد لە سوریا هەبوو، لەوانە پەیوەندی ماندانی فەڕەنسی بە تورکیاوە و بەکارهێنانی کورد دژی تورکیا لەلایەن فەڕەنساوە لەکاتی بوونی کێشە لە نێوان تورکیاو فەڕەنسادا، ئەوکاتە فەڕەنسا لە کورد نێزیک دەبووەوەو جۆرێک لەهاندان و کۆمەکی بەکورد دەکردو دژی تورکیا دەیجولاندن، ئەمە لە کاتی باشبوونی پەیوەندییەکانی تورکیاو فەڕەنسا پێچەوانە دەبووەوە، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٢١دا مانداتی فەڕەنسی لە سوریا جۆرێک لە گفتوگۆ و دانوستانی لەگەڵ کورد دەستپێکرد بۆ پێدانی خودموختاریی بە کورد بەرامبەر بەوەی سەربازانی تورک لە ناوچەکانیان وەدەرنێن، کەچی کاتێک ڕێکەوتنی ئەنکەرە لە نێوان تورکیاو فەڕەنسا مۆرکرا، فەڕەنسییەکان داوایان لە کورد کرد چەک دابنێن[٣].

تێبینی دەکرێت کورد وەک کەمینەی مەسیحی و دروز نەیتوانی پشتگیریی فەڕەنسییەکان بەدەستبهێنێت[٤]، بەڵام فەڕەنسییەکان هەل و مافی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییان بۆ کورد ڕەخساند، لەم چوارچێوەیەدا کورد هەوڵیدا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی و فەرهەنگی[٥]. بۆ نموونە، کوردی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەو کوردانەی دوای شکستی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران لە ١٩٢٥ لەدەست ستەم و زۆری تورک هەڵاتنە سوریا، پێکەوە توانییان (کۆمەڵەی خۆیبوون)[٦]

---

[١] نەجاتی عەبدوڵڵا: بیبلۆگرافیای کوردناسی (کورد و کوردستان لە سەرچاوە فەرەنسیەکاندا)، دار حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٨٤.

[2] Jordi Tejel: The Kurdish Question in Syria, 1946–2019, **From book of**: Hamit Bozarslan and Others: The Cambridge History of the Kurds, 1st Published, Cambridge University Press, New York, 2021, P. 438 ؛ حامد محمود عیسی علي: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط...، ص٣٥٠ ؛ م.شتروهمایەر و ل.یالچین هێکمان: کورد لە سوریا و ئازەربایجان و ئەرمەنستان، و: ڕێبوار تۆفیق پەنگینە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١١، ص١٣.

[٣] علي صالح میراني: الحركة القومية الكوردية في كوردستان...، ص٦٠-٦١؛ حامد محمود عیسی علي: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط...، ص٣٥٠.

[٤] حامد محمود عیسی علي: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط...، ص٣٥٠-٣٥١.

[٥] بەرزان مەلا تەها: جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە (١٢-١٣)، نیسانی ٢٠١٧، ل١٣٧.

[٦] کۆمەڵەی خۆیبوون: کۆمەڵەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی بوو، لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ لەلایەن ژمارەیەک کەسایەتی نەتەوەیی کوردیەوە لە لبنان دامەزرا، ئامانجی خۆیبوون خەباتکردن بوو لە پێناوی باکوری

دابمەزرێنن[1]. کۆمەڵەی خۆیبوون لە نێوان ساڵانی (١٩٢٧-١٩٤٦) ڕۆڵی دیاریان لە بزافی نەتەوەیی و فەرهەنگی کورد لە سوریا بینی و ببووە هۆی ئەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لە ڕۆژئاوای کوردستان پەرەبسێنێت[2]. بەرهەمێکی دیکەی ئەو ڕەوشە نوێیەی لەڕووی فەرهەنگییەوە بۆ کورد هاتەپێشەوە، (گۆڤاری هاوار)[3]بوو لە لایەن (جەلادەت بادرخان)[4]ەوە بڵاوکرایەوە[5].

لەبەرامبەردا کورد وەک کەمینەیەکی سوریا هەڵوێستی بەرامبەر  مانداتی فەڕەنسی ئەرێنی نەبووە بگرە بەشداری لەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی گەلی سوریادا کردووە دژیی مانداتی  فەڕەنسی، جگە لەوەی کوردیش وەک نەتەوەیەکی سوریا سەربەخۆیانە ڕاپەڕینی دژی مانداتی  فەڕەنسی کردووە، وەک ڕاپەڕینی (بیاندور) ساڵی ١٩٢٣ لە ناوچەی بیاندور کە دژی  مانداتی فەڕەنسی بەرپاکرا، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێک لە عەشیرەتە کوردییەکان لە جەزیرە هێرشیانکردە سەر بارەگای فەڕەنسییەکان، لە ئاکامدا جەنگ لە نێوان عەشیرەتە کوردییەکان و سەربازانی فەڕەنسی ڕوویدا و قائیمقامی بیاندور بە دەستی چەکدارە کوردەکان کوژرا،  مانداتی فەڕەنسی لەبیاندور کشایەوە چەکدارە کوردەکان دەستیان بەسەر بیاندوردا گرت لەلایەکی دیکە کورد بەشداری لەشۆڕشی ١٩٢٥دا کرد کە سەرجەم وڵاتی گرتەوە دژی سیاسەتی مانداتی  فەڕەنسی، کورد لەم ڕاپەڕینەدا لە

---

کوردستان، کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕۆڵی گرنگیان لەدامەزراندن و چالاکییەکانی خۆیبوندا بینی، ئەمەش بوو بە بنەمایەک بۆ دامەزراندنی پارتی سیاسی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان و بناغەی داهاتووی خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان. بڕوانە: (روهات الاكوم: خويبون و ثورة اكری، منشورات مطبعة كاوه، بيروت،٢٠٠٠، ص١٥).

[1] محمد ملا احمد: جمعية خويبون والعلاقات الكردية- الارمنية، ط١، رابطة كاوه للثقافة الكردية، اربيل، ٢٠٠٠، ص٣٦ ؛ Jordi Tejel: The Kurdish Question in Syria, 1946–2019, P. 483.

[2] موسەدەق تۆفی: میر جەلادەت بەدرخان سەرکردێ شۆرشەکا رەوشەنبیری، پەرتوکخانێن بەدرخانیان، چ ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٣، ل٢٤ ؛ علي شمدين: الحركة الكردية في سوريا و ظاهرة الانشقاقات ١٩١٦-٢٠١٦، ط١، ناوەندی توێژینەوەی مێژووی جەمیل ڕۆژبەیانی، سليمانية، ٢٠١٦، ص٣٣-٣٤.

[3] گۆڤاری هاوار: گۆڤارێکی وێژەی بوو لەلایەن جەلادەت بەدرخان لە ١٩٣٢-١٩٤٣ دەردەکرا، بنەمایی سەرەکی گۆڤاری هاوار پێکهاتبوو لە بڵاوکردنەوەی ئەلف بای نوێی وەک ئەلف بای لاتینی کوردی، بەشێکیشی بۆ بەهێزکردنی بیری نەتەوەی کوری تەرخان کرابوو. بڕوانە: (گوڤاری هاوار، ژمارە (١)، نیسانی ١٩٣٢؛  عبدالقادر بدرالدين: موجز عن مسيرة الصحافة الكردية في الجزء الغربي سوريا، ط٢، دار فارابي، بيروت، ٢٠٠٠،  ص٦٠).

[4] جەلادەت بادرخان: لە ٢٦ نیسانی١٨٩٣ لە ئەستەمبوڵ لە دایکبووە، چالاکوانێکی سیاسی و نەتەوەیی کورد بووە، ڕۆڵی لە دامەزراندنی خۆیبوندا بینیوە، لە گۆڤاری هاواردا پیتی لاتینی بۆ نوسینی کوردی بەکارهیناوە ڕیساکانی بۆ داڕشتووە، گوڤاری روناهی لە ١٩٣٢-١٩٤٥ دەرکردوە، هەردوو گۆڤارەکە پێکەوە بوونە سەرچاوەی سەرەکی پەرەپێدانی زمانی کوردی. بڕوانە: (کونی رەش: الامير جلادت بدرخان حياتة و فكرة، دار الحياة، دمشق، ١٩٩٢، ص٤٧).

[5] موسەدەق تۆفی: یەکەمین خواندنگەها پیتێن لاتینی یێن کوردی، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژمارە (٤)، هەولێر، ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٨، ل٢٠٣ ؛ عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، ط ١، شركة المعرفة للنشر والتوزيع، بغداد، ١٩٨٩، ص٢٨٧.

دیمەشق و غوتە بەشدارییەکی بەرفراوانی کرد[١]، سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٦ ناڕەزاییەکی بەرفراوان دژی منداتی فەڕەنسی ناوچەکانی سوریای گرتەوە[٢]. لەئاکامی ئەم ڕاپەڕینەدا سوریا و فەڕەنسییەکان ڕێکەوتنێکیان واژۆکرد[٣]و بڕیاردرا کارمەندی سوری شوێنی کارمەندە فەڕنسییەکان بگرێتەوە، لەو میانەیەدا کورد لە جەزیرە دانانی کارمەندی عەرەبیان ڕەتکردەوە، داوای دامەزراندنی کارمەندی کوردیان دەکرد لە ناوچەکانیاندا، ئەمە جگە لە داخوازی حکومەتی خۆبەڕێوبەری لە ناوچەکانی خۆیان. ئەم ناڕەزایەتییانە سەریکێشا بۆ ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٧ کورد لە حەسەکە دەستیاندایە ناڕەزایی و پشێوی و دژی کارمەندانی عەرەب لە ناوچەکەدا وەستانەوە، بەجۆرێک ڕەوشەکە ئاڵۆز بوو بەرەو پێکدادانی چەکداریی ئاراستەی گرت[٤]، ناچار حکومەتی سوریا ئەو ناڕەزایی و هەڵچونەی کوردی بەتووندی سەرکوت کرد دژی کورد وەستانەوەو ژمارەیەک کوردیان دەستگیرکرد و بەشێکیان دوورخستنەوە بۆ دیمەشق[٥].

لەگەڵ دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهانیدا کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە سوریا لەلایەن منداتی فەڕەنسییەوە یاساغ کران و کار بۆ داخستنیان کرا، لەو میانەیەدا کۆمەڵەی خۆیبوون بەئامانجگیراو داوایان لێکرا کار و چالاکی دژی تورکیا ڕابگرن[٦]. لەلایەکی دیکەوە، لە ساڵی ١٩٤٢ بۆ ١٩٤٤ چەندین پێکدادان و شەڕ دژی منداتی فەڕەنسی لە سوریا ڕوویدا و داوایان لە فەڕەنسا کرد سوریا جێبهێڵێت[٧]. لەو میانەیەدا لەساڵی ١٩٤٣ حکومەتێکی نوێ بەسەرکردایەتی شوکری قوەتلی دامەزرا. ئەم ڕەوشە زۆری نەخایاند و دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ١٧ی نیسانی ١٩٤٦ فەڕەنسییەکان سوریایان جێهێشت و سەربەخۆ بوو[٨]. لێرە بەدواوە حکومەتی سوریا ڕایگەیاند هیچ ئاڵایەک بەرزناکرێتەوە جگە لە ئاڵای یەکێتی سوریا، هەروەک هیچ پێگەیەکیان بۆ مافی کەمینەکان

[١] كوني رەش: القامشلي (دراسة في جغرافية المدن)، ط٢، مطبعة شڤان، السليمانية، ٢٠٠٦، ص٤١-٤٣ ؛ عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل: کورد لە سوریا١٩٢٠-١٩٤٦...، ل٨٨.

[٢] ياسر علي هلال المشاقبة: عبدالرحمن الشهبندر(دراسة في تاريخ السياسي ١٩١٨-١٩٤٦)، الرسالة ماجستير جامعة الاردن، الاردن، ٢٠٠٦، ص١٢٩.

[٣] وليد معلم: سوريا ١٩١٨-١٩٥٨...، ص١٧.

[٤] وەدیع جوەید: جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد (بنەماو پەرەسەندن)، و: یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٣١٩ ؛ حامد محمود عيسى علي: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط...، ص٣٥٢.

[٥] نورالدين زازا: حياتي الكردية او صرخة الشعب الكردي، ت: روني محمد علي، ط١، دار اراس، اربيل، ٢٠٠١، ص٦٣.

[٦] وەدیع جوەید: جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، ل ٣١٨ ؛ دارەوان عبدالقادر احمد: الاوضاع الاقتصادية والسياسية للكرد سوريا...، ص٩٨.

[٧] فواد العادل: قصة سورية بين الانتخاب والانقلاب (١٩٤٢-١٩٦٢)، ط١، دار الينابيع للطباعة والنشر، دمشق، ٢٠٠١، ص١٧-٢٦.

[٨] اسماعيل محمد حصاف: تاريخ كردستان سوريا المعاصر١٩١٦-١٩٤٦، ج١، ط١، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠١٧، ص٤٣٣ ؛ شوقي ابو خليل: اطلس دول العالم الإسلام، ط٢، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٣، ص٦٤ .

دانەنا، بە تایبەتی کورد و هیچ گرنگییەکیان بە داواکارییەکانی کورد نەدا لە کاتێکدا هاوبەشی خەباتی گەلی سوریا بوون لە پێناو سەربەخۆیی سوریا و وەدەرنانی فەڕەنسییەکان، بگرە حکومەتەکانی سوریا لە دوای سەربەخۆییەوە دژی مافەکانی کورد بوون، لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای هزری نەتەوەگەرایی عەرەبی دامەزرابوون[١].

تێبینی دەکرێت سەربەخۆبوونی سوریا لە ١٩٤٦دا ڕەوشی کوردی بەرەو خراپتربوون برد و گورزێکی گەورەی لە ڕەوشی مافی کورد لە سوریا وەشاند[٢]، چونکە لە حکومەتی نەتەوەیی عەرەبی سوریدا بە ئاشکرا کاریان بۆ دورخستنەوەی کورد کرد لە بەشداری پێکردنی سیاسی و کارگێڕی لەوڵاتدا[٣]، لەو چوارچێوەیەدا ژمارەیەک بڕیار دژی گەلی کورد دران بۆ بەرتەسکردنەوەی چالاکییەکانی کورد وەک بڕیاری (صبری العسلی) وەزیری ناوخۆی یەکەم حکومەتی سەربەخۆی سوریا، لە ٢٦ نیسانی ١٩٤٦ بڕیاریدا بە داخستنی ئەو کۆمەڵەو پارت و ڕێکخراوە کوردیانەی بەبێ مۆڵەت دامەزراون[٤].

پاش ماوەیەکی کەم لەسەربەخۆبوونی سوریا ڕەوشی وڵات تێکچوو حکومەتی سوریا لە نێوخۆدا متمانەی لەدەستدا و پەڕلەمان لاواز بوو، دواتر زنجیرەیەک کودەتای سەربازیی لە سوریا ڕوویدا[٥]، ڕەوشی کورد لەسایەی دەسەڵاتی سوریا تاوەکو دەهات بەرەو خراپتربوون دەچوو، چونکە سیاسەتی بە عەرەبکردن لە بوارەکانی کارگێڕیی و سەربازیی پەیڕەودەکرا. (حوسنی زەعیم)[٦] کە بەڕەگەز کورد بوو یەکەم کودەتای سەربازیی لەسوریا لە ٣٠ی ئاداری ١٩٤٩ ئەنجامدا، دواتر

---

[١] عمر رسول: الكرد والاعتقال السياسي في سورية (١٩١٧-٢٠١٧)، مجلة قلمون، العدد (٢)، آب ٢٠١٧، ص٢٢٧؛ علي شمدين: الحركة الكردية في سوريا...، ص٣٥.

[٢] علي صالح ميراني: سياسة التميز القومي وحملات التعريب الحكومية في كوردستان- سوريا ٧ آب ١٩٢٨- ٥ تشرين الاول ٢٠٠٨، مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق، دهوك، ٢٠١٠، ص٢٧.

[٣] ازاد أحمد علي: دور الحركة القومية الكردية في كردستان سوريا في الانتفاضة السورية خلال عام ٢٠١١، ط١، مطبعة جامعة دهوك، دهوك، ٢٠١٢، ص١٢.

[٤] جواد ملا: كوردستان والكورد وطن مسروق و مغتصب ومقسم، امة مستعبدة وسجينة وبلا دولة، كاتب جمال نبز، ط٣،برلين، ٢٠٠٨، ص٩٤.

[٥] سيد عبدالعال: الانقلابات العسكرية في سوريا ١٩٤٩-١٩٥٩، مكتبة مدبولي, مصر، ٢٠٠٧، ص٦٠-٦١ ؛ سعاد جروس: من الإنتداب الى الإنقلاب سورية زمان نجيب الريس (١٨٩٨-١٩٥٢)، ط١، رياض الريس للكتب والنشر، لبنان، ٢٠١٥، ص٣٨٨ ؛ ديفيد مكدول: تاريخ الاكراد الحديث، ت: راج ا ل محمد، ط١، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٤، ص٧٠٠.

٦ حوسنی زەعیم: لە ١٨٩٤ لە شاری حەلەب لەدایکبووە و ئەکادیمیای جەنگی عوسمانی خوێندوە، لە ١٩١٧ پلەی ملازمی بەدەستهێناوە، بەشداری لە شۆڕشی عەرەبی گەورەی سوریادا کردووە، لەدوای سەربەخۆبوونی سوریا بەڕێوبەری گشتی سوپا و هێزە چەکدارەکان بووە، دواتر لە ٣٠ی ئاداری ١٩٤٩ کودەتایەکی سەربازیی ئەنجامداوە، دەسەڵاتی سوریای گرتۆتەدەست، لە ١٤ی ئابی ١٩٤٩دا سامی حەناوی کودەتای بەسەردا ئەنجامداوە و لە سێدارە دراوە. بڕوانە: (غسان محمد رشاد حداد: اوراق شامية من تاريخ سورية المعاصر ١٩٤٦-١٩٦٦، ط١، مركز المستقبل للدراسات الاستراتيجية، عمان، ٢٠٠١، ص٢٥٧).

تاوانبارکرا بەوەی کودەتای لە پێناو دامەزراندنی کۆماری کورد ئەنجامداوە و دەستگیرکراو و لە سێدارەیاندا[١].

کاتێک (ئەدیب شیشکلی)[٢] لە ١٩ کانونی یەکەمی ١٩٤٩ کودەتای ئەنجامدا و گەیشتە دەسەڵات ڕەوشی کورد زیاتر لە جاران ڕووی لە خراپتر کرد، شیشکلی سەرەتا بە فەرمی چاودێری لەسەر کەسایەتییە نەتەوەییەکانی کورد دانا و چالاکییەکانیانی سنوردارکرد[٣]. هەروەک ئەفسەرانی دەزگای هەواڵگریی سوریای ڕاسپاردبوو لە جەزیرە چاودێری جموجۆڵی کورد بکەن، بەم جۆرە توانی سنور بۆ چالاکییە نەتەوەییەکانی کورد لە سوریا دابنێت[٤]، ئەم ڕەفتارانەی دەسەڵاتی سوریا لە لایەن کونسوڵی بەریتانی کە لە ساڵی ١٩٥٠دا بە جەزیرەدا تێپەڕیوە بە ئاشکرا درکی پێکراوە بە تایبەتی بەرامبەر جەلادەت بەدرخان[٥].

لەسەردەمی ئەدیب شیشکلیدا بە مەبەستی گۆڕینی سیما نەتەوەییەکان لەڕۆژئاوای کوردستان چەند بڕیارێکی  دژ بە کورد دەرچوون هەروەک لە ٣ی نیسانی ١٩٥٢ ئەدیب شیشکلی مەرسومی ژمارە (١٩٣)ی دەرکرد بە مەبەستی ڕێگریی کردن لە خاوەندارێتی زەوی و زارو خانوو موڵک لەلایەن کوردەوە و ڕێگریی لە کڕین و فرۆشتنی موڵک لە ناوچە سنورییەکان[٦]. هەروەها چەند بڕیارێکی  سەربازیی دەرچوون، وەک مەرسومی ژمارە (١٩٣٩) لە ڕێکەوتی ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٥٣دا چەند بڕیارێکی دژی کورد لەخۆگرتبوو. وەک لە مادەکانی (١و٢و٣) لەو مەرسومەدا هاتبوو، کە ڕێگە نادرێت هیچ شوێنێکی تایبەتی و گشتی بە ناوی عەجەمی واتە ناعەرەبی بێت و هەرشوێنێک ناوەکەی عەرەبی نەبێت دەبێت لە ماوەی سێ مانگدا ناوی شوێنەکە بۆ ناوی عەرەبی بگۆڕێت و

---

[١] آزاد احمد علي: الحزام العربي في الجزيرة السورية، مركز روداو للدراسات، اربيل، ٢٠١٥، ص٤ ؛ نواف محمد مراد: موقف الحزب الشيوعي السوري من القضية الكردية في سوريا ١٩٢٤-١٩٦٣، مطبعة الحاج هاشم، اربيل، ٢٠١٣، ص٨٧.

٢ ئەدیب شیشکلی: لە ساڵی ١٩٠٩ لە شاری حەما لە دایکبووە، بەشداری جەنگی ڕزگاری دژ بە فەرەنسییەکان لە ١٩٤٣ کردووە، لە هەردوو کودەتای سەربازی حوسنی زەعیم و سامی حەناوی دا بە شداریکردوە، لە ١٩ کانونی یەکەمی ١٩٤٩ کودەتایەکی سەربازیی ئەنجامداوە، بۆ جاری دووەم لە ٣١ی تشرینی دووەمی ١٩٥١ کودەتای سەربازی ئەنجامداوەتەوە، تاوەکو ١٩٥٤ لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە، لە ئەیلولی ١٩٦٤ کوژراوە.  بڕوانە: (فهد عباس سليمان السبعاوي العلاقات السورية- الامريكية- ١٩٥٨-١٩٤٩، ط١، دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٣، ص٨٧).

[٣] اسماعيل محمد حصاف: تأريخ كردستان سوريا المعاصر (١٩٤٣-١٩٦٢)، ج٢، ص٤١ ؛ ديفيد مكدول: تاريخ الاكراد الحديث، ص٧٠٠.

[٤] نواف محمد مراد: موقف الحزب الشيوعي السوري من القضية الكردية في سوريا...، ص٩٣-٩٤.

[٥] ايوب بارزاني: المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤-١٩٥٨، دار نشر حقائق المشرق، سويد، ١٩٩٦، ص٣٣٤ .

[٦] محمد جمال باروت: التكون التأريخي الحديث للجزيرة السورية، ط١، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، بيروت،٢٠١٣، ص٦٩٢-٦٩٣ .

هەڕەشەی ئەوە کرابوو هەر خاوەن شوێنێک کار بەو فەرمانە نەکات سزای ئابووریی دەدرێت و دەست بەسەر شوێنەکەیدا دەگیرێت بۆ ماوەی سێ مانگ[١].

لەسەرەتای دامەزراندنی (پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لە سوریا[٢])، کورد درکی بەوە کرد ئەم پارتە هەڕەشەیە بۆ سەر شوناسی نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانی کورد لە سوریا، لەم ڕووەوە کورد نەچووە ڕیزەکانی ئەم پارتە[٣]، لێرەوە بیری نەتەوەیی کوردی لە سوریا وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر ناسیۆنالیزمی نەتەوەگەرایی عەرەبی لەسوریا ورد ورد شکڵی خۆی گرت و چینێکی بەرفراوانی گەلی کورد لەسوریا، بەتایبەتی دەستەبژێری ڕۆشنبیر هەوڵی ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیاندا[٤]، لەپاڵ ئەوەشدا بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستان سەرچاوەی وروژاندنی هەستی نەتەوەیی کوردبوو لەسوریا. لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەک لەئەندامان و کادرە کوردەکانی نێو پارتی کۆمۆنیستی سوریا[٥]، دەستیانکرد بە خەبات بۆ پێکهێنانی پارتێکی سیاسی کوردی کە تێبکۆشێت لە پێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە سوریادا[٦].

ئەمانەو بوونی چەند کاسایەتییەکی دیکە کە ڕۆڵی گرنگیان گێڕا لەڕاکێشانی سیاسەتمەداران و ئەندامان بۆ دامەزراندنی پارتێکی سیاسی کوردی لە سوریا وەک عەبدلڕەحمان زەبیحی و جەلال تاڵەبانی[٧]، لەمیانەی هەوڵی ئەمانە و ڕۆشنبیران و کەسایەتییە نەتەوەییەکانی کوردی سوریا وەک

---

[١] نواف محمد مراد: موقف الحزب الشيوعي السوري من القضية الكردية في سوريا...، ص٩٥.

٢ پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی: لە ساڵی ١٩٤٧ لەلایەن میشیل عفلەق و سەلاح بیتار دامەزرا، پارتێکی عەلمانی بوو، ئامانجی بەعس ئازاد کردنی نیشتمانی عەرەب لە داگیرکاریی و یەکگرتنی نەتەوەی عەرەب، بنەما سەرەکییەکانی ئەم حیزبە (یەکێتی، ئازادی نەتەوەی عەرەب)، وتاری ئەم حزبە (یەکیتی، ئازادی ئیشتراکی)، ئیشتراکی جێگەی بیری کۆن بگرێتەوە (مصطفى السباعي: الاحزاب السياسية في سوريا، منشورات دار الرواد، دمشق، ١٩٥٤، ص٢٣١-٢٤٠؛ رامیارمحمود: بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٧ ؛ نيقولاوس فان دام: الصراع على السلطة في سوريا(الطائفية والاقليمية والعشائرية في السياسة١٩٦١-١٩٩٥)، ط١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٦، ص٣٨) .

[٣] نورالدين زازا: حياتي الكردية...، ص١٠٧.

[٤] علي شمدين: الحركة الكردية في سوريا...، ص٣٨.

[٥] نفس المصدر، ص٣٩-٤٠.

[٦] علي صالح ميراني: الحركة القومية الكوردية في كوردستان...، ص١٠٩.

[٧] جەلال تاڵەبانی: ناوی جەلال حوسامەدین نوری تاڵەبانییە، لەساڵی ١٩٣٣ لەگوندی کەلکانی سەر بە شارۆچکەی کۆیە لەدایکبووە، ئەندامی (دووەم و سێیەم) کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ ژمارەیەک لە هاورێکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیان دامەزراند و خۆی بوو بە سەرۆکی پارتەکە، لە ساڵی ٢٠٠٤ بە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق هەڵبژێردرا، لە ساڵی ٢٠٠٦ بە سەرۆک کۆماری عێراق هەڵبژێردرا، لەو پۆستەدا بەردەوام بوو تاوەکو ساڵی ٢٠١٤، لە ساڵی ٢٠١٧ کۆچی دوای کرد (نوزاد علي يحيى: جلال الطالباني ودوره في القضية الكوردية، دار اراس، اربيل، ٢٠١٤، ص٧).

عەبدولحەمید دەروێش[١] و عوسمان سەبری(١٩٠٥-١٩٧٥)، پارتی کوردە دیموکراتخوازەکانی سوریایان دامەزراند[٢]، هەر ئەم کەسایەتییە نەتەوەییانە بوون کە لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٥٧ کۆنگرەیان بەست (پارتی دیموکراتی کوردی سوریا)[٣] یان وەک یەکەم پارتی سیاسی کورد لە سوریا کە خاوەنی بەرنامە و ڕێکخستنی نەتەوەیی کوردی بێت دامەزراند[٤]. دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی سوریا (البارتي) وەڵامێک بوو بۆ پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی عەرەبگەرایی لە سەرتاسەری سوریا و ڕێکخستنی ئەو ناسیۆنالیزمە لە گوتار و سیاسەتی وڵاتدا[٥] دژ بە کورد. پارتی دیموکراتی کوردی سوریا ئامانج و بەرنامەی بریتی بوو لەخەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی کورد[٦] و ڕۆژنامەی دەنگی کورد (صوت الاكراد) زمانحاڵی ئەم پارتە بوو، کە ڕۆڵی گرنگی لە سەرکۆنەکردن و ڕەخنەرگرتن لەو سیاسەتانەی حکومەت دژی کورد ئەنجامدراوە، بینی[٧].

لە ساڵی ١٩٥٨دا یەکێتی میسر و سوریا پێکهێنرا بە ناوی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە ٢٢ی شوباتی ١٩٥٨دا[٨]، کوردو بزوتنەوەی سیاسی کوردی پشتگیری پرۆژەی یەکێتی میسر و سوریایان

---

[١] عەبدولحەمید دەروێش: لە ساڵی ١٩٣٦ لە شارۆچکەی درباسییە لەدایکبووە، دامەزرێنەری یەکەمین پارتی سیاسی کوردی بووە لە سوریا لە ساڵی ١٩٥٧. لە ساڵی ١٩٦٦ بووەتە سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشکەوتوخوازی کورد لە سوریا، هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی گەلی سوریا بووە لە خولی (١٩٩٠-١٩٩٤). لە ساڵی ٢٠١٩ مردووەو نوسینی زۆرە لەسەر مێژووی کورد لەوانە: اضواء على الحركة الكردية في سوريا احداث فترة ١٩٨٣-١٩٥٦. بڕوانە: (علي شمدين: الحركة الكردية في سوريا...، ص ٣٨ وەرگیراوە لە پەراوێز).

[٢] شمس الدين الكيلاني: المسألة الكردية في ضوء تحول اتجاهات النخب والاحزاب الكردية السورية، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسية، القطر، ٢٠١٦، ص٥.

[٣] پارتی دیموکراتی کوردی سوریا: لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٥٧ بە سەرکردایەتی نورەدین زازا و چەند کەسایەتییەکی دیکەی نەتەوەیی لە سوریا دامەزرا، دروشم و ئامانجی ئەم پارتە (یەکێتی و ئازادی کوردستان) بوو، دیارترین دامەزرێنەری ئەم پارتە نورەدین زازا و عەبدولحەمید دەروێش و عوسمان سەبری ...هتد، پاش ماوەیەکی کەم ناوی پارتەکە گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کورد سوریا (البارتی). بڕوانە: (عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات و المنظمات...، ص٢٨٤) .

[٤] محمد ملا احمد: صفحات من تاريخ حركة التحرر الوطني الكردي في سورية، ط١، مطبعة اوفيست، هەولێر، ٢٠٠١، ص٤٥ ؛ اسماعيل محمد حصاف: الحركة الكوردية في سوريا بين الازمة الفكر والممارسة، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (١٢)، پایزی ٢٠٠٩، ل٣٨٦.

[5] Harriet Allsopp and Wladimir Van Wilgenburg: the Kurds of Northern Syria; Governance, Diversity and Conflicts, Vol. 2, Tauris Press, U.K, 2019, P.48.

[٦] اسماعيل محمد حصاف: تأريخ كردستان سوريا المعاصر(١٩٤٣-١٩٦٢)، ج٢، ص١٤٢-١٤٣ ؛ عبدالحميد درويش: اضواء على الحركة الكردية في سوريا( احداث فترة ١٩٥٦-١٩٨٣)، ط٢، دار اندیشە، السليمانية، ٢٠٠٣، ص١٦-١٧.

[٧] علي صالح ميراني: موقف جريدة (دەنگی کورد-صوت الاكراد) في تطورات الاوضاع السورية في كوردستان سوريا (١٩٧٧-١٩٩٧)، ط١، مطبعةجامعة دهوك، دهوك، ٢٠١٠، ص١٣.

[٨] علي صالح ميراني: الحركة القومية الكوردية في كوردستان...، ص١٣١.

کرد بە ئامانجی بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد و مافی چارەی خۆنوسی بۆ کورد[1]. بەڵام ئەو یەکێتییە بۆ خزمەتی بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبگەرایی دامەزرا، شەپۆلی ئەو ناسیۆنالیزمە ناوچەکەی گرتەوە، کورد ناسنامە و فەرهەنگی خۆی لە سایەی ئەو کۆمار و یەکێتییەدا لەبەردەم هەڕەشەدا بینییەوە و چالاکی سیاسی و هەموو پارتێکی سیاسی کوردی یاساغ کرا[2].

بەم شێوەیە، ڕەوشی سیاسی کورد دژوار بوو، لە ٥ی ئازاری ساڵی ١٩٥٨ دەستوری کاتی کۆماری یەکگرتوو دانرا هیچ ئاماژەیەکی بۆ بوونی کورد وەک پێکهاتەی دووەمی سوریا تێدا نەبوو، لەم کۆمارەدا پڕوپاگەندەی دژ بە کورد و تاوانبارکردنی کورد بەوەی خیانەتکار و جوداخوازە و پەیوەندی بە وڵاتانی ڕۆژئاواوە هەیە دەستپێکرد، فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و میوزیکی کوردی یاساغ کرا[3] و دەستکرا بە دەرکردنی ئەفسەر و فەرمانبەرانی کورد لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی سوریادا، ئەمە جگە لەوەی ئەندامانی کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەستگیرکران، بەکارهێنانی زمانی کوردی و هەموو نوسراوێک بە کوردی یاساغ کرا[4]. لەپاڵ ئەمانەدا، هەڵمەتی گەورەی دەستگیرکردنی ئەندامانی سەرکردایەتی (البارتی) لە ١٢ی ئابی ١٩٦٠ دەستپێکرد، (٣٦) ئەندامی سەرکردایەتی بە تۆمەتی جوداخوازیی و پەرتکردنی سوریا دەستگیرکران، دەستبەسەر بڵاوکراوەکانی پارتەکەدا گیرا[5].

سیاسەتێکی دیکەی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بەرامبەر بە کورد خۆی دەبینییەوە لە دانانی پیلان بۆ وەدەرنانی کورد لە جەزیرە، ئەمەش بە لێسەندنەوەی زەوی جوتیارانی کورد لەژێر ناوی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی، دواتر ئەو زەوییانە بەسەر جوتیارە عەرەبەکاندا دابەشکران[6]. ئەمانە لەکاتێکدابوون کۆماری یەکگرتوو بە تۆمەتی بەرپرسیارێتی لە مردنی (٣٨) منداڵی قوتابخانەیەکی کوردی لە سینەمایەکی شارۆچکەی عامودا لە حەسەکە لە ٣٠ی تشرینی دووەمی١٩٦٠ تۆمەتبارکرا، مردنی ئەو منداڵانە بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرێک بوو لە سینەماکەدا[7] لە١٣ی تشرینی دووەمی١٩٦١

---

١ جلال طالباني: الدكتور الاتاسي والقضية الكردية، منشورات الاتحاد الوطني الكورستاني مكتب التنظيم، السليمانية، ١٩٩٧، ص٢٧.

٢ هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکوڵی لێکراو، و: مینە و پێشەوا، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل٤٩.

٣ اسماعیل محمد حصاف: تأريخ كردستان سوريا المعاصر(١٩٤٣-١٩٦٢)، ج ٢، ص١٦٩.

٤ جواد ملا: كوردستان والكورد وطن مسروق...، ص٩٦ ؛ Syrians for Truth and Justice (STJ): Syrian Citizenship Disappeared; How the 1962 Census destroyed stateless Kurds' lives and identities, Published by Syrians for Truth and Justice (STJ), No Place, 2018,P. 12.

٥ هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکوڵی لێکراو، ل٥١.

٦ صلاح بدرالدين: الحركة القومية الكردية في سوريا، ص٥٣-٥٤.

٧ هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکوڵی لێکراو، ل٥٢.

لە پارێزگای حەسەکە یادکردنەوەی ئەو ڕووداوە یاساغ کرا و فشاریان بۆ کورد هێنا بۆ وازهێنان لەشوناس، زمان و فەرهەنگی کورد[1].

سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە کورد، بە ڕوونی کاریگەریی بزاف و ڕاپەڕین و شۆڕشی پارچەکانی دیکەی کوردستانی لەسەر بوو، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦١ کاتێک شۆڕشی ئەیلول بۆ داواکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەستپێکرد، حکومەتی سوریا لە ترسی گواستنەوەی ئەو شۆڕشە بۆ سوریا، سیاسەتی توندی پەیڕەوکرد دژی کورد و ڕێگریی لە چالاکیی بزوتنەوەی کورد لە سوریا کرد و چاودێری خستەسەر سنورەکان لەگەڵ عێراق و لەو بارەیەوە، لیژنەیەکی ئاسایشی تایبەتی لە سنور دانا[2]و کوردی وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی سوریا و یەکپارچەیی خاکی سوریا دایە قەڵەم[3].

لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦١ کۆماری عەرەبی سوریا دامەزرا، دەستورێکی کاتی بۆ نوسرا، تێیدا یاسای بەکارهێنانی زمانی عەرەبی کرا بە بڕیاری فەرمی، بڕیاردرا هەموو نوسراوێک بە زمانی عەرەبی بنوسرێت[4]. ئەو بڕیارە بەلای کوردەوە بە خراپبوونی ڕەوشی کوردو لێدان لە ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لە قەڵەم درابوو[5].

کۆماری عەرەبی سوریا بە ئەنجامدانی زنجیرەک چاکسازیی لە زەوی و زاردا، بەمەبەستی ئامانجدار زەوی جوتیارانی کوردی بۆ عەرەب زەوتکرد[6]. وەک بەپێی مەسومی تەشریعی ژمارە(٢) لە ئایاری ١٩٦٢دا سەبارەت بە گۆڕین و هەڵوەشاندنەوەی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی، بڕیاریدا کار بەیاسای چاکسازیی کشتوکاڵی ١٩٥٨ی سەردەمی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بکات، بە پێی ئەو گۆڕانکارییە جوتیارانی کورد لە زەوییەکانی خۆیان بێ بەشکران و بە ناوی "زەوی دەوڵەت"ەوە زەوییەکانیان لێ سێندرایەوەو زەوییەکانیان خرایەسەر موڵکی دەوڵەت و بڕیاردرا بەسەر جوتیارانی عەرەبدا دابەش بکرێت[7]. سیاسەتێکی لەم جۆرە بەئاشکرا پرۆژەیەکی ڕوون بوو بۆ لێدان لەکورد و پەرتەوازەکردنیان و وەدەرنانیان لە ناوچەکانی خۆیان و نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگەیان، ئەم

---

1 Sabina Catar: Kurdish Political Parties in Syria, **From Book of :** Wolfgang Taucher, Mathias Vogl and Peter Webinger: THE KURDS; History - Religion - Language - Politics, Published by Austrian Federal Ministry of the Interior, Vienna, 2015, P.114 ایفان بختیار: النضال السلمي الديمقراطي للشعب الكردي في كردستان سوريا، ص٢٩-٣٠ ؛

٢ م.س. لازاریف و ئەوانیتر: مێژووی کوردستان، و: هۆشیار عبدالله سەنگاوی، چ٦، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ل٥٥٠.

٣ علي صالح ميراني: الحركة القومية الكوردية في كوردستان...، ص١٧٥.

٤ اسماعيل محمد حصاف: تأريخ كردستان سوريا المعاصر (١٩٤٣-١٩٦٢)، ج٢، ص٢٧٠.

٥ عصمت شريف وانلي: كردستان العراقية هوية وطنية (دراسة في ثورة ١٩٦١)، ت: شاد محمد خضر، مطبعة شڤان، بيروت، ٢٠١٣، ص٣٩٤-٣٩٥.

٦ هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکوڵی لێکراو، ل٥٣.

٧ محمد جمال باروت: التكون التاريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٧١١-٧١٨.

پڕۆژەیە کە بە فەرمی حکومەتی سوریا کاری لەسەر دەکرد لە دوورمەودا دا کاریگەرییەکانی بە ڕوونی لەسەر بوونی کورد لە سوریا وەدەرکەوتن و قۆناغێکی سەرکوتکاریی فەرهەنگیش هاوشانی سڕینەوەی شوناسی کورد لە ناوچەکانیان پرسی کوردی لە ڕۆژئاوا خستەبەردەم مەترسی تەواو.

سەرۆک کۆمار نازم قودسی لە ٢٢ ئابی ١٩٦٢ مەرسومی ژمارە (٩٣)ی دەرکرد تیایدا سەرژمێریی نائاسایی دانیشتوانی حەسەکە لە یەک ڕۆژدا بڕیاری لێدرابوو[١]، حکومەت بڕیاریدا سەرژمێریی و تۆمارەکانی ڕابردووی پارێزگای حەسەکە هەڵوەشێنێتەوە و سەرژمێرییەکی نوێ ئەنجام بدات و ئەو کەسانە دیاریی بکات کە لە پێش ساڵی ١٩٤٥ەوە هاتوونەتە سوریا[٢]. هۆکاری بڕیاردانی حکومەتی سوریا بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی نوێ لە حەسەکە، بۆ ترس و نیگەرانی لە زۆربوونی کورد لە ناوچەی جەزیرە دەگەڕایەوە، چونکە حکومەت پێیوابوو لە (٦٠%)ی دانیشتوانی حەسەکە هاوڵاتی سوریان و ئەوانی دیکە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە تورکیا و عێراقەوە هاتونەتە سوریا لە ترسی کوشتار و ستەمی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە، هەروەها بۆ ئەوە هاتوون شوناسی عەرەبی لە جەزیرە بسڕنەوەو دەوڵەتی کوردی بونیات بنێن[٣]. کە ئامانج و مەبەستی سەرژمێرییەکە ئەوەبوو ئەو کەسانە دیاریی بکرێن کە بێگانەن و دزەیان کردۆتە ناو سوریا و بەشێوەیەکی نایاسایی لە تورکیاوە هاتونەتە سوریا[٤].

لە ڕۆژی ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ مەرسومی ژمارە (٩٣) چووە بواری جێبەجێ کردنەوە و پرۆسەی سەرژمێریی نائاسایی لە تەواوی پارێزگای حەسەکە بە شارو گوندەوە لە ماوەی یەک ڕۆژدا ئەنجام درا[٥]، بە پێی ئەنجامەکانی سەرژمێرییەکە (١٢٠) هەزار کورد لە ناوچە کوردییەکانی سوریا لە ناسنامەی سوریا بێبەشکران، ئەمەش بە واتای ئەوەبوو (٢%)ی دانیشتوانی سوریا بەپێی

---

[1] Azzma Aljurf: The Syrian Kurds' Right of Self- determination in the light of "Arab Spring", Dissertação de Mestrado em Direito Internacional e Relações Internacionais, Faculdade de Direito ,Universidade de Lisboa, 2019, P.20 ؛ علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص٤١.

2 Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus: Kurdish Nationalism and Arab State formation in Syria, A master's thesis submitted to the Graduate Faculty in Middle Eastern Studies in partial fulfillment of the requirements for the degree of Master of Arts, The City University of New York, 2021, P.28 ؛ محمد جمال باروت: التكون التاريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٧١٩-٧٢٠

[٣] محمد جمال باروت: التكون التاريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٧٢١ ؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الاكراد(٦٣٧-٢٠١٢)، ط١، دار الانفاس، بيروت، ٢٠١٥، ص٤٢٤ ؛ مستەفا نازدار: کوردان لە سوریا، **وەرگیراوە لە کتێبی:** کۆمەڵێک نوسەر: گەلێکی پەژموردە و نیشتیمانێکی پەرت، و: م. گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨، ل٣٥٨ .

Azzma Aljurf: The Syrian Kurds' Right of Self- determination…, P.20.

[4] Receb Tayyip Teke: The kurds of Norther Syria in Western Media; the BBC and VOA coverage (2014-2018), A Thesis submitted to in partial Fulfillment of the requirements for the **Degree Master** of science in the department of international relation, school social science Middle East Technical University Ankara , January 2020, P.17.

[5]Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus, P.28.

ئەو سەرژمێرییە لە یەک ڕۆژدا بە بێگانە دانران و ناسنامەی سورییان لێ سەندرایەوە[١]. هەندێک سەرچاوەی دیکە ئاماژە بە نزیکەی (١٤٠) هەزار کورد دەکەن کە لە ناسنامە بێ بەشکران[٢]. سەرژمێریی حەسەکە چەند کاریگەری خراپی لەسەر کورد لێکەوتەوە، هەزاران کورد لە لیستی (بێگانەکانی حەسەکە)[٣] تۆمارکران، هەروەها دەیان هەزاری دیکەی کورد لە لیستی تۆماری بێبەشکراوان (المكتومين)[٤] تۆمارکران، هەموو ئەو کوردانەی ئەو ڕۆژە لەماڵەوە نەبوون ناویان تۆمارنەکرا[٥]، کە تێکڕای ئەم لیستانە مانای ئەو کەسانە بوون کە لە ناسنامە بێبەشکرابوون[٦].

بە کورتی ئەم سەرژمێرییە کوردەکانی سوریای بۆ سێ بەش دابەشکرد:

یەکەم: ئەوانەی بە هاوڵاتی سوری دانران.

دووەم: ئەوانەی بە بێگانە لەقەڵەم دران.

سێیەم: ئەوانەی کە بە بێبەشکراوان (المكتومين) دانران و لە هیچ لیستێکدا تۆمار نەکران[٧].

ئەم سەرژمێرییە بە جۆرێک ستەمکارانە بوو، تەنانەت ئەندامانی یەک خێزانی لەیەک جودا کردەوە لەوەی ناسنامەی سوریان پێبدرێت یاخود نا، بۆ نموونە خێزان هەبوو باوک بە بێگانە تۆمارکرابوو، منداڵەکانی ناسنامەی سوریان پێدرابوو[٨]. تەنانەت خێزان هەبووە لە (١٢) کەس تەنها

---

١ جيرارد جالديان: المأساة الكوردية، ت: عبدالسلام النقشبندي، ط١، مطبعة دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٧، ص١٥٥ ؛ م.شتروهمایەر و ل.یالچین هێکمان: کورد لە سوریا و ئازەربایجان و ئەرمەنستان، ل١٨ ؛ Barry Rubin: The Truth about Syria, 1st Published, Palgrave Macmillan, New York, 2007, P.28; Bader Husein: The Kurdish Issue: the Kurds between the historical dream and the ambiguous reality, International Relations and Global Order, Master Thesis, Aalborg University,31st of July 2017 , P.40.

٢ عەلی حسێن: تراژیدیای کورد لە سوریا، و: سەلام عەبدولکەریم، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٨.

٣ بێگانەکانی حەسەکە: واتە ئەو بیانیانەی لە حەسەکە نیشتەجێ بوون و لە ئەنجامی سەرژمێژی ساڵی ١٩٦٢ لە حەسەکە بە بێگانە یاخود بیانی لە قەڵەمدرابوون، ئەو کەسانە کارتێکی سوریان پێدەدرا، کە ئەو کارتە ئاماژە بوو بەوەی ناسنامەی ئەوکەسە دیار نییە و نەزانراوە، بەم هۆیەشەوە لەسەرجەم مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان بێبەشکرابوون کە ژمارەیان زیاتر لە (٦٧٤٥٠٠) کەس بوون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عبدالباسط سيدا: المسألة الكردية في سوريا فصول منسية من معاناة مستمرة، ط١، مطبعة نينا، السويد، ٢٠٠٣، ص١٠٢-١٠٣).

٤ بێبەشکراوان (المكتومين): ئەو کوردانە بوون کە لە ئەنجامی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٢ی حەسەکە لە ناسنامەی سوری بێبەشکران، ژمارەیەکیان بەناوی بێبەشکراوان (المكتومين) تۆمارکرابوون و دان بە بوونیاندا نەنرابوو لە سوریاو ناویان لە هیچ تۆمار و هیچ لیستێکدا ناونووس نەکرابوون و ڕەوشیان زۆر خراپ بوو، لە تێکڕای مافە سیاسی و مەدەنییەکانی هاوڵاتی بوون بێبەشکرابوون. (عبدالباسط سيدا: المسألة الكردية في سوريا...، ص١٠٢-١٠٣).

5 John McHugo: Syria; A History of the Last Hundred Years, The New Press, New York, 2015, P.257.

٦ علي صالح ميراني: الحركة القومية الكردية في كوردستان...، ص١٨١ ؛ علي شمدين: منطقة اشيتا، (دراسة إجتماعية، ثقافية، سياسية)، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٢١، ص٧٧.

7 Azzma Aljurf: The Syrian Kurds' Right of Self- determination…, P.20.

8 Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus..., P.30.

یەک کەسیان ناسنامەی سورییان پێدراوە و ئەوانی دیکە بێبەشکرابوون[١]. ئەو کوردانەی لە لیستی بێگانە و بێبەشکراوان تۆمار کرابوون و حکومەتی سوریا لە کۆمەڵگەی سوریی بە تەواوەتی پەراوێزی خستن و هیچ مافێکی شارستانی، سیاسی و فەرهەنگی پێنەدان. وەک مافی کارکردن، خاوەندارێتی موڵک، تۆماری هاوسەرگیری، خزمەتگوزاری تەندروستی، گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات، بەدەستهێنانی بڕوانامە لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات، پسولەی خۆراک، مافی هەڵبژاردن، خزمەتی زانستی، کارکردن لە کەرتی تایبەت و گشتیدا، مافی بەشداریکردن لە سوپا، دامەزراندن لە فەرمانگەکانی دەوڵەت، کڕین و فرۆشتنی زەوی و زار...هتد. هیچ یەکێک لەم مافانە بەو کوردانە نەدرا[٢].

کورد سەرژمێری ساڵی ١٩٦٢ ی حەسەکەی بە سەرژمێرییەکی نایاسایی و نا ڕاست داوەتە قەڵەم، چونکە پێیوابوو کارێکی ناڕاستە لە ماوەی یەک ڕۆژدا ژمارەو شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی بسەلمێندرێت[3]، هەروەها ئەو ڕۆژەی بۆ سەرژمێری دانرابوو، پێشتر ڕانەگەیەندرابوو کە سەرژمێری لەو ڕۆژەدا ئەنجامدەدرێت، تاوەکو هەموو کورد خۆیان بۆ سەرژمێری ئامادەبکەن و بەڵگە و پێویستییەکانی سەرژمێری و هاوڵاتیبوونی خۆیان ئامادە بکەن و بیسەلمێنن وەک دۆکیومێنتی داواکراو ناسنامەی شارستانییەتی ... هتد[4]، بەڵام ڕاستی ئامانجی گشتی حکومەت ئەوە بوو تاوەکو ئەو سنورەی دەتوانرێت مافی هاوڵاتیبوونی فەرمی سوریا لە زۆرترین کورد بسێندرێتەوە و لە مافی مانەوە لە سوریا بێبەشبکرێن. لە ساڵی ١٩٦٢ دا دوای ئەنجامدانی سەرژمێری، حکومەتی سوریا بڕیاری لەسەر بەرنامەی (چاکسازی جەزیرە)دا، ئەم بەرنامەیە ڕووی دووەمی پرۆسەی سەرژمێری نائاسایی بوو، بەپێی ئەو چاکسازییەی جەزیرە نزیکەی (٢٨%)ی جوتیارانی کورد لە جەزیرە لە زەوییەکانیان بێبەشکران، لەبەرئەوەی بە بێگانە تۆمار کرابوون. ئەمە یەکەم بەرنامەی بەعەرەبکردنی گشتی جەزیرە بوو بە شێوەیەکی پراکتیکی، هاوکات وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ بوژاندنەوەو پەرەسەندنی ڕەوشی جەزیرە لەو سەردەمەدا[٥]. مەبەستی سەرەکی ئەم بەرنامە چاکسازییەی جەزیرە ئەوەبوو، ئەو جوتیارانەی سودمەند بوون لە زەوی کشتوکاڵی لێیان بسەندرێتەوە. ئەم بڕیارەی حکومەت هاوساتی بڕیاری سەرژمێری حەسەکە بوو، بەپێی بڕیاری ئەو چاکسازییە هەرجوتیارێک خاوەن ناسنامە نەبێت ناتوانێت سودمەند بێت لە زەوی کشتوکاڵی، بەم

[١] جواد ملا: السياسة الاستعمارية لحزب البعث السوري في غرب كردستان، اصدارات المؤتمر الوطني الكردستاني، لندن، ٢٠٠٤، ص٣٥١.

[٢] عبدالباسط سيدا: المسألة الكردية في سوريا...، ص١٠٢-١٠٣؛ علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص٤٢.

[3] Azzma Aljurf: The Syrian Kurds' Right of Self- determination…, P.20.

[4] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus…, P.30.

[٥] اسكندر داوود: الجزيرة السورية بين الماضي والحاضر، مطبعة الترقي، دمشق، ١٩٥٩، ص٢٦؛ محمد جمال باروت: التكون التاريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٧٢٩.

جۆره له ئاكامی چاكسازی جەزیرەدا جوتیارانی (٦٠) گوندی كوردی حەسەكە زەوییەكانیان كرا بە زەوی دەوڵەت[١].

له ٨ی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ دا پارتی بەعسی سوریا كودەتایەكی سەربازیی له سوریا ئەنجامدا، بە هۆی ئەو كودەتا سەربازییەوە توانیان دەسەڵات بگرنەدەست[٢]، له ٢٠ی ئاداری هەمان ساڵ بەعس حكومەتی له سوریا پێكهێناو دەستوریان دانا، لەو دەستورەدا هیچ باسێكی سەبارەت بە كوردو كەمایەتییە ئیتنی و نەتەوەییەكانی له خۆنەگرتبوو، هەروەها پرسی كورد بە هیچ جۆرێك لەودەستورەدا بوونی نەبوو[٣]. له مادەی (١١)ی ئەو دەستورەدا هاتبوو:"هەموو ئەوانەی له نیشتیمانی عەرەبدا هەنگاو بۆ جوداخوازی ڕەگەزیی دەنێن دژی عەرەب، هەموو ئەوانەی كۆچ بۆ نیشتیمانی عەرەب دەكەن بەمەبەستی داگیركاریی، دەبێت ڕێگەیان لێبگیرێت و لەناو ببرێن[٤]. میشێل عەفلەق دامەزرێنەری حیزبی بەعس سەبارەت بە كەمینەكان دەڵێت:"پێویستە ئەو كەمە نەتەوەییانەی لەسەر ئەم خاكە دەژین بە دوو ڕێگە بتوێندرێنەوە، ڕێگەی یەكەم: بە هێمنی بێت و بە پێی كات، ڕێگەی دووەم: ئەگەر بۆ تواندنەوە بەرگریان له خۆیان كرد زەبرو زەنگ دژیان بەكاربهێندرێت"[٥]. لەسەر ئەم بنەمایە حكومەتی بەعس بەرنامەو پلانی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی كورد داناو هەوڵی دا بۆ سڕینەوەی له سوریا بە پلان, هەر وەک :

**یەكەم:** له ڕێگەی بەردەوامی دەست بەسەرداگرتنی زەوی و زاری كورد له ژێر ناوی چاكسازیی كشتوكاڵی، پڕۆژەی ئاودێری، دیارییكردنی موڵكایەتی...هتد. سەرجەمی ئەم هەنگاو و پڕۆژانە بە ئامانجی لێسەندنەوەی زەوی و زار له كورد و دابەشكردنی بەسەر عەرەبی ناوچەكانی دیكەی وەک (حەلەب، ڕەققە و مەنبج)دا بوو، هەروەها نیشتەجێكردنی عەرەب بە درێژای هێڵی سنوریی لەگەڵ توركیادا له ناوچەی جەزیرەدا[٦]. بۆ كاڵكردنەوەی بوونی ڕەهای كورد لەو ناوچانەدا.

**دووەم:** له ڕێگەی كۆمەڵێک هەنگاوی دیكەوە حكومەتی سوریا كاریكرد بۆ سڕینەوەی كورد بەنموونە، گۆڕینی سروشتی دیمۆگرافیای ناوچە كوردییەكان له بەرژەوەندی عەرەب، ئەویش بە

---

[1] Barry Rubin: The Truth about Syria, P.28-29 ؛ محمد جمال باروت: التكون التاريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٧٢٩.

[٢] هاشم عثمان: الاحزاب السياسية في سورية السرية والعلنية، ط١، رياض الريس للكتب والنشر، بيروت، ٢٠٠١، ص٥١.

[٣] سۆزان كەریم مستەفا: لێكدانەوەی راسیزم بۆ مێژوو، بەعسیزم و كەمالیزم وەک نموونە، تێزی دكتۆرایە پێشكەشی بەشی مێژووی كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی كراوە، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٣٨-٣٩ (بڵاونەكراوە)؛ علي صالح ميراني: الحركة القومية الكوردية في كوردستان...، ص١٩٢.

[٤] عبدالفتاح علي يحيى البوتاني: موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية ١٩٤٦-١٩٧٠، منشورات مكتب الدراسات والبحوث المركزي لحزب الديمقراطي الكوردستاني، اربيل، ١٩٩٧، ص٥٨.

[٥] سۆزان كەریم مستەفا: لێكدانەوەی راسیزم بۆ مێژوو...، ل٢٣٧.

[٦] عبدالباسط سيدا: المسألة الكردية في سوريا...، ص١٢١.

پرۆسەی بە عەرەبکردن لە ناوچە کوردییەکان بەشێوازی جیا جیا، وەک لە ساڵی ١٩٦٥ لە ئەنجامی سەرژمێری ١٩٦٢ دا زۆرێک لە کورد بە بێگانە لە قەڵەمدران[١].

**سێیەم:** هەنگاوێکی دیکە بۆ سڕینەوەی کورد لە سوریا حکومەت هەستا بە ناردنی چەند کەسایەتییەکی نەتەوەیی بەعسی عەرەبی بۆ ناوچە کوردییەکان و دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و ئەمنی بەو کەسانە بەخشی و لەگەڵ دامەزراوە حکومییەکاندا ڕێکدەکەوتن و پێکەوە کاریان لەسەر داخستنی ڕێگەکانی پرسی کوردو دۆزی کورد بۆ سەربەخۆیی دەکرد[٢]. ئەو کەسایەتییە سیاسی وئەمنی وئیدارییانەی دەنێردرانە ناوچە کوردییەکان ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەیان دەنوسی وتێیدا پێشنیاز و ڕوونکردنەوەیان بۆ حکومەت و لایەنی دەسەڵاتدار دەنوسی بۆ ڕووبەڕوبوونەوەو سڕینەوەی شوناس و سیماکانی بوونی کورد لەوڵاتی سوریادا. بەنموونە، یەکێک لەو لێکۆڵینەوەو ڕاپۆرتانەی کە بە ئامانج گەلی نکۆڵیکردن لە بوونی کوردو سڕینەوەی شوناسی کورد لەسوریا نوسرا، لێکۆڵینەوەی ملازمی یەک "محەمەد تەلەب هیلال"[٣] بوو، کە سەرۆکی یەکەی ئەمنی سیاسی حەسەکە بوو[٤].

لێکۆڵینەوەکەی محەمەد تەلەب هیلال، کە لە ساڵی ١٩٦٣ ئەنجامیدا بە ناونیشانی لێکۆڵینەوەیەک لە پارێزگای جەزیرە لەلایەنی سیاسی- کۆمەڵایەتی- نەتەوەییەوە (**دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي السياسية- الاجتماعية- القومية**) لە (٢١٦) لاپەڕە پێکهاتووە، لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ پێشکەشی دەسەڵاتی فەرمی سوریای کرد[٥]. لێکۆڵینەوەکە لە شەش بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی کێشەی کورد لە دەرکەوتنییەوە تاوەکو سەرەتای سەدەی بیست، بەشی دووەم تایبەتە بە کێشەی کورد لە پارێزگای جەزیرەو عەشیرەتە کوردییەکان و پارتی دیموکراتی کوردی سوریا (البارتي)، بەڵام ئەوەی گرنگە لەم بەشەدا محەمەد تەلەب هیلال پیلانێک و چەندین پێشنیاریی دژی بوونی پرسی کورد لە سوریا خستبووەڕوو، پێشکەشی لایەنی دەسەڵاتی کردووە[٦]، بەناوی

---

١ عبدالباسط سيدا: المسألة الكردية في سوريا...، ص١٢٣.

٢ علي صالح ميراني: الحركة القومية الكوردية في كوردستان...، ص٢٠٢.

٣ محەمەد تەلەب هیلال: لە ساڵی ١٩٣١ لە ناوچەی (غصب) لە پارێزگای درعا لە دایکبووە لە ١٩٦١، پلەی ملازمی یەکی پێدراوە لە سەرەتای سالانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بە سەرۆکی یەکەی ئەمنی سیاسی حەسەکە دانراوە، لە ١٩٦١دا پرۆژەیەکی بەناونیشانی (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لە پارێزگای جەزیرە) ئامادەکردووە، لە ١٢/تشرینی دووەم/١٩٦٣ ئاراستەی دەسەڵاتدارانی دیمەشقی کردووە، بە ئامانجی دانانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و وەستانەوە دژی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی، لێکۆڵینەوەکە داوایکردووە، کار بۆ نەهێشتنی بوونی کورد بکرێت بەڕێگەی تواندنەوەی لەنێوان ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا. بڕوانە: (محمد طلب هلال: دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي السياسية- الاجتماعية- القومية، ط١، مطبعة الاتحاد، برلين، ٢٠٠١، ص١٥، اسماعيل محمد حصاف: تاريخ كردستان سوريا المعاصر ١٩٦٣-١٩٧٥، ج٣، ص٢٦-٢٧).

٤ محمد جمال باروت: التكون التاريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٧٣٥.

٥ اسماعيل محمد حصاف: تأريخ كردستان سوريا المعاصر (١٩٤٣-١٩٦٢)، ج ٢، ص٢٦.

٦ بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: محمد طلب هلال: دراسة عن محافظة الجزيرة...، ص٤١-٦٦.

پێشنیارگەلێک دەربارەی پرسی کورد(المقترحات بشأن المشكلة الكردية)، کە تێیدا (١٢) پێشنیاری خستەبەردەمی حکومەت بۆ سڕینەوەی پرسی کورد بە یەکجاریی لە سوریادا، ئەو پێشنیارانە خۆی دەبینییەوە لە:

١- **ڕاگواستن:** هەڵکەندنی کوردەکان لە شوێنی خۆیان و بڵاوەپێکردنیان بەناو سوریادا و چاودێرییکردنی هەڵسوکەوتیان.

٢- **پەکخستنی پەروەردە و فێرکردن:** دەبێت ڕێگریی لە دامەزراندن و کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگای زانستی بکرێت لە ناوچە کوردییەکان[1]، ئەگەر بە عەرەبیش بێت[2].

٣- **ڕاستکردنەوەی تۆماری شارستانی:** هەرکوردێک بەڵگەی ڕەگەزنامەی سوریای نەبێت، پێویستە بگێڕدرێنەوە بۆ ئەو وڵاتەی لێوەی هاتووە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە زۆربەی کوردەکانی جەزیرە ڕەگەزنامەی تورکی یان زیاد لە ڕەگەزنامەیەکیان هەیە، لەبەرئەوە پێویستە ئەو کوردانە دەربکرێن.

٤- **ڕێگرتن لە کارکردنی کورد:** هیلال پێشنیاری ئەوە دەکات، هەلی کارکردن لە کوردەکان قۆرخ بکرێت و ڕێگریی لە کورد بکرێت بۆ کارکردن و کڕینی خانوبەرە یان هەر ئیش و کارێک، لە ئەنجامدا کوردەکان دەکەونە ڕەوشێکی نالەبار و توانای بەرگەگرتنیان نامێنێت و ناچار دەبن ناوچەکانیان بەجێبهێڵن.

٥- **هێرشی پڕوپاگەندە دژی کورد:** بۆ ئەوەی کورد ناجێگیر و لە ڕەوشێکی نائارامدابێت، پێویستە پڕوپاگەندە دژی کورد بە فراوانی ئەنجامبدرێت.

٦- **گۆڕینی زانایانی ئاینی کورد بە عەرەب:** ناونیشانی ئایینی لە کورد بسێندرێتەوە و زانا ئاینییەکانی کورد بگوازنەوە بۆ ناوەڕاستی سوریا، هەروەها دەبێت زانای ئایینی عەرەب بنێردرێت بۆ ناوچە کوردییەکان.

٧- **سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە:** هاندانی کورد دژی کورد و بەگژیەکداکردنیان، دەبێت هێندە ڕەوشیان خراپ بێت، کە خۆیان بە عەرەب دابنێن و بناسێنن.

٨- **نیشتەجێکردنی عەرەب لە ناوچە کوردییەکان:** پێویستە عەرەب بەرەو ناوچە کوردییەکانی سوریا لەسەر سنوری تورکیا و عێراق بجوڵێنرێن بۆ بونیاتنانی هێڵی بەرگریی بۆ داهاتوو لەبەرژەوەندی عەرەب و لەسەر حسابی کورد، محەمەد تەلەب هیلال پێشنیاری ئەوەی کردبوو، کە ئەو دانیشتوانە عەرەبیانە لە (عەشیرەتی شەمەر)بن چاکترە، چونکە هەژارترین عەشیرەتن و لە سەدا سەد عەرەبی ڕەسەنن.

---

[1] محمد طلب هلال: دراسة عن محافظة الجزيرة...، ص٦٨.

[2] هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆڵی لێکراو، ل٥٧.

**٩- دامەزراندنی پشتێنەی سەربازیی عەرەب بە درێژایی سنور لەگەڵ تورکیادا:** پێویستە ناوچەی سنوری باکوری جەزیرە بکرێتە ناوچەیەکی سەربازیی بە چەشنی هێڵی بەرەنگاربوونەوە، لەم ناوچە سەربازییەدا، پێویستە سیاسەتی بەعەرەبکردن پیادەبکرێت و کوردەکان لەو ناوچانە وەدەربنرێن.

١٠- کێڵگەی کشوکاڵی بۆ عەرەبە نیشتەجێکراوەکان دابمەزرێنرێت و جوتیارانی عەرەب ڕاهێنانیان پێبکرێت و چەکداربکرێن بۆ بەرگرییکردن لە خۆیان.

١١- هەرکەسێک لە ناوچەی جەزیرە زمانی عەرەبی نەزانێت لە هەر پلە و پۆستێک دا بێت، مافی دەنگدانی پێنەدرێت.

١٢- نکۆڵی بکرێت لە هاونیشتیمانییبوونی هەر کەسێکی ناعەرەب لە سوریا و ڕەگەزنامەی سوریی بە هیچ کەسێک نەدرێت، کە عەرەب نەبێت و بیەوێت لەسەر خاکی سوریا نیشتەجێ ببێت[١]. محەمەد تەلەب هیلال سەبارەت بە پرسی کورد لە سوریا و نەهێشتن و سڕینەوەی ئەو پرسە لە سوریا دەڵێت:" هەنوکە شتێک نییە بەناوی پرسی کورد لە سوریا، ئەوەی هەیە تەنها وەرەمێکی پیسە لە بەشێک لە جەستەی نەتەوەی عەرەب دەرچووە، چارەسەریش تەنها دەبێت ئەو وەرەمە بتەقێندرێت و جەستەی عەرەب لەو پیسییە پاکبکرێتەوە"[٢].

ئەو ڕاپۆرتە ئەمنی و لێکۆڵینەوانەی لەسەر جەزیرە دەنوسران و ئامادە دەکران ئەوە پیشان دەدەن کە ناوچەی جەزیرە بەلای دەسەڵاتەوە زۆر گرنگ بوو، دەسەڵاتداران بەلایانەوە گرنگ بوو کەسایەتی ئەمنی بەهێز لە جەزیرە دابمەزرێنن و لە مەترسی "کوردبوون" بپارێزن[٣]. لەم بارەیەوە محەمەد تەلەب هیلال پێیوایە جەزیرە ناوەندێکی گرنگە بۆ داهاتووی نەتەوەیی، لەکاتێکدا ڕەگەزی بێگانە تێیدا دەژین کە کوردن، هەروەک ئاماژە بە بوونی کورد و ناوی کورد پێشنیاز دەکات:"جەزیرە لەو ڕەگەزە پاکبکرێتەوە"[٤]. هەر لە ساڵی ١٩٦٣وە هەڵمەتی ڕاگەیاندنی جەماوەریی دژی کورد لە سوریا دەستیپێکرد بە دروشمی وەک"عروبە لە جەزیرە ڕزگار بکەن" و "چارەسەری هەڕەشەی کورد بکەن"[٥].

دەسەڵاتدارانی حکومەتی سوریا لە ڕۆژی ٢٠-٢١ ئابی ١٩٦٦ دەستیانکرد بەهەڵمەتێکی دەستگیرکردنی کورد و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد، ئەم هەڵمەتە بە دووەم گەورەترین هەڵمەتی دەستگیرکردنی کورد دادەنرێت، دوای هەڵمەتی ١٩٦٠ لە ناوچەی جەزیرە[٦]، ئەم هەڵمەتە

---

١ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد طلب هلال: دراسة عن محافظة الجزيرة...، صص٦٦-٧٠.

٢ نفس المصدر، ص١٥.

٣ مطيع سمان: وطن وعسكر(مذكرات ٢٨ ايلول ١٩٦١-١٨ آذار ١٩٦٣)، ط١، مطبعة بيسان، دمشق، ١٩٩٥، ص١٥٨-١٦٠.

٤ محمد جمال باروت: التكون التاريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٧٣١-٧٣٩.

5 Haian Dukhan: State and Tribes in Syria Informal Alliances and Conflict Patterns, 1st Published, Published by Routledge, New York, 2019, P.84.

٦ صلاح بدرالدين: الحركة القومية الكردية في سوريا، ص٧٤.

دەستگیرکردنە سەرجەم ناوچەکوردییەکان و سەرجەم چین و توێژەکانی کوردی گرتەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەرەتای هەڵمەتەکە دا دەستگیرکران ٩١ کەس بوون،٥٦ کەسیان لەنێو زیندانەکاندا هێڵرانەوە، ٢٠ کە سیان سەرکردایەتی پارتەکوردییەکان بوون، لە نێو زیندانا سزا دەدران[١] .

لەسەر بنەمای پێشنیارەکانی محەمەد تەلەب هیلال بۆ دانانی پشتێنەیەکی ئەمنی لە ناوچەسنورییەکانی سوریا- مەبەست ناوچە کوردییەکان و حکومەت بڕیاری دا پیداچونەوە بەخاوەنداریێتی زەوی و زاری ناوچەسنورییەکان بکات، بۆ ئەم مەبەستە لە کۆنگرە و بڵاوکراوەوەکانی حکومەتدا ڕێوشوێنی پێویستی دانا، هەروەها ئەوە خرابوەڕوو کەهێشتنەوەی سنوری سوریا -تورکیا بەکراوەیی دەبێتە هۆی زیادبوونی سەرچاوەی سیخوڕیی و زیادبوونی کورد لەو ناوچانەی لەڕووی کشتوکاڵ و پیشەسازییەوە گرنگە و خاوەنی سامانیکی نەوتی زۆرە، لەبەرئەوە، پێویستە خاوەنداریێتی زەوی ئەو ناوچانە بگێڕدرێتەوە بۆ حکومەت[٢]. لەڕاستیدا مەبەست لەو پڕۆژەو بڕیارانە دەستگرتن بوو بەسەر ناوچەکوردییەکان و سڕینەوەی کورد لەو ناوچانەی خاوەن داهاتێکی گەورەی نەتەوەیین[٣]. هەروەها حکومەت هەنگاوی دیکەی نا بۆ چۆڵکردنی ناوچەسنورییەکان لە لایەن کوردەوە، وەک ڕێگریی لە کڕین و فرۆشتنی زەوی و زار و خانوبەرە ...هتد لەو ناوچانە، بەمەبەستی ڕێگریی لەوەی خاوەنداریێتی ئەو زەوییانە بکرێت بە ناوی کوردەوە[٤] .

لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٨ دەسەڵاتدارانی سوریا هەڵمەتیکی نوێی دەستگیرکردنی کورد و سەرکردەکانی پارتەکوردییەکانی دەستپێکرد لە نێو ئەو سەرکردانەی کە دەستگیرکران "صەلاح بەدرەدین" ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرانی کورد بوو، باسی ڕەوشی زیندانیەکانی کردبوو، کە چۆن ئازاری جەستەیی ودەرونی دراون و تاوانبار کراون بەهەوڵدان بۆ جیابوونەوە لە سوریا و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی[٥].

---

١ عبدالحميد درويش: أضواء على الحركة الكردية في سوريا...، ص١٠٥.

٢ إسماعيل محمد حصاف: تأريخ كردستان سوريا المعاصر١٩٦٣-١٩٧٥، ج٣، ص٨٥- ٨٦.

٣ علي صالح ميراني: الحركه القومية الكوردية في كوردستان...، ص٢٣٠.

٤ علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي..، ص٦٠.

٥ صلاح بدرالدين: الحركة القومية الكردية في سوريا، ص٩٥-١٠٠.

# بەشی یەکەم

## هەڵوێستی حکومەتی سوریا بەرامبەر پرسی کورد (١٩٧٠-١٩٨٢)

## باسی یەکەم:

## سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان (١٩٧٠-١٩٧٥):-

لە ١٩٧٠دا حافز ئەسەد لە سوریا دەسەڵاتی وەرگرت، هاتنی ئەو جۆرێک لە هیوای گۆڕانکاریی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو بۆ گەلی سوریا بە گشتی و کورد بە تایبەتی، بەو پێیەی دەستور و شێوازی حوکمڕانی شکڵێکی نوێی وەرگرت. بەڵام پێچەوانەی پێشبینییەکان، زۆری نەبرد بە پراکتیکی سیاسەتی لێدان لە شوناس و سیما و فەرهەنگی ناوچە کوردییەکان دەستپێکردو هەڵمەتی بە عەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان لە ڕێگەی پشتێنەی عەرەبییەوە بووە هەنگاوی کرداریی بۆ دژایەتی کورد و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی لە ڕێگەی سیاسەتێکی چەوتی پشتبەست بە ئایدۆلۆژیای بەعسی سوریا.

سوریا پێکهاتەیەکی دیموگرافی و ڕەگەزی ئاڵۆز و پێکهاتەی ئاینی جۆراوجۆری هەیە، لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافی سوریا، هەڵکەوتەیەکی ستراتیجی گرنگی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم پێگە جوگرافییە سودی گەورەی بە سوریا گەیاندووە، بەڵام هەندێک کات ڕەوشێکی نالەباری بۆ سوریا هێناوەتەئاراوە، کە لە ڕووی سیاسییەوە لە دوای سەربەخۆبوونی سوریا لە ١٩٤٦وە دەستپێکرد[١]. بەتایبەت لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤٩-١٩٧٠ دا ژمارەیەک کودەتا و هەوڵی کودەتا ئەنجامدراوە[٢]. بەوجۆرە لەدوای سەربەخۆبوونی سوریا، ئەو وڵاتە کەوتبووە قەیرانی حوکمڕانی و ململانێی نێوان ڕکابەرەکان لەسەر دەسەڵات و وڵات بە ڕەوشێکی سیاسی ناهەمواردا تێپەڕدەبوو، بەتایبەت لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٧-١٩٧٠[٣]، چونکە نائارامی و ناسەقامگیری و ململانێی بەردەوام لەسەر دەسەڵات و پشێوی و خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەبینرا کە سیمای سیاسی ئەو قۆناغەی سوریابوو، خەڵکی سوریا چاوەڕوانی سەربەخۆبوونی وڵاتەکەیان بوون، بەڵام لەو قۆناغەدا سەربەخۆیی جێگرەوەیەکی باش نەبوو بۆ سەقامگیری سیاسی بۆ گەلی سوریا[٤].

بارودۆخی ئابووری وڵات لە بارودۆخی سیاسی باشتر نەبوو، حکومەتی سوریا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٢-١٩٦٣ یاسای (چاکسازی کشتوکاڵی) پەیرەوکرد. دەستی بەسەر ڕووبەرێکی

---

[١] جمال واكيم: صراع القوى الكبرى على سوريا الابعاد الجيوسياسية لازمة ٢٠١١، ط٢، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت، ٢٠١٢، ص١٢٨-١٣٠.

[٢] كمال ديب: تاريخ سورية المعاصر من الانتداب الفرنسي الي صيف ٢٠١١، ط٢، دارالنهار للنشر و التوزيع، بيروت، ٢٠١٢، ص١١٧.

[٣] نفس المصدر، ص٣٦٣-٣٧٠.

[٤] نشوان الأتاسي: تطور المجتمع السوري ١٨٣١-٢٠١١، ط١، اطلس للنشر، بيروت، ٢٠١٥، ص٣١١.

فراوانی زەوی کشتوکاڵی جوتیاراندا گرتبوو، بەسەر کارگە و شوێنکاری گشتیدا گرتبوو بەبێ هیچ پلان و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی[١]، لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ئامانجێکی پرۆژەی چاکسازی کشتوکاڵی بونیادنانی چەندین کێڵگەی گەورەی خێزانی بوو، کە هیچ سودێکی بە جوتیارە بچووکەکان نەدەگەیاند، زۆرینەی ئەو جوتیارە بچوکانە ناچارکران یان واز لە سەربەخۆبوونی خۆیان بهێنن یا خود واز لە کاری کشتوکاڵی بهێنن، ئەمەش بە واتای ئەوەی چاکسازیی کشتوکاڵی بە زیانی جوتیاران تەواو بوو[٢].

لە سەر ئاستی دەرەوە ئەو ڕەوشە نێوخۆی و کودەتا سەربازیانەی لە سوریا ڕویاندا، بووە هۆی ئەوەی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هەوڵی سەپاندنی هەژموون و نفوزی خۆیان بدەن لە سوریا[٣]، هەڵبەت ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەی سوریا لەو قۆناغەدا پێویستی بە کەسایەتییەکی بەتوانا و بەهێز هەبوو بۆ ئیدارەدان و هاوسەنگی ڕاگرتنی بارودۆخ و گێرانەوەی سوریا بۆ دەوڵەتێکی خاوەن شکۆ لە سەرئاستی نێوخۆ و دەرەوە. ئاشکرایە کە (حافز ئەسەد)[٤] ئەو کەسایەتییە بوو کە توانی لەڕووی سیاسییەوە سوریا ئارام بکاتەوە سوریای ئاڵۆز بگۆڕێت بۆ هێزێکی هەرێمی حساب بۆکراو لە ناوچەکەدا[٥]، سەرکەوتنی حافز ئەسەد دوای ئەوە هات کە لە ١٦ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ کودەتایەکی سەربازی ئەنجامدا[٦]، ئەو کودەتا سەربازییە بە (حرکە التصحیحیة- بزوتنەوەی

---

[١] نشوان الأتاسي: تطور المجتمع السوري...، ص٣١٠.

[٢] فولکر بیرتس: الاقتصاد السیاسي في سوریة تحت حکم الأسد، ط١، ت: عبدالکریم محفوض، ریاض الریس للکتب و النشر، بیروت، ٢٠١٢، ص٢٢١-٢٢٢.

[٣] جمال واکیم: صراع القوی الکبری علی سوریا...، ص١٢٩-١٣٠.

[٤] حافز ئەسەد: حافز عەلی سلێمان ئەسەد لە ٦ تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ لە گوندی (قەرداحە) لە ڕۆژهەڵاتی شاری لازقیە لە باکوری ڕۆژئاوای سوریا لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٤٢ قۆناغی سەرەتایی لە لازقیە تەواوکردووە، قۆناغی ناوەندیشی هەر لە چلەکاندا لە لازقیە تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٥١ بڕوانامەی (البکالوریا)ی بەدەستهێناوە و لە ساڵی ١٩٤٧ چووەتە نێو ڕیزەکانی حیزبی بەعسەوە، لە ساڵی ١٩٥٤ پلەی ئەفسەری فرۆکەوانی بەدەستهێناوە، لە ١٩٥٩ پلەی نەقیبی بەدەستهێناوە، ١٩٦٣ لەگەڵ هاوڕێ بەعسییەکانیدا، کودەتایان ئەنجامدا و دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، لە ساڵی١٩٦٤ پلەی سەربازی (لیوا)ی بەدەستهێناوە، سێ پۆستی سەربازی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٦٦ بوو بە وەزیری بەگری و لە ١٦ تشرینی دووەمی ١٩٧٠ کودەتای سەربازی ئەنجامدا و هەموو وڵاتی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، لە ساڵی (٢٠٠٠) دوای ٣٠ ساڵ لە حوکمرانی سوریا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. بڕوانە: (هاشم عثمان: تاریخ سوریة الحدیث عهد حافظ الاسد (١٩٧١-٢٠٠٠)، ط١، مطبعة ریاض الریس للکتب والنشر، بیروت، ٢٠١٤، ص٣٦-٣٧ ؛ دانییل لوغاک: سوریة في عهد الجنرال الأسد، ت: حصیف عبدالغني، ط١، مکتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٦، ص٧٨-٨٨).

[٥] جمال واکیم: صراع القوی الکبری علی سوریا...، ص١٢٧-١٣٠.

[٦] جورج قرم: تاریخ الشرق الأوسط في الأزمنة القدیمة الي الیوم، ط١، شرکة المطبوعات للتوزیع و النشر، بیروت، ٢٠١٠، ص١٤٨.

ڕاستکردنەوە)[1] ناسرا، حافز ئەسەد توانی دەسەڵات بگرێتەدەست، ئەویش پاش ئەوەی ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ ڕکابەرەکەی (صلاح جدید)[2] کۆتاییپێهێنا و سەرکەوت بە سەریدا[3]. دواتر حافز ئەسەد کەوتە هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە شێواو و ئاڵۆزە و ئاسایکردنەوەی ڕەوشی سوریا لەڕێگەی پشت بەستن بە دەزگای هەواڵگری و دامەزراوە سەربازییەکان زیاتر لەوەی پشت بە دامەزراوەی مەدەنی و دەستوری ببەستێت[4]، چونکە حافز ئەسەد خۆی کەسێکی سەربازیی بوو[5]، توانی بەسەر ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەدا سەرکەوێت، زیاتر جەختی لەوە دەکردەوە سوریا بکاتە هێزێکی کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا[6].

کاتێک حافز ئەسەد بارودۆخی سیاسی جێگیر کرد، کاری بۆ نەهێشتنی ڕکابەر و ئۆپۆزسیونەکانی خۆی کرد، بڕیاری ڕاپرسییەکی گشتیدا بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆک کۆمار و سستمی پەرلەمانی بگۆڕێت بۆ سیستمی سەرۆکایەتی، لە ڕاپرسیەکدا حافز ئەسەد (٩٩٪) دەنگەکانی بەدەستهێنا و لە ڕۆژی ١٣ ئازاری ١٩٧١ بە فەرمی بوو بە سەرۆک کۆماری سوریا[7]. لەلایەکی دیکەوە، حافز ئەسەد نوێنەرایەتی حیزبی بەعس دەکرد و جەختی لەسەر پابەندبوون بە بنەمای

---

[1] بزوتنەوەی ڕاستکردنەوە: ئەو بزوتنەوەیە بوو، کە لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠ لەلایەن حافز ئەسەدەوە ئەنجامدرا، درێژکراوەی کودەتای ٨ی ئازاری ١٩٦٣ و ڕاستکردنەوەی بزوتنەوەی ٢٣ی شوباتی ١٩٦٦ بوو، بزوتنەوەکە شۆرشی گەڕاندەوە بۆ ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی و ئەو رەوشە ئاڵۆزەی کە لەناو حیزبی بەعسدا زاڵبوو کۆتاییپێهێنا، ئەو ڕەوشە کە جەماوەری ناچارکردبوو لە بارێکی نالەبار و دڵەڕاوکێیدا بژین کۆتاییپێهێنا و دەستوری هەمیشەیی جێگیرکرا و گەشەکردنی وڵات دەستپێکرد.(محمد شاكر اسعيد: البرلمان السوري في التطورة التاريخي، دارالمدى للثقافة و النشر، دمشق، ٢٠٠٢، ص١٠٣؛ لمياء مالک عبدالكريم الشمري: حافظ الاسد ودوره العسكري والسياسي في سورية (١٩٧٠-١٩٨٥)، اطروحة تقدمت الي مجلس كلية التربية- جامعة المستنصرية و هي جزء من متطلبات نيل شهادة الدكتوراه في الفلسفة في التأريخ الحديث و المعاصر, بغداد ، ٢٠١٩، ص٨٠-٨١ )(غيرمنشورة).

[2] صلاح جدید: کەسایەتییەکی سیاسی و سەربازی سوری بووە، لە ١٩٢٦ لە دایکبووە، لە ١٩٥١ چوەتە ڕیزی حزبی بەعسەوە، ڕۆلی لە ململانێکانی ناو حزبی بەعسدا هەبووە، سەرکردایەتی بزوتنەوەی ٢٣ شوباتی ١٩٦٦ کردووە، کە دژی سەکردە باڵاکانی حزب ئەنجامدرا، لە ساڵی ١٩٧٠ پاش بزوتنەوەی ڕاستکردنەوە، لەلایەن حافز ئەسەدەوە خراوەتە زیندانەوە هەتا مردنی لە ١٩٩٣. بڕوانە: (عبدالوهاب الكيالي: الموسوعة السياسية، ج٣، ط٣، الموسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٩، ص٦٣٩).

[3] جمال واكيم: صراع القوى الكبرى على سوريا...، ص١٢٧.

[4] نفس المصدر، ص١٣٠.

[5] Bader Husein: the Kurdish Issue…, P.34.

[6] جمال واكيم: صراع القوى الكبرى على سوريا...، ص١٣٠.

[7] لمياء مالک عبدالكريم الشمري: حافظ الأسد ودوره العسكري والسياسي...، ص ٨٤-٨٥.

حیزبی بەعسی دەکردەوە، ئەو حیزبە هەر لەسەرەتاوە بە ئاشکرا وەک هەڕەشە و مەترسی لە کوردیان دەڕوانی بۆ سەر یەکێتی نیشتیمانی سوریا[1].

بەم جۆرە سیاسەتی حکومەتی سوریا هەر لە دەستپێکی ١٩٧٠ کانەوە، بەردەوامی هەبوو بۆ دژایەتی کورد لە وڵاتەکەیدا و وەک بێگانە لە کوردیان دەڕوانی نەک وەک نەتەوەی دووەم[2]، ئەمە لە نێو دەستووری سوریا بەڕوونی ڕەنگی دایەوە. چونکە دەستور هیچ ئاماژەیەکی سەبارەت بە مافی نەتەوەیی کورد لە سوریا تێدا نەبوو، بەڵکو وەک بێگانە و مەترسی بۆ سەر عەرەب تەماشاکرابوو، وەک لەمادەی یەکەمی دەستوری سوریا هاتووە :"پێویستە نیشتیمانی عەرەب لە هەموو ئەوانەی هەوڵی (ڕەگەزپەرستی) دەدەن دژی عەرەب پاکبکرێنەوە". پێدەچیت مەبەست کورد بوو‌بیت یان بە واتای ئەوەی کورد لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیەتی، پێویستە هەوڵی دەرکردنیان لە سوریا بدرێت، ئەوەش بەڕێگەی بە تۆبزی ڕاگواستنیان[3]و هەوڵدان بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب لە شوێنی کورد لەو ناوچانەی کوردیان تێدا ڕادەگواست.

ڕەوشی کورد و پارتە کوردییەکان لە سەرەتای ١٩٧٠کاندا لە پاشەکشێ و پەرتبووندا بوون، لەبەرئەوە توانای ئەوەیان نەبوو بەشداربن لە نەخشەی سیاسی سوریادا و ڕۆڵبگێڕن، نەک هەرئەوە بەڵکو وشەی (کوردستان) یان لە ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان_سوریا) لابرد و گۆڕیان بە وشەی (کورد) (پارتی دیموکراتی کورد-سوریا) بۆ دڵنیاکردنەوەی دەسەڵات و نیشانی بدەن کە خواستی (کوردستانی سەربەخۆ-یەکگرتوو لەگەڵ پارچەکانی دیکەیان نییە)، بەڵکو لە پێناوی بەدەستهێنانی مافە کلتوری و سیاسییەکانیان تێدەکۆشن، لە چوارچێوەی کۆماری عەرەبی سوریا[4].

ئەمە لەکاتێکدابوو لە ١٦ شوباتی ١٩٧١ بڕیاری دامەزراندنی پەرلەمانی سوریا درا بەناوی (ئەنجومەنی گەل) سەرجەم بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەو ئەنجومەنە لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعس و دەزگا ئەمنییەکان دەرنەدەچوو و کورد لەمافی بەشداریکردنی لە پەرلەمانەدا بێبەشکرابوو[5]. لەڕێگەی پەرلەمان و کوبوونەوەکانیانەوە چەندین مەرسوم و بڕیاری فەرمی دژ بە کورد دەرچوون و تێیاندا بڕیاری بەعەرەبکردنی ناو و جواگرافیای شار و دێهاتە کوردییەکانی تێیدا درا. بۆ نموونە لە ١٢ی ئابی ١٩٧١ مەرسومی (التشريعى) ژمارە (٣٦) دەرچوو و تێیدا هاتبوو، پێویستە ناوی شار

---

[1] Michael M. Gunter: Out of Nowhere; The Kurds of Syria in Peace and War, 1st, Hurst & Company Publishers, London, 2014, P.22.

علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص٤٥.

[2] Bader Husein: The Kurdish Issue…, P.34.

[3] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص٤٥-٤٦.

[4] شمس الدين الكيلاني: المسألة الكردية في ضوء...، ص١٠ ؛ Bader Husein: The Kurdish Issue…, P.34.

[5] محمد عبدو علي: جبل الكرد (عفرين) دراسة تاريخية اجتماعية توثيقية، السليمانية، ٢٠٠٩، ص٣٩٣.

و گوندەکانی پارێزگای جەزیرە و ناوچەی کۆبانێ و عەفرین و ناوچە کوردییەکانی دیکە بگۆڕدرێت بۆ ناوی عەرەبی، ئامانج لە دەرکردنی ئەم مەرسومە بە عەرەبکردن و پێدانی سیفەتی عەرەبی بوو بە ناوچە کوردییەکان[١].

نموونەیەکی دیکەی بڕیاری بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان، بڕیاری ئەنجومەنی کارگێری ئیدارەی پارێزگای حەسەکە بە ژمارە (٤٣) لە ڕێکەوتی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٧١ و لە سەر پێشنیاری پارێزگاری حەسەکە بە نووسراوی ژمارە (١٥٤٠٣) لە ٥ی ئابی ١٩٧١ و بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار بە نووسراوی ژمارەی (٣٢٢٦-ص٣) لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١دا. بڕیاردرا بە گۆڕین و بەعەرەبکردنی ناوی گوندەکانی سەر بە ناحیەی عامودا و ناوچەی قامیشلۆ لە پارێزگای حەسەکە، لە ناوەڕۆکی ئەم مەرسومەدا بڕیاردرا بە گۆڕین و بە عەرەبکردنی ناوی (٨٨) دێهات و ناوچەی کوردی لە هەریەک لە ناوچەکانی (عامودا، المركز، حطين) لە ناوچەی عامودا (اولجيان) گۆڕدرا بۆ (المريبط)، (دوكر) گۆڕدرا بۆ (تليل) و (بريفا) گۆڕدرا بۆ (باردة)، (ببو) گۆڕدرا بۆ (صباح)[٢] ، ناوچەی (حطين)، (بله زورانه تحتانى) گۆڕا بۆ (تل البرد) (تعلک) گۆڕدرا بۆ (مرة)، (خانكيله) گۆڕدرا بۆ (دار)، (رنكو) گۆڕدرا بۆ (الحمرا)، (سميتک فوقاني) گۆڕدرا بۆ (البصرة)، (شدی) گۆڕدرا بۆ (مشهد)، (طوبس) گۆڕدرا بۆ (الحنية) (فرجو) گۆڕدرا بۆ (تفاحة)، (قرقوب تحتاني) گۆڕدرا بۆ (ام الاسود)، (فرنكوز) گۆڕدرا بۆ (الوعيل)، (قرى) گۆڕدرا بۆ (باردة)، (كوتيان قديم) گۆڕدرا بۆ (الجربا)، (كجي) گۆرا بۆ (شقرا)، (كرمير) گۆڕدرا بۆ (لبنية)، (كركى دقوري) گۆڕدرا بۆ (تل السعد)، (كرعيشک) گۆڕدرا بۆ (تل المرفق)، (كرابش) گۆڕدرا بۆ (تل الوفا) (معمر لو) گۆڕدرا بۆ (عمارة)، (موزان) گۆڕدرا بۆ (تل المال) (بئر بازن مرسينيه) گۆڕدرا بۆ (جب السوداء) هەرچی ناوچەی (المركز) بوو، (جولدارة) گۆڕدرا بۆ (شجرة)، (جطل ميلية) گۆڕدرا بۆ (نقافة)، (جطل كابارة) گۆڕدرا بۆ (وتر)، (جولمة تحتاني) گۆڕدرا بۆ (خياط)، (سميتک تحتاني) گۆڕدرا بۆ (ابوالهول)، (سلندەر) گۆڕدرا بۆ (قمصان)، (شورک) گۆڕدرا بۆ (ملاحة)، (حوركا) گۆڕدرا بۆ (الحصيبة)، (صوغان فوقاني) گۆڕدرا بۆ (أم البنت)، (على تحتاني) گۆڕدرا بۆ (فوارة)، (على فوقاني) گۆڕدرا بۆ (قبق)، (قرتبه) گۆڕدرا بۆ (تل اسود)، (قزلاجيق) گۆڕدرا بۆ سرداق، (كبكه) گۆڕدرا بۆ (طابات)، (مصطل هندي) گۆڕدرا بۆ (مصطفى)، (موسسيانه) گۆڕدرا بۆ (ابو خنجر)، (قوشانه) گۆڕدرا بۆ (سندان)، (قجله) گۆڕدرا بۆ (قليعة)، (كوليجه) گۆڕدرا بۆ (وريدة)، (كومج)گۆڕدرا بۆ (قدح)[٣]، دیارە ئامانج لە گۆڕین و

[١] مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق/ جامعة دهوک: القضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الأسد ١٦تشريني ١٩٧٠-١٠حزيران٢٠٠٠، ط١، دهوک، منشورات مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/جامعة دهوک، دهوک، ٢٠٠٩، ص١٧.

[٢] علي صالح ميراني: سياسة التميز القومي...، ص٦٥.

[٣] نفس المصدر، ص٦٦-٦٨.

به عەرەبکردنی ئەم شار و گوند و ناوچە کوردیانە سرینەوەی کورد بوو لەو ناوچانە و پێدانی سیمایەکی عەربیانە بوو بە ناوچەکە.

پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن و بڕیاری هەڵاوێردن بەرامبەر بە کورد بەردەوامبوو لە لەلایەن حکومەتی سوریاوە، هەروەک بڕیاری نائاسایی و پلانی ڕووبەڕوو بوونەوەی کورد و دەستگیرکردن و دەرکردنی فەرمانبەرانی کورد ...هتد[1]، بەڵام کاتێک حافز ئەسەد دەسەڵاتی گرتە دەست (حیزبی بەعس) بنەمایەکیان بۆ گرنگیپێدانی کێشەی کورد و پەیوەستبوون بە پرسی هەرێمی کوردەوە کردووە، کە ئامانجی پتەوکردنی پێگەی خۆی لە هاوکێشەکانی ناوچەکە و هاوسەنگکردنی نێوخۆی و هەرێمی بوو لە سوریا. لە هەمان کاتدا سەرنجی کوردەکانی سوریا بۆ دەرەوە بە ئاڕاستەی هەریەک لە لە باکوری کوردستان و باشوری کوردستان ڕابکێشێت لە جەختکردنەوە لەوەی کوردی ڕۆژئاوا کۆچەریین و هاتونەتە سوریا[2]. ئەم گرنگی پێدانەی کورد لە لایەن حافز ئەسەدەوە بۆ یەکەم جار لە کۆنگرەی نەتەوەیی یازدەهەمینی حیزبی بەعسدا بوو کە لە ئابی ١٩٧١ بەسترا، تێیدا پرسی کورد بۆ یەکەمجار لەلایەن حیزبی بەعسەوە گرنگی پێدرا، ئەوەش لە میانەی تەرخانکردنی بەشێک لە کاتەکانی کۆنگرە بۆگفتوگۆ لە بارەی پرسی کوردەوە لە سوریا و عیراق. تێیدا کۆنگرە گفتووگۆی ئەوەی کرد کورد و عەرەب و نەتەوەکانی ئەم وڵاتانە مافی یەکسانیان هەیە، کورد نەتەوەیەکی تایبەتە. بەڵام مافی جیابوونەوەی نییە لە سوریا، لە کۆتایدا کۆنگرە چەند بڕیارێکی سەبارەت بە پرسی کورد دەرکرد، لەوانە ڕەزامەندی لەسەر گفتوگۆ سەبارەت بە پێدان و گفتوگۆ لەبارەی پرسی حوکمی زاتی بۆ کورد لە سوریا و عیراق ڕێگەی پێبدرێت[3].

لە هەنگاوێکی دیکەدا، حافز ئەسەد لە ٧ی ئازاری ١٩٧٢ (بەرەی نشتیمانی پێشکەوتنخواز) (الجبهة الوطنية التقدمية) پێکهێنا[4]، ژمارەیەکی زۆر لە پارتەسیاسییەکانی سوریا چوونە نێو ئەو

---

[1] صلاح بدرالدين: الحركة القومية الكردية في سوريا، ص٨٨.

[2] عبداباسط سيدا: المسألة الكردية في سورية...، ص١٢٨ ؛ Azzma Alijulf: the Syrian kurds Right Self determination...., P.27,

[3] Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, politics and society, Tra: Emily Welle and Jane Welle, 1st Published, Published by Routledge, New York, 2009, P.72.

[4] بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخواز: ئەم بەرەیە لە ٧ی ئازاری ١٩٧٢ لە لایەن حافز ئەسەدەوە پێکهێنرا، کۆمەڵەو حیزبە سیاسییە بەعسی و غەیرە بەعسی و غەیرە عەرەبەکانی لەخۆدەگرت، واتە لەهەمان ئەو حیزبانەی کە پەرلەمانیان پێکهێنابوو پێکدەهات، جگە لەوە ئەندامی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی حوکمەت لەناو بازنەی سیاسی ئەم بەرەیەدا بوون و قیوولکران، بۆچوونی خۆیان بخەنەڕوو. بەڵام بەمەرجێک پڕۆگرامی حیزبی بەعس قبوولبکەن و چالاکی سیاسی لە نێو ڕیزەکانی سوپا و خوێندکاران ئەنجام نە دەن، ئەم بەرەیە حزبی بەعس سەرکردایەتی دەکرد، بڕیارەکانی کۆنگرەی حزبی بەعس بووبە بنەمای کارەکانی ئەم بەرەیە، بەڵام بەکاریگەری ئەم بەرەیە بوارێک بۆ خەڵکی سوریا کرایەوە بەشداری کاروباری وڵات بکەن و ئازادییەکی کەمیان هەبێت لەو بەشداریکردنانەدا. بڕوانە: (عدنان سعدالدين: الاخوان المسلون في سورية مذكرات و ذكريات الحكم البعثي (العلوي) من عام ١٩٦٣ حتى عام ١٩٧٧, مكتبة مدبولي، القاهره، ٢٠١٠، ص٢٣١ ؛ باتريك سيل: الاسد الصراع على الشرق الاوسط، ط١٠، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، ٢٠٠٧، ص٢٨٢-٢٨٣).

بەرەیەوە[1]، بەشداری کورد وەک بەشێک لە پێکهاتەی گەلی سوریا بە ئومێدی ئەوە بوو سود لە گۆڕانکارییەکانی وڵات ببینێت، "عەبدولحەمید دەرویش" کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی باڵی ڕاستی پارتی دیموکراتی کورد-سوریا (البارتي) لەم بارەیەوە دەڵێت:" لەوکاتەی بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز پێکهات و گۆڕانگاریی سیاسی لە سوریا ڕویدا، سەرکردایەتی باڵەکانی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا لە باشوری کوردستان لە سەر داوای مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان[2] بانگهێشت کرابوون، بۆ ئەوەی چارەسەری ناکۆکی نێو باڵەکانی پارتی دیموکراتی کورد-سوریا بکرێت"[3]، هەروەها عەبدولحەمید دەرویش ئاماژە بەوەدەکات، هەندێک لەسەرکردەکانی پارتی گەڕاینەوە بۆ سوریا بۆ ئەوەی ڕۆل لە ڕووداوەکاندا ببینین و سود و بەرژەوەندی کورد لەو گۆڕانکارییانەدا بەدەستبهێنن. عبدولحەمید دەرویش درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت:"بە پێچەوانەی ویستی کوردەوە، ڕووداو و گۆڕانکارییەکان، بە ڕوون و ئاشکرای بوونەهۆی کێشە و ناکۆکی لە نێوانماندا"[4]. لەبەرئەوەی بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز دەرگای ئەندامییتی و بەشداریکردنی بەڕووی پارت و حیزبە سیاسییە عەرەبی و ناعەرەبییەکانی سوریادا کردەوە تاوەکو بچنە نێو ئەو بەریەوە، کورد و سەرکردە کوردەکان لەسەر بەشداریکردن یان نەکردن لەو بەرەیەدا کێشە و ناکۆکی لە نێوانیاندا دروستبوو، ئەوە بوو بە هۆی جۆرێک لە دابەشبوون و کەرتبوونی ڕاوبۆچوون و ریزەکانی پارتی[5]، چونکە هەر سەرکردە و هەوڵی دەدا خۆی وەک نوێنەر و دانوسانکاری شەرعی گەلی کورد نیشانبدات لە نێو ئەو بەرەیەدا، ئەوەش ناکۆکی و ململانێی و تاوانبارکردنی یەکتری لەنێو سەرکردەکانی کورد و پارتیدا دروستکرد، چونکە ئەو سەرکردانەی دەیانویست بەشداری بکەن و خۆیان وەک نوێنەری کورد دەربخەن تاوانبارکران بەوەی کە هاوکاری و ڕێکەوتن لەگەڵ دیمەشق دەکەن، بەم ناکۆکییانە جۆرێکی نوێی کەرتبوون و پەرتبوون لە نێو ریزەکانی بزوتنەوەی کوردیدا دەستپێکرد[6]، ئەمەش سیاسەتێک بوو حکومەتی سوریا بە جدی کاری لەسەردەکرد.

---

[1] باتريك سيل: الأسد الصراع علي شرق الاوسط...، ص٢٨٢-٢٨٣.

[2] پارتی دیموکراتی کوردستان: پارتێکی دیموکراتی نیشتیمانییە لە ١٦ ئابی ١٩٤٦ بەسەرکردایەتی (مەلا مستەفای بارزانی) دامەزرا بە هاوبەشی لەگەڵ حەمزە عەبدوڵا و عیزەت عەزیز و مستەفا خۆشناو محمد محموود قودسی ... هتد. یەکەم کۆنگرەی خۆی لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە بەغداد بەست و ناوی پارتەکە ڕاگەیەنرا. بڕوانە: ( مسعود البارزاني: البارزاني و و الحركة التحررية الكردية، ج١، ط٢، كاوا للثقافة الكردية، لبنان، ١٩٩٧، ص٢١٥-٢١٧).

[3] اضواء على الحركة الكردية في سوريا...، ص١٧٨.

[4] نفس المصدر، ص١٧٨-١٧٩.

[5] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوسائق/جامعة دهوك: القضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الأسد...، ص١٦.

[6] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.89.

سیاسەتەکانی حکومەتی سوریا بەرامبەر بوونی کورد لە سوریا هەر وەک ئاماژەی پێدرا لە حەفتاکانیش بەردەوام بوو، جگە لە سەرژمێری نائاسایی کە لە ١٩٦٢[١]، کە تێیدا کوردی ڕۆژئاوا بە بێگانە تۆمارکران، بە تێکڕای (٢٧.٥٪) دانیشتوانی پارێزگای حەسەکە لە کۆی (٣٠٩٢٧٩)ی دانیشتوانی پارێزگاکە [٢] واتە (٥٣،٢٣٪) دانیشتوانی کوردی پارێزگای حەسەکە کە بە پێی خەملاندنی دەزگا ئەمنییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ ژمارەی دانیشتوانی کورد لە پارێزگای حەسەکە بە (٧٥) هەزار کورد دانراوە، ئەمە لە کاتێکدا پێش سەرژمێرییەکە بە (١٦٠) هەزار کورد هەژمارکرابوو، بەم پێیە بێت کورد لە جەزیرە لە ئەنجامی ئەو سەرژمێرییەدا لە زۆرینەوە بوو بە کەمینە[٣]. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی سوریا ڕێگە و پلان و ساسیەتی دیکەی گرتەبەر لە دژی بوونی کورد لە ناوچەی حەزیرە (پارێزگای حەسەکە) و پێدانی سیمایەکی عەربیانە بەناوچەکە، ئەو سیاسەتەش کە لەم قۆناغەدا بۆ دژی بوونی کورد هەنگاوی بۆ نرا لە سەرئاستی سیاسەتی باڵای حکومەت پلانی بۆ داڕێژرا، ئەو پلانە دروستکردن و نەخشەکێشانی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی (الحزام العربي) بوو ئەم پشتێنەیە کە بە (پشتێنەی ئەمنی) ناسراوە[٤]. پشتێنەیەکی مرۆیی عەرەبی بوو بە درێژایی سنوری سوریا لەگەڵ هەریەک لە وڵاتانی تورکیا و عێراق، بە ئامانجی دابڕینی ڕۆژئاوای کوردستان لە پارچەکانی دیکەی باکور و باشوری کوردستان، وەدەرنانی کورد لە زێدی خۆی و ڕاگواستنیان بۆ ناوچەیەکی دیکەی وڵات، درێژیی ڕووبەری پشتێنەی عەرەبی (٣٧٥ کم)، پانی (١٥ کم)، لە ناوچەی (رأس العين) تاوەکو ناوچەی (تل کوچەر) درێژببووەوە، ئەم ناوچە کوردییانە ناوچەیەکی نەوتی گرنگ و دەوڵەمەندبوو[٥].

لە ڕاستیدا پشتێنەی عەرەبی پارێزگای حەسەکە (حەزیرە)ی زیاتر کردبووە ئامانج، چونکە ئەم پارێزگایە لە لایەک زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانەکەی کورد بوون، لەلایەکی دیکە بە شێوەیەکی گشتی ناوچەی جەزیرە درێژکراوەی سروشتی دیموگرافی هەردوو بەشی باکور و باشوری کوردستانە و تاکە پارێزگایە بە پێی یاسا و بڕیاری تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت[٦]. پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی لە ساڵی ١٩٦٢ هەنگاو بە هەنگاو کاری لەسەکرابوو تاوەکو ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ بەکردارییی بەئەنجام

---

[١] عبدالرحمن قاسملو: كردستان والكرد، ص١٠١.

[٢] محمد جمال باروت وآخرون: اتجاهات التطور السكانية المجالية الاجتماعية المؤسسية حتى عام ٢٠٢٥، برنامج الامم المتحدة الانمائي و هيئة تخطيط الدولة، دمشق، ٢٠٠٧، ص٤٠٢.

[٣] محمد جمال باروت: التكون التأريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٧٢٤-٧٢٧.

[٤] عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ط٢، لجنة اعلام فى الحزب يكيتي الكردي في سوريا، قاميشلو، ٢٠١٥، ص ١١.

[٥] پيري شاليار: كردستان الغربية (كردستان سوريا) بين مطرقة الارهاب السياسي وسندان الشوفينية، مطبوعات اللجنة حقوق الانسان الكردي، لندن، ١٩٩٢، ص١٣ ؛ عبدالرحمان قاسملو: كردستان والكرد، ص١٠١؛ ديفيد مكدول: تاريخ الاكراد الحديث، ص٧٠٦.

[٦] عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ص١١.

گەیاندرا، ئەم پرۆژەیە لەگەڵ پرۆژەی سەرژمێری نائاسایی ١٩٦٢ تەواوکاری یەکتربوون و دژی بوونی کورد لە جەزیرە ئەنجامدران، ئەم پرۆژانە تەواوکاری لێکۆڵینەوەکەی محەمەد تەلەب هیلال بوون، چونکە ناوبراو بۆ سڕینەوەی کورد لە ناوچەکە پێشنیازی کردبوو، کورد لە ناوچە سنورییەکان ڕابگوێزرێن، ئەم پێشنیازانەش بوونە بنەما و سەرچاوەی پرۆژەکانی دواتری حکومەتی سوریا دژی کورد[١].

هەردوو پرۆژەی سەرژمێری ١٩٦٢ و پشتێنەی عەرەبی پلانی مەترسیداربوون لەسەر بوونی کورد و مافە نەتەوەیەکانی، چونکە ئەم پرۆژانە دژی بوونی گەلێک ئەنجامدران لەسەر زێدی ڕەسەنی خۆیان[٢]. ئاکامی ئەم پرۆژانە دابڕینی کورد لە ناسنامەکەی و ڕاگواستنی کورد و دەستگرتن بەسەر زەوی وزاری جوتیاران و دەرکردنیان بوو لە سەرخاکی خۆیان، ئەم پرۆژانە لە قۆناغەکانی دواتریش بەردەوام بوون[٣]. هۆکاریی ئەنجامدانی ئەم پرۆژانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەسەڵاتدارانی سوریا وا لە کوردیان دەڕوانی کە کۆچەرییەکی بێگانەن لە سوریا، بە پلانی وڵاتان هاتوونەتە سوریا، لەبەرئەوە پێویستە لەڕێگەی چەند پرۆژە و بڕیارگەلێکەوە بوونی کورد لە سوریا کەمبکرێتەوە[٤].

بیرۆکەی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی لەسەر بنەمای ڕاپۆرت و پێشنیازەکانی محەمەد تەلەب هیلال بوو کە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢ پێشکەشی حکومەتی کردبوو تێیدا نکوڵی لە بوونی کورد کردووە ئاماژەی بەوە دابوو کە کورد خاوەنی مێژوو و شارستانی و زمان و ریشەی نەتەوەیی نین[٥]، پێشنیازی کردبوو وەها لەکورد بڕوانرێت کورد کۆمەڵەیەکن هەوڵی دامەزراندنی نیشتیمانی تایبەت بە خۆیان دەدەن، هەربۆیە لێکۆڵنەوەکەی ناوبراو بە لێکۆڵینەوەیەکی "ئەنتی کورد" ناسرابوو[٦]. لە نێو ئەو پێشنازانەی محەمەد تەلەب هیلال خستییە بەردەستی حکومەت بۆ پەرتەوازەکردنی کورد، ئەو خاڵە بوو کە باس لە دامەزراندنی پشتێنەیەکی سەربازی عەرەبی بەدرێژایی سنوری سوریا لەگەڵ تورکیا دەکات، جەختی لەوە کردۆتەوە کە پێویستە ناوچەی سنوری باکوری جەزیرە بکرێتە ناوچەیەکی سەربازیی بە چەشنی هێڵی بەرنگاربوونەوە، لەم ناوچە سەربازییەدا دەبێت سیاسەتی

[١] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص٥٩-٦٠
؛ Thomas Schmidinger: Rojava( Revolution, War, and The Future of Syria's Kurds), Tra: Michael Schiffmann, 1st Published, Published by Pluto Press, London, 2018, P.63-64.

[٢] اسماعيل محمد حصاف: المسألة الكردية في سوريا، ط ١، دار موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٢٠، ص١٦٨.

[٣] عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ص٥٣.

[٤] اسماعيل محمد حصاف: المسألة الكردية في سوريا، ص١٦٨.

[5] Azzma Alijulf: the Syrian Kurds Right Self-determination…, P.20-21.

[٦] محمد طلب هلال: دراسة عن محافظة الجزيرة...، ص٦٦-٧٠؛ Thomas Schmidinger: Rojava…, P.64

بە عەرەبکردن پیادەبکرێت و کوردەکان دەربکرێن[1]. پێشنیازەکەی محەمەد تەلەب هیلال لەسەر ئاستی باڵا گرنگی پێدرا و لە کۆنگرەی هەرێمی سێیەمی حیزبی بەعس لە ئەیلولی ١٩٦٦ دا، لە بڕگەی پێنجەمی کۆنگرەدا پێشنیازکرا ئەو بڕگەیە تایبەت بێت بە پارێزگای حەسەکە و تێیدا هاتووە:"دووبارە پێداچوونەوە بە خاوەندارییەتی ئەو زەوییانەی کەوتوونەتە سنوری سوریا تورکیا و بەدرێژایی (٣٥٠ کم) و بە قوڵایی (١٠-١٥ کم) و بە موڵکی دەوڵەت دابنرێن، ڕێسای وەبەرهێنانی گونجاوی تێیدا جێبەجێ بکرێت بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی دەوڵەت"[2]. ئەمەش بە واتای ئەوەی حکومەت دەست بەسەر (٥٢٥٠ کم) لە خاکی بە پیتی باکوری جەزیرە دابگرێت، بە بیانوی ئەوەی موڵکی دەوڵەتە بە ئامانجی ئەوەی بیگۆڕن بۆ نشینگەی کشتوکاڵی، عەشیرەتە عەرەبیەکانی تێیدا نشتەجێ بکەن[3].

خوێندنەوە و پلان و پێشنیارەکان بۆ ئەو بڕیارەی کۆنگرە زیاتر لە دوو مانگی خایاند، تاوەکو لە بڵاوکراوەی (المناضل)[4] لە ژمارە ١١ لە کانونی یەکەمی ١٩٦٦ و لە ژێر ناونیشانی پلانی دامەزراندنی "کێڵگەی دەوڵەت"[5] لە پارێزگای حەسەکە بڵاوکرایەوە و تێیدا هاتبوو:"ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی گەلی عەرەبمان بووەتەوە لە باکوری عێراق، بە هەمانشێوە لەم ساڵانەی دوایدا ئەو هەڕەشەیە لە پارێزگای حەسەکەی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕووبەڕووی گەلی عەرەب بۆتەوە، حکومەتەکانی پێشتر ئەوەیان پشتگوێ خستووە، بەڵام ئەمڕۆ پێویستمان بە چارەسەرێکی ریشەیی هەیە"[6]، بەو هۆیەوە داوا لە بەرپرسانی نووسینگەی جوتیارانی حیزبی بەعس کرا بچن بۆ پارێزگای حەسەکە، لە ژێر چاودێری ئەفسەرانی پارێزگاکە هەنگاوە سەرەکییەکانی جێبەجێکردنی پلانی

---

[1] محمد طلب هلال: دراسة عن محافظة الجزيرة...، ص٧٠ ؛ علي صالح ميراني: الحركة القومية الكوردية في كوردستان...، ص٢٠٤ ؛ Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.61.

[2] اسماعيل محمد حصاف: المسألة الكردية في سوريا، ص١٠١.

[3] ازاد احمد علي: الحزام العربي في الجزيرة السورية، مركز روداو للدراسات، كوردستان، ٢٠١٥، ص٥.

[4] المناضل: بڵاوکراوەیەکی خولی مانگانەی سیاسی نێوخۆی بوو، نوسینگەی ڕاگەیاندنی نەتەوەیی حزبی بەعس دەریدەکرد بڕوانە: (اسماعيل محمد حصاف: المسألة الكردية في سوريا، ص١٠٢).

[5] کێڵگەی دەوڵەت: گوندی کشتوکاڵی گەورە و نموونەیی بوون، پرۆژەیەکی ساسی بە عەرەبکردن بوو، لەلایەن حکومەتی سوریاوە جێبەجێکراوە، تێیدا چەندین گوندیی نموونەیی کشتوکاڵی لە ناوچە سنورییە کوردنشینەکانی سوریا دروستکران بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب، بە درێژایی سنوری سوریا لەگەڵ هەریەکە لە تورکیا و عێراق بە مەبەستی نیشتەجێکردنی هەزاران کەس لە هۆزە عەرەبەکانی ناوچەی ڕەققە و حەلەب و نیشتەجێکردنیان لەناوچە کوردنشینەکانی دیرک لە سنوری ئیداری نێوان حەسەکە و ڕەققە، ڕووبەری کێڵگەی دەوڵەت (٣٠٠١٩١١) دۆنم و بە قوڵی (١٠ کم) بوو، بەهۆی ئەو پرۆژەیەوە ژمارەیەکی زۆر کورد ڕاگوێزران و گوندەکانیان بە عەرەبی ناوچەکانی دیکە پڕکرایەوە: بڕوانە: (محمد جمال باروت: التكون التاريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٧٤٤-٧٤٥ ؛ عصمت شريف وانلي: المسألة الكردية في سوريا، اللجنه دفاع الشعب الكردي، دمشق، ١٩٦٨، ص٢٢ ).

[6]. اسماعيل محمد حصاف: تاريخ كردستان سوريا المعاصر(١٩٦٣-١٩٧٥)،ج٣، ص٨٤-٨٦.

دامەزراندنی (کێڵگەی دەوڵەت) لە پارێزگای حەسەکە فەراهەم بکەن، لە دوای گفتوگۆی زۆر لەسەر ئەو ڕاپۆرتانەی سەبارەت بە پارێزگای حەسەکە، بە تایبەت ناوچەی جەزیرە نووسرابوون، لەلایەنە حکومییەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی پێویستە حکومەت زەوییە دەستبەسەردا گیراوەکان، ئەو زەوییانەی بەپێی پرۆژەی (چاکسازی کشتوکاڵ)[1]ی جەزیرە لە جوتیارانی کورد سێندرایەوە و کرایە موڵکی دەوڵەت بە ناوی کێڵگەی کشتوکاڵی دەوڵەتەوە لە پرۆسەی کشتوکاڵی ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ بەکاریان بهێنێت[2]. کێڵگەی دەوڵەتی لەسەر دابمەزرێنرێت و وەها نیشانبدات پرۆژەیەکی بەرهەمێهێنانی کشتوکاڵی گرنگە بۆ حکومەت، ڕووبەری ئەو زەویەی بۆ پشتێنەی عەرەبی بەناوی (کێڵگەی دەوڵەت) لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا و دیاریکرا (٣٠٠١٩١١) دونم بوو لە (دێرک)وە دەستپێدەکات لە سەرسنوری کارگێری نێوان هەردوو پارێزگای حەسەکە و ڕەققە و لەنێوان هەردوو گوندی (تل حلیلە و راجان) بە قوڵایی (١٠ کم) پێکدەهات[3].

هۆکار و بیانوی حکومەت بۆ دیاریکردنی ئەو ناوچانە بۆ کێڵگەی دەوڵەت و دواتریش بۆ پشتێنەی عەرەبی ئەوە بوو، دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ناعەرەبی و زۆرینەیان کوردن بە پلانی وڵاتانی دیکە لە عێراق و تورکیاوە هاتوونەتە ئەو ناوچانەی سوریا، عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە بە هۆی کێشەی نیوخۆییانەوە ئەو ناوچەیان چۆڵکردووە، کورد لەو ناوچە بەپیت و دەوڵەمەندە نیشتەجێبووە[4]. لەم ڕووەوە ئامانجی سەرەکی لێدان بوو لە ڕۆڵی کورد و نفوزی باڵای بوونی کورد لەو ناوچانە لەبەژەوەندی عەرەب.

بیانویەکی دیکەی حکومەت بۆ ئەو پرۆژەیە، ئەوە بوو ئەو ڕەگەزە ناعەرەبیانەی زۆرینەیان کوردن لەو ناوچەیە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دەدەن لە سنوری باکوری سوریادا، بە بەردەوامی بوونەتە هەڕەشە لەسەر سنور و نەتەوەی عەرەب، بەتایبەت لەو ناوچانەی شوێنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییە و خاوەنی خاکی بە پیت و سەرچاوەی ئاو و بەرهەمی کشتوکاڵی

---

[1] چاکسازی کشتوکاڵی: پرۆژەیەک بوو لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٦٢ ئەنجامدرا تێیدا نزیکەی (٢٨٪) دانشتوانی کوردی جەزیرە لە زەوییەکانیان بێبەشکران بە بیانوی ئەوەی کە (بیانین، بێگانەن) ئەوەش لە کاتێکدابوو زەوی جوتیارانی کورد لە ناوچەی جەزیرە نزیکەی (٤٤٪)ی گەنمی سوریا و (٤٠٪) لۆکەی سوریایان بەرهەمهێناوە. بڕوانە: (اسكندر داوود: الجزيرة السورية ...، ص٢٦).

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی جەزیری لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفونی، کاتژمێر ٩:٠٠ شەو، چوارشەممە هەولێر ٢٠٢٢/٤/٢٧ ،عەلی جەزیری نوسەر و لێکۆڵەرە لە ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی (خربة السوقية) لەدایک بووە لەساڵی ١٩٧٩ بەشی جوگرافیای لە زانکۆی دیمەشق تەواو کردوە ئەندامی یەکێتی ڕۆژنامە نووسانە لە هەرێمی کوردستان، ئەندامی ئەکادیمیای کوردیە لە هەولێر، ژمارەیەک کتێب و نوسینی هەیە، وەکو (الادب الشفاهي الكردي... هتد) ؛ عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ص٣٦.

[3] فريق باحثين: مسالة اكراد سورية الواقع-التاريخ-الأسطرة، ط١، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٣، ص٣٩-٤٠.

[4] عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ص٣٧.

گرنگن، واته ئەو ناوچانەی نزیکەی (٧٥%) سەرچاوە ئابووری و سروشتییەکانی سوریای لە خۆگرتبوو، لەڕووی پیشەسازییەوە ناوچەکە تایبەمەندی گرنگی هەبوو. خاوەنی سامانی ژێر زەوی وەک نەوت و گازی سروشتی بوو، بەتایبەت گرنگی ناوچەکە لە دوای دۆزینەوەی نەوت زیاتر دەرکەوت و گرنگی پێدرا، لە بەر ئەم هۆکارانە حکومەت بەخێرایی ڕێوشوێنی پێویستی گرتەبەر بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب لەوناوچانە[١]. وەک لە نامەیەکی بەڕێوەبەرێتی کێڵگە نەوتییەکانی رمێلان لە حەسەکە کە بۆ وەزارەتی نەوت نێردراوە، ئاماژەی بەوە داوە لە زۆرینەی بەشەکانی کێڵگە نەوتییەکە لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن زیادبوونی دیاردەی قسەکردن بە زمانی کوردی لەنێو فەرمانبەرانی ئەو ناوچە و کێڵگە نەوتییانە، بەراورد بە فەرمانبەرانی دیکەی ناکورد، بەو هۆیەوە بەڕیوەبەرێتی کێڵگە نەوتییەکە داوا دەکات بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی زۆری ژمارەی فەرمانبەری کورد و بەکارهێنانی زمانی کوردی، لە پارێزگاکانی دیکەی سوریاوە فەرمانبەر لە ڕەگەزی عەرەبی بهێندرێتە پارێزگای حەسەکە بۆ هاوسەنگکردنی ژمارەی دانیشتوان و فەرمانبەران[٢].

بیانویەکی دیکە کە کاربەدەستانی دەوڵەت ئاماژەیان پێ کردووە ئەوەبوو، کۆچی کورد بۆ ناوچە سنورییەکانی پارێزگای حەسەکە لە زیادبووندایە لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی کشتوکاڵی و پیشەسازی گرنگە[٣]، گۆڕانکارییە ساسییەکانی ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠ و دامەزراندنی حکومەتی نوێ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پشتێنەی عەرەبی بەتەواوی بردە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەمە پاش ئەوە بوو حکومەت بڕیاریدا:

١ – گوندی کشتوکاڵی نموونەیی لەسەر شریتێکی سنوری بەدرێژایی (٢٧٥ کم) و قوڵایی (٢٠ کم)، لەسەر ئەوە ڕووبەرە زوییانەی بە کێڵگەی دەوڵەت دیاریکرابوو بونیاتبنرێت و لە داهاتوودا بدرێت بە عەرەب.

٢– ئەو هۆزە عەرەبیانەی ئاوی بەنداوی (تەبقە) لە سەر ڕووباری فورات زەوییەکانیانی داپۆشیبوو، لە سەر ئەو شریتە سنورییە و لەو گوندە کشتوکاڵییە نموونەییانەی بڕیاربوو لەسەر ڕووبەری کێڵگەی دەوڵەت دروستبکرێت، نیشتەجێبکرێن.

---

[١] فواد عەلی: ڕۆژئاوای کوردستان، قەوارەیەکی سیاسی لە ژینگەیەکی قەیراناویدا، گۆڤاری جۆرنال، ژمارە (٤٢)، ٢٤ تشرینی دووەمی ٢٠١٩، ل١٣٥؛ عبدالصمد داوود (برزان مجيد): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ص٣٧.

[٢] جريدة الديموقراطي، العدد (٥٠٣)، اوائل آب ٢٠٠٧. بۆ بینینی دەقی نامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢ ).

[٣] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص٦١ ؛ اسماعيل محمد حصاف: المسألة الكردية في سوريا، ص١٠٢.

٣- هەوڵدان بۆ لاوازکردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لەو ناوچانە، لێرەوە حکومەت بە شێوازی کرداری کەوتە جێبەجێکردنی پرۆژەی (پشتێنەی عەرەبی)[١] ڕێوشوێنی بونیاتنانی دەیان (گوندی کشتوکاڵی نموونەیی)[٢] لە ناوچە کوردییەکان و بە درێژایی سنوری سوریا-تورکیا و لە خاکی بەپیتی ناوچە کوردییەکان، کە بە زۆر لە کورد داگیرکرابوو گرتەبەر، بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب لەو ناوچانە، بەبیانووی ئەوەی کوردی ئەو ناوچانە بێ ناسنامەن و مافی موڵکدارییان نییە، چونکە ئەوان لە ١٩٥٨-١٩٦٣ خاوەندارێتی زەوییەکانیان کرابوو بە موڵکی دەوڵەت[٣]، گوندی نموونەیی لەسەر بونیاتنرا، ئامانج لە نیشتەجێکردنی عەرەب بوو لەو گوندانە و دروستکردنی ناوچەیەکی عەرەبی لە سنوری سوریا -تورکیا و دابڕینی ڕۆژئاوای کوردستان لە باکور و باشوری کوردستان، بە وتەی دەسەڵاتدارانی حکومەت ڕزگارکردنی عەرەب لە جەزیرە لە مەترسی کورد[٤].

گرنگترین ئەو ڕێوشوێنانەی حکومەتی سوریا بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پشتێنەی عەرەبی گرتییەبەر:

١- پارێزگاری حەسەکە جوتیار و خاوەن زەوییەکانی ئاگادرکردەوە، ئیتر پرۆسەی بەکارهێنانی زەوییە دەستبەسەرداگیراوەکان ڕابگرن.

٢- زەوییە دەستبەسەرداگیراوەکان لەلایەن نوسینەگەی زەوی وزارەوە ڕیکخرایەوە[٥].

---

[١] عبدالصمد داوود (برزان مجیدو): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ص٤٩.

[٢] گوندی کشتوکاڵی نموونەیی: ئەو گوندە کشتوکاڵییانە بوو کە حکومەتی سوریا لە پارێزگای حەسەکە لەناوچە کوردییەکانی جەزیرە دروستیکردوون و ژمارییان (٤٠) گوندی کشتوکاڵی نموونەیی بوو، هەموو پێویستییەکانی ژیانی سەردەمی تێیدا بەردەستکرابوو، وەک پرۆژەی ئاو، تەندروستی، قوتابخانە، پێویستی کشتوکاڵی بۆ جوتیاران...هتد. ئەم گوندە کشتوکاڵییە نمونەییانە بۆ نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبییەکان و گۆڕینی سیمای کوردییانەی ناوچە کوردییەکان، بونیاتنران، بڕوانە: (عبدالصمد داوود (برزان مجید): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ص٧٨ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی جەزیری لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفونی، کاتژمێر ٩:٠٠ شەو، چوار شەممە، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢٧ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی صالح میرانی، لە ڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر ٩:٥٠ شەو، دوو شەممە، دهۆک، ٢٠٢٢/٢/٧، ( علی صالح میرانی: لە ساڵی ١٩٧٥ لە حەسەکە لەدایکبووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ بەشی مێژووی کۆلێژی ئاداب و زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی دیمەشقی تەواو کردووە لە ساڵی ٢٠٠٣ بروانامەی ماستەری لە زانکۆی دهۆک بەدەستهێناوە. لە ساڵی ٢٠١٤ بروانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە، نامەی دکتۆراکەی بەناونیشانی (الدور الامريكي في المفاوضات السورية الاسرائيلية في عهد ادارة الرئيس بيل كلينتۆن ١٩٩٣-٢٠٠١)، لە ساڵی ٢٠٠٤ لە زانکۆی دهۆک و لە ٢٠٠٧ لە زانکۆی زاخۆی وانە دەڵێتەوە، ژمارەیەکی زۆری کتێب و لێکۆڵینەوەی نووسیوە لە لایەن دەزگای"مرکز الدراسات الكوردية بجامعة دهوك" بلاوکراوەتەوە.) ؛ Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.61).

[3] Syrians for Truth and Justice (STJ): Syrian Citizenship Disappear…, P.12.

[٤] اسماعيل محمد حصاف: المسألة الكردية في سوريا، ص١٠١ ؛ جريدة الديمقراطي العدد (١٧٩)، ٣ تموز، ٢٠٠٨.

[٥] عبدالصمد داوود (برزان مجیدو): الحزام العربي في جزيرة سوريا، ص٣٦-٣٧.

٣- نووسینگەی چاکسازی کشتوکاڵی چەند بڕیارێکی دەرکرد بۆ ڕاگواستنی نزیکەی (٤٠٠٠) خێزانی کورد لە ناوچەی دیارکراوی کێڵگەکانی دەوڵەت بۆ ناوچەکانی دیکە، بە بیانوی ئەوەی ئەو کوردانەی لە ناوچەی حەسەکە بە بێگانە تۆمارکراون، پێویستە ڕابگوێزرێن بۆ ناوچەکانی دیکەی سوریا، لەگەڵ ئەوەدا بڕیاردرا هیچ پلە و ئەرکێکی حکومی بەو کوردانە نەدرێت لەو ناوچانەی سوریا بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات و لە ماوەیەکی دیارکراودا کۆچبکەن بۆ وڵاتێکی دیکە، تەنانەت جەخت لەوە کرایەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە گەر پێویستی کرد هێز بەکاربهێنرێت[1]. لەپاش دەرچوونی ئەم بڕیارانە سەرەتا (٣٠٠) خێزانی کورد لە سنوری سوریا-تورکیا فەرمانیان پێگەیشت ماڵەکانی خۆیان جێبهێڵن و لە ناوچەیەکی دیکەی سوریا نیشتەجێبن[2].

٤- هێزی چەکداری لاوە عەرەبە نەتەوەگەراکان لەو ناوچانە جێگیرکران بۆ پارێزگاری کردن لە هەنگاوەکانی حکومەت لە ناوچەی پشتێنەی عەرەبی[3]، جیا لەوە پاسەوانی چەکدار لەسەر هەموو ئەو ناوچانە دانرا کە بۆ کێڵگەی دەوڵەت دیاریکرابوو، چونکە ئەو زەویانە لەگەڵ زەوی تایبەت تێکەڵبوون[4].

لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەتی حکومەتی سوریا بە جۆرێک بوو، پاش چەند هەنگاوێک ئەو گوندە کشتوکاڵیانە لەسەر ڕووبەری پانی (١٠-١٥ کم) و درێژی (٣٧٥ کم) بە دووری (١٠ کم) لە ڕۆژئاوای (راس العین) (سەرێکانی) بەدرێژایی سنوری تورکیا و عیراق هەتاوەکو (تل کوچر) دروستکران[5]. ژمارەی ئەو گوندە کشتوکاڵیە نموونەییانە، کە دواتر بە (داگیرگە) ناسران (٤٠) گوندی کشتوکاڵی نموونەیی بوون، لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوای ناوچەی دێرک لەوپەڕی باکوری ڕۆژهەڵات بۆ ناوچەی سەریکانی لە باکوری ڕۆژئاوا درێژببووەوە[6]، بەم شێوەیە:

---

[1] اسماعيل محمد حصاف: المسألة الكردية في سوريا، ص١٠٣ ؛ عصمت شريف وانلي: المسألة كردية في سوريا، ص٢٣؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الاكراد (٦٣٧-٢٠١٥)، ص٤٢٥ ؛ Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.47.

[2] Haian Dukhan: State and Tribes in Syria…, P.86.

[3] . علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص٦٢.

[4] عصمت شريف وانلي: المسألة الكرديةفي سوريا، ص٢٤.

[5] اسماعيل محمد حصاف: تاريخ كردستان سوريا المعاصر(١٩٦٣-١٩٧٥)، ج٣، ص١٧٨،

[6] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( ٣ )، عبدالصمد داوود(برزان مجیدو): الحزام العربي فی الجزیرة سوریا، ص٧٨-٧٩ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی صالح میرانی، لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفونی، کاتژمێر ٩:٥٧ خولەکی شەو، ڕۆژی چوار شەممە، دهۆک، ١٧ / ١٢/ ٢٠٢٢ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لقمان سلێمان، لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفونی، کاتژمێر٩:٠٠ شەو، سێ شەممە، ئەلمانیا، ٣/١٦/ ٢٠٢٢، لقمان سلێمان لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی (حمزەبک) لەناوچەی دیرک لە دایکبووە، نووسەر چەند کتێبیکی نووسیوە،، هەندێک لەو کتێبانە سەبارەت بە مێژوو کوردن بە شێوەی ڕۆمان نوسراون وەک کتێبی (Kûştara wind) کە باس لە ڕوودای گوندی جرنک دەکات).

| ناوچە | زنجیرە | داگیرگە | ڕووبەری تەرخانکراو بە دۆنم | ڕووبەری زەوی بۆ هەرخێزانێک بە دۆنم | ژمارەی ئەو خێزانانەی لەو کاتەدا هێنران |
|---|---|---|---|---|---|
| دێرک | ١ | عين الخظراء | ٢٣٨٤٧ | ١٥٠ | ١٥٩ |
| | ٢ | تل الصدق | ١٥٨٢٣ | ١٥٠ | ١٠٥ |
| | ٣ | الصحية | ١٤٨٥٥ | ١٥٠ | ٩٩ |
| | ٤ | مصطفاوية | ٢٥٦٧٦ | ١٥٠ | ١٧١ |
| | ٥ | تل اعور | ٢٧٧٥٠ | ١٥٠ | ١٨٥ |
| | ٦ | الحمراء | ١٥٧٣٥ | ١٥٠ | ١٠٥ |
| | ٧ | الجوادية | ٣٣٢٧ | ٥٦ | ٦٠ |
| | ٨ | شبک | ٨١٢٠ | ٥٦ | ١٤٥ |
| | ٩ | تل علو | ٦٧٨٨ | ٥٤ | ١٢٥ |
| | ١٠ | تل علو٢ | ٩٢٨٨ | ٥٤ | ١٧٢ |
| | ١١ | توكل | ٢١٥٤ | ١٥٠ | ١٤٣ |
| | ١٢ | معشوق | ١٦٦٩٦ | ١٥٠ | ١١١ |
| قامیشلۆ | ١٣ | المناذرة | ٢٤٧٥٠ | ١٥٠ | ١٦٥ |
| | ١٤ | الحرمون | ٢١٦٠٠ | ١٥٠ | ١٤٤ |
| | ١٥ | القحطانية | ١٦٩٥٠ | ١٥٠ | ١١٣ |
| | ١٦ | حلوة | ٢٥٢٠٠ | ٢٠٠ | ١٢٦ |
| | ١٧ | التنورية | ٣٠٦٠٠ | ٢٠٠ | ١٥٣ |
| | ١٨ | أم الفرسان | ٣١٠٠ | ٢٠٠ | ١٢٤ |
| | ١٩ | هيمو | ٣٠٦٠٠ | ٢٠٠ | ١٧٠ |
| | ٢٠ | الثورة | ٦٨٠٠ | ٢٠٠ | ٣٤ |
| | ٢١ | الحاتمية | ٢٢٤٠٠ | ٢٠٠ | ١١٢ |
| | ٢٢ | ام الربيع | ١٢٤٠٠ | ٢٠٠ | ٦٢ |
| | ٢٣ | البهيرة | ٢١٨٠٠ | ٢٠٠ | ١٠٩ |
| | ٢٤ | الجابرية | ٢٠٨٠٠ | ٢٠٠ | ١٠٤[١] |

[١] عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ص٧٨-٧٩، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٤).

| ناوچه | زینجیره | داگیرگه | ڕووبەری تەرخانکراوبە دۆنم | ڕووبەری زەوی بۆ هەرخێزانێک بە دۆنم | ژمارەی ئەو خێزانانەی لەو کاتەدا هێنران |
|---|---|---|---|---|---|
| سەرێکانی | ٢٥ | تل تشرين | ٢٧٥٠٠ | ٢٠٠ | ١٢٠ |
| | ٢٦ | القنيطرة | ٢١٥٠٠ | ٢٠٠ | ١٠٦ |
| | ٢٧ | القيروان | ٢٣٥٠٠ | ٢٠٠ | ١٣٥ |
| | ٢٨ | الاسدية | ٢٠٥٠٠ | ٢٠٠ | ١٠٢ |
| | ٢٩ | برقة | ٢٣٧٥٠ | ٢٥٠ | ٢٥ |
| | ٣٠ | تل الحضارة١ | ١٦٨٠٠ | ٣٠٠ | ٥٥ |
| | ٣١ | تل الحضارة٢ | | ٣٠٠ | |
| | ٣٢ | تل الارقم | ٧١٦٠ | ٣٠٠ | ٢٢ |
| | ٣٣ | المثنى | ١١٧٠٠ | ٣٠٠ | ٣٩ |
| | ٣٤ | المتنبى | ٥٩٨٠ | ٣٠٠ | ١٩ |
| | ٣٥ | ام عطام | ٧٠٠٠ | ٣٠٠ | ٢٣ |
| | ٣٦ | العنادية | ١٨٢٠٦ | ٣٠٠ | ٦٦ |
| | ٣٧ | الراوية | ٢٧٠٠٠ | ٣٠٠ | ٨٧ |
| | ٣٨ | الدهماء | ٢٤٩٠٠ | ٣٠٠ | ٨٣ |
| | ٣٩ | هنادي | ٢٦١٠٠ | ٣٠٠ | ٨٥ |
| | ٤٠ | ضهر العرب | ٢٠٥٠٠ | ٢٠٠ | ١٠٢ |
| کۆی گشتی | | | ٧٢٩٥١١ | | ٤٠٨٩[١] |

جگە لە ناوی گوندە نموونەییەکان، دەتوانرێت لە هەرناوچەیەک گوندێکی کشتوکاڵی نموونەیی بەسەرجەم پێکهاتەکانیەوە بخرێتەڕوو:

١. ناوچەی دیرک، داگیرگەی (تل الصدقة) دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای شاری دێرێک بەدوری (٣ کم) دەکەوێتە سنوری سوریا-تورکیا بەدروی (٨,٥ کم)، لای چەپی ڕێگەی سەرەکی، دیرێک قامیشلۆ، ناوچەی گوندی کوردی (Gire Vire) لە (١٥٠) یەکە پێکهاتووە، ڕووبەری گشتی لە (١٥٨٢٣) دونم پێکهاتووە، ژمارەی خانوبەرەی (١٥٠) بووە بەم شیوەیە:

[١] عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ص٧٩.

| زنجیره | ناوی كۆنی گوندەكان بە كوردی | ناوی نوێی عەرەبی | ژمارەی خانوبەرە | ڕوبەر بە دۆنم |
|---|---|---|---|---|
| | Gire vire | تل الصدق | ٥ | ٥٠٢٠ |
| | Garudiye | الاسماعيلية | ٥١ | ١٦٠٠ |
| | Xerab resk | سويدية غربي | ٦٠ | ٣٢٥ |
| | Gire Kera | خربة عدنان | ٣ | ٣١٠٠ |
| | Eziziye | العزيزية | ٥٤ | ٥٠٧ |
| | Hecmetre | عكا | ١١ | ١٥٠٠ |
| | Girdemiye | الشمسية | ١٣ | ٢٥٠ |
| | Qezereceb | قضاء رجب | ١٢ | ٣٧١ |
| | Kanikerke | الحسانية الشرقية | ٣٩ | ٩٥٠ |
| | Girke Miro | تل الامراء | ٤٩ | ٢٢٠٠ |
| | | گشتی | | ١٥٨٢٣[1] |

٢- ناوچەی قامیشلۆ: داگیرگەی (المناذرة) دەكەوێتە ناوچەی گوندی كردیم (٢) كم لەڕێگەی گشتی نێوان قامیشلۆ و دێرك دوورە، دەكەوێتە چوارچێوەی ناحیەی (تربە سپی) بە ئاراستەی باكوری ڕۆژهەڵات بە دوری (٦-٨ كم) لە سنوری سوریا-توركیا دوورە، (٣٥ كم) لە قامیشلۆ دوورە.

ئەم گوندە كشتوكاڵیە نموونەییە بۆ جێگەی (١٤٥) خێزان و (٦٩٥) كەس دروستكراوە (١٦٤) خانوی تێدا دروستكراوە، ڕووبەرەكەی لە (٢٤٧٥٠) دۆنم پێكهاتووە لە (١٦٥) ئیزبارە و هەر ئیزبارەیەك (١٥٠) دۆنم پێكهاتووە، بەم شێوەیە:

| ناوی گوند | ژمارەی خانوبەرە | ڕووبەری گشتی | ڕووبەری دابینكراو |
|---|---|---|---|
| كرديم | ٦١٩ | ٩٨٨٠ | ٤٠٠ |
| اله رەشی | ٧٥٤ | ١٠٨٤٠ | ٩٦٦٠ |
| أوتلحه | ٥٧٨ | ٥٠٠٠ | ٣٠٩٠ |
| قترانيا جيری | ٢٣٥ | ٨٣٠٠ | ٦٥٠٠ |
| قترانيا جوری | ٢٣٤ | ٣٨٤١ | ٢١٧٠٠ |

[1] عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ص٨١. بڕوانە پاشكۆی ژمارە( ٥ ).
[2] نفس المصدر، ص١١٣-١١٤.

جگە لە ناوی کێڵگە و ڕووبەرەکەی کە دیاریکرابوو، لیستێک ناوی ئەو جوتیارانەی کە هێنرانە ناوچەکە و ڕووبەری ئەو زەوییە کە پێ درابوو ئامادەکرابوو بۆ نموونە: عیسی شەریف محمد (١٥٠) دۆنم، ابراهیل خلیل الحمزە (١٥٠) دۆنم... هتد[١].

ئەو پلانەی دانرابوو بۆ نشتەجێکردنی هۆزە عەرەبییەکان لەو گوندە کشتوکاڵییە نموونەییانەی لە پارێزگای جەزیرە(حەسەکە) دروستکران، تاوەکو ساڵی ١٩٧٣ بەتەواوی نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە[٢]، چونکە پرۆسەیەکی گەورەی لەو شێوەیە پێویستی بە هەلومەرجێکی گونجاو و تایبەت هەبوو[٣]. ئەو هەلومەرجەش کاتێک هاتەپێشەوەو پرۆسەکە دەست بە جێبەجێکردنی کرا، ئەو کاتە لە ١٩٧٣ دەسەڵاتدارانی سوریا هەوڵیاندا ئەو هۆزە عەرەبیانەی لە پارێزگای ڕەققە بەهۆی پڕبوونی ئاوی (بەنداوی تەبقە)[٤]وە زەوییەکانیان ئاو داپپۆشی بوو، کە لە (٦٦) دێهاتی سەر ڕۆخی ڕوباری فورات پێکهاتبوون ژێرئاوکەوتن و بە دێهاتە بەئاوداپۆشراوەکان (القری الغمر)[٥] ناسران[٦]. لە پاریزگای حەسەکە، لەو گوندە نموونەییە کشتوکاڵییانە نیشتەجێیان بکات، دانیشوانی ئەو ناوچانەی ئاو داپپۆشین بە (المغمورین) ناسران[٧].

لەسەرەتادا حکومەت بڕیاریدا ئەوانەی ئاو گوندەکانیانی داپۆشی بوو لە گوندی کوشتوکاڵی ناوچەی بلیخ و فورات، کە بۆ ئەو مەبەستە دروستی کردبوون نیشتەجێ بکات[٨]، بەڵام دواتر

---

[١] عبدالصمد داوود (برزان مجیدو): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ص١١٤-١١٥.

[2] Azzma Aljurf: The Syrian Kurds' Right of Self- determination…, P.22 ؛ Jordi Tejel: Syria's Kurds History, politics and society, P.61.

[3] Jordi Tejel: Syria's Kurds History, politics and society, P.61.

[٤] بەنداوی تەبقە: گەورەترین پرۆژەی ئاودێری و کارەبا و کشتوکاڵی بوو لە سوریا، لەسەر دەریاچەی (الاسد) بونیادنرابوو، دەکەوێتە دووری ١٨٠ کم لە باشوری سنوری سوریاتورکیا و ڕۆژئاوای شاری ڕەققەوە بە دووریی (٤٠کم). لە ساڵی ١٩٦٩ ئاوی ڕوباری تەبقە و دەریاچەی ئەسەد زەوی هۆزەکانی والدەی لە فوراتی ناوەڕاست داپۆشی، حکومەت ئەو هۆزە عەرەبییانەی گواستەوە بۆ ناوچە کوردنشینەکان و کوردەکانیشی بۆ ناوچەی دیکە ڕاگواست. بڕوانە: (محمد جمال باروت: التكون التاريخي الحديث للجزيره السورية، ص٧٤٢ ؛ سليمان عبدللة اسماعيل: السياسة المائية لدول حوض دجلة و الفرات و انعكاساتها على القضية الكردية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٤، ص١٤٥).

[٥] القری الغمر: ژمارەیەک گوندی کشتوکاڵی بوون لەسەر ڕۆخی ڕوباری فورات لە ناوچەی عارودە، (٢٥ کم) لە باکوری شاری ڕەققە بوون، یەکێتی هۆزە عەرەبییەکانی والدە لەو گوندانەدا دەژیان، لە ١٩٦٩ ئاوی دەریاچەی الاسد و بەنداوی (تەبقە) داییۆشین. بڕوانە: (محمد جمال باروت: التكون التأريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٧٤١-٧٤٢).

[٦] احمد شريف مارديني: محافظة الحسكة، وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٨٦، ص٨٨.

[٧] المغمورین: ئەو هۆزە عەرەبیانەبوون، کە سەربەهۆزی (والدە) لە هۆزی (بوشعبان) بوون لە ڕەققە، زەوی و گوند و شوێنیان لەسەر ڕۆخی ڕوباری فوارت ئاوداپپۆشین، بەو هۆیەوە حکومەت ئەو هۆزە عەرەبیانەی ڕاگواست بۆ ناوچەی حەسەکە. بروانە: (عبدالباسط سيدا: المسألة الكردية في سورية...، ص١٠٤-١٠٥).

[٨] محمد جمال باروت: التكون التأريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٧٤٢-٧٤٣.

حکومەتی سوریا ستراتیجێکی دیکەی پەیرەوکرد، کە ئەوەبوو بڕیاریدا ئەو هۆزانە لە ناوچەی پشتێنەی عەرەبی و لەو گوندە کشتوکاڵییە نموونەییانەی حکومەت لە چوارچێوەی پلانی پشتێنەی عەرەبی دا بۆ ئەو مەبەستە دروستیکردبوون نیشتەجێیان بکات، بۆ ئەو مەبەستە پارێزگاری حەسەکە بەپیی بڕیاری (٤٩٣) ئەو زەویانەی کە بە کێڵگەی دەوڵەت دانرابوو بڕیاری دا بدرێت بەو عەرەبانەی پارێزگای ڕەققە کە ئاو زەویەکانیانی داپوشیبوو[١]. بەو هۆیەوە حوکمەت بڕیاریدا ئەو هۆزانە ڕابگوێزرێن و لەو گوندانەدا نیشتەجێیان بکات، بە ئامانجی نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبیەکان لەو گوندانەدا حکومەت لیژنەیەکی پێکهێنا بە سەرکردایەتی و چاودێری "محەمەد جابر بجبوج" جێگری سەرۆکی هەرێمیی حیزبی بەعس "عەبدوڵلا ئەحمەد" ئەندامی سەرۆکایەتی هەرێمی، پێکەوە چاودێری و سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیان کرد، هاوکاری دەزگا ئەمنییەکانیان کرد لە پرۆسەی ڕاگواستنی هۆزە عەرەبەکان و جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پشتێنەی عەرەبی، لیژنەکە نوێنەری خۆی نارد بۆ حەلەب بۆ ڕازیکردنی ئەو هۆزە عەرەبیانەی گوند و زەوییەکانیان ئاوداپۆشی بوو، بۆ ڕاگواستنیان بۆ پارێزگای حەسەکە هەریەک لە پارێزگار و دەزگا ئەمنییەکان و دامەزراوە کشتوکاڵییەکان هەموو پێکەوە، کەوتنە هەوڵدان بۆ سەرخستنی پرۆسەکە، هەوڵیاندا ئەو هۆزانە ڕازیی بکەن بۆ ڕاگواستنیان و نەهێشتنی ڕیگریی و بەربەست لەبەردەم تەواوکردنی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی و نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبییەکان لەو گوندانە، هەروەها لیژنەکەی حکومەت سەردانی هۆزە کوردییەکانیشی کرد بۆ ڕازیکردنیان[٢]، بەڵام هۆزی "والدە" ڕەتیانکردەوە زەوییەکانی خۆیان بەجێبهێڵن، بەڵام حکومەت زۆری لێکردن بۆ ئەوەی ڕازیبن بچن بۆ ناوچە کوردییەکان، ڕێگریی لێکردن بچن بۆ ناوچەی دیکەی سوریا، بۆ ئەو مەبەستەحکومەت چەند ڕێوشوێنێکی گرتەبەر بۆ ئەوەی ناچاریان بکات وەک فشارێک ئامرازگەلی جیاجیای بەکارهێنا. بۆ نموونە، حکومەت بڕیاریدا منداڵانی ئەو هۆزانە تەنها لە قوتابخانەکانی ئەو ناوچانە وەربگیرێن کە لە چوارچێوەی پشتێنەی عەرەبی ناوچە کوردییەکاندا بوو، لە هیچ ناوچەیەکی دیکە وەرنەگیرین[٣].

لە دوای ئەو هەنگاوانە حکومەت ڕێوشوێنی ڕاگواستنی کوردانی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە سنوری دیاریکراوی پشتێنەی عەرەبییەوە دەستپێکرد[٤] ئەو کوردانەی فەرمانیان پێگەیشت ماڵەکانیان

---

[١] عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ص٥٣. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٦).

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی جەزیری لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفونی، کاتژمێر ٩:٠٠ شەو، چوار شەممە، هەولێر، ٢٠٢٢ /٤/٢٧ ؛ عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة سوريا، ص٥٣.

[٣] محمد جمال باروت: التكون التأريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٧٤٢-٧٤٣.

[٤] محمد سهيل طقوش: تاريخ الاكراد (٦٣٧-٢٠١٥)، ص٤٢٥ ؛ اسماعيل محمد حصاف، المسألة الكردية في سوريا، ص١٠٣.

جێبهێڵن و له ناوچەیەکی دیکەی سوریا نیشتەجێبن وەک ناوچەی دێرئەلزور[1]. پاش هەموو ئەو هەنگاوانەی کۆمەکی جێبەجێکردنی تەواوی پرۆژەکەیان کرد، کار بۆ تەواوکردنی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی کرا لەم چوارچێوەیەدا، سەرۆکایەتی هەرێمی حیزبی بەعس بڕیاری ژمارە (٥٢١) له ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٤ دەرکرد بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی بەشێوەیەکی تەواوەتی[٢] . لیست و ناوی سەرجەم جوتیاران و ئەوانەی کە زەوییەکانیان ئاو داپۆشیبوو بڕیاربوو ناچاربکرێن بچن بۆ ناوچەی جەزیرە ئامادەکرا و له پایزی ساڵی ١٩٧٤ پرۆسەی ڕاگواستن بە کرداریی دەستپێکرد. سەرەتا (٤٠٠٠) هەزار خێزانی عەرەب له هۆزی (والدە) له ڕەققەوە بە ئۆتۆمبیل و بارهەڵگر بەیاوەری چەندین ئۆتۆمبیلی دەزگا ئاسایشی و هەواڵگرییەکان و لەسەر بوجەی دەوڵەت گواسترانەوە بۆ ناوچەی جەزیرە[٣]و لەو (٤٠) گوندە کشتوکاڵییە نموونەییانەی لە جەزیرەی دڵی ناوچە کودرییەکان دروستکرا نیشتەجێکران[٤].

یەکەمین ئەوانەی ڕاگواستران بۆ ناوچە کوردییەکان سەرۆکی عەشیرەتی والدە و خێزانەکەی بوو لە گوندی نموونەیی "الراحە" نیشتەجێکران، چونکە پێشتر داوا لە سەرۆک هۆزی والدە "شیخ شواخ ئەلبرسان" سەرۆک عەشیرەتی والدە کرابوو، پێش هۆزەکەی بچێت بۆ حەسەکە بۆ ئەوەی هۆزەکەی دوای بکەون و بچنە پارێزگای حەسەکە، هەروەها حکومەتی سوریا بە چەندین ڕێگەی جیاواز هانی خەڵکی ئەو ناوچانەی دا بچنە حەسەکە و پێی ڕاگەیاندوون ئەو ناوچە کوردیانە لە لایەک خاکێکی بە پیتی کشتوکاڵی هەیە، لەلایەکی دیکە ڕۆشتنیان بۆ حەسەکە ئەرکێکی نەتەوەییە و بەرگرییە لە خاکی عەرەب، هەرچەندە بەشێک لەو هۆزە عەرەبیانە ڕازی نەبوون بچن و وایان بە باشزانی کۆچبکەن بۆ ڕەققە، حکومەتی سوریا بە زۆر ڕێگە هانی سەرۆک عەشیرەتە عەرەبییەکانیدا بۆ چوون بۆ حەسەکە، بۆ نموونە، "شیخ شواخ ئەلبرسان" لە حەسەکە پێگەی بەرزی پێدرا لە نێو حکومەتی سوریا و بە گەشتنی بە حەسەکە کرا بە ئەندام لە ئەنجومەنی نوێنەران. زیاتر لە مانە عشیرەتی والدە توانییان دەستکەوتی مادی و مەعنەوی گەورە لە حەسەکە بە دەستبهێنن[٥]، جگە لەوەی مافی موڵکداری و زەوییان پێدرا واتە زەوی وزاریان بەسەردا دابەشکرا پێویستی کشتوکاڵی

---

[1] Haian Dukhan: State and Tribes in Syria…, P.86.

[٢] ازاد احمد علي: الحزام العربي في الجزيرة السورية، ص٧؛ اسماعيل محمد حصاف: تاريخ كردستان سوريا المعاصر(١٩٦٣-١٩٧٥)، ج٣، ص١٨١.

[٣] التحالف الديمقراطي الكوردي في سوريا، حملة تعريب اسماء المدن و القرى الكوردية في كوردستان- سوريا منشورات مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق مطبقة، جامعة دهوک، ٢٠٠٩، صر ؛ عبداصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة سورية، ص٥٥-٥٦ ؛ Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society. P.61.

[4] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.61 ؛ التحالف الديمقراطي الكوردي في سوريا، حملة تعريب اسماء المدن و القرى الكوردية...، صر.

[5] Haian Dukhan: State and Tribes in Syria…, P.85-86.

و قەرزی کشتوکاڵیان پێدرا بە ئامانجی دەستپێکی ژیانێکی باشتر لە حەسەکە[1] و هاندانی ئەو هۆزانەی دیکە بۆ کۆچکردن بۆ حەسەکەو ناوچەکانی دیکە کە حکومەت دیارییکردبوو.

گوندە کشتوکاڵییە نموونەییەکان سەرجەم پێویستیەکانی ژیانی تێدا دەستەبەرکرابوو، وەک خوێندنگەی پێشکەوتوو، پرۆژەی ئاو، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و پێویستییە کشتوکاڵییەکان، هەروەها هەموو ئەو خێزانانەی هێنرانە ئەو گوندانە لەنێوان (١٥٠-٢٥٠) دۆنم زەویان لە بە پیتترین زەوی ناوچەکە پێدرا[2]. واتە زەوی جوتیارانی کورد بوو بەسەر ئەو هۆزە عەرەبیانەدا دابەشکرا و سەرۆک هۆز موچەی پێدرا. ئەمە لە کاتێکدا بوو گوندە کوردییەکان لە هەموو خزمەتگوزارییەک بێ بەشبوون وەک خزمەتگوزاری فێربوون و خوێندن و تەندروستی، گوندنشینانی کورد لە ڕەوشێکی خراپدا بوون، ئەم پرۆژە پشتێنە عەربییە جوتیارانی کوردی لە زەوییەکانیان دابڕیی و هیچ قەرەبوویەکی نەکردنەوە[3]. واتە حکومەت گرنگییەکی تەواوی بەخزمەتکردنی گوندە کشتوکاڵییە نموونەییەکاندا کە بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب دروستیکردبوون، بە پێچەوانەوە هیچ گرنگییەکی بە خزمەتکردنی گوندە کوردییەکان نەدابوو پشتگوێی خستبوون، بە دواکەوتوویی مابوونەوە ئەمەش بۆ بێ هیواکردنی کورد و چۆڵکردنی ناوچەکەیان.

شێوازی بونیاتنان و شوێنی گوندە کشتوکاڵییە نموونەییەکان بەشێوەیەک بوو، لەنێوان دوو گوندی کوردیدا گوندێکی نموونەیی دروستکرابوو، هەریەک لەو گوندانە سەرجەمی دانیشتوانەکەی کوردبوون یان سەرجەمی دانیشتوانکەی عەرەب بوو، بەجۆرێک تێکەڵی و هاوسەرگیری لەنێوانیاندا زۆر دەگمەن بوو[4].

بەو شێوەیە حکومەتی سوریا لە ژێر ناوی بونیاتنانی پشتێنەیەکی عەرەبی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٥) لە دەوروبەری (٢٥) هەزار عەرەب، لە ناوچەی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان لە پارێزگای حەسەکە دڵی ناوچەکە کوردییەکانی سوریا نیشتەجێکرد[5]، ئەمەش چەندین ئاکامی خراپی بۆ سەر کورد بەجێهێشت بۆ نموونە: لەگەڵ گەشتنی ئەو هۆزە عەرەبیانە بۆ ناوچەکانی جەزیرە، ناکۆکی و ئاڵۆزی لە نێوان کوردانی خاوەن خاک و عەرەبی هاوردە دا دروستبوو[6]. واتە پشتینەی

---

[1] Jordi Tejel; Syria's Kurds History Politics and Society, P.62 ؛ Azzma Aljurf: the Syrian Kurds Right Self determination..., P.23.؛ جواد ملا: السياسة الاستعمارية...، ص ٢٩٥

[2] جواد ملا: السياسة الاستعمارية...، ص ٢٩٥؛ عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة سورية، ص١١٣-١١٤.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی جەزیری لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفونی، کاتژمێر٩:٠٠ شەو، چوار شەممە، هەولێر، ٢٧/٤/ ٢٠٢٢ ؛ عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة سورية، ص٤٩-٥٠.

[4] Haian Dukhan: State and Tribes in Syria…, P.86.

[5] Thomas Schmidinger: Rojava..., P.65.

[6] Azzma Aljurf: The Syrian Kurds’ Right of Self- determination…, P.23.

عەرەبی کەلێنێکی گەورەی خستە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب و زیاتر لەوە هەردوو لا بوونە ناحەزی یەکتر. کورد هێنانی عەرەب بۆ ناوچە کوردییەکان بە مەترسی زانی بۆ سەر کورد[1]، چونکە ئامانج و مەبەست لە پشتێنەی عەرەبی وەک (کەریم یەلدز) دەڵێت:" مەبەست لەو پلان و پرۆژەیە، بۆ دەستبەسەراگرتنی زەوییە بە پیتە کشتوکاڵییەکان بوو"[2]، چونکە ناوچە کوردییەکان باشترین شوێنی سوریا بوون بۆ بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ، هەروەها بوونی نەوت لەناوچە کوردییەکان بەجۆرێک (٨٠%) ی کێڵگە نەوتییەکانی سوریا لە ناوچەی جەزیرەیە، کە زۆرینەی زۆری دانیشتوانەکەی کوردن، ئەو ڕێوشوێنانەی کە حکومەتی سوریا گرتیە بەر دژی کورد لە جەزیرە، بۆ کەمکردنەوەی نفوزی کورد و دابڕینی لە پێگەی ئابووری ناوچەکە، بۆ نموونە زۆرینەی رووبەری کشتوکاڵی لە جەزیرە بوو، هەر لەبەرئەوە حکومەت دەستی بە سەر زۆرترین ئەو ڕووبەرە کشتوکاڵیانەدا گرت بەمەبەستی دابڕینی کورد لەو ڕووبەرە کشتوکاڵییانە[3].

ئامانجێکی دیکەی پشتێنەی عەرەبی چۆڵکردنی ناوچە سنورییەکانی نێوان سوریا لەگەڵ هەریەک لە تورکیا و عیراق و جیاکردنەوەی بەشەکانی کوردستان لە یەکتر بەم پشتێنە مرۆییە عەربییە بەشەکانی کوردستان، لێکجیاکرایەوە، لە جێگەی کورد عەرەب نیشتەجێکران[4]، جگە لە ئامانجی سرینەوەی سیماکانی شوناسی کوردی و بە عەرەبکردنی ناوی ناوچە کوردییەکان[5]. پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی و نیشتەجێکردنی عەرەب لەناوچەی جەزیرە، کوردی خستە بەردەم دوو هەڵبژاردە:

یەکەم: واز لە زەوییەکانی بهێنێت کە لە باوباپیرانییەوە بۆی ماوەتەوە و بە ڕەنج و ماندووبوونی خۆیان بەدەستیانهێناوە، بچێت بۆ شوێنیکی دیکەی دیارینەکراو نیشتەجێ بێت، کە پەیوەندی بە بوونی نەتەوەییەوە نەبێت.

دووەم: یان لەو خاکەی جەزیرەدا بمێنێتەوە، بە بێ زەوی و زار لە تەنیشت عەرەبی خاوەن موڵک لە سەرخاکی کوردان ئەوانەی چەکدارکراون، لە خزمەتی سەربازی دەربازکراون، لەو خاکەی کوردان بەباشترین شێوە خزمەتیان دەکرێت[6].

---

[1] Bader Husein: The Kurdish Issue…, P.41.
[2] The Kurds in Syria’s; The Forgotten People, 1st Published, Published by Pluto Press, London 2005, P.37.
[3] Azzma Aljurf: The Syrian Kurds’ Right of Self- determination..., P.23.
[4] Bader Husein: The Kurdish Issue…, P.40-41؛ Kerim Yildiz: The Kurds in Syria’s, P.37.
[5] John McHugo: Syria…, P.257
[6]. عبدالصمد داوود (برزان مجیدو): الحزام العربي في الجزیرة سوریة، ص٦٠.

پرۆژەی (پشتێنەی عەرەبی بەکاریگەرییە دیموگرافییەکانی و رووبەرو ناوچە فراوانەکانیەوە، گەورەرتین پرۆژەی گۆرانکاری دیموگرافییە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا[1]، چونکە بەکرداریی بووە هۆی گۆرینی دیموگرافیای ناوچە کوردییەکانی پارێزگای حەسەکە[2].

سەبارەت بە هەڵویست و کاردانەوەی کورد و ناوەندە سیاسییە کوردییەکانی سوریا سەبارەت بە سیاسەتی حکومەتی سوریا بۆ بەعەرەبکردنی ناوچە کودرییەکان و گۆرینی دیموگرافیای رۆژئاوای کوردستان لە رێگەی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبییەوە کورد شەپۆلیک نارەزاییان دژی پرۆژەکە دەربری و سەرجەم داوکاری ئەو بەرپرسانەی کە سەردانی جەزیرەیان کردبوو، لەگەڵ هەموو ئەوانەی داوایان لە کورد دەکرد رازیبن بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە، رەتکردەوە، پارت و هێزە ساسییە کوردییەکان و بلاوکراوە کوردییەکان پرۆژەکەیان بە هۆکاری تێکدانی برایەتی کورد و عەرەب و چارەنوسە هاوبەشەکەیان وەسفکرد، بەشێوەیەک پرۆژەکەیان وەسفکرد، کە هیچ وەفایەکی نەبوو بۆ خوێنی ئەو قوربانیانەی کورد لە پیناوی سەربەخۆیی سوریادا بەخشیویەتی لە ماوەی نزیکەی نیو سەدەدا، بەو هۆیەوە پارتی دیموکراتی چەپی کوردی سوریا بەیانێکی بۆ رای گشتی سوریا لە حوزەیرانی ١٩٧٣دا بڵاوکردەوە[3] و تێیدا ئاماژەی بەوە کردبوو، چۆن دەزگاکانی دەوڵەت لە هەوڵدابوون بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی تەواوی پرۆژەکە و هەنگاوەکانی لە بەیاننامەکەدا خراوتەروو، ئەوەشی تێیدا خراوەتەروو کە هەندێک لە عەشیرەتە عەرەبەکان و خەڵکی ناوچەی حەوزی فورات لە پارێزگای رەققە رەتیانکردوەتەوە بچنەسەر زەوی جوتیارانی کورد. لە درێژەی بەیاننامەکەدا رەخنەی لە حکومەت گرتبوو، کە گوێ بە نارەزایەتی خەڵکی کورد نادەن و لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژکەیان سورن، هەروەها بەیاننامەکە داوایکردبوو بە خێرایی هەنگاوی جدی بۆ وەستاندنی ئەو پرۆژەیە بنرێت و هەنگاو لە پێناوی برینی رەگی پرۆژەکە بنرێت. ئەم بە یاننامەیە لە ٢٠ ئابی ١٩٧٣ بەمەبەستی ئیدانەکردنی پرۆژەی پشێتنەی عەرەبی بەسەر هەموو ناوچەکانی جەزیرە و دیمەشق و حەلەب و...هتد، بڵاوکرایەوە و داوای لە رای گشتی عەرەبی و جیهانی کرد، بەبەرپرسیاریەتی مێژووی خۆیان هەستن بەرامبەر بەم پرسە و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن، نەک شاردنەوەی[4].

لە درێژەی هەڵوێست و نارەزایەتییەکانی لایەنە کوردیەکان دژ بە پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی پارتی دیموکراتی کوردی سوریا (البارتي) بەیانێکی بۆ رای گشتی عەرەبی و جیهانی لە تەممووزی

---

[1] ازاد احمد علي: الحزام العربي في الجزيرة السورية، ص١٠.

[2] اليوسف عبدالباقي صالح: الانفجار السوري الهوية الانتماء الكرد، الدولة الوطنية السورية التأريخية، ط١، دار الزمان، السعوديە، ٢٠١٧، ص١٧١.

[3] عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة السورية، ص٥٤-٥٧.

[4] نفس المصدر، ص٥٧. بۆ زانیاری تەواوی بەیاننامەکە بروانە پاشکۆی ژمارە (٧).

١٩٧٣ ڕاگەیاند و تێیدا ئاماژەی بەوە دابوو، کورد مێژوویەکی دێرینی هەیە لە سوریا و لە مێژە لە ناوچەکانی باکوری سوریا نیشتەجێبووە، کەچی حکومەتەکانی سوریا ڕێگەی جیاجیایان بۆ تواندنەوە و سڕینەوەی کورد لە نێو نەتەوەگەرایی عەرەبیدا بەکارهێناوە. بۆ نموونە، بەیاننامەکە ئاماژەی بە هەر دوو پرۆژەی سەرژمێری نائاسایی ١٩٦٢ی پارێزگای حەسەکە و پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی، وەک دوو پرۆژەی دژ بەکورد کردووە کە پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی دەبێتە هۆی دەستبەسەرداگرتنی زەوی جوتیارانی کورد و ڕاگواستنی کورد لە ناوچەکانی خۆیان. بەیاننامەکە داوای لە ڕای گشتی عەرەبی و جیهانی و هێزە نیشتیمانی و هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەناوەوە و دەرەوە کردبوو کار بۆ ڕێگری لەو پرۆژەیە بەرامبەر کورد لە سوریا بکرێت، داوای لەسەرجەم ڕێکخراوە کرێکاری و جوتیارییەکان و ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کردبوو، وەدەنگبێن بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو پرۆژەیە[١].

لە ناوەڕاستی تەمموزی ١٩٧٣ لیژنەیەکی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردی سوریا بۆ ئەو ڕەوشەی کوردی تێدابوو لە سوریا، لە چوارچێوەی هێز و لایەنە کاریگەرەکانی گۆڕەپانی سیاسی کورد وەک پارتی دیموکراتی کوردی سوریا، پارتی دیموکراتی چەپی کوردی سوریا بەتوندی پرۆژەکەیان ئیدانەکرد و بە پلان دژی کورد وەسفیان کرد[٢]. بەو هۆیەوە لە ٢٩ی تەمموزی ١٩٧٣ دەسەڵاتداران بێجگە لەو کەسانەی بەهۆی ناڕەزایەتی دەربرین لە پرۆژەکە دەستگیرکران، چەند سەرکردەیەکی پارتی دیموکراتی کوردیان دەستگیرکرد لە نێویاندا سکرتێری پارتی تێدابوو و (٣) ئەندامی لیژنەی ڕاوێژکاری تێدابوو ئەوانیش: دهام میرۆ[٣] سکرتێری پارتی و لە سەرکردایەتی هەریەک لە "کەنعان عەگید، محمد نەزیر مستەفا، محمد ئەمین شێخ کلین هوری"، لە ئەندامانی لیژنەی ڕاوێژکاریی هەریەک لە "خالد مشایخ، محەمەد فخری ،عەبدوڵڵای مەلا علی، سەرجەمیان هەشت ساڵ لە زینداندا بوون[٤].

بەهۆی گرتن و زیندانیکردنی کوردەوە، پارتی دیموکراتی کوردی سوریا بەیانێکی لە ئابی ١٩٧٣ بە ناونیشانی "من وراء عمليات الارهاب"؟ بڵاوکردەوە و تێیدا هاتبوو:" بەهۆی ڕەتکردنەوەی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی لە لایەن کوردەوە، هاونیشتیمانیانی جەزیرە ڕووبەڕووی گرتن و زیندانیکردن

---

[١] عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة السورية، ص٦١.

[٢] نفس المصدر، ص٦١-٦٢.

[٣] دهام میرۆ: لە ساڵی ١٩٢٣ لە دێریک لەدایکبووە لە ١٩٧٠ وەک سکرتێری (سەکردایەتی کاتی) پارتی دیموکراتی کوردی سوریا هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ١٩٧٢ وەک سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردی سوریا هەڵبژێردراوە لە ساڵی ١٩٧٣-١٩٨١ لە زیندادابووە، دواتر وازی لە کارو چالاکیی حیزبی هێناوەو لە ٢٠١١ کۆچی دوایکرد. بڕوانە: (علی شمدين: الحركة الكردية في سوريا...، وەرگیراوە لە پەراوێزی، ص١١٦).

[٤] ازاد احمد علي: الحزام العربي في الجزيرة سورية، ص٦-٧.

بوونەتەوە، تەنانەت ئەو گرتن و زیندانیکردنە سەرکردەکانی پارتە سیاسییە کوردییەکانی گرتۆتەوە، بەو هۆیەوە بۆردومانی گوندی موزلان کرا[1] و ژمارەیەک منداڵ و گەنج و پیر بریندار بوون، ئەمە لە کاتێکدا پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی لەلایەن سەرجەم هێزە نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازەکانەوە ڕەتکراوەتەوە"[2]، لە بەیاننامەکەدا جەخت لەوە کراوەبووەوە، کە گرتن و زیندانیکردن و بۆردومانکردنی ناوچەی کوردی، خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی سوریا ناکات، بەڵکو دەرگای توندوتیژی لەو وڵاتەدا دەکاتەوە و ئاستەنگ دەبێت لەبەردەم پێشکەوتنی سوریا، سەرەڕای ئەوەی ئەو هەنگاوانەی  بە دژی دەستور و دامەزراوە مەدەنی و دیموکراتییەکان لەقەڵەمدابوو، جیا لەوانە جەختی لەوە کردبووەوە پێویستە گرنگی بەو لایەنە نەتەوەییانە بدرێت و سەرکردەکانی پارتی ئازادبکرێن، مافی کورد پارێزراوبێت[3]. لەلایەکی دیکەوە، جوتیارانی کورد ئەوانەی کە لە چوارچێوەی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبیدا دەستبەسەر زەوییەکانیاندا گیرابوو چەندین نووسراویان بڵاوکردەوەو ناڕەزایەتیان تێدا دەبڕیبوو، پێشکەشی لایەنی دەسەڵاتیان کرد و گازاندەیان بۆ ئەو پرۆژەیە بە ئاشکرا دەربڕیبوو[4].

لە ڕاستیدا پشتێنەی عەرەبی دووەم گەورەترین پرۆژە بوو بە مەبەستی نەهێشتنی کورد لە جەزیرە و پێدانی سیمایەکی عەرەبییانە بە ناوچەکە ئەنجامدرا[5] کەواتە سەرژمێری نائاسایی پارێزگای حەسەکە، دابرینی کورد لە ناسنامەکەی و پشتێنەی عەرەبی و نیشتەجێکردنی عەرەب لە ناوچە کوردییەکان و لەسەر خاکی کورد لە سوریا، بوونە هۆی بێ بەشکردنی (٢٥%) کوردی پارێزگای حەسەکە لە مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکان و دابڕینیان لە زەوییەکانیان[6]. لێرەوە دەتوانرێت بوترێت کوردی سوریا لە کەماتییەکانی دیکەی سوریا جیا لە کۆتوبەندی ئازادی هاوشێوەی هاونیشتیمانیانی دیکەی سوریا، لە ڕووی ڕەگەزیشەوە ستەم لێکراوبوون[7].

---

[1] بۆردومانی گوندی موزلان: ئەو بۆردومانە بوو کە لە ١ ئابی ١٩٧٣ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی جەزیرەوە کرایە سەر گوندی موزلان بە ئامانجی گرتن و ڕاوەدونانی خەڵکی گوندەکە و ئەندام و لایەنگران و سەکردەکانی پارتی، ئەمەش پاش نارەزایەتی دەربرین و ئیدانەکردنی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی، بەهۆی ئەو بۆردمانەوە کەسێک برینداربوو، بەو هۆیەوە ئەندام و سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردی سوریا. بڕیارياندا كۆبوونەوە و گفتوگۆ لەو گوندە ئەنجامنەدەن، لە پێناوی پاراستنی ئاسایشی گوند و ناوچەکە. بڕوانە: (خليل شاخكي: الأحزاب السياسية الكوردية في سوريا ١٩٥٧-٢٠٠٠، ط١، دارالخليج للصحافة والنشر، عمان، ٢٠١٨، ص١٠).

[2] جريدة الوحدة، العدد، (٦٧)، أوائل آب ١٩٧٣.

[3] نفس المصدر.

[4] عبدالصمد داوود (برزان مجيدو): الحزام العربي في الجزيرة السورية، ص٦٦.

[5] عبدالباسط سيدا: المسألة الكردية في سوريا...، ص١٠٤.

[6] صلاح بدرالدين: الحركة القومية الكردية في سوريا، ص١٥٦-١٥٧؛ هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆڵی لێکراو، ل٩٥-٩٦.

[7] هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆڵی لێکراو، ل٩٥-٩٦.

کورد وەک بەشێک لە پێکهاتەی دانیشتوانی سوریا بە ئومێدەوە لەگۆرانکارییە سیاسییەکانی ساڵی ١٩٧٠ی دەروانی و چاوەروانی ئەوە بوو حکومەتی نویَ چارەسەری کیشەی کورد لە سوریا بکات، ناسنامە بۆ ئەو کوردانە بگێڕدرێتەوە، کە لە سەرژمێری نائاسایی ساڵی ١٩٦٢ ناسنامەیان لێسەندراوەتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ویستی کوردەوە، حکومەتی نویَ لە ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ لە ژێر ناوی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی گەورەترین پرۆسەی گۆرینی دیموگرافیای ناوچە کوردیەکانی ئەنجامدا، لە چوارچێوەی ئەو پرۆژەیەدا حکومەت هۆزە عەرەبییەکانی لە پارێزگای حەلەب و ڕەققەوە هێنا و لە جەزیرەی دڵی ناوچە کوردییەکان نیشتەجێی کردن، ئەگەر چی ئەو پرۆژەیە لە ساڵانی پێشترەوە پلان و نەخشەی بۆ کێشرابوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ پرۆژەکە بە تەواوی بە ئەنجامگەیەنرا، بەمەش حکومەت پشتێنەیەکی مرۆیی عەرەبی لە ناوەندی ناوچە کوردییەکان و لە سنوری سوریا-تورکیا- عیراق دروستکرد، بە ئامانجی دابڕینی ڕۆژئاوای کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و پێدانی سیمایەکی عەرەبی بە ناوچە کوردییەکان.

## باسی دووەم:

## سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە ڕۆژئاوای کوردستان لە (١٩٧٦-١٩٨٢):-

حافز ئەسەد هەر لە بەدەسەڵات گەیشتنی، یەکێک لە سیماکانی سەرەتای دەسەڵاتەکەی لێدان بوو لە پێگەو ڕۆڵی تێکڕای نەیارەکانی، کورد وەک نەتەوەی دیاری نێو سوریا بەو سیاسەتانەی حکومەت گرتییەبەر بۆ یەکەم جار دوای سەربەخۆیی سوریا بە کرداریی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان و سەرکوتکردنی فەرهەنگی و بە دواکەوتوویی هێشتنەوەی ناوچە کوردییەکان...هتدی بە خۆوەبینی، ئەم سیاسەتانە سەرەڕای بەردەوامییان، بەڵام لە هەندێک وێستگەی سیاسی لە سوریا تاڕادەیەک کەمتربوون، بەلام هەڵوێستی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە کورد نەگۆڕاوە.

حافز ئەسەد لە ساڵی ١٩٧٦دا بە فەرمی و بەشێوەیەکی کاتی کۆتایی بە چەند سیاسەتێکی نەژادی و ڕەگەزی دژ بە کورد هێنا، ئەو سیاسەتانەی کە بەشێوەیەکی نەرێنی کاری کردبووە سەر کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دەوڵەت بەگشتی، نەتەوەی کورد بە تایبەتی، چونکە کورد بە سەرکوتکاری نەژادی و ڕەگەزی توندتر لە کەمایەتییەکانی دیکەی سوریا جیادەکرایەوە[١]، لێرە بەدواوە خودی حافز ئەسەد سیاسەتێکی تاڕادەیەک ئاشتیخوازانە و نەرمی بەرامبەر بە کەمینە ئیتنی و ئاینییەکان لە سوریا بەکاردەهێنا[٢].

لە ڕاستیدا ئەمە سیاسەتێکی کاتی بوو بۆ پەرتکردنی لایەنە نەیارەکان، نەوەک سیاسەتێکی چەسپاوی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە کورد. بۆ نموونە، لەو سیاسەتانەی حکومەت کە لەو ماوەیەدا بووبووە مەترسی بۆ سەر کورد و سیمای سەرەکی ئەو ماوەیە بوو، هێنانی عەرەب لە ناوچەکانی دیکەی سوریاوە و نیشتەجێ کردنیان لەناوچە کودییەکان، خودی حافز ئەسەد لە ١٩٧٦ هێنان و ڕاگواستنی عەرەبی بۆ جەزیرە واتە ناوچەی سنوری پشتێنەی عەرەبی، ڕاگرت[٣]. واتە سیاسەتی هەوڵدان بۆ بە عەرەبەکردنی جەزیرە ڕاگیرا[٤]، لەگەڵ ئەوەشدا حافز ئەسەد گوشاری سیاسی زۆری لەسەر کورد کەمکردەوە[٥].

---

[١] هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکوڵی لێکراو،ل ٩٥-٩٦.

[2] Jordi Tejel: Syria's Kurds History, Politics and Society, P.98.

[٣] دیڤید مکدول: تاریخ الأکراد الحدیث، ص٧٠٧ ؛ اسماعیل محمد حصاف: تاریخ کردستان سوریا المعاصر(١٩٦٣-١٩٧٥)، ج٣، ص١٨٠.

[4] Jordi Tejel: Syria's Kurds History, Politics and Society, P.62.

[٥] صلاح ڕەشید( ئامادەکردنی): مام جلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ب١، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٣٥٨.

له ڕاستیدا ئەم سیاسەتانە پێویستییەکی هەنوکەیی بوو بۆ حافز ئەسەد، چونکە لەم قۆناغەدا وایدەڕوانی باش نابێت لە سوریادا بەرەی زۆر دژ بەخۆی لە نێوخۆی سوریادا بکاتەوە، بەڵکو وای بەباش زانی باردۆخی نێوخۆی وڵات ئارام بکاتەوە و لایەنە جیاجیاکان لەخۆی نزیک بکاتەوە، ئیدی وردە وردە تاڕادەیەک گۆڕانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەسەر ڕەوشی کوردا هات، ئەمەش بە گۆڕانێکی گرنگ لە مێژووی کوردی ڕۆژئاوا دادەنرێت، چونکە دەسەڵاتدارانی پیش حافز ئەسەد هێندە دژی بوونی کوردبوون لە سوریا وەک "وەرەمێکی پیس" لە جەستەی نەتەوەی عەرەبدا وەسفیان کردبوون، هەربۆیە چەندین پلانیان دژی بوونی کورد پێشنیاز کرد و دواتر بوونە بەرنامەی کاری حکومەت، بەڵام حافز ئەسەد بەشارەزاییەوە مامەڵەی لەگەڵ کورد کرد، وەک بەشێک لە هاونیشتیمانیانی سوریا، تەنانەت پەیوەندی نافەرمی لە نێوان کورد و خودی حافز ئەسەددا دروستبوو[1]. واتە جۆرێک لە لێکتێگەیشتن لە پەیوەندی دەسەڵاتی بەعس و هێزە سیاسییە کوردییەکان دروستبوو، ئەمەش لە لایەک ڕەوشی نێوخۆی سوریا پێویستی بەو سیاسەتانە هەبوو، لەلایەکی دیکە کاریگەریی پەیوەندی سوریا و عێراقی لەسەر بوو، کە خۆی لە خراپی و ململانێی نێوان هەردوو بەعسی دەسەڵاتداری عیراق و سوریا سەرچاوەی گرتبوو[2]، چونکە حکومەتی سوریا و خودی حافز ئەسەدیش هاوسۆز و هاوهەڵوێست بوون لەگەڵ کوردی عیراق، هەوڵی بەهێزکردنی ئۆپۆزسیۆنی عیراقیان دەدا، جا ئەو ئۆپۆزسیۆنە کورد بووبێت یان عەرەب [3].

ئەو پەیوەندی و لێکتێگەیشتنەی نێوان کورد و حافز ئەسەد مام جەلال جەختی لە بوونی پەیوەندی و دۆستایەتی کورد و خودی حافز ئەسەد کردووەتەوە دەڵێت:" حافز ئەسەد دۆستی میللەتی کورد بووە، گرنگی بە مەسەلەی کورد دەدا، چ لە عێراق و چ لە تورکیا، ئەو دوو فەزلەی هەیە لەسەر نەتەوەی کورد"[4]، بەڵام لەسەر حسابی کوردی ڕۆژئاوابوو، چونکە کورد لەو قۆناغەدا

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی شەمدین، کاتژمێر ٣:٠٠ پاش نیوەڕۆ، شەممە، سلیمانی، ٣٠-١٠-٢٠٢١. (علی شەمدین: لە ساڵی ١٩٥٨ لە (ام کهیف) لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایکبووە، دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی حەلەبە لە ساڵی١٩٨٠، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی پێشکەوتوتخوازی کوردی سوریا و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانە. نووسەر و بەشێکی زۆر و گرنگی مێژووی کورد و ڕۆژئاوای کوردستانی نووسیووەتەوە، وەک (الحركة الكردية في سوريا وظاهرة الانشقاقات ١٩١٦-٢٠١٦، منطقة آشيتا دراسة اجتماعية، ثقافية، سياسية، ژمارەیەک کتێب و لێکۆڵینەوەی وەرگێڕاوە. نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا لە هەرێمی کوردستان لە سلێمانی و هەر لە سلێمانیش دەژێت. (علی شمدین: منطقة اشيتا...، ص٢٠٨).

[2] فريق باحثين: مسألة اكراد سورية...، ص٩٣-٩٤.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی جەزیری لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر٨:٣٠ شەو، چوار شەممە، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢٧.

[4] صلاح ڕەشید( ئامادەکردنی): مام جلال دیداری تەمەن...، ب ١، ل ٣٥٨.

بۆ ڕازییکردنی دەسەڵاتی سوریا بێدەنگی هەڵبژاردبوو، ئەمەش کاریگەرییەکی تاڕادەیەک باشی لەسەر سیاسەتەکانی حکومەت بەرامبەر بە کوردی ڕۆژئاوا هەبوو.

ئەو پەیوەندی و لێکتێگەیشتنەی لەو ماوەیەدا دروستبوو وایکرد (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)[١] وەک پارتێکی سیاسی کوردی لە سوریا لە ماوەی حوکمی حافز ئەسەد دامەزرا، ئەگەر ئەو نەبوایە دەسەڵاتدارێکی دیکەی نەتەوە پەرستی عەرەب بوایە ڕێگەی نەدەدا، ڕێکخستن یان پارتێکی کوردی بەناوی کوردستانەوە دروستبێت و کاروچالاکی هەبێت، ئەگەر چی ڕایەکی دیکە هەیە پێی وایە، حکومەتی سوریا بە ئامانجی ڕزگاربوون لە گێرەشێوێنییە چاوەڕوانکراوەکان وەک گوزارشتیان لێدەکرد ڕێگەی دەدا کوردی وڵاتەکەی بچێتەپاڵ ڕێکخراو پارتە کوردییەکانی پارچەکانی دیکە وەک "یەکێتی نیشتیمانی کوردستان"[٢]، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەسەد جگە لە ڕێگەپێدانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی لە سوریا، بە پێی باری ئابووری سوریا یارمەتی دارایی و چەکی پێشکەشی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردووە[٣].

لەلایەکی دیکەوە دروستبوونی ئەو جۆرە پەیوەندی و لێکتێگەیشتنەی نێوان کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان و خودی حافز ئەسەد کە هاتەکایەوە، بووە هۆی ئەوەی کورد جۆرێک لە ئازادی لە بوارەکانی فەرهەنگی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییان پێدرا، کورد بە شێویەکی نافەرمی جۆرێک لە ئازادی بۆ چالاکی لە بواری فەرهەنگی وەک یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز، بڵاوکردنەوەی کتێب بە زمانی کوردی ڕێگەی پێدرا، لە بواری خوێندن، زمان و دامەزراندنی فەرمانبەری کوردی لە دام و دەزگا حکومییەکان ڕێگەی پێدرا، عەلی شەمدین باس لەوە دەکات، کە ئەو دەرفەتە ئازادییەی بە کورد درا لەو ماوەیەدا بە "دیموکراسییەتێکی پەراوێزییانە" ناویدەبات، دەڵێت:" حافز ئەسەد وەک کەسێتی خۆی دیموکراسییەکی هامشی لە بوارە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکاندا دابوو بە کورد،

[١] یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: لە ٢٢-٥-١٩٧٥ لە دیمەشق دامەزرا، ناوەڕوکی بەیاننامەی دامەزراندی یەکێتی وەک وەڵادانەوەیەک وەجەختکردنەوە لە درێژەدان بە خەبات لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد، بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە١٩٧٥/٦/١ لە ئەوروپا بلاوبوەوە هەرئەو مێژووەش بوبە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕەسمی یەکێتی. بڕوانە: (سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: مێژووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ١٩٧٥-١٩٧٦. دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش، ب١، چ١، چاپخانەی هێفی، هەولێر، ٢٠١١، ل ١١٣-١٢٠).

[2] Nicola Deyli Espost: Whose Kurdistan? Class Politics and Kurdish Nationalism in the Middle East, 1918-2018, A thesis submitted to the Department of International Relations of the London School of Economics and Political Science for the degree of ***Doctor of Philosophy***, London, 13 September 2020, P.490.

[٣] صلاح ڕەشید( ئامادەکردنی): مام جلال دیداری تەمەن...، ب١، ل٣٥٨-٣٥٩. لە سەرەتادا بڕی ئەو پارەیە دیاریکرابوو کەمبوو، بەڵام لە ١٩٧٨ بڕی ئەو پارەیە زیادکرا. بڕوانە: (نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا (بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخموس)، سوید، ٢٠١٠، ل٢١٦).

کوردیش بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو دەرفەتە دیموکراسییەدا دەکرد"[1]. بەم جۆرە پارتە کوردییەکان لە سایەی ئەو دەرفەتە دیموکراسییەدا بە نیمچە ئاشکرا چالاکییان ئانجام دەدا، بەڵام ئازادی تەواو و مافی پێکهێنانی پارتی دیکەی کوردستانیان نەبوو[2]، پارت و لایەنە کوردییەکان لەم ماوەیەدا بەوریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ پێشهاتەکان دەکرد، ئەو بڕوایەیان لای حافز ئەسەد دروستکرد، کە کورد دژی دەسەڵاتی سوریا نییە و هەوڵی لاوازکردنی نادات، تەنانەت هاوکاری لایەنە نەیارەکانی حافز ئەسەد ناکات[3].

ئەو دەرفەتەی بە کورد درا لەم ماوەیەدا، لەسەر ئاستی هەڵوێستی تاکە کەسی خودی حافز ئەسەد بوو، بەڵام سیاسەتی حکومەت جیاواز بوو، ئەو ڕەوشەی بەهۆی پشتێنەی عەرەبییەوە هاتە ئاراوە بەبێ گۆڕانکاری مایەوە[4]. ئەو هۆزە عەرەبیانەی کە ڕاگواستران بۆ ناوچە کودرییەکان و لە (٤٠) گوندی نموونەیی کشتوکاڵیدا لە ناوچە کوردییەکان نیشتەجێ کران و بۆ هەمیشەیی مانەوەو نەگەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان[5]. ئەو کوردانەی لە ناوچە و خاکی خۆیان ئاوارە کرابوون و ڕاگواسترابونەوە بۆ ناوچەکانی دیکە، ڕێگە نەدرا بگەرێنەوە ناوچەکانی خۆیان[6].

لە لایەکی دیکەوە حکومەتی سوریا لەسەر بنەمای پێشنیازەکانی محەمەد تەلەب هیلال بە بڕیاری وەزیری خوێندنی باڵا بە ژمارە(٦٨٧/ بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران) بە ژمارە (١٩٧٦-١) بڕیاردرا بە وەرنەگرتنی خوێنکارانی کورد لە زانکۆ و پەیمانگاکان، ئەوانەی کە خاوەنی ناسنامەی سوری نین[7]. ئەمە بە نیسبەت زانکۆ و پەیمانگاکانەوە، بە نیسبەت قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکانەوە، حکومەت سیخوری لەنێو ئەو قوتابخانانەدا دادەنا، تاوەکو بزانرێت کام منداڵانە بە زمانی کوردی دەدوێن، دواتر ئاگاداردەکرانەوە پێویستە بە زمانی عەرەبی بدوێن[8]، ئەگەر نا لە قوتابخانە کێشەیان بۆ دروست دەکرا و دوور دەخرانەوە[9].

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی شەمدین، کاتژمێر٣:٠٠ پاش نیوەڕۆ، شەممە، سلێمانی ٣٠ / ١٠ /٢٠٢١.

[2]فریق باحثین: مسألة أكراد سورية...، ص٩٣-٩٤؛ صلاح ڕەشید(ئامادەکردنی): مام جلال دیداری تەمەن...، ب١، ل٣٥٨.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی شەمدین، کاتژمێر٣:٠٠ پاش نیوەڕۆ، شەممە، سلیمانی ٣٠ / ١٠ /٢٠٢١.

[4]Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P.62.

[5] دیڤید مکدول: تاريخ الأكراد الحديث، ص٧٠٧ .

[6] Syrians for Truth and Justice (STJ): Syrian Citizenship Disappeared..., P.12.

[7] جواد ملا: السياسة الاستعمارية...، ص٣٥٠-٣٥١.

[8]Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P.63.

[9] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/ جامعة دهوك: القضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد...، ص٣٢.

هەوڵی بەعەرەبکردنی ناوچەکوردییەکان بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد و پێدانی سیمای عەرەبی بە ناوچە کوردییەکان بەردەوام بوو، ئەم سیاسەتە لە حکومەتەکانی پێشتر هەنگاوی زۆری بۆ نرابوو، لەم حکومەتەشدا بەردەوام بوو[١]. لەم چوارچێوەیەدا، حکومەتی سوریا پلان و ڕێگەی دیکەی بۆ گۆڕینی ناوی ناوچە کوردییەکان و بەعەرەبکردنیان بەکارهێنا، لەوانەش لە چوارچێوەی ستراتیژی ڕێکخستنەوەی ناوە مێژوویی و جوگرافییەکانی ناوچە جیاوازەکان دانانی ناوی عەرەبی بۆ ناوچەکان و بەعەرەبکردنیان[٢]. هەوڵدان بۆ سڕینەوەی مێژووی کورد لە سوریا لە ڕێگەی دەرکردنی بڕیار و بەڵگەنامەی حکومی بۆ گۆڕین و لابردنی ناوی ئەو شوێنانەی کە عەرەبی نەبوون[٣]. بە نموونە: بڕیاری (٥٨٠) کە لە ڕێکەوتی ١٨ ئایاری ١٩٧٧دا دەرکرا[٤]، بە پێ ئەم بڕیارە ناوی گوند و قەڵا کوردییەکان گۆڕدران بۆ عەرەبی، لە ژێر سایەی ئەم بڕیارەدا (١٥١) گوند لە کورداغ و (١٦١) گوند لە کۆبانێ(عين العرب) لە لیستێکی (٥٨) لاپەڕەییدا تۆمارکران بۆ ئەوەی بڕیارەکەیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت[٥].

بە مەبەستی گۆڕینی ناوی ئەو ناوچانە حکومەت چەندین بڕیاری بە چەند ژمارەی جیاواز لە ١٩٧٧ دا دەرکرد بۆ گۆڕینی ناوی ئەو ناوچە کوردیانە بە ناوێکی عەرەبی[٦]، بۆ نموونە، بڕیاری ئەنجومەنی ناوچەی عەفرین ژمارە (٦٣) لە ٢١ شوباتی ١٩٧٧، بڕیاری ئەنجومەنی ناوچەی کۆبانێ ژمارە (٥) لە ١٤ی ئاداری ١٩٧٧، بڕیاری ئەنجومەنی ناوچەی پارێزگای حەلەب ژمارە (٣٦) لە ١٤ی نیسانی ١٩٧٧، لەم بڕیارانەدا جەخت لە گۆڕینی ناوی ناوچە کوردییەکانی جەزیرە، کۆبانی...هتد کرایەوە[٧]. بەم شێوەیە:

لە ناوچەو گوندەکانی ناوەندی عەفرین بڕیاری گۆڕینی (١٢) شوێن درا ناوەکانیان کرا بە عەرەبی وەک (طرندا) کرا بە (الظريفة)، (اشقيار) گۆڕدرا بۆ (الهوى)، (صوغانة) گۆڕدرا بۆ (البصلية)، (خلنير) گۆڕدرا بۆ (النيرة)...هتد[٨]. لە ناوچەی عەفرین ناحیەی شران بڕیاری گۆڕینی ناوی (٢٢) شوێن درا و کرایە عەرەبی وەک (جمانلي) گۆڕدرا کرا بە (حجان)، (کۆبەلک) گۆڕدرا بۆ (قطيرة)،

---

[١] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/ جامعة دهوك: القضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد...، ص٣٢.

[2] Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P.65.

[3] Michael M. Gunter: Out of Nowhere…, P.21.

[٤] تحالف الديمقراطي الكوردي في سوريا: حملة تعريب اسماء المدن و القرى الكوردية...، ص٢٧.

[٥] هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکولی لێکراو، ل١٤١.

[٦] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

[٧] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/ جامعة دهوك: القضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد...، ص٣٢-٣٣.

[٨] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص٨٤.

(ماتينلى) گۆڕدرا بۆ (الفحي)، (بازى باغ) گۆڕدرا بۆ (الكروم)، و (ويركن) گۆڕدرا بۆ (البياعة)، (فارقين صغير) گۆڕدرا بۆ (القارة.)...هتد[1]. هەرلەناوچەی عفرين له ناحيەی (المعبطلي) بڕياری گۆڕينی ناوی (٢٤) شوين درا، گۆڕا بۆ عەرەبی وەک (كوبک) گۆڕدرا بۆ (الصرة)، (كورتان فوقانى) گۆڕدرا بۆ (الضاهرة العليا)، (سمالک) گۆڕدرا بۆ (السعال)، (ايكو اخور) گۆڕدرا بۆ (ياخور)، (اكسوزلي) گۆڕدرا بۆ (اليتيمة)، (حملورک) گۆڕدرا بۆ (الدقلة)[2]. هەر لە ناوچەی عەفرين ناحيەی جندريس بڕياری گۆڕينی (١٦) شوێن درا، (اغجەلی) گۆڕدرا بۆ (البياضة)، (قرەباش) گۆڕدرا بۆ (راس الاسود)، (جولقان) گۆڕدرا بۆ (جلق)، (كاوركان) گۆڕدرا بۆ (الفسحة)، (هيكجه) گۆڕدرا بۆ (بدر)[3]. ناوچەی عەفرين ناحيەی (بلبل) بڕياری گۆڕينی ناوی (٢٣) شوێن درا گۆڕدران و كران بە عەرەبی وەک (بيک اوشاغى) گۆڕدرا بۆ (الطفلة)، (بيلاد كوى) گۆڕدرا بۆ (بيلان)، (ديک او) بەسی گۆڕدرا بۆ (الديک)، (على كر) گۆڕدرا بۆ (علي الاطرش)، (قاش اوغلى) گۆڕدرا بۆ (الحاجب)، (قزلباش) گۆڕدرا بۆ (راس الاحمر) و (قوطانلي) گورا بۆ (قوتان)[4]. لە ناوچەی عفرين ناحيەی (راجو) بڕياری گۆڕينی ناوی (٣٨) شوێن درا و كران بە عەرەبی وەک (بعد نلي) گۆڕدرا بۆ (بيت عدين)، (جرختلي) گۆڕدرا بۆ(السنة)، (جيلانلي) گۆڕدرا بۆ (الغزلان)، (جمشلک) گۆڕدرا بۆ (حمشو)، (دونبللي) گۆڕدرا بۆ (الامسية)، (رزكانلي) گۆڕدرا بۆ (الطلة)، (شديانلي) گۆڕدرا بؤ (الشديان)...هتد[5]. (كورانلي) گۆڕدرا بۆ (كوران)، (هوليلو) گۆڕدرا بۆ (هليل)، (قره بابا) گۆڕدرا بۆ (الثلاثية)، (كاونده) گۆڕدرا بۆ (البتراء)، (قودەكوي) گورا بۆ (المرتفعة)[6].

ناوچەی عەفرين ناحيەی (شيح الحديد) بڕياری گۆڕينی ناوی (١١) شوێن درا گۆڕدرا ن بۆ عەرەبی وەک (سولجک) گۆڕدرا بۆ (السهلية)، (خليل كولكو) گۆڕدرا بۆ (الوردية)، (جقالي فوقاني) گۆڕدرا بۆ (تل الثعالب)، (جكاللي تحتاني) گۆڕدرا بۆ (وادى الثعلب)[7].

---

[1] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص٨٥.

[2]. مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/ جامعة دهوک: القضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد...، ص٣٤-٣٥.

[3] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص٨٧.

[4] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/ جامعة دهوک: القضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد...، ص٣٦-٣٧.

[5] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص٨٩ ؛ تحالف الديمقراطي الكوردي في سوريا: حملة تعريب اسماء المدن و القرى الكوردية...، ص٢٧-٤٩.

[6] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص٩٠.

[7] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/ جامعة دهوک: القضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد...، ص٣٩.

ناوچەی الباب: گوند و ناحیەکانی ناوەندی (الباب) بڕیاری گۆڕینی ناوی (١٤) شوێن درا و گۆڕدران بۆ عەرەبی وەک (جقال صغیر) گۆڕدرا بۆ (الوادي)، (جقال کبیر) گۆڕدرا بۆ (الثعلبیة)، (البوغاز) گۆڕدرا بۆ (المغیق)، (الکاو لحلي) گۆڕدرا بۆ (الحجیلة)، (قورت ویران کبیر) گۆڕدرا بۆ (الذئب). ناوچەی (الباب) ناحیەی تارف و ناحیەی الراعي، بڕیاری گۆڕینی (٤) شوێنی درا وەک (کورهیوک کبیر) گۆڕدرا بۆ (تل الاعمی الکبیر)،..هتد. ناوچەی (اعزاز) و گوند و ناحیەکانی ناوەندی (اعزاز) بڕیاری گورینی (قزل بغجه) درا بۆ (الحمراء). ناوچەی (اعزاز) ناحیەی (اخترین) بڕیاری گۆڕینی (٨) شوێن درا وەک (اق برهان) گۆڕدرا بۆ (البیاضه).. هتد[١].

لە ناوچەی (کۆبانێ) گوند و ناحیەکانی ناوەندی کۆبانێ بڕیاری گۆڕینی ناوی (٦١ ) شوێن درا و گۆڕدرا بۆ ناوی عەرەبی وەک (طناز) گۆڕدرا بۆ (الصخرة)، (بیرقدار) گۆڕدرا بۆ (اللواء)، (کوبینار) گۆڕدرا بۆ (النبعة)، (قشله) گۆڕدرا بۆ (ثکنة)، (الخرلی) گۆڕدرا بۆ (التیننة)، (کوجک) گۆڕدرا بۆ (عدن)، (مسته) گۆڕدرا بۆ (مختاریه)، (صولان) گۆڕدرا بۆ الساقی، (کوبک) گۆڕدرا بۆ (کوبک ساتان)[٢]. لە ناحیەی صرین بڕیاری گۆڕینی (١٠٣) شوێن درا، گۆڕدران بۆ عەرەبی وەک (قومش) گۆڕدرا بۆ( فضه)، (قرو شان) گۆڕدرا بۆ (علقانه)، (صجک) گۆڕدرا بۆ (الحجاج) (شبک) گۆڕدرا بۆ (سریر)، (کودوشان) گۆڕدرا بۆ (لبعثیه) (شیش) گۆڕدرا بۆ (السهم)، (حنکوش) گۆڕدرا بۆ (طلیعه)، (بلنک مشکو) گۆڕددرا بۆ (الشاکریه) ...هتد[٣]

ژمارەی ئەو شار و گوندانەی بە پلانی فەرمانگەی (دائرة الاعمال الفنیة) لە ١٥ شوباتی (١٩٧٨) دا ناوەکانیان گۆڕدرا بۆ ناوی عەرەبی (١٣٦) گوند و ناوچەی کوردی بوون بۆ نموونە (دێریک) گۆڕدرا بۆ (المالکیة)و (کانی کرک) گۆڕدرا بۆ (الاحسانیة)، (کنکلو) گۆڕدا بۆ (الزهراء) (جل ئاغا) گۆڕدرا بۆ (الجوادیة) (کردیم) گۆڕدرا بۆ (تل السید)، (کارشانی) گۆڕدرا بۆ (الشامیة)، (ماماشور) گۆڕدرا بۆ (القیصریة)، (شرک) گۆڕدرا بۆ (مزیریب)، (کر برهم) گۆڕدرا بۆ (المنارة)و (قرقو) گۆڕدرا بۆ (الغسانیة)، (لوکورولیجی) گۆڕدرا بۆ (سنجار)، (کری رش) گۆڕدرا بۆ (تل اسود) ...هتد[٤].

بەردەوامی کارکردن بەو بڕیارە بۆ بەعەربکردنی ناوچە کوردییەکان، ژمارەی ئەو گوند و شارانەی ناوەکانیان بە عەرەبی کرا بەرزبوەوە، بۆ نموونە، تەنها پارێزگای حەسەکە ناوی (٣٢١) دێهات و ناوچەی کوردی بەعەرەبی کران[٥]. بۆ نموونە (عامودێ) گۆڕدرا بۆ (ئەدنیة)، (سەرێکانی)

---

[١] علي صالح میراني: سیاسة التمییز القومي...، ص٩١-٩٣.

[٢] نفس المصدر، ص٩٣-٩٥.

[٣] نفس المصدر، ص٩٦-١٠٠.

[٤] تحالف الدیمقراطي الکوردي في سوریا: حملة تعریب اسماء المدن و القری الکوردیة...، ص٧-١٢ ؛ علي صالح میراني: سیاسة التمییز القومي...، ص١٠٠-١٠٥.

[٥] هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆڵی لێکراو، ل١٤٠.

گۆڕدرا بۆ (رأس العين)، (درباسيه) گۆڕدرا بۆ (خەسانية)، (تكلوجيل) گۆڕدرا بۆ (يعروبية)، (كۆبانێ) گۆڕدرا بۆ (عين العرب)[1].

بڕیاری بە عەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان کاریگەری خراپی بۆ سەر کورد هەبوو، چونکە ئەو پرۆژە و بڕیارانە بوونە هۆی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان وەک لابردنی ناوی کوردی ناوچەکان، گۆڕینی ڕابردوو و مێژووی کورد، نەهیشتنی ئەو سیما و هۆکارانەی کە کورد بە هۆیەوە ناوچە کوردییەکانی بە خاکی خۆی و مافی خۆی دەزانی، بەهۆی پرۆسەی بە عەرەبکردنەوە حکومەت توانی سور بێت لەسەر ئەو هەڵوێستە فەرمییەی، کە پێیوابوو کورد دانشیتوانێکی کۆچەرین لە تورکیا و عێراقەوە هاتوون و لە سوریا جێگیربوون، پاشان دەوڵەت جەختیکردەوە لە سەر ئەوەی، کورد ڕەگ و ڕیشەی مانەوەی لە سوریا نییە[2].

لە درێژەی سیاسەتی بە عەرەبکردنی ناوچە کوردییەکانی سوریا حکومەت بە پێی مەرسومی (تەشریعی) ژمارە (٣٦) لە ١١ ئایاری ١٩٧٩ و بڕیاری (٥٦) کە لە ١٥ تەموزی ١٩٨٠ ڕاگەیاندراوە و بڕیاردراوە بە گۆڕینی ناوی (٥٥) گوندی پارێزگای حەسەکە بۆ ناوی عەرەبی[3]. بۆ نموونە لە پارێزگای حەسەکە لە (راس العين) ناوی (مزری) گۆڕدرا بۆ (المزار)، (عمر بخات) گۆڕدا بۆ (العروبة)، (علوک غربی) گۆڕدرا بۆ (العالية الغربية)، (عبله کبير) گۆڕدرا بۆ (عباه)، لەلایەکی دیکەوە لە ناحیەی (درباسيه) دا ناوی (بير كفرى) گۆڕدرا بۆ (بير الحجر)، (تلبس) گۆڕدرا بۆ (البسمة)، (ببره) گۆڕدرا بۆ (البيرق)، (كربشک) گۆڕدرا بۆ (تل العطاس)، (كوركند) گۆڕدرا بۆ (البلبل)، (تل كدش) گۆڕدرا بۆ (تل الحصان)، (تل كمبر) گۆڕدرا بۆ (عمودية)، (خزارو) گۆڕدرا بۆ (نابلس)، (علک) گوڕدرا بۆ (جبل الشيخ)، (عفريت) گۆڕدرا بۆ (عفرا)، (قوليه) گۆڕدرا بۆ (اللد)، (بلک) گۆڕدرا بۆ (الدمام)، (كردو) گۆڕدرا بۆ (تل اللبن)، (دكوک) گۆڕدرا بۆ (ذبيان) (شموكه) گۆڕدرا بۆ (الشماء) (خربه قلاج) گۆڕدرا بۆ (الهضبة)، (سيرانه) گۆڕدرا بۆ (سويس) (هرم رش) گۆڕدرا بۆ (الاهرام)، (شور شرقي) گۆڕدرا بۆ (شط العرب شرقي)، (تل هبو) گۆڕدرا بۆ (بور)، (وحشک) گۆڕدرا بۆ (الواحة)، (سنجق كيكيه) گۆڕدرا بۆ (سنجار)[4].

ئەو کێڵگانەی لە پارێزگای حەسەکە ناوەکانیان گۆڕدرا بۆ عەرەبی ژمارەیان (٤٩) کێڵگە بوو، بۆ نموونە لە پارێزگای حەسەکە لە سەرێکانی (كشتو) گۆڕدرا بۆ (شهباء)، (دورتيوله) گورا بۆ

---

[1] هێریەت مونتگومری: کودری سوریا بونێکی نکۆڵی لێکراو، ل١٤١.

[2] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

[3] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/ جامعة دهوک: القضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد...، ص٣٩.

[4] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص١٠٥-١٠٧ ؛ مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/ جامعة دهوک: القضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد...، ص٣٩-٤٢.

(الدرة)، (تل بارام) گورا بۆ (تالبرم) (بئرالسن بک) گۆڕدرا بۆ (القصر) (تل حنش) گۆڕدرا بۆ (تل حنان) (دبشو) گۆڕدرا بۆ (تل الجنب)، (مزرعه الكراكير) گۆڕدرا بۆ (كربلا)، (تورجيل) گۆڕدرا بۆ (توكل)، ( جولات) گۆڕدرا بۆ (جلن)، (ام شعيفه) گۆڕدرا بۆ (ام عربانة)، (خربه قراج) گۆڕدرا بۆ (الوعر)...هتد، لەلایەکی دیکەوە لە ناحیەی (درباسیه) دا چەند کێڵگەیەکی دیکە بۆ ناوی عەرەبی گۆڕدران بۆ نموونە: ناوی کێلگەی (كندک) گۆڕدرا بۆ (كندة)، (فرحيه كاوري) گۆڕدرا بۆ (فرحية جنوبية)، (خراپ كورت) گۆڕدرا بۆ (الوادي)، (صور تحتانى) گۆڕدرا بۆ (صوران تحتاني)، (مخاطه) گۆڕدرا بۆ (طبريا)، (دوزاک) گۆڕدرا بۆ (درة)و (جديده دكوک) گۆڕدرا بۆ (جديدة ذيبان)، (سيحه زركان) گۆڕدرا بۆ (سيحه زركان) و (شور غربی) گۆڕدرا بۆ (شط العرب شرقي)[1].

پشتێنەی عەرەبی لە ڕێگەی بونیادنانی دەیان داگیرگەی عەرەبی لە قوڵایی ناوچە کوردییەکاندا، بە عەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان و گۆڕینی ناوی شار و گوندە کوردییەکان بە ناوی عەرەبی، سیاسەتی حکومەتی سوریای دژی بوونی کورد کۆتایی پێ نەهێنا، بەڵکو ئەو سیاسەتانە بواری پەروەردەشی گرتەوە، ساڵانە لەگەڵ دەستپێکی خوێندندا هەنگاوی دژ بە کورد دەنرا، بە ئامانج و مەبەستی لادانی پرۆسەی پەروەردە لە چوارچێوە زانستی و فێرکارییەکەی، هەروەک گواستنەوەی مامۆستایانی کورد لە کەرتی پەروەردەوە بۆ فەرمانگەیەکی دیکە بە پاساوی (ئاسایشی). بە نموونە، ساڵانە لیستی ناوی مامۆستایان بۆ گواستنەوە لە کەرتی پەروەردە بۆ ڕاژەیەکی دیکە، یان لە ناوچە کوردییەکانەوە دەگواسترانەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە. بەو هۆیەوە ڕۆژنامەی (صوت الاكراد، ) لە ژمارە (٥٩) دا باس لەو سیاسەتانەی حکومەت دەکات، چۆن مامۆستایان و فەرمانبەرانی کورد دەگوازرانەوە، هەربۆیە لە وتارێکی بە ناونیشانی بەرژەوەندیی کێ یە؟ (لمصلحة من؟) نووسیوە تێیدا باس لەوە دەکات دەزگاکانی دەسەڵات هەڵدەستن بە گواستنەوەی مامۆستایان بە فەرمانی خۆیان لە کەرتی پەروەدەیی بۆ فەرمانگەیەکی دیکەی دەوڵەت بە بیانووی ئاسایش و پێداویستییەکانی پەروەردەیی نەتەوەیی. لەو وتارەدا ئاشکرا کراوە، کە حکومەت بە ئامانجی لاوازکردنی ئاراستەی ناسیۆنالیستی گەلی کورد ژمارەیەکی زۆر مامۆستای ناکورد لە پارێزگاکانی دیکەی سوریاوە گواستوەتەوە بۆ ناوچە کوردییەکان، ئەوەش لە پێناوی پێویستی پەروەردە نەبووە، بەڵکو بۆ مەبەستێکە و هیچ پەیوەندییەکی بە پەروەردەوە نەبوو. ئەم مامەڵانە ڕەوشەکەی خراپتر کردبوو و درزی خستبووە نێوان کورد و دەوڵەتەوە، زیانی بە کۆمەڵگە و دەوڵەت گەیاندبوو، چونکە گواستنەوەی مامۆستایان کاریگەریی خراپی لەسەر دەروونی مامۆستا بە جێهێشتبوو و دەبووە هۆی دوورکەوتنەوە لە ئەرکە بنەڕەتییەکەی خۆی[2].

---

[1] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص١٠٨-١٠٩.

[2] نفس المصدر، ص١١١-١١٢..

لەناوەندە کوردییەکاندا نارەزایەتی و دژایەتی ئەم بڕیار و مامەڵانەی حکومەت بەرامبەر بە کورد هەبوون، لەم چوارچێوەدا پارتە کوردییەکان کۆبوونەوە و کۆنگرەیان ئەنجامدا و بڵاوکراوەیان بڵاودەکردەوە بە مەبەستی نارەزایەتی دەربرین، ڕێگرتن لە بەردەوامی ئەو بڕیارانە[١]. بۆ نموونە، بەو هۆیەوە لە "صوت الاكراد" لە وتارێکیدا باس لە جیاکاری نەتەوەیی و زوڵم و زۆری حکومەت و دەزگا ئەمنییەکان بەرامبەر بە کورد، بەرامبەر بە پژێوی ژیانی خەڵک...هتد کردووە، هەروەها باسی لە دەرکردنی فەرمانبەران و کرێکاران لە کارەکانیان کردووە لە پارێزگای حەلەب و حەسەکەو دەرکردنی خوێندکاران لە ئاستە بەرزەکانی خوێندندا لە زانکۆ و پەیمانگاکان دا، بە فەرمان و نووسراوی فەرمی دەوڵەت[٢].

لەلایەکی دیکەوە لە ساڵی ١٩٨٠دا کارەساتێک لە گوندی "جرنک"[٣]ی کوردی ڕوویدا، ئەو ڕوداوەش خۆی دەبینییەوە لە کوشتنی بە کۆمەڵی کورد لە گوندی جرنک[٤] ئەم ڕوداوە لە پاش کودەتای سەربازی ١٩٨٠ کەنعان ئیفرین[٥] لە تورکیا ڕویدا، لەو کاتەی ئەم کودەتا سەربازییە لە تورکیا بوو، پارتە کوردییەکان لە ترسی سزادان و ڕاوەدونانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە، بەرەو سنوری سوریا هەڵاتن، پارتی "کاوە"[٦] و سەرکردەکانی لەو پارتانەبوون کە لە باکوری کوردستانەوە بەرەو سنوری سوریا هەڵاتن، دەسەڵاتدارانی سوریا ویستیان نزیکببنەوە لەو پارتە کوردیانەی لە سنوری تورکیاوە هاتوونەتە سنوری سوریا و دژی تورکیا بەکاریانبهێنن، واتە لەگەڵ

---

[١] مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق/ جامعة دهوك: القضية- الكوردية في كوردستان-سوريا- خلال عهد الرئيس حافظ الاسد...، ص٤٧-٤٨.

[٢]علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص١١٣.

[٣] گوندی جرنک: دەکەوێتە باکور و ڕۆژهەڵاتی شاری قامشلو، لەسەر سنوری سوریا تورکیا، واتە نزیکەی (١) کم لە سنوری تورکیاوە دوورە، گوندێکی کشتوکاڵی گرنگە، لەگەڵ شاری (نووسەیبین) ی باکوری کوردستان نزیکەی (١٢٠٠) مەتر لەیەک دوورن.

(Luqman Silêman: Kûştara wind; Romana Tiraçidî, Dortmund, 2016, P.1.)

[٤] جواد ملا: السياسة الاستعمارية...، ص٣٥٢-٣٥٣.

[٥] کودەتای سەربازی١٩٨٠ لە تورکیا: ئەو کودەتا سەربازییە بوو، کە لە ١٢ ئەیلولی ١٩٨٠ لە لایەن سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی تورکیا "کەنعان ئیفرین"وە ئەنجامدرا، هۆکاری ئەم کودەتایە ئەو قەیرانە سیاسییە بوو وڵاتی دووچاری ئاژاوە و توندوتیژیی کردبوو، ئەمەش بووە هۆی دەستێوەردانی سوپا لە کاروباری سیاسی، ئاکامی ئەو کودەتایەدا حکومەتی سلێمان دیمیریل لەکارخرا، پەرلەمان و کارکردن بە دەستور وەستێنرا و یاسای سەربازیی لەوڵاتدا ڕاگەیاندرا. بڕوانە: (فريد صلاح الهاشمي: تركيا في ضوء الحقائق الاتاتوركية- الكمالية Kamalism و العلمانية Jacobinis، ط١، دار العبر للطباعة و النشر، اسطنبول، ٢٠١٤، ص٣٨١).

[٦] پارتی کاوە: لە ١٩٧٦ لەلایەن پێنج خوێندکاری کوردەوە لە ئیستەمبوڵ دامەزرا، ڕێکخراوێکی سیاسی و نهێنی کوردی بوو ، ئامانج و پرەنسیپی ئەم پارتە بریتی بوو لە مافی چارەی خۆ نوسین بۆ گەلی کورد. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ماجید خەلیل فەتاح: ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکوری کوردستان (١٩٦٠-١٩٨٠)، نامەی ماستەرە پیشکەشی بەشی مێژووی کۆلێجی زانستەمروڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٥٤- ١٥٥. (بڵاوکراوە)).

ئەو پارتانە ڕێکەون دژی تورکیا، بەڵام پارتی کاوە بڕیاری دابوو ڕێکەوتن لەگەڵ هیچ حکومەتێکی داگیرکاری کوردستان نەکات، لەبەرئەوە، ڕێکەوتنی لەگەڵ سوریا ڕەتکردەوە، ئەم ڕەتکردنەوەیە هۆکاربوو بۆ ئەوەی کاتێک ئەم پارتە کوردیانە لە تورکیا هەڵاتن بۆ سوریا، دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی سوریا جۆرێک ڕێکەوتنی نهێنیان لەگەڵ هێزی سەربازیی ناوچە سنورییەکان کرد، بۆ ئەوەی ڕێگە بەهێزی ئاسایشی و هێزی سنوری تورکیا بدرێت سنوری سوریا ببەزێنن و بچنە سنوری سوریاوە، بۆ ئەوەی هێرشبکەنە سەر ئەو پارتە کوردیانەی لە تورکیاوە هەڵاتوون بۆ سوریا[1].

لە کاتێکدا سەرکردەی پارتی کاوە لەگەڵ شەش کەسی دیکەی پارتەکە هاتبوونە گوندی جرنک و ماڵی ڕەمەزان کابرش[2]، کاتێک هێزی سەربازی تورکیا لە سنور بەوەیانزانی کە سەرکردەی پارتی کاوە و چەند کەسێکی دیکەی پارتەکە لەو گوندە بوون و زۆر نزیک بوو لە سنوری تورکیا، شەوی ١٢ی کانونی یەکەمی١٩٨٠ کۆمەڵێک پۆلیس و چەکداری تورکیا بە ئاگاداری دەزگا ئاسایشی و هەواڵگرییەکانی سوریا، هێرشیان کردە سەر گوندی جرنک و ماڵی ڕەمەزان کابرش، دەستیانکرد بە تەقەکردن هەموو ئەو کەسانەی لە ماڵی رەمەزان کابرش بوون، بەخێزانی رەمەزان کابرشیشەوە، سەرکردە و ئەندامانی پارتی کاوا سەرجەمیان بە ژن و منداڵەوە، بە تەقەی هێزە سەربازییەکانی تورکیا کوژران[3].

ئەو هێزە تورکە بە بێ ترس لە هێزی ئەمنی سوریا و هێزی سەربازیی پاسەوانی سنوری سوریا سنوریان بەزاند، هێز و پۆلیس و دەزگای سەربازیی و ئەمنی سوریا جوڵەیان نەکرد و ڕێگرییان نەکرد لەم ڕووداوە، هەربۆیە ژمارەی قوربانیانی ڕووداوەکە لە خێزانی ڕەمەزان کابرش (٩) کەس بوون بە ناوەکانی: ڕەمەزان کابرش، ئامینە کابرش، شوکری کابرش، عەبدول کەریم

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لقمان سلێمان لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر٣:٠٠ پاش نیوەڕۆ، پێنج شەممە، ئەڵمانیا، ٩-١٢-٢٠٢١.

[2] ڕەمەزان کابرش: کەسایەتییەکی کوردی گوندی "جرنک" بووە، کریار و فرۆشیاری چەک بوو، سەرکردە و ئەندامانی باڵای پارتی کاوە، لە مالی ئەم کەسایەتییە کوردییەدا مانەوە لە دوای هەڵاتنیان لە باکوری کوردستانەوە، پاش کودەتای "کەنعان ئیفرین" بە مەبەستی دەستخستنی چەک، بەڵام کاتێک هێزە سەربازییە سنورییەکانی تورکیا بەمەیان زانی و دەستدرێژی گوللەیان لەسەرجەم ئەو کەسانەی لەو کاتەدا لە ماڵی رەمەزان کابراش بوون کردووە. ڕەمەزان کابرش و سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی ڕمەزان کابرش کوژران. (چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لقمان سلێمان لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر٣:٠٠ پاش نیوەڕۆ، پێنج شەممە، ئەڵمانیا ٩-١٢-٢٠٢١).

[3] جريدة الوحدة، العدد (٣٠٣)، كانون الاول، ٢٠١٨.

کابرش، فەرهاد کابرش، ئازاد کابرش، خوشناف کابرش، حەنیفە کابرش، کاوا عەبدول کەریم کابرش، قوربانیانی پارتی کاوە سەرکردەی پارتەکە و پێنج ئەندام بوون سەرجەمیان شەهیدکران[١].

لە لایەکی دیکەوە، ڕەوشی جوتیارانی کورد لە سایەی سیاسەتەکانی حکومەتدا بە هەمان شێوەی چین و توێژەکانی دیکە باشنەبوو، هەروەک لە ڕۆژنامەی "صوت الاکراد" لە وتارێکی دیکەیدا باس لە ڕەوشی جوتیارانی کورد بەتایبەت جوتیارانی ناوچەی دێریک دەکات، کە بەراورد بە ڕەوشی جوتیارانی ناوچەکانی دیکە زۆر خراپوو، باسی چاکسازی کشتوکاڵی و جیاکاری نەتەوەیی ڕێگری کارکردن، زەوتکردنی زەوی لە جوتیارانی کوردکردووە و چۆن کاری لە واقعی ژیانی جوتیارانی کورد کردبوو[٢].

لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، سوریا دوچاری کێشە و ئاژاوەی نێوخۆی بۆوە، وڵات پێی نایە ڕەوشێکی ساسی شێواو و ئاڵۆزەوە، بەهۆی ململانێی توندی نێوان "بەرەی ئیسلامی لە سوریا"[٣] و حکومەت بەسەرکردایەتی حافز ئەسەد لەنێو بەرەی ئیسلامی سوریادا "کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین"[٤] هەبوو، کە لە زاناو کەسانی ئاینپەروەر پێکهاتبوون لە هەشتاکاندا بوونە بەرەیەکی تووندی ئوپوزسیون[٥].

لە ساڵی ١٩٦٤ ململانێ نێوان ئەو دوو لایەنە گەیشتە قۆناغی ململانێی ئاشکرا و توندوتیژییەوە[٦]. ئەم ململانێیەی نێوان کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین و حکومەت لەسەردەمی حافز ئەسەد تاوەکو

---

[١] جريدة الوحدة، العدد (٣٠٣)، كانون الاول ٢٠١٨.

[٢] العدد، (٨٢)، آب ١٩٨١، وەرگیراوە لە کتێبی: علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص١١٤.

[٣] بەرەی ئیسلامی لە سوریا: هاوپەیمانییەکی نێوان ژمارەیەک لە گروپە ئیسلامییە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا بوو وەک کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین و ڕێکخراوی تەلیعەی خەباتگێڕ و... هتد، لە تشرینی دووەمی ١٩٨٠ پێکهات و شێخ (نەصر بیانوی) سەرۆکی گشتی بەرەکە بوو، ئەم بەرەیە بەیانێکی بەناونیشانی (بيان الثوره الاسلامية ومنهاجها) بڵاوکردەوە، ئەم بەیانە تایبەت بوو بە دژایەتی بۆ عەلەوییەکان. بڕوانە: (محمد بن عبدالرحمن اليحيى: مأساة سوريا في ضل الارهاب العسكري و التسلط الباطني، بدون مكان،٢٠١١، ص١٥٥).

[٤] کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمین: بزوتنەوەیەکی ئیسلامی سیاسی بوو لە ساڵی ١٩٣٨وە دامەزراوە ئامانجی بانگەوازی شەرعی ئیسلام بوو، سەرتا لە میسر دواتر لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی دەرکەوت لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا کەوتە دژایەتی سیستمی دەسەڵاتی حکومەتی سوریا، ئەو ململانێیە گەیشتە ئاستێک بەتێپگرتنی ئەستەم بوو. تاوەکو کارگەیشتە بەکارهێنانی چەک و چالاکی سەربازی لە حەلەب و حەما، ململانێکە بە کارەسات و کوشتاری شاری حەما لە ١٩٨٢ کۆتاییهات بووە هۆی زیانێکی گەورەی مادی و گیانی لەو شارە. بڕوانە: (ناجی عبدالنبي بزي: سورية صراع الاستقطاب...، ص٢٩٠-٢٩١ ؛ عدنان سعدالدين: الاخوان المسلمين في سورية مذكرات وذكريات الحكم البعثي العلوي من عام ١٩٦٣ حتى عام ١٩٧٧, مكتبة مدبولي، القاهره، ٢٠١٠، ص ٣٩٣-٣٩٤).

[٥] محمد بن عبدالرحمن اليحيى: مأساة سوريا في ضل الارهاب العسكري والتسلط الباطني، ص١٥٥.

[٦] لمياء مالك عبدالكريم الشمري: حافظ الأسد ودوره العسكري والسياسي...، ص١٩٢

دەهات توندتر بوو، چونکە دەستوری نوێی سوریای سەردەمی حافز ئەسەد دەسەڵاتێکی زۆر فراوانی دابوو بە سەرۆک کۆمار[١]، ئەمەش بووە هۆی تووڕەبوون و هەڵچوونی جەماوەریی، لە سەرووی هەموویانەوە زانایان و ئیخوان موسلمین و کۆمەڵە و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان، هەوڵیاندا جۆرێک ناڕەزایی و خۆپیشاندان دژی ئەو دەستورە ئەنجامبدەن، داوایانکرد ناسنامەی ئیسلامی بۆ دەوڵەت لە دەستوردا بچەسپێنرێت، بەڵام حکومەت ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ئیخوان موسلمینی دەستگیرکرد ماوەیەک لە زینداندا مانەوە[٢]. وەک مانەوەی مەروان حدید سەرۆکی کۆمەڵەکە لە زیندان و دواتر مردنی، ئەمە هۆکاری دەستپێکی قۆناغی یەکەمی ململانێی نێوان ئە دوو لایەنە بوو[٣]. ڕوداوەکانی حەلەب لە ١٦ حوزەیرانی ١٩٧٩ کاتێک خوێندکارانی "خوێندنگەی المدفعية" لە ناوچەی "الراموسة" لە هۆڵی خواردن و خواردنەوە کۆبوونەوە، لەو کاتەدا چەند چەکدارێک تەقەیان لە خوێندکاران کرد و نزیکی (٣٢) خوێندکار کوژران و (٥٤) خوێندکار بریندداربوون، زۆرینەیان عەلەوی بوون ئەمەش وایکرد حکومەت هەڵمەتێکی گرتن و زیندانیکردنی ئیخوان موسلمینی دەستپێکرد[٤]. ئەو هەڵمەتە وایکرد ئیخوان موسلمین ١٩٧٩ لە بەیانێکدا بانگەوازی جیهادیان دژی حکومەت ڕاگەیاند[٥].

لە پەرەسەندنێکی دیکەدا وەک وەڵامێک بۆ ئیسلامییە سوننە مەزهەبەکان، لە مانگی ئازاری ١٩٨٠ حافز ئەسەد ئیخوان موسلمینی بە "بازرگانی ئاین" ناوبرد، وتی:"ئێمە ئاین و باوەڕمان ئیسلامە، بەڵام ئەوانەی بازرگانی بە ئاینەوە دەکەن تێکدەرن"[٦]، لە هەمان ساڵدا ئیخوان موسلمین چالاکی سەربازییان دژی حکومەت ئەنجامدا[7]، لە بەرامبەردا حکومەتی سوریا هەڵمەتی ڕاگەیاندنی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیخوان موسلمین بە پێویست زانی[٨].

لەو کاتەدا بە هۆی هەوڵی غافڵکوژکردنی حافز ئەسەد لە ١٩٨٠ لەلایەن زیندانیانی زیندانی "تەدمور" و گومانکردن لە ئیخوان موسلمین کە داڕێژەری ئەم پلانەبن، هێزی سەربازیی حکومەت چوونە سەر زیندانەکە و چەند کەسێک کوژران. ئەم ڕووداوە بە کوشتاری تەدمور ناسرا و

---

[١] عدنان سعدالدين: الاخوان المسلمون في سورية مذكرات و ذكريات...، ص ٢٥٤.
[٢] نفس المصدر...، ص ٢٥٩.
[٣] لمياء مالك عبدالكريم الشمري: حافظ الأسد ودوره العسكري والسياسي...، ص ١٩٥.
[٤] باتريك سيل: الصراع على السلطة...، ص ٥١٣-٥١٤؛ لمياء مالك عبدالكريم الشمري: حافظ الأسد ودوره العسكري والسياسي...، ص ١٩٦.
[٥] لمياء مالك عبدالكريم الشمري: حافظ الأسد ودوره العسكري والسياسي...، ص ١٩٨.
[٦] كمال ديب: تأريخ سورية المعاصر...، ص٥٥٧.
[7] Syrians for Truth and Justice (STJ): Syrian Citizenship Disappeared…, P.12.
[٨] هاني خليل: حافظ الاسد، الادانة التاريخية الثورية للارهاب الدولي، دار طلاس، دمشق، ١٩٩٠، ص١٢٧.

ململانێیکانی نێوان حکومەت و ئیخوان موسلمینی هیندەی دیکە توندتر کرد[١]. هەموو ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی لە نێوان حکومەتی سوریا و کۆمەڵەی ئیخوان موسلمیندا ڕویدا، ڕەوشەکەی گەیاندە پێکدادانی سەربازی.

سەرەتای پێکدادان لە حەما بەوە دەستپێکرد، کە هێزی حکومەت گەیشە شاری حەما، هەڵمەتی گەران بەدوای چەکدارانی ئیخوان موسلمین دەستپێکرد، زانیاریان لەسەر هەزاران کەسی شارەکە و ئەندام و لایەنگرانی ئیخوان موسلمین کۆکردبووەوە. دواتر هەڵمەتی گەڕان و پشکنین بۆ دۆزینەوەی شوێنی هەڵگرتنی چەک و تەقەمەنی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین، گەڕان بەدوای بنکەی نهێنی سەرکردەکانی ئیخوان موسلمین و بنکەی هەڵگرتنی چەکیان دەستپێکرد و بەخێرایی هێزی زیاتری حکومەت گەیشتە ئەو ناوچەیە، کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین داوایان لە خەڵک کرد دژی حکومەت ڕاپەرن و بانگەوازی جیهادیان کرد لە مینبەری مزگەوتەوە. بەپێی پلانی خۆیان هەزاران چەکداری ئیخوان موسلمین لە بنکە نهێنیەکانی خۆیانەوە هاتنە دەرەوە، هێرش و پەلاماری هەردوولا دەستپێکرد[٢]. لێرەوە شەڕو و ڕووبەڕووبوونەوەی گەورە لە ١٩٨٢دا لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا ڕوویدا، شاری حەما بەهێزی سەربازی گەمارۆ درا[٣]، ماوەی مانگێک کوشتن و وێرانکردن لە ٢ی شوبات تاوەکو ٢٨ی شوباتی ١٩٨٢ بەردەوام بوو[٤]، شارەکە بۆردومانکرا تۆڕی کارەبای پچراو چەند هەفتەیەک ئەو بۆردومانە بەردەوامبوو، چەندین شوێنی گرنگ لە شارەکە ڕوخێنرا، هێزی فەرمی سوریا سەرکەوتووبوون و دەست بەسەر شارەکەدا گیرا، توانرا کۆتایی بە کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین بهێنرێت[٥]. تێیدا (٣٠-٣٥) هەزارکەس کوژران و برینداربوون، مزگەوت، کەنیسە و شوێنەواری مێژووی وێران کران[٦]، بەو شێوەیە حەما بوو بە گەورەترین کارەساتی سەردەمی نوێی سوریا[٧].

---

[١] الديقراطيون السوريون: مجزرة حما، منشورات التحالف الوطني للتحرير سورية، سورية، ١٩٨٣، ص١٦٠ ؛ محمد بن عبدالرحمن اليحيى: مأساة سوريا في ضل ارهاب العسكري والتسلط الباطني، ص١٥٦.

[٢] لمياء مالك عبدالكريم الشمري: حافظ الاسد ودوره العسكري والسياسي...، ص٢٠٦-٢٠٥.

[٣] دانييل لوغاك: سورية في عهد الجنرال الاسد...، ص١٤٨.

[٤] محمد بن عبدالرحمن اليحى: مأساة سوريا في ضل ارهاب العسكري والتسلط الباطني، ص١٥٨ ؛ الديموقراطيون السوريون: مجزرة حما، ص٢٧.

[٥] لمياء مالك عبدالكريم الشمرى: حافظ الاسد ودوره العسكري والسياسي...، ص٢٠٧-٢٠٨.

[٦] محمد بن عبدالرحمن اليحيى: مأساة سوريا في ضل ارهاب العسكري والتسلط الباطني، ص١٥٨ ؛ الديموقراطيون السوريون: مجزرة حما، ص٢٧.

[٧] الديمقراطيون السورين: مجزرة حما، ص٢٧. سەرچاوەکان ئاماژە بە ژمارەی کوژراوەی کارەساتی حەما دەکەن، کە نزیکی (٥-١٠) هەزار کەس مەزەندەیان کردووە، ژمارەی ئەو کەسانەی بێ سەروشوێن بوون نزیکەی (١٥) هەزاربوون، ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی کوژراوەکان هێندە زۆربوون لە قەراغی شەقامەکان دەنێژران. بڕوانە: (لمياء مالك عبدالكريم الشمري: حافظ الاسد و دوره العسكري السياسي...، ص٢٠٩-٢١٠).

کورد وەک بەشێک لە پێکهاتەی دانیشتوانی سوریا، بێگومان لە کارەساتێکی وا گەورە شوێنی هەبووە، چونکە کارەسات و ململانێکان هێندە ئاڵۆز و سەختبوون سەرتاپای وڵات بە پێکهاتە جیاواز و ناوچە جیاوازەکانەوە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو ڕووداوانەوە، کورد لە ڕووداوەکانی (١٩٨٢)ی حەما بەتایبەتی ڕۆڵی گرنگی بینوە، دەوڵەتی سوریا و خودی حافز پێویستی بە کورد هەبوو لە بەر هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی، هۆکاری نێوخۆی ئەوە بوو، دەسەڵات بەدەست کەمینەیەکی عەلەوییەوە بوو بۆ بەرژەوەندی کەمینەیەکی عەلەوی، پێویست بوو هاوکاری و چاودێری کەمینەیەکی دیکە بکات، بە نموونە کورد بۆ بەستنەوەی کەمینەی کورد بەدەسەڵاتەوە، حافز ئەسەد هێزی تایبەتی کورد و عەلەوی دروستکرد، لە ڕووداو و ئاڵۆزییەکانی حەمادا بەکاریهێنان[١]، ئەوە لەکاتێکدا بوو، کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین چالاکی سەربازییان دژی حکومەت ئەنجامدا، حکومەت و دەسەڵات لە رەوشێکی ناهەمواردا بوو.

لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین هەوڵیاندا کورد بخەنە بەرەی خۆیانەوە دژی دەسەڵات و حکومەت بووەستنەوە، بەو پێیەی زۆرینەی کورد ئیسلامی سونی مەزهەبن، بەو هۆیەوە چاوەڕوان بوون کورد پشتگیری ئیخوان موسلمین بکەن و دژی دەسەڵای سوریا بووەستنەوە[٢]، بەڵام لەسەرەتادا کورد لە ململانێی ئەو دوولایەنەدا هەڵویستیکی بێلایەنانەی هەڵبژارد، لەگەڵ ئەوەدا لە وتاری سیاسی کورد دا ئەوە دەردەکەوت، کە پشتگیری ئیخوان موسلمین نەبوو[٣]. لەبەرئەوە بوو پارتە کوردییەکان داوا و پێشنیاری ئیخوان موسلمینیان ڕەتکردەوە، زیاتر مەیلیان بۆ پشتگیری و پشتیوانی حافز ئەسەد هەبوو[٤]. بەو پێیەی کوردی سوریا زیاتر مەیلیان بەلای ڕەوتی چەپدا دەچوو، بەمەش کورد ئەو هەلەی قۆستەوە، کە پشتگیری حکومەت بکات لە ململانێی لەگەڵ کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین، هەرچەند حافز ئەسەد خاوەنی سوپا، دەوڵەت و پێویستییەکانی شەڕبوو، بەڵام لە ڕووی ساسییەوە پێویستی بەوە هەبوو کورد پشتگیری و کۆمەکی بکات، بەم شێوەیە کورد پشتیگری حافز ئەسەدی کرد لە ململانێی لەگەڵ ئیخوان موسلمیندا[٥]. هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن حافز ئەسەد، بەسەرکردایەتی ئەفسەرە عەلەوییەکان سریەی بەرگریی لە عەلەوی و کورد پێکهێناوە، لە ململانێی لەگەڵ کۆمەڵەی ئیخوان موسلمیندا لە ڕووداو و ئاڵۆزییەکانی حەلەب و حەما بەکاریهێناون[٦]، هەندێکی دیکە لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کورد هێزی تایبەتی لێ پیکهێنراوە، بە هاوبەشی

---

[١] جیرارد جالدیان: المأساة الكوردية، ص١٥٧.

[٢] هوشنک اوسي: الحياة المدنية والسياسية الكردية في سورية بين عامي ١٨٩٨-٢٠١٧، مجلة قلمون، العدد (٢)، آب ٢٠١٧، ص٥٩.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی شەمدین، کاتژمێر٣:٠٠ پاش نیوەڕۆی، چوار شەممە، سلیمانی ٢٠٢٢/١/١٢.

[4] Bader Husein: The Kurdish Issue…, P.34.

[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی شەمدین، کاتژمێر٣:٠٠ پاش نیوەڕۆی، چوار شەممە، سلیمانی ٢٠٢٢/١/١٢.

[6] Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P.67.

لەگەڵ عەلەوی، ئەو هێزە تایبەتە بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەی عەرەبی ئیسلامی ئیخوان موسلمین لە حەلەب و حەما لە ١٩٨٢ بەکارهێنران[١]. ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی عەرەبە سونییەکانی سوریا کوردیان بەهاوبەشی ڕژێمی سوریا دایە قەڵەم لە سەرکوتکردنی حەما[٢]، لەبەرئەوە بوو کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین سیخناخ بوون لە ڕق و کینە بەرامبەر بە عەلەوییەکان و کوردی سوریا[٣].

سەبارەت بە پێکهێنانی سریەی بەرگری و میلیشیا و هێزی تایبەت کە لە کورد پێکهێنرابێت، سەرەڕای ئەوەی چەند سەرچاوەیەک باس لە پێکهێنانی سریە و هێزی تایبەتی کورد دەکەن، کە لە لایەن حکومەت و حافز ئەسەدەوە پێکهینرابێت، بەڵام سیاسەتمەداری کوردی ڕۆژئاوای کوردستان عەلی شەمدین، کە خۆی ئاگاداری ڕووداوەکانی سوریا و رۆژئاوای کودستان بووە لەم بارەیەوە دەڵێت:" کورد وەک میلیشیا یان وەک هێزی تایبەت و سریەی تایبەت لە سەرکوتکردن و ململانێی نێوان حکومەت و ئیخوان موسلمیندا بەکارنەهاتووە، هەرگیز کورد میلیشیای لێ پێکنەهێنراوە، بەڵام گەر ژمارەیەک کورد بەشدارییان لەو ڕووداو و ئاڵۆزییانەدا کردبێت، ئەوا وەک هێزی فەرمی حکومەت بەشدارییان کردووە، ئەرکی سەربازیی" خۆیان بە فەرمی ئەنجامداوە، نەک وەک هێزی تایبەتی کورد[٤]. جگە لە شەمدین، عەلی صالح میرانی توێژەری بواری کوردانی ڕۆژئاوا جەخت لە پێکنەهێنانی میلیشیا و هێزی تایبەت لە کورد دەکاتەوە پێی وایە، کورد وەک پێکهاتە بە تەنیا بەکارنەهاتووە لە ململانێی و ڕوداو و ئاڵۆزییەکانی حەما ١٩٨٢[٥].

لەگەڵ ئەوەشدا وەک هەڵویستی سیاسی، کورد زیاتر پشتگیری حکومەتی حافز ئەسەدی کردووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کورد، تاڕادەیەک بڕوای بە پارتی سیاسی ئیسلامی نەبوو، چونکە پێ وابوو ئەو پارت و کەس و لایەنانە بەرلەوەی ئیسلام بن عەرەبن، مەترسین بۆ سەرکورد، فاکتەرێکی دیکە کە پاڵی بەکوردەوە ناوە پشتگیری حافز ئەسەد بکات، ئەوە بوو کە بە ئومێدی ئەوەی حکومەت ڕۆژێک چارەسەری پرسی کورد و کێشەی کورد بکات، چارەسەری بێ ناسنامەکان بکات، یاسا و بڕیاری باری نائاسایی کۆتاپێبهێنێت، پشتێنەی عەرەبی هەڵوەشێنرێتەوە[٦].

---

[١] دارا عەتار: خەباتی کورد لە پێناوی ناسنامەکەیدا..، ل ١٤٢-١٤٣.

[2] Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P.67.

[٣] دارا عەتار: خەباتی کورد لە پێناوی ناسنامەکەیدا...، ل ١٤٢-١٤٣.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی شەمدین، کاتژمێر ٣:٠٠ پاش نیوەڕۆ، چوار شەممە، سلێمانی، ١٢ /١ /٢٠٢٢.

[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی صالح میرانی لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر ٩:٠٠ شەو، دوو شەممە، دهۆک، ٢٠٢١/١٢/١٣.

[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی صالح میرانی لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر ٩:٠٠ شەو، دوو شەممە، دهۆک، ٢٠٢١/١٢/١٣.

دەکرێت بوترێت فاکتەرێکی دیکەی مەیلی کورد بۆ پشتیوانی حکومەت و ڕەتکردنەوەی پشتیوانی ئیخوان موسلمین، کاریگەریی ڕەوتی مارکسی بوو بە سەر کوردانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە، بێگومان ڕەوتی سوونی مەزهەبی ئیخوان موسلمین و لاوازی هیوای سەرکەوتنی، وایکرد لە کورد ئەمە وەک هەلێک ببینێت، هەم بۆ کەمکردنەوەی فشاری دەوڵەت بۆ سەر کورد کە پێش ئەم ماوەیە لەوپەری توندوتیژیدا بوو، هەم تاوەکو ئەو جێگەیەی دەکرێت بتوانێت دەستڕۆیشتوویی کورد لە دامەزراوە حکومییەکاندا پەرەپێدەدات لە ڕێگەی پشتیوانی حکومەتەوە.

لە پاداشتی هەڵوێستی ئەرێنی کورد بەرامبەر حکومەت و پشتگیری بۆ حافظ ئەسەد لە ململانێی لەگەڵ کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین دا، بەرنامەی چەوساندنەوە و سەرکوتکاریی دەوڵەتی سوریا بەرامبەر بە دانیشتوانی کورد لە سوریا هەڵوەشێندرایەوە[1].لێپێچینەوەی ئەمنی دژی سەرکردەکانی کورد کەمتر بوو، واتا ئەو توندوتیژییەی هێزە ئەمنییەکان بەرامبەر سەرکردە کوردەکان لە پێشتر هەبوو چاوپۆشی کرا لە چالاکییەکانیان، جگە لەوە پشتگیری و لایەنگری کورد بۆ حافز ئەسەد لە ململانێی لەگەڵ کۆمەڵەی ئیخوان موسلمیندا بووە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی سوریا ڕێگری ئەمنی بەرامبەر بە پێدانی مافەکانی کورد لابەرێت، حکومەت و حافز ئەسەد گەشتنە ئەو بڕوایەی کە کورد کار لە دژی حافز ئەسەد ناکات و لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە، هیچ مەترسیەک بۆ وڵات دروست ناکات، هاوکاری هێز و لایەنێکی دژ بە دەوڵەت ناکات[2].

لەڕاستیدا جۆرێک لە ئازادی فەرهەنگی و چالاکییە فەرهەنگییەکانی بۆ کورد دەستەبەرکرد، ئەم ئازادییە فەرهەنگیەش شێوەیەکی ڕێژەیی و بۆ ماوەیەک ڕێگەی پێدرا، نەک بۆ هەمیشە، جیا لەوە حکومەت جۆرێک لە سیاسەتێکی هێمانەتر لە پێشتریان بەرامبەر بە کورد پەیڕەوکرد توندوتیژی و لێپێچینەوەی کورد و سەرکردەکانی کورد کەمکرایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت سوربوو لەسەر نکۆڵیکردن لەسەربوونی پرسی کورد لە سوریا، داننەنان بە بوونی مافی سەربەخۆی گەلی کورد لە سوریا[3] سەرەڕای ئەو پێشهاتانە حکومەت لە لوتکەی ململانێکانی لەگەڵ نەیارەکانیدا، کە هێشتا کورد و حکومەت هێندە لەیەک نزیک نەبوونەوە، تاوەکو کورد بتوانێت پشت بە حکومەت ببەستێت[4]، چونکە حکومەت بڕوای بە بوونی کورد و مافی نەتەوەیی و هاوڵاتیبوونی کورد نەبوو لە سوریا، بەشێوەیەک وێنای کوردیان دەکرد، ئامانجیانە خاکەکەیان لە حکومەتی سوریا جیاببێتەوە، دژی نەتەوەی عەرەب پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە ببەستن، ئەم تێڕوانینەی حکومەت سەبارەت

---

[1] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus…, P.38-39.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی شەمدین، کاتژمێر ٣:٠٠ پاش نیوەڕۆ، چوار شەممە، سلێمانی، ١٢ /١/ ٢٠٢٢.

[3] هوشنک أوسي: الحياه المدنية والسياسية الكردية في سورية بين عامي ١٨٩٨-٢٠١٧، ص٥٩.

[4] Bader Husein: The Kurdish Issue…, P.34.

به کورد بووە هۆی ئەوەی پرسی کورد بەبی چارەسەر وەک خۆی بمێنێتەوە لە سوریا[1]. نموونەی دیاری هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر بە کورد لەو ڕەوشەدا کە حکومەت و ئیخوان موسلمین لە شەڕ و ململانێدابون لە ١٩٨٢ زمانی کوردی لە قوتابخانە و زانکۆکان قەدەغەکرا، ئەمەش بە پیی مەرسومی نهێنی، هەروەک جەختکراوەتەوە لە بەکارنەهێنان و قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە هەموو دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتدا[2].

سوریا بۆ ماوەی نێوان سالآنی ١٩٧٦-١٩٨٢ پێی نایە ڕەوشێکی ئاڵۆز و ململانێی نێوخۆییەوە، بەڵام دواجار دەرئەنجامێکی گرنگ و چارەنوسسازی بۆ سوریا هێنایە پێش، کۆتایی بە ململانێی دوور و درێژی حکومەت و کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین هێنا وکۆتایی بە ئاژاوەی نێوخۆی هات، هاوکات رەوشی کورد لەم سالآنەدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەبەراورد بە پێشتر بەرەو باشتربوون ڕۆیشت، چونکە دەسەلآتی سوریا و خودی فافز ئەسەد گۆڕانێکی ئیجابی بەخۆیەوە بینی بەرامبەر بە کورد. ئەگەرچی حافز ئەسەد بەڕەسمی کۆتایی بە سیاسەتی نەژادی و رەگەزی دژی کورد هێنا، بەڵام هۆکاری گرنگتر لە پشت گۆڕانی ئیجابی سیاسەتی حکومەت و خودی حافز ئەسەدەوە بەرامبەر بە کورد هەبوو، ئەو هۆکارەش خۆی لە هەڵوێستی سیاسی کورد دابینییەوە کە پشتگیری حکومەت بە سەرکردایەتی حافز ئەسەدی کرد، لە ململانێی لەگەڵ کۆمەڵەی ئیخوان موسلمیندا، کورد دڵنیا بوو لە سەرکەوتنی حکومەت بەسەر کۆمەڵەی ئیخوان موسلمیندا، هەربۆیە کورد لەم قۆناغەدا بە وریاییەوە مامەڵەی کرد و ڕۆڵی گیرا و پشتگیری حافز ئەسەدی کرد، بە ئومێدی چارەسەکردنی پرسی کورد لە سوریا و چارەسەرکردنی ئەو ڕەوشەی کە کورد بە هۆی (بڕیاری باری نائاسایی)یەوە دینالآند. حافز ئەسەد و حکومەتیش لەم قۆناغەدا لەپێناوی ڕێگەگرتن لە پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆنی دیکە لە سوریا، لە ترسی کرانەوەی بەرەی دیکەی ئۆپۆزسیۆن لە سوریا دژی حکومەت، پێویستی بە پشتگیری و نزیکبوونەوە لە کورد هەبوو، لەم پێناوەشدا حافز ئەسەد توندوتیژی و سەرکوتکاری دژی کورد و بەرامبەر بە سەرکردە کوردەکان کەمکردەوە، ڕیگەی بە چالاکی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری دا، بەشێوەیەکی ڕێژەیی و نافەرمی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بوو، بەڵام لەڕووی سیاسیەوە حکومەت درێژەی بە ساسەتەکانی خۆیدا دژی کورد وەک نکۆڵیکردن لە بوونی کورد لە سوریا، داننەنان بە بوونی پرسی کورد لە سوریا، بەردەوامی سیاسەتی بە عەرەبکردنی ناوچەکان...هیتد درێژەی هەبوو. ئەو پێشهات و گۆڕا نکارییانەی لە سیاسەتی حکومەتدا بەرامبەر بە کورد پەیڕەوکرا، سیاسەتێکی حکومەت بوو بۆ قۆناغێکی مێژوویی، کە وڵات لە

---

[1]چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی صالح میرانی لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر ٩:٠٠ شەو، یەک شەمە، دهۆک ٢٠٢١/١٢/١٢.

[2] Syrians for Truth and Justice (STJ): Syrian Citizenship Disappeared…, P.12.

ڕەوشێکی قەیراناویدا بوو، نزیکبوونەوە لە کورد پێویستییەکی ئەو قۆناغە بوو، بەم جۆرە پرسی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان بەبێ چارەسەر وەک خۆی مایەوە.

# بەشی دووەم

## پرسی کوردی ڕۆژئاوا لە ستراتیژی سیاسی حکومەتی سوریادا(١٩٨٣-حوزەیرانی ٢٠٠٠)

## باسی یەکەم:

## سیاسەتی حکومەتی سوریا لە ڕۆژئاوای کوردستان (١٩٨٣-١٩٩٢):-

لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە، ڕەوشی ناوخۆیی سوریا بەهۆی ئاڵۆزیی پەیوەندی حکومەت و ئیخوان موسلمین و پێکدادانی شاری حەما، حافز ئەسەد سیاسەتی توندی بەرامبەر کورد تاڕادەیەک لە جاران کەمترکردەوە و هەندێک کرانەوەی فەرهەنگی و کەمبوونەوەی تاڕادەیەکی ئەو شەپۆلەی بەعەرەبکردنی ناوچەکوردییەکان و ...هتد ڕووی لە کوردی ڕۆژئاوای کوردستان کرد، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە سیاسەتیکی کاتی حکومەتی سوریا بوو بۆ ڕێگریی لە فراوانبوونی بەرەی ناڕەزایی لە بەرامبەر حکومەتی سوریا، بەو پێیەی لەدوای سەرکوتی حەما حکومەتی سوریا دەستیکردەوە بە بەعەرەبکردنی ناوی شوێن و ناوچە کوردییەکان و قەدەغەی زمان چالاکی سیاسی پارتە کوردییەکان و میوزیکی کوردی و بڵاوکراوە بە کوردی...هتد.

سیمای سەرەکی بزوتنەوەی سیاسی و نەتەوایەتی کوردی لە ساڵانی هەشتاکاندا خۆی دەبینییەوە لە کەرتبوون و ململانێی توند لەنێوان پارتە کوردییەکاندا[1]. سیاسەتەکانی حکومەتی سوریا وەک هەمیشە نکوڵیکردن لە مافەکانی گەلی کورد و دانپێدانەنان بە شەرعییەتی خەباتی نەتەوەی کورد بەردەوامبوو، لەگەڵ بەردەوامی سیاسەتی جیاکاریی نەتەوەی دژ بە مافەکانی خوێندکارانی کورد لە پەیمانگا و خوێندنگەکان و قۆناغەکانی خوێندن بە گشتی دژ بە فەرمانبەرانی کوردا لە دامەزراوە گشتییەکاندا. ئەو ڕەوشەی کوردی تێدابوو لە بەیاننامەی کارەکانی کۆنگرەی چواری پارتی دیموکراتی کوردی سوریا "البارتی"دا خراوەتەڕوو، کە جەخت لەوە دەکاتەوە، بەردەوامی سیاسەتەکانی حکومەت بەو شێوەیە زیان بە یەکێتی نیشتیمانی سوریا دەگەیەنێت، کۆنگرە باسی لە هەڵوێستی ئەرێنی دەسەڵات کردبوو، کە هەڵوێستێکی باشیان نواندووە لە ساڵی ١٩٨٣ سەبارەت بە ئاهەنگی نەورۆزی گەلی کورد و چالاکییە فەرهەنگییەکانی[2].

هەروەک جۆرێک لە گۆڕانکاریی لە هەڵوێستی سەرکردەکانی سوریا بەرامبەر بە سەرکردەکانی کورد و پارتە کوردییەکان تێبینی دەکرا، هەڵوێستی توندی دەزگا ئەمنییەکان بەرامبەر بە سەرکردە و پارتە کوردییەکان کەمتر بووە، لەبەر چەند هۆکارێک:

١- کەرتبوون و جیابوونەوە لە نێو ڕیزەکانی پارتە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان یەکێک لە هۆکاری ئەو کەرتبوون و جیابوونەوانەیان لە ساڵانی هەشتاکاندا لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو،

---

١ علي صالح ميراني: الحياة الحزبية السرية في كردستان سوريا ١٨٩٨-٢٠٠٨، ط١، منشورات مركز الدراسات الكوردية وحفظ والوثائق جامعة دهوك، دهوك، ٢٠٠٩، ص١٦٨.

٢ نفس المصدر، ص٢٥٨-٢٦٠.

هەندێک لە پارتە کوردییەکان ڕەهەندە کوردستانییەکانیان زیاتر لەوەی هەبوو گەورە کردبوو، تاوەکو ئاستی دروشمی ڕزگاری و یەکێتی کوردستان دەڕۆشتن، هەروەها دروشمی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردی سوریایان گەرمکردبوو، ئەمەش ئاراستە و ڕوانگەکانی گەلی کوردی سوریایی شێواندبوو هاوکات ببووە زەمینەیەکی لەبار بۆ پەرەسەندنی دیاردەی کەرتبوون و جیابوونەوە و زیاترکردنی دابرانی پارتەکوردییەکان لەیەکتر، ئەمە لە کاتێکدابوو حکومەت مەبەستی بوو گوێی لەم جۆرە دروشمانە بێت بۆ قوڵکردنەوەی ناکۆکی نێو پارتەکوردییەکان و تەنانەت لە نێو خودی یەک پارتیشدا، هەروەها دۆزینەوەی دەرفەتێک بوو بۆ دەسەڵاتی سوریا بۆ جێبەجێکردنی زیاتری پرۆژە و سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کورد بۆ ئەو مەبەستە حکومەت چاوی لە ئاست ئەو دروشمانە پۆشی بوو[١].

٢- پێشکەوتنی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارانی سوریا و پارت و سەرکردە کوردییەکانی باشوری کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە چوارچێوەی هاوکارییەکانی حکومەتی سوریا بوو بۆ ئۆپۆزسیۆنەکانی حکومەتی عێراق[٢]، ئەمە بەهۆی ناکۆکی نێوان بەعسییەکانی سوریا-عێراق بە سەرکردایەتی حافز ئەسەد و"سەدام حسین"[٣]. بەهۆی ئەوەوە دەسەڵاتدارانی سوریا هەستان بە یارمەتیدانی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق[٤]، بە تایبەت حیزبە کوردییەکان مۆڵەتی کردنەوەی نوسینەگە و شوێنی مانەوەیان بۆ دابینکردن لە سوریا، کارئاسانی و هاوکاریان پێشکەشی ئەو پارتانە کردووە، هەڵبەت ئەم هاوکاری و کار ئاسانییە بۆ پارتە کوردییەکانی باشوری کوردستان زۆر گرنگ و بایەخداربوو لەو هەلومەرجەدا[٥]. حکومەت هەوڵیدەدا

١ علي شمدين: الحركة الكردية في سوريا وظاهرة الانشقاقات...، ص١٦٩؛ خالد عقلان: الجذور التأريخية للقضية الكردية، المعهد المصرى للدراسات الاسياسية و الاستراتيجية، ملفات الاقليمية، استنبول، ١٨ مايو ٢٠١٧، ص٣٤.

٢ هوشنك اوسي: الحياة المدنية و السياسية الكوردية في سورية بين عامي ١٨٩٨-٢٠١٧، ص٥٩.

٣ سەدام حوسێن: ناوی سەدام حوسێن مەجید عەبدولغەفورە، لە ٢٨ی نیسانی ١٩٣٧ لە گوندی عۆجەی سەر بە پاریزگای سەلاحەدین لە دایکبوە، بڕوانامەی یاسای لە کۆلیجی ماف لە زانکۆی قاهیرە بە دەستهێناوە، لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٧٩ دەسەڵاتی لە عیراق گرتەدەست و توانی نزیکەی چارەکە سەدەیەک حوکمی عیراق بکات، لە ریگەی چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی و دەستگرتن و کۆنترۆلکردنی دەنگی نارەزایی لە وڵاتدا، لە ماوەی حوکمیدا، ژمارەیەک جەنگ و رووبەرووبونەوەی سەربازی ئەنجامداوە، جەنگی سێیەمی کەندا و کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان دژی عیراق ئە نجامیاندا، ئەنجامەکەشی دەستگیرکردنی سەدام حوسین بوو لە ٢٠٠٣، دواتر ٣ ئابی ٢٠٠٤ لە سێدارە دراوە. بڕوانە: (مهدي حيدر: عالم صدام حسين، رواية، ط٣، منشورات الجمال، بيروت، ٢٠٠٣، ص٧-٨، ٤٤).

٤ دورییە عەونی: عەرەب و کورد ناکۆکی یان تەبایی، و: سوارە قەڵادزێی، چ١، چاپخانەی شڤان، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٧٦.

٥ عەلی حسین: تراژیدیاي کورد لە سوریا، و.سەلام عبدولکریم، چ١، چاپخانەی گەنج، سلیمانی، ٢٠١٣، ل٢٤.

لەو ڕێگەیەوە کوردی وڵاتەکەی بچنە ڕیزی ئەو پارتە کوردییانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان و لە چالاکی ناوخۆیی دوریان بخاتەوە.

٣- ململانێی دوورو درێژی نێوان حکومەتی سوریا و کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین، بووە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی سیاسەتی سەرکوتکاری حکومەت بەرامبەر بە کورد، ئەوەش لە پێناوی ڕێگریکردن لە دەرکەوتن و زیادبوونی ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆیی بوو[١]، هەڵبەت ئەم کرانەوە دیموکراتییە ڕێژەییەی لەلایەن حافز ئەسەدەوەبە کورد درابوو درێژەی هەبوو، جۆرێک لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوەیەکی تاکتیکی حکومەتی سوریا لەگەڵ کورد هاتبووە ئاراوە. لەم قۆناغەدا کورد وەک سەردەمی پێشتر ڕووبەڕووی بڕیاری باری نائاسایی نەدەبووەوە، کە بێتە هۆی تواندنەوەی نەتەوەیی کورد[٢].
٤- هاوکاریکردن و داڵدەدانی پارتە کوردییەکانی باکوری کوردستان لەلایەن حکومەتەوە، ئەم پێشهاتە سیاسیانە بوونە هۆی ئەوەی کە حافز ئەسەد سیاسەتی نزیکبوونەوە لە کورد پەیڕەو بکات و لەوە دڵنیا بێتەوە کە کورد لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدایە و هیچ مەترسییەک بۆ سەر حکومەت و خودی حافز ئەسەدیش دروست ناکات[٣]. لێرەدا دەکرێت بوترێت هەرقۆناغێکی مێژوویی هەڵگری تایبەتمەندییەتی خۆیەتی، ئەو پێشهات و جۆرەکرانەوە ڕێژەییەی کە لەلایەن حافز ئەسەدەوە بە ڕووی کورددا کرایەوە، سیاسەتێکی حکومەت بوو بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی و بۆ ڕاکێشانی هەڵوێستی کورد بوو بۆ بەرژەوەندی حکومەت، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەو قۆناغە کرانەوەیە بۆ کورد سودبەخش بوو لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگییەوە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی کاتیی و ڕێژەییش بووبێت.

سەبارەت بەوەی سوریا داڵدەی پارتەکوردییەکانی باکوری کوردستانی داوە، سوریا خاوەنی مێژووییەکی پەیوەندی دوژمنانەیە لەگەڵ هەریەک لە عێراق و تورکیا.[٤] بەتایبەت پەیوەندی سوریا لەگەڵ تورکیا پەیوەندییەکە خراپتر بوو بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی دراوسێی سوریا، ئەمەش بە هۆی پێگەی جوگرافی و مێژوویی و دەستێوەردانی ئیتنی و نەتەوەیی و کێشە ئاڵۆزەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەوە بوو[٥]. بە نموونە کێشەی ئاو و خاک دوو کێشەی دیاری نێوان ئەو دوو دەوڵەتە

---

[1] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damauscus..., P.38-39.

٢ محمد جمال باروت: التكون التاريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٨٣٦.

٣ هوشنك اوسي: الحياة المدنية و السياسية الكوردية في سورية بين عامي ١٨٩٨-٢٠١٧، ص٥٩.

٤ هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆڵی لێکراو، ل١٨٢.

٥ حامد محمد طه السويداني: العلاقات التركية-السورية ١٩٩٨-٢٠١١، مجلة الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، مجلد (٩)، العدد (٢٧)، ٢٠١٢، ص١٨٨.

بوون[١]. پەیوەندی ئاڵۆزیی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە کاریگەریی زۆری لەسەر کورد هەبووە لە هەردوو دەوڵەت، هەروەک لە ئاڵۆزبوونی پەیوەندی هەر دوو دەوڵەت هەریەک لەم دەوڵەتانە کوردی دەوڵەتەکەی دیکەی لە دژی هەمان ئەوی دیکە بەکاردەهێنا، وەک کارتێکی فشاری ستراتیژی بەکاردەهێنران[٢]. لەم چوارچێوەیەدا لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٤-١٩٩٨) تێبینی ئەوە دەکرێت ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی ترسناکی لەسەر هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان تورکیا و سوریا هەبووە، پەیوەندی سوریا و تورکیا تایبەتمەند بوو بە چەندین خاڵی دژوار کە بووە هۆی زیاتر دوورکەوتنەوەی هەردوو وڵات لەیەکتر[٣]. بە نموونە حکومەتی سوریا بەردەوام بووە لەسەر ناکۆکییەکانی لەگەڵ تورکیا لەسەر لیوای ئەسکەندەرونە[٤]، کە بە پێی ڕێکەوتنی ئەنکەرە ١٩٣٩ نێوان تورکیا و ماندانی فەرەنسی لە سوریا، ئەم لیوایە درا بە تورکیا و ماندانی فەرەنسی دانیپێدانا بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی تورکیاوە، لە بەرامبەر ئەوەدا ماندانی فەرەنسا دەستکەوتی ماددی ئاسن و زیو، مادەی خاوی بەدەستهێنا، لێرەوە تورکیا هەوڵیدا ناسنامەیەکی تورکی بە لیوای ئەسکەندەروونەبدات[٥]، ئەمە لە کاتێکدا سوریا وادادەنێت ئەم ناوچەیەی بە ناهەق لیێ زەوتکراوە، تا ئێستاش لای سوریا وایە ئەو ناوچەیە بەشێکە لە سوریا و داگیرکراوە، هەروەها لە هەموو نەخشە ڕەسمییەکانی سوریادا ئەو ناوچەیە وەک بەشێک لە سوریا دەردەکەوێت و دادەنرێت و پێیان وایە پێویستە ئەو لیوایە بگەڕێندرێتەوە بۆ سوریا[٦].

دووەم بابەتی سەرەکی ئاوە، کە پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ تورکیادا ئاڕاستە دەکات بە هاتنە پێشەوەی ساڵانی ١٩٧٠کان کێشەی دابەشکردنی ئاوی ڕوباری فورات لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا دەرکەوت،[٧] دواتر لە ١٩٨٠کان کێشەی ئاو پێی نایە قۆناغێکی توندەوە، کاتێک تورکیا دەستیدایە دروستکردنی چەندین بەنداو لەسەر ڕوباری فورات و لقەکانی ئەو ڕوبارە لە چوارچێوەی

---

١ کۆمەڵێک نووسەر: کێشەی کورد و پارتی کرێکارانی کوردستان لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی تورکیادا، و: سلام عبدولکریم و بەرزانی مەلا تەها، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٥٢-٥٣.

٢ هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆلیکراو، ل١٨٢.

٣ وەک ئەوەی کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ڕوویدا. بڕوانە: (کۆمەڵێک نووسەر: کێشەی کورد و پارتی کرێکارانی کوردستان...، ل٥٢-٥٣).

٤ لیوای ئەسکەندەرونە: لە ڕوبەرێکی کەناری ئاوی و چەند دەشتێکی بە پیت پێکدێت، دەکەوێتە دیوی ڕۆژهەڵاتی سوریا و باکوری لبنان، لە ساڵی ١٩٣٩ بەپێی ڕێکەوتنی نێوان تورکیا و ئینتدابی فەڕەنسی درا بە تورکیا. بڕوانە: (هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆڵی لیکراو...، ل١٨٣).

٥ حامد محمد طه السويداني: العلاقات التركية السورية ١٩٩٨-٢٠١١...، ص١٩٠.

٦ عبدالعريز شحادة المنصور: المسالة المائية السورية تجاة تركيا، ط١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٠، ص٢٢٣.

٧ احمد يوسف احمد: الصراعات العربية-العربية ١٩٤٥-١٩٨١، دراسة استطلاعية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٨٨، ص٦٠.

پرۆژە ئاوییەکانی تورکیا و بەبێ ڕاوێژ یاخود ڕێکەوتنی پێشوەختە لەگەڵ سوریا و عێراقدا، هاوکات سوریا بە ڕێژەیەکی زۆر پشتی بە ئاوی ڕوباری فورات دەبەست، چونکە ئاوی ڕوباری فورات بەشێکی زۆری سەرچاوە ئاوییەکانی سوریا پێکدەهێنێت[1]، "بەنداوی ئەتاتورک"[2] یەکێک بوو لەو بەنداوانەی کە تورکیا لەسەر ڕوباری فورات دروستیکردووە، بەهۆی ئەو بەنداوەوە سوریا لە بڕێکی زۆری ئاوی ڕوباری فورات بێ بەشبووە، تورکیا ئەو بەنداوەی وەک کارتێکی فشار دژی سوریا بەکاردەهێنا[3].

تورکیا بەهۆی پرۆژە ئاوییەکانەوە کۆنترۆڵی بەرچاوی لێشاوی ئاوی ڕوباری فوراتی بەناو عیراق و سوریادا کردووە، سوریاش لە کەمی ئاو، کارەبا و کێشە کشتوکاڵییەکانیدا لۆمەی تورکیای دەکرد، ئەوە لە کاتێکدابوو تورکیا ئەوەی ڕاگەیاندبوو توانای سیاسی بەهێزی بۆ گرتنەوەی ئەو ئاوەی هەیە کە پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریادا دەتوانرێت دژی سوریا بەکاریبهێنێت[4]، ئەم هەڵویستەی تورکیا بوو بەهۆی ئەوەی سوریا و عێراق ترسیان هەبێت لە دەرکەوتنی تورکیا وەک هێزێکی هەرێمی باڵادەست بەسەر ئاودا کە لە داهاتودا گەشە بە توانای ئابووری، سیاسی...هتد بدات لە میانەی پرۆژە ئاوییەکانیدا[5].

گرژی و ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی نێوان سوریا و تورکیا زەمینەی گونجاوی ڕەخساند تاوەکو هەردو وڵات هەستن بە پەنادان و پاڵپشتیکردنی گروپ و پارتە ئۆپۆزسیۆن و بەرهەڵستکارەکانی هەریەکەیان دژی ئەوی دیکە، بە تایبەت کورد[6]، سوریا لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە پەنای گروپە چەپەکانی تورکیایدا و پشتیوانی لێ کردن لە پاڵ گروپە ئیتنییەکانی دیکەدا بۆ گوشار خستنەسەر تورکیا[7]، هۆکارێکی دیکەی پەنادانی گروپە چەپەکانی تورکیا لە لایەن سوریاوە

---

١ ابراهيم خليل احمد و خليل علي مراد: ايران و تركيا ( دراسة في تاريخ الحديث و المعاصر)، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٢، ص٣١٣.

٢ بەنداوی ئەتاتورک: بڕبڕەی پشتی پرۆژە ئاوییەکانی تورکیا بوو لەسەر ڕووباری فورات، (٦٥ کم) لە سنوری سوریا– تورکیا دوربوو، توانای گلدانەوەی (٧،٤٨) ملیار مەتر سێجا ئاوی هەبوو، توانای بەرهەمهێنانی (٢٤٠٠) میگاوات وزەی هەبوو کە دەکات (٨٩٠٠) ملیار کیلووات ساڵانە وزە بەرهەم دەهێنێت توانای ئاودانی (٧٧٤٢) هەزار هیکتار زەوی هەیە، ئەم بەنداوە بە هۆی نزیکی لە سنوری سوریا و لەسەر روباری فورات بونیاد نراوە, زیانی گەورەی بە ئاوی سوریا گەیاندوە. بڕوانە: (عبدالعريز شحادة المنصور: المسالة المائية السورية تجاه تركيا، ص١٧٧).

٣ جيراد جالديان: الماساة الكوردية، ص١٥٧.

٤ کۆمەڵێک نووسەر: کێشەی کورد و پارتی کرێکارانی کوردستان...، ل٥٤–٥٥.

٥ عبدالعريز شحادة المنصور: المسالة المائية السورية تجاة تركيا، ص١٧٩.

٦ هاينتس كرامر: تركيا المتغيرة تبحث عن ثوب جديد، ت: فاضل جتكر، ط١، مكتبة العبيكان، السعودية، ٢٠٠١، ص٨٢.

٧ هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆلی لێکراو، ل١٨٤ .

هاوپەیمانی سوریا بوو لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، ڕێگەدانی سوریا بۆ ڕۆشتنی پارتە چەپەکان بۆ نێو خاکی سوریا[١]. هەر وەک لە ماوەی ڕوودانی کودەتای سەربازی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ لە تورکیا بزوتنەوەی کوردی دوچاری پاشەکشە کردبوو، بەهۆی ئەو ڕێوشوێنە ئەمنییە توندەی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەزگا سەربازییەکان گرتیانەبەر وەک قەغەدەی هاتوچۆ لە شەودا ڕاگەیەنرا، دەستگیرکردن لەو ناوچانە، ئەم هەنگاوانە بۆ ڕێگریی لە هاوکاری چالاکییەکانی جوڵانەوەی کورد بوو[٢]، لەم چوارچێوەیەدا سوریا ڕێگەی بە پارتی کرێکارانی کوردستان[٣]دا بچنە نێو خاکی سوریاوە[٤].

پارتی کرێکارانی کوردستان توانی یەکەم سەرکەوتنی خۆی لە سوریا بە هاوکاری حکومەتی سوریا بەدەستبهێنێت[٥]، ئەو سەرکەوتنەش بە سودوەرگرتن لە ڕەوشی نێوخۆی سوریا و ململانێی نێوان کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین و حکومەتی سوریا[٦]. جیا لەوەی بوونی پارتی کرێکارنی کوردستان لە سوریا بۆ کوردی ڕۆژئاوا مایەی خۆشحاڵی و پێشوازی لێ کردن بوو، لە قۆناغەکانی دواتردا بەشێکیان چوونە ڕیزی ئەو پارتەوە.

حکومەتی سوریا ڕێگەی بە پارتی کرێکارانی کوردستاندا بە ئازادی لە سوریا کاری سیاسی بکەن و بنکە و بارەگا لە ناوچەی "جبل الاکراد" و "حەلەب" دابمەزرێنن، هەروەها سوریا یارمەتی سیاسی و سەربازیی پێشکەش بە پارتی کرێکارانی کوردستان کرد لە دژی تورکیا[٧]. هەربۆیە پارتی کرێکارانی کوردستان لە دیمەشق و لوبناندا سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوە و دامەزراندنی بنکەی سیاسی و سەربازیی بوو، نزیکەی (٤٠٠) ئەندامی پارتەکە لەو بنکانەدا خول و ڕاهێنانی سەربازیی و سیاسییان بینی و بەمەش پێگەی سیاسی و ئایدۆلۆژیای پارتەکە لە دیمەشق دامەزرا[٨].

---

١ مهند الكاطع: اكراد سورية التاريخ-الديموغرافية-السياسة، ط١، دار مناديل للنشر و التوزيع، العراق، ٢٠٢٠، ص٣٥٣.

٢ ابراهيم الداقوقي: اكراد تركيا، ط١، دارالمدى، للثقافة والنشر، بيروت، ٢٠٠٣، ص٢٨٤.

٣ پارتي کرێکارانی کوردستان: پارتێکی سیاسی کوردییە، ئایدولوژیاکەی چەپڕەوەو ئامانجی کاتی ڕزگارکردنی باکوری کوردستان لە بندە ستی تورکیا، ئامانجی ستراتیجی سەربەخوی کوردستانی گەورەیە، واتە مەبەستی دامەزراندن و دەوڵەتیکی نەتەوەیی بووە، لە ڕووی سەربازییەوە خەباتی چەکداری ستراتیژی تیکوشان بوو، هەروەها لە ڕووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە وەستاندنی تواندنەوەی سیماکانی کورد و ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ, لە ساڵی ١٩٨٤ خەباتی چەکداری دەستپێکرد. بڕوانە: (ماجید خەلیل فەتاح: ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکوری کوردستان (١٩٦٠-١٩٨٠)، ل١٨١).

٤ م. شترو همایەر و ل. یاڵچین هیکمان: کورد لە سوریا و ئازەربایجان و ئەرمەنستان، ل٢٢-٢٣.

٥ شمس الدين الكيلاني: المسالة الكردية في ضوء..، ص١١.

٦ مهند الكاطع: اكراد سورية...، ص٣٥٤.

٧ مایکڵ ناس و ئەوانی دیکە: شۆڕشی ڕۆژئاوا خۆبەڕێوەبەریی دیموکراسی ڕزگاری ژنانی ڕۆژئاوای کوردستان، و: ڕەفعەت مورادی، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٩، ل١٢٠-١٢١.

٨ هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆلی لێکراو، ل١٨٥ .

نووسینگە و کەمپەکانی راهێنانی ئەندامانی پارتەکە لە دیمەشق و دۆڵی بیقاع لە لوبنان دامەزران، ئەوە دەبینرا کە دەسەڵاتی سوریا بە شێوەیەکی نافەرمی هاوکاری پارتەکە دەکات[١]، هەروەها کارئاسانییان بۆ کرابوو لە لوبنانەوە بە ئاسانی هاتوچۆی هەریەکە لە خاکی سوریا و تورکیا بکەن لە رێگەی سنوری درێژی (١٥٠ کم) لە ناوخاکی تورکیا[٢]. ئەمەش بوو بە ئاسانکاری بۆ پارتەکە تاوەکو لە ساڵی ١٩٨٤ سوریا و لوبنانی وەک بنکەی سەربازیی بۆ هێرشی چەکداریی بەکارهێنا، لێرەوە پارتی کرێکارانی کوردستان بوو بە بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئەنکەرە لە سوریا[٣].

چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان هەزاران لاوی کوردی لە باکور و رۆژئاوای کوردستان پەیوەستی ریزەکانی خۆی کرد[٤]، هەروەها چەندین کادر و لایەنگری پارتە کوردییەکانی رۆژئاوا چوونە ریزەکانی پارتی کرێکارانەوە، چونکە لەو وکاتەدا بەهۆی کەرتبوون و جیابوونەوەی پارتە کوردییەکانی سوریا لە یەکتر بۆشاییەکی سیاسی بەرچاو لە بزوتنەوەی سیاسی کوردەکانی رۆژئاوا دروست ببوو، واتە لەسەر حیسابی پارتە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان. پارتی کرێکارانی کوردستان لاوانی رۆژئاوای کوردستانی پەیوەستی ریزەکانی خۆی کرد[٥]. ئەمەش یەکێک بوو لە ئامانج و ویستەکانی حکومەتی سوریا، لەبەرئەوەی لە بنەرەتدا حکومەتی سوریا هەوڵی دەدا پاڵ بە کوردەکانی سوریاوە بنێت بۆ ئەوەی بچنە ریزی پارت و حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە، لەبەشەکانی دیکەی کوردستان و دژی وڵاتانی دیکە خەبات بکەن[٦]، بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی سوریا هانی کوردی سوریایان دەدا بچنە ریزی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە و مەشق و راهێنان و خزمەتی سەربازیی لە ریزەکانی ئەو پارتە درێژە پێبدەن[٧]، لەبەرئەوەی بەم هەنگاوە حکومەت زیرەکانە توانی کێشەی کورد رەوانەی دەرەوەی سنوری سوریا بکات[٨]. بۆ حکومەتی سوریا ئەم هەنگاوە لێدانێکی دوو سەرەبوو یەک بۆ دەرکردنی کورد لە سوریا، دوو بۆ گوشار خستنەسەر تورکیای دراوسێ لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی بەردانەوەی ئاوی رووباری

---

[١] عبدالعزیز شحادة المنصور: المسالة المائیة السوریة تجاه ترکیا، ص٢٨٧ .

[٢] کۆمەڵێک نووسەر: کێشەی کورد و پارتی کرێکارانی کوردستان...، ل٥٧.

[٣] هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆڵی لێکراو، ل١٨٥.

[٤] مایکل ناس و ئەوانی دیکە: شۆرشی رۆژئاوا...، ل٦٢١.

[٥] هوشنگ اوسي: الحیاة المدنیة والسیاسیة الکوردیة في سوریة بین عامي ١٨٩٨-٢٠١٧، ص٦١.

[6] Ofra Bengio: The Kurds in a Volatile Middle East, Published by The Begin-Sadat Center for Strategic Studies (BESA), Mideast Security and Policy Studies No. 130, BAR-ILAN University, Israel, February 2017, P.18.

٧ مهند الکاطع: اکراد سوریة...، ص٣٥٦.

٨ علي حسین: تراژیدیای کورد لە سوریا، ل٢٤.

فورات بەکاریانبهێنێت[١]، جۆرێک لە هاوسەنگی لەبەرامبەر کۆنترۆڵی تورکیا بەسەر ئاوی ڕوباری فوراتدا بۆ سوریا دروست بکات[٢] بەبەکارهێنانی کارتی کوردی ڕۆژئاوا بە هاوبەشی پارتی کرێکارانی کوردستان.

ئەو سیاسەت و هەنگاوانەی سوریا لە ڕەوشێکی وەهادا پەیڕەویکرد بووە هۆی ئەوەی تورکیا بەردەوام سوریا تۆمەتبار بکات بە پێشکەشکردنی هاوکاری و پاڵپشتی پارتی کرێکارانی کوردستان، سوریا ئەم تۆمەتانەی ڕەتکردەوە[٣]. سەبارەت بە مامەڵەی حکومەتی سوریا لە بەرامبەر کوردی ڕۆژئاوای کوردستان لەوکاتەی داڵدەی پارتە کوردییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانی دابوو، حکومەتی سوریا بزوتنەوەی سیاسی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان سەرکوت دەکرد و زۆرێک لە چالاکەوانە کوردییەکانی دەستبەسەر کردبوو، ئەندامانی پارتە کوردییەکان دەستگیر دەکران، ئەمە لەکاتێکدا هاوکاری پارتەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکرا لە لایەن حکومەتی سوریاوە، هاوکات جۆرێک لە ئازادی چالاکی سیاسی و سەربازییان پێدرابوو، لەبەرامبەردا کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان گوشاریان خرابووەسەر و بواری چالاکی و فەرهەنگی و سیاسییان لەبەردەمدا تەسک کرابووەوە[٤].

هەر وەک لە ساڵی ١٩٨٦ خۆپیشاندانی کوردەکان لە دیمەشق لە"رکن الدولە" لەناو دڵی گەڕەکە کوردییەکانی دیمەشق لە ڕۆژی نەورۆز دەستپێکرد[٥]، هۆکاری ئەو خۆپیشاندانانە ئەوە بوو حکومەت ڕێگریی لە ئەنجامدانی ئاهەنگی نەورۆزی کوردەکان کردبوو، لەبەرئەوە گەنجان و لاوانی کورد کۆبوونەوە و بڕیاریاندا بە پۆشینی جلوبەرگی کوردییەوە لەبەردەم کۆشکی کۆماری خۆپیشاندان ئەنجام بدەن، ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەر بە جلی کوردییەوە بە شەقامەکاندا بەرەو کۆشکی کۆماری دەڕۆشتن بە دووری (١٠٠) مەتر لەکۆشکی کۆمارییەوە، لە لایەن پاسەوانانی کۆشکی کۆمارییەوە تەقە بەسەر خۆپیشاندەراندا کرا[٦]. ژمارەیەک لەو خۆپیشاندەرانە برینداربوون "سلیمان ئەدنی" کەسایەتییەکی کوردبوو کوژرا[٧]. خۆپیشاندەران گەیشتنە کۆشکی کۆماری بۆ گەیاندنی داواکاری خۆیان بە حافز ئەسەدی سەرۆک کۆمار، هاوکات لەگەڵ ئەو خۆپیشاندانەی کوردەکان لە

---

١ مهند الكاطع: اكراد سورية...، ص٣٥٦.

٢ هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆڵی لێکراو، ل١٨٥.

٣ کۆمەڵێک نووسەر: کێشەی کورد و پارتی کرێکارانی کوردستان...، ل٥٦-٥٧ ؛ عبدالعزيز شحادة: المسالة المائية السورية تجاه تركيا، ص٢٩٠ .

٤ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لوقمان سلیمان لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفونی، کاتژمێر٤:٠٠ پاش نیوەڕۆ، پێنج شەمە، ئەڵمانیا، ٩-١٢-٢٠٢١ ؛ مایکلناس، ئانیا فلاخ، ئەرجان ئایبوخان: شۆڕشی ڕۆژئاوا...، ل١٢١.

5 Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society , P.63.

٦ جواد ملا: السياسة الاستعمارية...، ص٣٩٢ .

٧ علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص١١٨.

دیمەشق، عەفرین، کورداغ و حەلەب لەهەمان کاتدا خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، بەهەمانشێوەی خۆپیشانانەکەی دیمەشق لە عەفرین. لە کورداغ و حەلەب ئالۆزیی و پێکدادان لەنێوان "ئەو کورانەی ئاهەنگی جەژنی نەورۆزیان دەگێڕا" و دەزگا ئەمنییەکان ڕویدا، ژمارەیەک خۆپیشاندەر بریندارbوون، خۆپیشاندان لە کورداغ تاوەکو ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەردەوامبوو، داواکاری خۆپیشاندەران لە سەرجەم ناوچەکان خۆی دەبینییەوە لەوەی ڕێگە بە کورد بدرێت ئاهەنگی جەژنی نەورۆز بگێڕێت لە ڕۆژی ٢١ی ئادار و وەک جەژنی نەتەوەیی کورد بە فەرمی بناسرێت و بکرێت بە پشووی فەرمی، چارەسەری کێشەی ئەو کوردانەی کە لەسەرژمێری ١٩٦٢دا ناسنامەی سوریایان لێسەندراوەتەوە بکرێت و کێشەی پشتێنەی عەرەبی چارەسەر بکرێت بە گێڕانەوەی عەرەبی هاوردە بۆ ناوچەکانی خۆیان، کوردەکانیش موڵک وماڵی خۆیان پێبدرێتەوە، شاندی خۆپیشاندەرانی دیمەشق لەگەڵ لایەنی حکومەت کۆبوونەوە و خۆپیشاندەران داواکاری خۆیان بەحکومەت ڕاگەیاند، حکومەت بڕیاریدا کە ڕۆژی ٢١ی ئادار بکرێت بە پشوی فەرمی، بەڵام لەژێر ناوی جەژنی نەورۆز نا بەڵکو لەژێر ناوی ڕۆژی دایک[١]، هاوتاکردنی ڕۆژی دایک لەگەڵ ڕۆژی نەورۆز هەوڵێکی دیکەی حکومەت بوو بۆ سڕینەوەی "جەژنی نەورۆز"[٢].

لەسەر قەدەغەکردنی جەژنی نەتەوەیی"نەورۆز"ی کورد و دەستگیرکردنی ژمارەیەک کوردی سەرکردە و کەسایەتییە نەتەوەییەکان لەو بۆنەیەدا، پارت و لایەنە سیاسی و دیموکراتییەکانی کورد چەندین وتار و بابەتیان لە ڕۆژنامە زمانحاڵەکانی پارتە سیاسییەکان بڵاوکردۆتەوە، هەروەک لە ڕۆژنامەی "الديمقراطي" لە بابەتێکدا ئاماژەی بەوە کردبوو، کە جەژنی نەرۆز بەتەنها جەژنێکی نەتەوەیی نییە، بەڵکو بە واتای ئازادییە بۆ کورد، دەبێت وەک سەرجەم هاونیشتیمانییەکی سوریا ئازاد بێت، هەروەک ڕەخنەی گرتبوو لەوەی مامەڵەی حکومەت بەرامبەر بەو جەژنە نەتەوەییەی کورد بوەتە، گرتن و زیندانیکردن. لەو میانەیەدا چەندین سەرکردەی سیاسی کورد لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون و توندوتیژی ئاهەنگی گۆڕیوە بۆ ناخۆشی و ماتەمینی بەناوی "ڕاگەیاندنی دیمەشق بۆ گۆڕانی نیشتیمانی و دیموکراتی" داوایکردووە ئازادی و دیموکراتی و یاسا و مافی هاونیشتیمانیان بۆ کورد دەستەبەربکرێت، لەبەرئەوەی کورد ڕۆلی گرنگی لە سەربەخۆبوونی سوریادا بینیووە[٣].

ڕۆژنامەی صوت الاكراد وتارێکی بەناونیشانی "وشەی نەورۆز"، تێیدا ئاماژەی بەوە کردبوو، گەلی کورد لە سوریا خاوەن سەنگێکی مرۆیی و شارستانییە و بوونێکی کاریگەری هەیە لە سوریا

---

[1] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.63-64؛ ایفان بختيار: النضال السلمي الديموقراطي للشعب الكردي في كردستان سوريا، ص٣٦-٣٧.

[2] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.64

٣ جريدة الديمقراطي، العدد (٥٢٤)، اواخر آزار ٢٠٠٩.

و بڕوای تەواوی بە ستراتیژییەتی خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب هەیە، لەبەرئەوە پێویستە سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزیی، چەوسانەوەی نەتەوەیی، هەوڵی بە عەرەبکردن و هەوڵی سڕینەوەی بوونی کورد لە سوریا کۆتایی پێبهێنرێت، برایەتی و یەکسانی و دادپەروەری بەرامبەر بە مافەکانی بێتەکایەوە و دان بەوەدا بنرێت کورد نەتەوەی دووەمە لە وڵاتدا و مافی دەستوری و یاسایی لەوڵاتدا هەیە، هەربۆیە پێویستە مافی کورد و جەژنی نەورۆز دانی پێدابنرێت[١].

بە گشتی ساڵانی ١٩٨٠کان، لە سەردەمی حوکمرانی حافز ئەسەد وەک بەشێک لە هاوڵاتیانی سوریا جۆرێک لە کرانەوەی فەرهەنگی بە ڕوی کورددا کرایەوە، لەبەرئەوەی کورد لەبەرامبەر حکومەت توند نەبوو و داوای پلە و دەسەڵاتی نەدەکرد[٢] لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای ئەو کرانەوە فەرهەنگییە، سیاسەتی بەعەرەبکردن بەردەوامی هەبوو لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کورددا[٣]، وەک لە پێشتر باسکرا بەعەرەبکردن لە ساڵانی هەشتاکاندا وەک بەشێک لە پلان و سیاسەتی حکومەت درێژەی هەبوو، لەو چوارچێوەیەدا کار بۆ گۆڕینی هەر ناوێکی کوردی بەناوێکی عەرەبی کرا ناوی ناوچە کوردییەکان دەگۆڕدرا بەو ناوە عەرەبییانە[٤].

هەنگاوەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن بە پێی چەندین بڕیار و مەرسوم دەردەچوو و تیایدا بڕیاری بە عەرەبکردنی ناوی یەکە ئیداری و گوند و شار و شوێنە گشتی و تایبەتییەکان ئاماژە ی پێکرابوو، وەک بە یانی وەزیری ئیدارەی ناوخۆ، ژمارە (٦١/١٣/ د) بەرواری ٢٦ نیسان ١٩٨٧ بە پەراوێزی ژمارە ٩٢١٣ لە ڕێکەوتی ١٢ی ئایار ١٩٨٧ پەیوەست بوو بە بەعەرەبکردنی ناوی یەکەی ئیداری و گوند و شار و شوێنی کاری گشتی و ئوتێل و چێشتخانە...هتد، و تێیدا هاتووە ڕێگە نادرێت هیچ یەکێک لەو شوێنانە بەناوی عەرەبییەوە نەبێت و دەبێت چەند ڕێوشوێنێک دژی ئەو کەس و لایەنانە بگیرێتەبەر، کە ناوی شوێنەکانیان عەرەبی نییە[٥].

لە درێژەی هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر بە کوردی ڕۆژئاوا، لە ئەیلولی ١٩٨٧ لە خولی یارییە وەرزشییەکاندا لە لازقیە حکومەت و دەزگا ئەمنییەکان دەستیان کرد بە گرتن و زیندانیکردنی کوردانی ئەو ناوچەیە، لە مانگی کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا نزیکەی (٤٠) کەس لە قامشلو و عامودا دەستگیرکران. ئەوەش یەکەم دەستگیرکردنی بەکۆمەڵبوو لە دوای دەستگیرکردنی بە کۆمەڵی ١٩٧٣،

١ صوت الاكراد، العدد (٢٩٢)، ازار ١٩٩٢ .
[٢] چاوپێکەوتن توێژەر لەگەڵ علي شەمدین، کاتژمێر ٣:٠٠ پاش نیوەڕۆ، دوو شەممە، سلیمانی، ٢٠٢١/١٢/٢٠.
[٣] عبدالباسط سیدا: المسالة الكردية في سورية...، ص١١٢.
[٤] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص١١٧.
[٥] عبدالباسط سيدا: المسألة الكردية في سورية...، ص١٦٨.

دواتر ئەو زیندانیانە لە (٣) ساڵەوە ماوەی زیندانیکردنیان زیادکرا بۆ (٩) ساڵ و حکومەت بەوە تاوانباریکردن کە بوون بە ئەندام لە کۆمەڵەی نهێنی و دژی شۆرش وەستاون[١].

لەلایەکی دیکەوە لە درێژەی ئەو بڕیار و مەرسومانەی بۆ بە عەرەبکردنی یان رونتر دژی بەرژەوەندییەکانی کورد دەرکران لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩دا پارێزگاری حەسەکە "محمد مستەفا میرو" گشتاندنی بۆ نووسراوی ژمارەی (٥٢٥٩)ی حەسەکە کرد، کە ڕێنماییەکی تێدابوو لەبارەی بەعەرەبکردنی ناوچە کورییەکان، ئەوەش لەسەر گشتاندنی ژمارە (٢٠١٣/س/٢٥) لە ١١ تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ تێیدا هاتبوو:" تاوەکو ئێستاش ژمارەیەک لە فەرمانبەران و کرێکاران لە دامودەزگا فەرمییەکاندا زمانی ناعەرەبی لەکاتی دەوامی فەرمی لەگەڵ ئەوکەسانەی سەردانی دامودەزگاکان دەکەن بەکاردەهێنن، ئەوەش پێچەوانەی حوکم و یاسا و ڕێنماییەکانە کە بەوهۆیەوە دەرچوون، لەبەر ئەوە داوا لە سەرجەم فەرمانبەران لە فەرمانگە و دامودەزگا فەرمییەکان و دامەزراوەو کۆمپانیا و ئەنجومەنی شار و شارۆچکەکان دەکەین، نابێت زمانی غەیرە عەرەبی بەکاربهێنن لەکاتی بەڕێکردنی مامەڵەی هاوڵاتیاندا[٢]، داوا لەبەرێوەبەری ئەو فەرمانگە و یەکە ئیدارییانە کرا، چاودێری جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە بکەن، دەزگاکانی پۆلیس ڕاسپێردران بۆ ڕێگرییکردن لە خۆپیشاندان و گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە ئاهەنگە تایبەت و گەشتییەکاندا، سزای ئەو کەسانە بدرێت، کە سەرپێچی فەرمانەکە دەکەن[٣]، لە ساڵی ١٩٨٩ دوو مەرسوم دەرچوون بە ژمارە (٢٤-٢-١٨٦٥) لەو مەرسومانەدا زمانی کوردی لە شوێنی کار و کاتی ئاهەنگ و مەراسیمی هاوسەرگیریی و گۆرانی کوردی قەدەغەکرا[٤]. ئەم نەخشە و پلانانەی حکومەتی سوریا سەبارەت بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە توێژینەوەیەکەی عیسمەت شەریف وانلی لە ١٩٨٩دا لە ناوچەی حەزیرە سەبارەت بە دۆخی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی ئەنجامدراوە، ئەوە خراوەتەڕوو کە پلان و نەخشەکەی محەمەد تەڵەب هیلال بووەتە هۆی هەژاربوونی کورد و جوتیارانی کورد و ناچاربوون ببن بە کرێکار لای جوتیارە عەرەبەکان، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر ئەو جوتیارە کوردە، جوتیارێکی بەتوانا و بەرهەمهێن بووە[٥].

لە درێژەی سیاسەتەکانی جکومەتی سوریا بۆ دژایەتیکردنی کورد بە نووسراوی ژمارە (٣٨٠/ص) بەڕێوەبەری لقی حیزبی بەعس لە حەسەکە لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئەیلولی ١٩٨٩ دا بڕیاردرا

---

[١] عمر رسول: الكرد و الاعتقال السياسي في سورية (١٩٢٠-٢٠١٧) مجملة قلمون، العدد (٢)، آب ٢٠١٧، ص٢٣٥.
[٢] مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق/جامعة دهوك: القضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد...، ص٥٥.
[٣] نفس المصدر، ص٧٧.
[4] Michael M. Gunter: Out of Nowhere…, P.21.
[٥] دورییە عونی: عەرب و کورد ناکۆکی یان تەبایی، ل٢٧٨.

به قەدەغەکردنی قسەکردن و گفتوگۆکردن بە زمانی کوردی لە دامەزراوە گشتییەکاندا، ڕێگە نەدرێت جگە لە زمانی عەرەبی هیچ زمانێکی دیکە بەکاربهێنرێت، چونکە پێچەوانەی یاسا و سیستەمی دەوڵەتە و پێویستە لەسەر فەرمانبەران لە دامەزراوە فەرمییەکاندا جگە لە زمانی عەرەبی هیچ زمانێکی دیکە ڕێگە پێدراونییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی بۆ کاروباری فەرمی ڕوو لە فەرمانگە حکومییەکان دەکەن، بەڕێوەبەری ئەو دامەزراوە حکومییانە چاودێری جێبەجێکردنی بڕیارەکە بکەن[1].

خراپی ڕەوشی کورد بەتایبەت ئەو کوردانەی بە بێگانە تۆمارکرابوون و ناسنامەیان لێسەندرابوویەوە، دوای چەندین ساڵ بەردەوام بوو، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی "الديمقراطي" وتارێکی نووسیوە ئاماژەی بەوە کردبوو، ئەو کوردانەی ناسنامەیان لێ سەندراوەتەوە لە ڕەوشێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی خراپ و بارێکی دەروونی شێواو و نائارامدا دەژین، لە هەموو مافێکی خوێندن و دامەزراندن و موڵکداری هەموو یاسایەکی چاکسازی بێبەشکراون، لەڕەوشێکی هێندە خراپدان ناتوانن پێویستییەکانی ژیانی خۆیان پڕبکەنەوە[2]، هەمان ڕۆژنامە وتارێکی دەربارەی "موعاناتی بێناسنامەکان" نووسیوە، تێیدا هاتووە: هەزاران کورد بەهۆی نەبوونی ناسنامەی سوری لە کۆبۆنی خۆراک بێبەشکراون، واتە ئەو مادە خۆراکییانەی حکومەت بەو کارتە دەیدات بە هاونیشتیمانیان، ئەم کوردانەی دانران بە بێگانانە لێی بێبەشکراون و لە بازاڕیش بە گران ئەو مادە خۆراکییانە دەکرن[3].

لە درێژەی ئەو بڕیار و مەرسومانەی حکومەت بۆ ڕێگری لە ئازادی و خۆپیشاندان و قەدەغەکردنی زمانی کوردی دەریدەکرد لە ساڵی ١٩٩٠دا ژمارەیەک کورد، ئەوانەی لە ناسنامەی سوری بێ بەش کرابوون خۆپیشاندانیان ئەنجامدا بەنیازبوون داواکاری خۆیان سەبارەت بە ڕەوشی ژیانی کورد بگەیەنن بە دەسەڵات لە کۆشکی کۆماری، بەڵام ڕێگریان لێکرا پۆلیس بە زەبری هێز بڵاوەی پێکردن.[4] ئەم ڕەوشەی کورد لە کۆنگرەی چواری پارتی دیموکراتی کوردی سوریا لە تشرینی دووەمی ١٩٩٠ باسکراوە، لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەدا خراوەتەڕوو کە:" لەساڵانی شەستەکانەوە کورد دەچەوسێتەوە، ماوەی٣٠ ساڵە ئەو چەوساندنەوەیە یەخەی کوردی گرتووە، لەبەرئەوە کۆنگرە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیاسەتی جیاکارییە نەتەوەییە دەکات کە دژی کورد پەیڕەو دەکرێت، چونکە زیان بە دیموکراتی و یەکێتی نیشتیمانی سوریا دەگەیەنێت"[5].

---

[1] عبدالباسط سيدا: المسالة الكردية في سورية...، ص١٩٦-١٩٧.

[2] جريدة الديمقراطي، العدد (١٩٣)، تشرين الاول ١٩٨٩.

[3] جريدة الديمقراطي، العدد، (١٨١)، تشرين الاول ١٩٨٨.

[4] جيرارد جالديان: المأساة الكوردية، ص١٥٨.

[5] علي صالح ميراني: الحياة الحزبية السرية...، ص٢٦٢.

دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە کورد هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ساڵانی ١٩٩٠، لە چوارچێوەی سیاسەتی پەراوێخستن و بێ کاریگەریکردنی ڕۆڵ و پێگەی کورد لە سوریا، کورد هیچ پۆستێکی دیاری حکوومەتی پێنەدراوە لە ڕۆژئاوای کوردستان[١]، ئەگەرچی جۆرێک کرانەوەی ڕۆشنبیری بەرووی کورددا کرابوووەوە، لە ڕووی فەرهەنگی و ئەدەبییەوە ئەو دیموکراتییەی حافز ئەسەد بە کوردی دابوو درێژەی هەبوو، ئەوەش وایکرد لە ساڵانی نەوەدەکاندا ژمارەی گۆڤارە کوردییە ئەدەبییەکان و بڵاوکراوە جیاوازەکان ڕوو لە زیادبوون بکەن. بۆ نموونە (١١١) بڵاوکراوەی کوردی دەرچوون، بەڵام زۆرێکیان بە نهێنی دەردەچوون و لە لوبنان چاپدەکران، لەلایەکی دیکەوە نووسەرانی کورد خولی زمانی کوردیان بەنهێنی دەکردەوە و تیایدا بە کوردی وانە دەخوێندرایەوە، زیاتر لەوە لەوماوەیەدا نووسەرانی کورد ژمارەیەک گۆڤاریان دەرکرد لەو گۆڤارانەش: گورزک گول لەنێوان ساڵانی (١٩٨٩-١٩٩٢) دەردەچوو، زانین لە (١٩٩١-١٩٩٧) دەردەچوو، ئاسۆ (١٩٩٢) پرێس ١٩٩٣، هێڤی ١٩٩٣، دیلاڤ ١٩٩٥، خوێندن ڤان (١٩٩٥). پارتە سیاسییەکانیش لە ساڵانی هەشتاکانەوە ژمارەیەک ڕۆژنامە یان بڵاوکردەوە وەک ستێر١٩٨٣-١٩٩٥ خۆناڤ(١٩٨٦-١٩٩٥) ڕۆژ ١٩٩١، دەنگ ١٩٩٥، نەورۆز ١٩٩٥[٢]ئەگەرچی ئەو کرانەوە فەرهەنگییە بەروی کوردا کرابووەوە، بەڵام تاوەکو ساڵانی١٩٩٠کان کورد پۆستی سیاسی و پۆستی باڵای حکومی پێنەدرا، بەڵام سەرەتای ١٩٩٠کان کرانەوەیەکی جۆری بۆ کورد لە سوریا بۆ وەرگرتنی پۆستی باڵا هاتە پێشەوە، ئەوکرانەوەیەش کە پێشینەی کەمبوو خۆی دەبینەوە لە بوونی ئەندامانی پارتە کوردییەکان لە ئەنجومەنی گەلی سوریا، ئەمەش یەکەم جاربوو، لە مێژووی هاوچەرخی سوریادا، کە حکومەتی سوریا ڕێگەی بە چەند کەسایەتییەکی سیاسی لە بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی سوریادا خۆیان کاندید بکەن و چەند کورسییەکی دیاریکراو لە پارێزگای حەسەکە بەدەستبهێنن[٣]. ئەم کاندیدانە بەناوی کاندیدی سەربەخۆوە چوون و ڕێگەیان پێدرا، نەک بەناوی کوردەوە[٤]. هەروەک سیاسەتمەداری کورد "عەلی شەمدین" ئاماژە بەوە دەکات ئەو نوێنەرانە وەک کاندیدی سەربەخۆ کاندیدکراون، بەڵام یەک لەو نوێنەرانە کەسایەتییەکی وەک "عەبدولحەمید دەروێش"بوو، ڕەمزی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بوو لە سوریا، لای هەموو دەوڵەت ناسراوبوو کە سەربە دەنگی کوردە نەک سەربەخۆ[٥].

---

[١] خلیل شاخكي: كورد سوريا في عهد حافظ الاسد ١٩٧٠-٢٠٠٠، ط١، دارالخليج للصحافة و النشر، الاردن، ٢٠١٨، ص٥٩.

[2] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.105؛ کونی ڕەش: تأريخ الصحافة الكردية في سوريا و لبنان، ص١٤٠-١٤١.

[٣] مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق/جامعة دهوك: القضية الكردية في كوردستان-سوريا خلالعهد الرئيس حافظ الاسد...، ص٥٦.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی شەمدین، کاتژمێر ٣:٠٠ پاش نیوەڕۆ، چوار شەممە، سلێمانی ٢٠٢٢/١/١٢.

[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی شەمدین، کاتژمێر ٣:٠٠ پاش نیوەڕۆ، چوار شەممە، سلێمانی ٢٠٢٢/١/١٢.

کاندیدکردنی کەسانی سەربەخۆ یان کاندیدکردنی کەسایەتی کورد، دوای ئەوە هات لە ئایاری ١٩٩٠ کاتێک حکومەتی سوریا هەستی بە جێگیربوونێکی ڕێژەیی کرد، بڕیاریدا ڕێژەی دەنگی کورسی تەرخانکراو بۆ لایەنە سەربەخۆکان لە (١٨٪) بۆ (٤٠٪) بەرزبکاتەوە[١] بەو هۆیەوە حافز ئەسەد ڕیگەی بە هەندێک باڵی سیاسی سەربەخۆ و لایەنەکانی "بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز"دا بە ناردنی کاندیدەکانیان بۆ ئەنجومەنی گەلی سوریا، پارتە کوردییەکان ڕێکەوتن چەند نوێنەرێکی کورد بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەلی ساڵی ١٩٩٠ کاندید بکەن[٢]، لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەدا (١٥) بەربژێری کورد سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکەدا، سێ لەو ئەندامانە لە پارێزگای حەسەکە "حەزیرة-قامشلو" بون ئەوانیش "کەمال ئەحمەد دەروێش (١٩٣٩-١٩٩٦)[٣] سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردی سوریا بوو، عەبدولحەمید دەروێش( ١٩٣٦-٢٠١٩) سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخواز "فواد علیکۆ"[٤]، نوێنەری حزبی یەکێتی گەلی سوریا بوو بەسەرکردایەتی "صەلاح بەدرەدین". ئەم کاندیدانە لە هەڵبژاردندا سەرکەوتنیان بۆ ئەنجومەنی گەل مسوگەرکرد و بوونە ئەندامی ئەنجومەنی گەل[٥].

بەربژێر و کاندیدی کورد لە ناوچەکانی دیکە وەک "جبل الاکراد-حەلەب" چەند کاندیدێکی دیکە سەرکەوتن وەک " یوسف تربوش، عبدالرحیم ئەیبو، محەمەد یوسف ... هتد.، لە ناوچەی کۆبانێ ئەم کاندیدە کوردانە سەرکەوتن "مستەفا محەمەد" و "عوسمان سلمان"[٦] لەناوچەی  کورداغ شەش کاندیدی کورد سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بۆ ئەنجومەنی گەل، بەڵام بە ئاشکرا پشتیوانی پارتی

---

[1] Jordi Tejel:  Syria's Kurds History Politics and Society, P.67.

[٢] خالد عقلان: الجذور التأريخية للقضية الكردية، ص٣٥؛ ایفان بختیار: النضالالسلمي الديموقراطي الشعب الكردي في كردستان سوريا، ص٣٩-٤٠.

[٣] کەمال ئەحمەد دەرویش: لە ١٩٣٩ لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایکبووە، سکرتێری پارتی دیمکراتی کوردی سوریا (البارتی) بووە، لە ١٩٩٠ پارتە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان وەک نوینەری کورد هەڵیانبژارد بۆ ئەنجومەنی گەلی سوریا بەمەبەستی گەیاندن و چارەسەرکردنی پرسی لە میژینەی کورد، هەروەک لە گفتوگۆکانی ئە نجومەنی گەلی سوریادا هەولی زۆری لەو پێناوەدا داوە، گفتوگۆی لەسەر کێشەی کورد کردووە، هەموو توانای خوی بۆ هیشتنەوەی پارتی خستۆتەگەڕ و پرسی کوردی لاگرنگ بووە لە سوریا (گوفاری ALPARTI: Pirtûka Siyasî ya Şehîd Kemal Ehmed ji bo Gelê Kurd, Demokrat û Mafên Mirovan, hijmare (5 u 6), 1997, P.2-4 ؛ خليل شاخكي: الاحزاب السياسية الكوردية، في سوريا ١٩٥٧-٢٠٠٠، ط١، دار الخليج للصحافة والنشر، عمان، ٢٠١٨، ص١٩٨).

[٤] فواد علیکو: لە ١٩٥٠ لە دایکبووە، بڕوانامە ئامادەیی فێرکاری بەدەستهێناوە، زیاتر لە (٢٠)ساڵ لەبواری خوێندن و فێرکردندا کاریکردوە لە ١٩٦٧چووەتە ڕیزی پارتی چەپی کوردی سوریاوە، ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی یەکێتی گەلی کوردی سوریا بوو لە ١٩٨٧. لە ساڵی ١٩٩٠پارتە کوردییەکانی سوریا بۆ نوێنەرایەتیکردنیان لە ئەنجومەنی گەلی سوریا هەڵیانبژارد ،چەند جارێک لە ئەنجومەنی گەلی سوریا گفتوگۆی لەسەر پرسی کورد کردووە، کێشەی کوردی خستۆتەڕو و داوای چارەسەرکردنی کردوە. بڕوانە: (علي صالح میراني: الحياة الحزبية السرية...، ص١٧٧).

[5] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.67.

[٦] ایفان بختیار: النضال السلمي الديمقراطي الشعب الكردي في كردستان سوريا، ص٣٩.

کرێکارانی کوردستان بوون[1]، دواتر ئەندامانی کورد لە ئەنجومەنی گەلی سوریا زیادیکردو و گەشتە (٣٨) ئەندام واتا لە کۆی (١٥٠) ئەندامی[2] ئەنجومەنی گەلی سوریا (٣٨) ئەندامیان کوردبوون[3] سەرکەوتنی کاندیدی کورد و نا عەرەب بۆ ئەنجومەنی گەلی سوریا، هۆی ئەوەبوو یەکەم جار بوو دەسەڵات دەستێوەردان لە هەڵبژاردن نەکات و تێیدا ساختەکاری نەکات لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوە بوو بەربژێرە کوردەکان بە ئاسانی و بۆ یەکەم جار بەسەر ڕکابەرەکانیادا سەرکەوتن، ئەوە سەرەڕای بوونی ژمارەیەک لە لیستەکانی هەڵبژاردن کە کاریان بۆ خزمەتکردنی کەسایەتی و لایەنی دەسەڵات و بەعس دەکرد، هەروەها فەرمانگە ئەمنییەکان کە خاوەنی بڕیاربوون لە پارێزگاکە، کاریان بۆ خزمەتی لیستی دەسەڵات دەکرد کە بە لیستی سیبەر ناسرابوو.[4]

سەرکەوتنی ئەو کاندیدانەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ ئەنجومەنی گەلی سوریا، بەرهەمی خەباتی نەتەوەیی کورد بوو، هەربۆیە سەرکەوتن بوو بۆ کورد بە گشتی لە سوریا و کردنەوەی دەروازەیەک بوو بەڕووی خەباتی مەدەنی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد، هەڵبەت ئەو ئەندامانەی کورد لە ئەنجومەنی گەلی سوریا کاریان لە پێناوی گەیاندنی ئەو پرسانە دەکرد کە پەیوەندیداربوو بە پرسی کورد لە سوریا، گەیاندن وجوڵاندنی ئەو پرسانە لە کاتی دانیشتنی ئەنجومەنی گەل، بەشداریکردنی ئەو ئەندامانە لە گفتوگۆی ئەنجومەنی گەل یان لەکاتی چاوپێکەوتن و پێشکەشکردنی یاداشت بە ئەندامانی ئە نجومەنی گەل و خودی ئەنجومەن لەلایەن ئەو سێ نوێنەرەی کوردەو[5] هەروەک لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ ئەو سێ ئەندامەی ئەنجومەنی گەلی سوریا یاداشتێکان پێشکەشی  وەزیری ناوخۆ کردووە، داوایانکردووە چەند پرسێکی پەیوەندیدار بە پرسی کوردەوە چارەسەر بکرێن، کۆت و بەندی سەر ئەو کوردانەی ناسنامەیان نییە کەم بکرێتەوە لە بواری کارکردن و گەشتکردن هاوسەرگیریدا[6].

لە درێژەی هەوڵی ئەندامی ئەنجومەنی گەلدا بۆ کەمکردنەوەی سیاسەتی توندی حکومەتی سوریا، لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٩١ ئەو سێ ئەندامەی کورد لە ئەنجومەنی گەلی سوریا داواکارییەکیان پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەنی گەلی سوریا کرد و تێیدا واژۆی (٤٧) ئەندامی ئەنجومەنی گەلی لەسەربوو، کە داوایانکردبوو چاو بە پرسی ئەو کوردانەی ناسنامەیان نییە بخشێندرێتەوە، ئەو پرسە

---

[1] Jordi Tejel:  Syria's Kurds History Politics and Societ, P.67.

[2] عەلی حسین: تراژیدیای کورد لە سوریا، ل٢٤.

[3] دورییە عەونی: عە رەب و کورد ناکۆکی یان تەبایی، ل٢٧٧.

[4] خلیل شاخکی: کورد سوریا في عهد حافظ الاسد...، ص٦٠.

[5] بەدران ئەحمەد حەبیب: کوردستانی هاوچەرخ، ل١٤٩.

[6] خلیل شاخکی: الاحزاب السیاسیة الکوردیة في سوریا...، ص١٩٣.

گفتوگۆی لەسەر بکرێت لەبەرنامەی کاری ئەنجومەنی گەلدا[1]. جیا لەمانە ئەو سێ ئەندامە بەردەوامبوون لە هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی کورد، وەک هەوڵێکی دیکەیان لەسەرەتایی مانگی ئاداری ١٩٩٢ داوایەکیان بە واژۆی (٣٢) نوێنەر پێشکەشی سەرۆک کۆمار کرد، تیایدا داوایان کردبوو خۆی بەشداربێت لە گێرانەوەی مافی ناسنامە بۆ ئەوانەی کە ناسنامەی سوریان لێ سەندرایەوە[2]. دەرفەتێکی دیکە بۆ ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی گەلی سوریا هاتە پێشەوە بۆ پیشاندانی ڕەوشی نالەباری کورد و ناوچە کوردییەکان، ئەو دەرفەتە ئەوکاتە بوو کە بەیاننامەیەکی حکومەت دەرچوو لە ئەنجومەنی گەلی سوریا خوێندرایەوە، بەیاننامەکە باسی لە کێشەی کورد و ناوچە کوردیەکان دەکرد کە لە ئەنجامی پشتگوێخستنی ناوچە کوردییەکان ڕەوشێکی خراپ ناوچە کوردییەکانی گرتوەتەوە، لەم کاتەدا ئەندامە کوردەکان بەشداری گفتوگۆکەیان کردوو کە گرنگییەکی زۆری بۆ کورد هەبوو، لە بەرئەوە باسی لە پژێوی ژیانی هاونیشتیمانیانی کورد کردبوو داواکرابوو مەرسومی ژمارە (١٩٣ی ساڵی ١٩٥٢) هەڵوەشێنرێتەوە و کاری پێ نەکرێت، هەروەها چاکسازیی لە تۆماری موڵکییەتی خانوبەرە لە ناوچە سنورییەکانی پارێزگای حەسەکە بەگشتی بکرێت، لەبەرئەوەی ئەو مەرسومە کێشەی بۆ مامەڵەی خانوبەری هاونیشتیمانییان دروستکردووە، کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ هاونیشتمانیان لێکەوتەوە[3]. لە گفتوگۆ و دانیشتنی ئەنجومەنی گەلدا، کەمال ئەحمەد دەروێش داوای کرد ئاسایش و یەکسانی نێوان هاونیشتمانیان دەستەبەر بکرێت، جیاکاری نەتەوەیی بەهۆی جیاوازی سیاسی و نەتەوەیی لە نێوان هاونیشتمانیەکاندا نەکرێت، دامودەزگاکانی دەوڵەت پابەندی یاسا و دەستوربن، مامەڵەی گرتن و دەرکردنی کرێکار و فەرمانبەران لە دامەزراوە حکومەییەکاندا کۆتایی پێ بهێنرێت، دەرکردنی خوێندکاران لە پەیمانگا و زانکۆکان بە بیانوی ئەمنی ڕابگیرێت، داوایکردووە چارەسەری ئەوانەی کە لەناسنامەی سوری بێ بەشکراون چارەسەر بکرێن[4].

فواد عەلیکۆ لە گفتوگۆی بەیاننامەیەکی وەزاری حکومەتدا، کە لە نیسانی ١٩٩٢ لە ئەنجومەنی گەل گفتوگۆی لەسەر کرا، فواد علیکو بەشداریکرد و تیشکیخستە سەر کۆمەڵێک کێشەی کورد، داوایکردبوو کارکردن بە یاسای باری لەناکاو ڕابگیرێت، لەبەر ئەوەی کارکردن بەو یاسایانە ڕەوشێکی ترس و دڵەڕاوکێی بۆ خەڵک دروستکردووە، هەروەها داوایکرد زیندانییە ساسییەکان ئازاد بکرێن[5]، بەتایبەت جەختیکردەوە لە پرسی ئەو کوردانەی کە ماوەی ٣٠ ساڵ بوو لە ناسنامەی

---

[1] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/ جامعة دهوك: القضية الكردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد...، ص٥٦.

[2] خليل شاخكي: الاحزاب السياسية الكوردية في سوريا...، ص٦٠-٦١.

[3] جريدة صوت الاكراد، العدد (٢١٦)، تشرين الاول ١٩٩٣.

[4] نفس المصدر.

[5] خليل شاخكي: كورد سوريا في عهد حافظ الاسد...، ص٢٤٤.

سوری بێبەشکراون تەنها لەبەر ئەوەی کوردبوون، ئەوەش دەسەڵاتی مرۆڤی تێدا نییە لە چ نەتەوەیەک بێت، جەختی لەوە کردەوە کورد و عەرەب پەیوەندییەکی مێژووی دووررودرێژیان هەیە، پرسیاری ئەوەی کرد ئایا لە جیهاندا بێبەشکردنی بەکۆمەڵی هاونیشتیمانیانی ولاتێک لە ناسنامەی ئەو ولاتە هەیە لە جیهاندا ؟ لێرەوە سەرۆکی ئەنجومەنی گەل و سەرۆکی حکومەت بەڵێنیان دا چاسەری ئەو کێشەیە بکەن و لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن[١]، بەلام هەر تەنها قسەی بێ کرداربوو هەنوکەش ئەم پرسە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو هەولانەی نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی گەل و هەوڵی پارت و رێکخراوە کوردییەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافی کورد هەوڵیانداوە، بەلام سیاسەتی حکومەت و بڕیارەکانی بۆ رەتکردنەوەی داوای مافی کورد بەردەوام بوو، وەک لە ساڵی ١٩٩٠دا حکومەتی سوریا ڕەتیکردەوە مافی کورد لەناوخۆی سوریادا بدات، تەنانەت ڕیگەی بە زۆر شت نەدا بۆ کورد، بۆ نموونە، ناوی کوردی لەناوچە کوردییەکان بۆ ناونانی منداڵ قەدەغەکرد، بڕیاری گۆڕینی ناوی شوێنە گشتییەکان بۆ ناوی عەرەبی بڕیاری لەسەردرا، وەک لە عەفرین و حەسەکە، هەروەها گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە ئاهەنگە تایبەتەکان بە کورد و ڤیدیۆ و شریت و سیدی کوردی قەدەغەکرا.[٢]

لە ساڵی ١٩٩١ لەسەر بنەمای بڕیاری سەرۆک ئەجومەنی وەزیران بە ژمارە ١٩٧٦ لە ڕێکەوتی ١٩ی حوزەیران ١٩٩١، بڕیاردرا بە وەرنەگرتنی خوێندکارانی کورد ئەوانەی خاوەنی ناسنامەی نین و بە بێگانە تۆمارکرابوون لە سەرجەم پەیمانگا و خوێندنگەکانی سوریا، هەروەها ئەوەی ڕاگەیاند کە پێویستە هەڵوێستە بکرێت لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە پرسی پەروەردەو فێرکردنەوە هەیە،[٣] پێش ئەم بڕیارە بڕیاری دەرکردن و دوورخستنەوەی خوێندکارانی کورد بەردەوامی هەبوو، وەک لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٩٠، حەوت خوێندکاری کورد لە پەیمانگای پزیشکی لە دێرزور و سێ خوێندکار لە پەیمانگای ناوەندی کارەبا و میکانیک لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٩١ دەکران، بەو شێوەیە خوێندکاران و کرێکارانی کورد بە بەردەوامی ڕووبەڕووی دەرکردن و گواستنەوە لە پەیمانگا و فەرمانگەکا"ن دەبوونەوە[٤]. لە لایەکی دیکەوە کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بە بەردەوامی بە چەندین بڕیار و نووسراو لە دامەزراندن لە فەرمانگە حکومییەکان بێبەش دەکران وەک بەنوسراوی ژمارە (٩-٩٧٠) لە ڕێکەوتی ١٧ی تەموزی ١٩٩١ کە تیایدا ڕێگە بە دامەزراندنی (٢٠)

---

[١] خليل شاخكي: كورد سوريا في عهد حافظ الاسد...، ص٦٥.

[2] Ahmed Babaky Ahmed: The Role of Syrian Kurds in Confrontug in Ternational Terorism (ISIS) Submitted to the Institute of Graduate Studies and Research in partial fulfillment of the requirements for the **degree of Master** of Arts in International Relations, Eastern Mediterranean University, Gazimağusa, North Cyprus, February 2017, P.27.

[٣] عبدالباسط سيدا: المسالة الكردية في سورية...، ص٢٠٥.

٤علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص١١٩.

کەسایەتی کورد نەدرا لە کۆمپانیای گشتی ڕێگەوبان لە حەسەکە، ناوی ئەو کەسایەتییانە" ئەحمەد فەرحان مەحمود" ، "محەمەد خەلیل ئەحمەد"، "عەدنان عەزیز حبو"، "عەبدولمەجید خەلیل محەمەد"، "عەبدالمجید محەمەد ئیبراهیم" و "ئیبراهیم محەمەد یوسف..هتد"[١].

لە بەهاری سالی ١٩٩١ گەلی کورد لە باشوری کوردستان لەژێر سەرکردایەتی "بەرەی کوردستانی"[٢] ڕاپەرینی لە دژی ڕژێمی بەعس ئەنجامدا[٣]. ڕاپەڕین بووە هۆی وەرچەرخانێکی گەورە و ڕیشەیی بۆ کۆمەڵگەی کوردی[٤]، کورد بەرەو قۆناغێکی دیکە هەنگاوی نا پەرلەمانی کوردستان دامەزرا و کورد حوکمی خۆجێیی بەدەستهێنا[٥] سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەتی سوریا بەرامبەر کورد لە باشوری کوردستان"عەلی جەزیری" سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات حکومەتی سوریا هاوسۆز بوو لەگەڵ کوردی عێراق و ڕاپەرینی ١٩٩١، ئەمە نەک لەبەر خۆشەویستی بۆ کورد بەڵکو دژی حکومەتی عێراق ئەم هەڵوێستەی هەبوو، لەبەرئەوەی پشتیوانی لە ئۆپۆزسیۆنی عیراق دەکرد، جا کوردبێت یان عەرەب، شیعە بێت یان سونە، ئەوە بوو بۆ ماوەی چەندین ساڵ پارتە کوردییەکانی باشوری کوردستان لە دیمەشق و زۆربەی شار و پارێزگاکانی سوریا بنکەیان هەبوو، بەلام هەڵویستی بەرامبەر کورد لە سوریا، کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لە مافە سەرەتاییەکانی بێ بەشکرابوو[٦] لەم ڕووەوەبوو حکومەتی سوریا لە ساڵی ١٩٩١ دژی ئەوە نەبوو "ناوچەی ئارام"[٧] لە باکوری عێراق دابمەزرێنرێت، ئامانج لەم

---

[١] عبدالباسط سیدا: المسالة الکردیة في سوریة...، ص٢٠٦.

[٢] بەرەی کوردستانی: لە ڕێکەوتی (٧-٦-١٩٨٧) بەرەی کوردستانی پێکهات کە ئەندامەکانی پێکهاتبوو (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سوسیالیستی کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان...هتد) لە ساڵی ١٩٩٠ هەردوو (حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و جوڵانەوەی دیموکراتی ئاشوری) چوونە ناو ئەم بەرەیە (پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری: ڕاپەڕینی کەرکوک ساڵی ١٩٩١، کتێبی ڕووناکبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٦٠) لەبەهاری ١٩٩١ بەڕابەرایەتی بەرەی کوردستانی گەلی کورد دژی حکومەتی بەعسی عێراقی ڕاپەرینی ئەنجام دا و وەرچەرخانی گەورەی لە مێژووی خۆیدا هێنایە کایەوە. بڕوانە: (زامدار ئەحمەد: ڕاپەڕینی کۆیە ٩ ئازاری ١٩٩١،چ١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی ، ٢٠١٧، ل٢٣).

[٣] زامدار ئەحمەد: ڕاپەڕینی کۆیە ٩ ئازاری ١٩٩١، ل٢٣.

[٤] هەمان سەرچاوە، ل٢٢-٢٣.

[٥] ئاراس عبدولرحمان مستەفا: ڕاپەرینی ئاداری (١٩٩١) لە باشوری کوردستان، لێکۆلینەوەیەکی مێژووی سیاسییە، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل٣٧،

[٦] چاوپێکەوتن توێژەر لەگەڵ علی جەزیری لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفونی، کاتژمێر ٩:٠٠ شەو، چوار شەممە، هەولێر ٢٠٢٢/٤/٢٧.

[٧] ناوچەی ئارام: ئەو ناوچەیەبوو نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری (٦٨٨) دایمەزراند. ئەو بڕیارە تایبەت بوو بە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرکوتکارییەکانی حکومەتی عێراق دژی هاوڵاتییەکانی، بڕیارەکە جەختی دەکردەوە سەر ئەوەی چەوساندنەوەی هاوڵاتیانی عێراق هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی و جێگیری ناوچەکە. بڕیارەکە ڕێگەی دەدا بە نەتەوە یەکگرتووەکان کار دژی سەرکوتکارییەکانی سەر هاوڵاتیانی عێراق بکات هاوکات بڕیارێک بۆ

هەڵوێستەی ئەوە بوو هەرەشە جدییەکانی وڵاتانی دراوسێ و ڕژێمی بەعسی ڕکابەری لە عێراق کەم بکاتەوە، حکومەتی سوریا پەیوەندییەکانی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی باکوری عێراق باش بوو، هەروەها سنورەکانی بۆ دیپلۆمات و نوێنەرە سیاسییەکانیان والاکردبوو، کیانی کوردی لە باکوری عیراق وەک کیانێک بۆ لاوازبوونی بەغداد دەبینی، پشتی بە خواستی باشی دەوڵەتانی دراوسێ دەبەست، لەبەرئەوەبوو دژی ناوچەی ئارام نەبوو[1] لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی سوریا جۆرێک لە گومانی لە کوردەکان لا دروستببوو، بەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان هاوشێوەی کورد لە عێراق ڕاپەرین دژی حکومەت بەرپابکات، کوردی سوریا پێشوازی لە ڕاپەرینی ١٩٩١ی باشوری کوردستان کرد و خۆشحاڵی دەربڕی[2].

ئەم ڕەوشە نوێیە لە کاتێکدابوو، سیاسەتی دوورخستنەوی خوێندکارانی کورد لە پەیمانگا و زانکۆکان و دەرکردنیان، دەرکردن و دوورخستنەوەی کریکار و فەرمانبەری کورد لە فەرمانگە حکومەییەکان بەردەوامی هەبوو، بە بیانوی پێویستی ئەمن و ئاسایش لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی دامەزراوە ئەمنی و حکومییەکان کە ئاراستەی دەسەڵات دەکرا، بە بیانوی کۆتاییهێنانی خزمەتی کارکردنی ئەو کرێکار و فەرمانبەرانە دژی کورد درێژەی هەبوو[3]. بەم جۆرە سیاسەتی حکومەتی سوریا کە زیاتر سیمایەکی دوژمنکارانەیی هەبوو بەرامبەر بە کوردی ڕۆژئاوا و هەوڵی پەراوێزخستنی بەردەوامی هەبوو، کوردیش لە هەوڵی بەردەوامدا بوو بۆ پیشاندانی ڕەوشی خراپی کورد، لەم چوارچێوەیەدا لە کانونی یەکەمی ١٩٩٢ بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤەوە، سەرکردایەتی هاوبەشی هەرسێ پارتی کوردی "یەکێتی گەلی کوردی سوریا"، "یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا"، "پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا" بەیاننامەیەکی هاوبەشیان نووسی و تیدا ئاماژەکرابوو بە ئەو بڕیار و مامەڵانەی دژی مافەکانی کورد لە سوریا کاری پێدەکرێت، تێیدا هاتووە جەختی کردبووە سەر ئەوەی گەلی کورد بەهۆی ئەو یاسا و بڕیارانەی حکومەت کاری پێکردووە بڕیاری باری لەناکاو، کە حکومەت لە ناوچە کوردییەکان دەریکردووە، کوردی لە مومارەسەکردنی مافەکانی بێبەشکردووە، وەک بڕیاری سەرژمێری ١٩٦٢ لەپارێزگای حەسەکە، کە سەرکردایەتی هاوبەشی ئەو سێ پارتە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و تێپەڕبوونی (٣٠) ساڵ بەسەر ئەو بڕیارەدا، داوایان کردبوو ناسنامە بۆ ئەو کوردانە بگەرێندرێتەوە کە بە بێگانە تۆمارکرابوون، هەروەها داوای ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی کوردو کۆتایهێنان بە بڕیارە

---

یارمەتیدانی مرۆیی لەناو خاکی عێراقدا دەربکات. ئەم بڕیارە بوو بە بناغەی "ناوچەی ئارام" لە باکوری عێراق. بڕوانە: (هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆڵی لێکراو، ل١٩٩).

[1] هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆڵی لێکراو، ل٢٠٠.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی شەمدین، کاتژمێر ٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ، چوار شەممە، سلێمانی، ١١/١٧/ ٢٠٢١.

[3] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص١١٩.

نائاساییەکان کرابوو، داوا لە هێزە دیموکراتی و جەماوەرییەکان کرابوو هەوڵی خۆیان لەپێناوی دەستەبەرکردنی یاسا و دەستوور و یەکسانی و دیموکراتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بخەنەگەڕ[١].

کورد لە پۆستە باڵاکانی وەک پۆستی وەزارەتی بەرگری و دادوەری و پارێزگار... هتد، بێ بەشکرابوو، ئەگەرچی هەندێک ئەفسەری کورد لە سوپادا بوونیان هەبوو، بەڵام ئەو ئەفسەرانە دانیشتووی ناوچە کوردییەکان نەبوون، بەڵکو لەناوچە عەرەبییەکان بوون پەیوەندی ئەو تۆیان بە کوردەوە نەبوو[٢].

لە لایەکی دیکەوە، بەکارهێنانی زمانی کوردی بەشێوەیەکی فەرمی قەدەغەبوو، ڕادیۆیەکی کوردی بە زمانی کوردی لە سوریا نەبوو[٣]، مەرسومی (ژمارە ١٢٢) لە ٣ی ئەیلولی ١٩٩٢دا دەرکرا، کە تێیدا بڕیاری مامەڵەیەکی توند دژی کورد درابوو، تێیدا جەختکرایەوە لەوەی نابێت منداڵی کورد بە ناوی کوردییەوە ناوبنرێت[٤]، ئەم بڕیارە بەشێوەیەکی نافەرمی چەندین ساڵ کاریگەریی بەردەوامی هەبوو[٥]. جگە لەمانە، چەند مەرسومێکی دیکە جەختی لە هەمان مامەڵە و سیاسەت دەکردەوە دژی کورد تێپەڕبوونی (٣٠) ساڵ بەسەر بێبەشکردنی کورد لە ناسنامەی سوری ناوەند و چین وتوێژەکانی کوردی هاندا کە چەند بەیاننامەیەک دەربکەن و تێیدا ڕەوشی نالەبار و دژواری کورد نیشان بدەن بەهۆی بێبەشکردنیان لە ناسنامە، هەڵبەت لەو بەیاننامانەدا داوای گیرانەوەی ناسنامەی سوریایان دەکرد بۆ کورد، هەروەک لە ٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ سەرکردایەتی (لایەنە هاوبەشەکانی کورد) بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٣٠) ساڵ بەسەر سەرژمێری نائاسایی حەسەکە ١٩٦٢ کاریگەرییەکانی لەسەر کورد بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە تێیدا ڕەوشی دژواری کوردیان نیشاندا[٦]، هەروەها لە کانونی یەکەمی ١٩٩٢ لایەنە هاوبەشەکانی کورد بە یاننامەیەکیان بڵاوکردەوە داوای ڕاگرتنی کارکردن بە ئەنجامی سەرژمێری ١٩٦٢یان کردبوو هەروەها داوایان کردبوو کاریگەرییەکانی سەرژمێرییەکە کۆتایی پێ بهێنرێت[٧].

لە چوارچێوەی کارابوونی چالاکی نەتەوەیی کورد لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا، لە ساڵیادی سەرژمێری ١٩٦٢ی پارێزگای حەسەکە، بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە لە هەموو ناوچەکانی حەلەب و دیمەشق ئامانج لەم بەیاننامە و چالاکییانە

---

[١] علي صالح ميراني: الحياة الحزبية السرية...، ص٢٦٥.

[٢] خليل شاخكي: كورد سوريا في عهد حافظ الاسد...، ص٦٢-٦٣.

[٣] نفس المصدر، ص٦٣.

[4] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.63.

[5] Michael M. Gunter: Out of Nowhere…, P.21.

[٦] علي صالح ميراني: الاحزاب السياسية في كردستان-سوريا، ١٩٢١-٢٠١٣، اربيل، ٢٠١٤، ص٣٥١.

[٧] نفس المصدر، ص٣١٨.

له ساڵیادی سەرژمێری حەسەکەدا ئەنجامدەدرا، هەوڵدانێک بوو بۆ گیرانەوەی ناسنامە بۆ کوردە بێگانەکان و گێڕانەوەی متمانەی کورد بۆ بزوتنەوەی سیاسی کوردی. لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیە دەزگا ئەمنییەکان کەوتنە دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری کورد لە ناوچەکانی قامیشلۆ، دێریک، حەلەب و حەسەکە بەگشتی ئەوەی گوایە ئەو کوردانە کۆمەڵەی نهێنیان پێکهێناوە و هەوڵی دابڕینی بەشێک لە خاکی سوریا دەدەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان[1]، ئەمەش بە پێی یاسا دژایەتی دەستوری سوریا و هەوڵدانە بۆ هەڵوەشانەوەی سوریا ئەوەش بە یاسا تاوانە وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا.

سەرەڕای هەموو ئەم گوشارانە، کوردی ڕۆژئاوا بەردەوام بوو لە خەباتکردن دژی هەر بڕیارێکی سیاسی کە دژ بە مافی کورد دەرکرابێت، لەو پێناوەدا، سیاسەتمەدارانی کورد (هاوپەیمانی دیموکراتی کوردی سوریا[2])ی پێکهێنا ئەم هاوپەیمانییە بەرنامەی سیاسی خۆی دەبینییەوە لەوەی کە کورد ئەگەر چی لە سەرجەم قۆناغە مێژووییەکانی سوریادا شان بەشانی نەتەوەی عەرەب بۆسەربەخۆی تێکۆشاوە، بەڵام ڕووبەڕووی چەوسانەوەی نەتەوەیی بووەتەوە، لە مافی (سیاسی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی) بێ بەشکراوە چەندین پرۆژەی نائاسایی لەدژی ئەنجامدراوە هەروەک پرۆژەی (پشتێنەی عەرەبی)، هەربۆیە پارتەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی بڕیاریاندا خەبات لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانی کورد بکەن و کار بۆ هەڵوەشانەوەی پرۆژەی نائاسایی دژ بە کورد بکەن[3].

---

[1] علي صالح ميراني: الحياة الحزبية السرية...، ص١٨٥.

[2] هاوپەیمانی دیموکراتی کوردی سوریا: لە هاوپەیمانی چوار پارتی کوردی روژئاوای کوردستان پیکهاتبوو، ئەو پارتانەش (پارتی دیموکراتی کوردی سوریا (البارتي)، حزبی یەکیتی گەلی سوریا، پارتی چەپی کوردی سوریا، پارتی دیموکراتی سوریا)، ئەم هاوپەیمانییە لە ١ی شوباتی ١٩٩٢دامەزرا، هەر لەو کاتەدا بۆ یەکەم جار بەرنامەی سیاسی ئەو هاوپەیمانییە داڕێژرا، بەرنامەی سیاسی ئەو هاوپەیمانییە تێکوشان بوو لە پێناوی ڕەتکردنەوەی هەموو شیوەکانی جیاکاری نەتەوەیی و چەوسانەوەی نەتەوەیی دژ بەگەلی کورد، داوای مافی پارتەکوردییەکانیان دەکرد، داوای کارنەکردن بە بڕیاری نائاساییان دەکرد، خەباتیان لە پێناوی بەدەستهینانی سەرجەم مافە نەتەوەیەکانی کورد دەکرد. بڕوانە: (البرنامج السياسي للتحالف الديمقراطي الكوردي في سوريا ١٩٩٢/٢/١, ڕوونوسی بەڵگەنامەکە لەلایەن بنەماڵەی فەلەکەدین کاکەیی پێشکەش کراوە ؛ علي شمدين: الحركة الكردية في سوريا...، ص١٧٨).

[3] البرنامج السياسي للتحالف الديمقراطي الكوردي في سوريا ١٩٩٢/٢/١. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بەرنامەی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردی سوریا بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( ٨ ).

# باسی دووەم:
# کاردانەوەی حکومەتی سوریا لە بەرامبەر ڕۆژئاوای کوردستان (١٩٩٣-حوزەیرانی٢٠٠٠):-

لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠کانەوە، جیهان و ناوچەکە ڕووبەڕووی شەپۆلێک گۆرانکاریی نوێ وڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و دروستبوونی تاکجەمسەریی لە جیهاندا بە ڕێبەری ئەمریکا بووەوە، کەهەندێک لە وڵاتانی ناچارکرد بەڕووی ئازادی و دیموکراتی زیاتردا بکرێنەوە لە وڵاتەکانیاندا. سوریا لەم هاوکێشەیە بەدەرنەبوو، بەڵام بەرامبەر بە کوردی ڕۆژئاوا نا، چونکە لە کاتێکدا جیهان بەرەو پێشکەوتن و ئازادی و دیموکراتی زیاتر هەنگاوی دەنا، هەموو ئەو گۆڕانکارییەی لە ڕۆژئاوای کوردستان هاتەکایەوە، کەمێک کرانەوەی فەرهەنگی بوو، ئەگەرنا قەدەغەی زمانی کوردی، پەروەردە بە زمانی دایک، ئازادی لە قاڵبدراو قەدەغەی سیستمی فرە حیزبی چالاکی ڕێکخراوەیی و گۆڕینی ناوی شار و دێهاتە کوردییەکان بە عەرەبی و تەنانەت ڕێگریی لەوەی کورد ناوی کوردی لە نەوەکانیان بنێن، لە سیما هەرە دیارەکانی سیاسەتی سوریابوو بەرامبەر کورد لە ڕۆئاوای کوردستان.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣وە سیاسەتەکانی حکومەتی سوریا بەرامبەر بە کورد جۆرێک لە توندوتیژی زیاتری بەخۆیەوە بینی، بە تایبەت بەسەرنجدان لەو ڕەوشە نوێیەی بۆ کورد لە باشور هاتبووەکایەوە، نموونەی ڕووداوی "زیندانی حەسەکە"[١]، یەکێک لەو ڕووداوانەی گەیشتنە لوتکەی سیاسەتی دوژمنایەتی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن حکومەتی سوریاوە پیشاندەدات، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بەجێ هێشتووە، ئەم ڕووداوە لە مێژووی کوردا بە کارەساتی زیندانی حەسەکە ناسراوە[٢]. ئەو کارەساتە شۆکێکی گەورە بوو بۆ کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، کورد لەوە تێگەیشت دامودەزگاکانی حکومەتی سوریا، بە دوای

---

١ زیندانی حەسەکە: ئەو زیندانە دەکەوێتە ناوچەی (حي غويران) لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم لە کاتی یەکێتی میسر و سوریا دروستکرا، لە پێنج ژووری گەورە پێکهاتبوو، ڕوبەری هەیەکەیان (٣٠ م) درێژ بوو، ڕووبەری زیندانەکە بۆ نزیکە (٢٠٠) زیندانی دروستکرابوو، بەڵام حکومەتی سوریا زیاتر لە (٧٠٠) زیندانکراوی لەو زیندانەدا بەند دەکرد. بڕوانە: (وكالة أنباء هاوار( ANHA) :شمس الدين ملا: التسيب و الرشاوي من قبل قائد الشرطة و إدارة السجن كانا السبب في حريق السجن، نشرت في موقع وكالة أنباء هاوار( ANHA)، بتاريخ ٢٣ آذار ٢٠٢٠، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی ١٥ی ئەیلولی ٢٠٢٢ لە وێبسایتی:

https://bit.ly/3f7VSyd

٢ مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة/دهوك: القضية الكردية في كردستان–سوريا خلال عصر الرئيس حافظ الأسد...، ص٦٠ ؛ علي صالح حمدان: جريمة إحراق سجن الحسكة المركزي في ليلة ٢٤ ازار ١٩٩٣ گۆڤاری ڕووگەهـ ژمارە (٢-٣) ، کوردستان، زانکۆی زاخۆ، پاییزی ٢٠١١- زستانا ٢٠١٢، ص١٨٢.

هەلێکدا دەگەڕێن بۆ لە ناوبرن و سڕینەوەی کورد، ئەگەر ئەو دەرفەتە لەنێو زیندانەکانیشدا هەڵکەوێت[1].

ئەم کارەساتە لە ڕۆژی پێنج شەممە بەرواری ٢٥ی ئاداری ١٩٩٣ خەڵکی پارێزگای حەسەکەی بەئاگاهێنایەوە، کە دەیان زیندانیکراوی نێو زیندانی حەسەکە سوتاون و مردوون، زۆرینەی ژمارەی ئەو زیندانیانە کورد بوون[2]، ڕووداوەکە بە کەوتنەوەی ئاگرێک لە نێو زیندانەکەدا دەستپێکرد و بەوهۆیەوە (٦١) زیندانیکراو سوتان و مردن چەندین زیندانیکراوی دیکە بریندابوون، ئەمەش کارەساتێکی گەورە بوو کە بەسەر کورداهات لە ڕۆژئاوای کوردستان[3].

لێکۆڵینەوە و چۆنێتی ڕوودانی کارەساتەکە و هۆکاری ڕووداوەکە و کێ لە پشتی ڕووداوەکە بووە؟ لێکدانەوە و ڕاوبۆچونی جۆراوجۆری لەسەر بوو، هەروەک زۆرینەی زیندانیەکانی نێو زیندانەکە جەخت لەوەدەکەنەوە، کە ڕووداوەکە لە کاتژمێر (٦)ی ئێوارە ڕوویداوە، ئەوەش بە پێی پلانێکی داڕێژراوی پێشووتر بوو کە لە لایەن کاربەدەستانی ئەمنی زیندانەکەوە پلانی بۆ دانراوە، تاوەکو لەنێو زیندانەکەدا ئاگرێکی لەو شێوەیە بکەوێتەوە[4] لایەنی دەسەڵات سەبارەت بە ڕووداوەکە و هۆکار و دەرئەنجامی ڕووداوەکە، ڕاستەوخۆ دوای ڕووداوەکە داوایان لە سەرۆک هۆز و عەشیرەت و پیاوانی ئایینی و هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی گەل ئەوانەی کورد بوون کرد، تاوەکو کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە ئامادەبوونی پارێزگاری حەسەکە ئەنجام بدەن، سەبارەت بە ڕووداوی زیندانی حەسەکە کاتێک کۆبوونەوە دەستپێیکرد، پارێزگار وەک لایەنی حکومی بە فەرمی بە ئامادەبووانی کۆبونەوەکەی ڕاگەیاند، ڕووداوەکە لە کاتژمێر (١١)ی شەو ڕۆژی چوارشەممەی ٢٤ی ئازاری ١٩٩٣ ڕوویداوە، هۆکارەکەشی ئەوەبوو، (٦) زیندانیکراو هەندێک زەیتی گازیان کردووە بەسەر ژورێکی گەورەی زیندانەکەدا و ئاگر کەوتۆتەوە بەو هۆیەوە (٥٧) زیندانی سوتان و مردن، (٣٠) زیندانی دیکەش بریندار بوون بۆ ڕۆژی دواتر ژمارەی قوربانیەکان بەرز بۆتەوە بۆ (٦٠) کەس مردون. پارێزگار داوای لە ئامادەبووان کرد، کە بڕوا بە جەماوەر و هانیشتمانیان بهێنن، بەوەی ڕووداوەکە هیچ دەستێکی لە پشتەوە نەبووە[5].

---

١ مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة/دهوك: القضية الكردية في كردستان–سوريا خلال عصر الرئيس حافظ الأسد...، ص٦٠.

٢ علي صالح حمدان: جريمة إحراق سجن الحسكة المركزي في ليلة ٢٤ آذار ١٩٩٣، ص ١٨٣.

٣ مركز توثيق الانتهاكات: بعد ٢٨ عاما على حريق سجن الحسكة أهالي ٦١ ضحية مازالوا بانتظار تحقيق العدالة، منشورات مركز توفيق الاتنهاكات, ٢٥ مارس, ٢٠٢١، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی ٢٠ / ٧ / ٢٠٢٢ لە وێبسایتی: https://bit.ly/3R7HqDR

٤ مركز توثيق الانتهاكات: بعد ٢٨ عاما على حريق سجن الحسكة أهالي ٦١ ضحية مازالوا بانتظار تحقيق العدالة.

٥ خليل شاخكي: الاحزاب السياسية الكوردية في سوريا...، ص٢٠٤.

لەلایەکی دیکەوە، ژمارەیەک زیندانی کە لەوکاتەدا خۆیان لە زیندانەکەدا بوون گەواهی ئەوە دەدەن بەرێژەیەکی زۆر مادەی گازییان لە زیندانەکەدا ڕژاندووە، بە شێوەیەکی نادیار ئاگریان لە زیندانەکە بەرداوە، ئەوەش بە هاوکاری لایەنی ئەمنی زیندانەکە، لەدوای ئەوەی یەکێک لە ژوورە گەورەکانی زیندانەکە گڕدەگرێت، بەرپرسانی زیندانەکە دەرگای زیندانەکەیان داخست، ئەو ژمارە زیندانییە سوتان لەنێو زیندانەکەدا[1]، هەروەک کەسایەتیەک بەناوی "جمال ئەبو شفان" لە گەڕەکی عەزیزیە، لە کارەساتی زیندانی حەسەکە باوک و براکەی سوتان و مردن، بە وردی ئەو ڕوداوە بۆ (یەکێتی میدیا) دەگێڕێتەوە پێیوایە هۆکاری سوتانی زیندانی حەسەکە بوونی "کەمال حەسو مشکینی"[2] و منداڵەکانی بوون لە زیندانی حەسەکە، ئەم خێزانە لەو ژوورە گەورەیە بوون کە سوتا، هەروەها دەڵێت:" ئیدارەی زیندانەکە، زەوی و کەل و پەلی ئەو ژوورە گەورەیەی کە سوتا بە بۆدرەیەکی سپی بۆنخۆش بۆدرەڕێژیان کرد، بەناوی پاکڕاگرتن و پاراستنی زیندانەکە لە مێرو و بونەوەری زیانبەخش، پێشتر مەسحییەکانی جەزیرە هاوکاری و ڕێکەوتنیان لەگەڵ ئیدارەی زیندانەکەدا کرد بوو، کە ئەو جۆرە مادە گازییە لە زیندانەکەدا بڕێژن، بە تایبەتی لەو ژورە گەورەیەی کە کەمال حەسو و خێزانەکەی لێ بوو، لەکاتێکی نادیاردا ئاگریان لەو ژوورە گەورەیە بەردرێت، کە کەمال حەسو و خێزانەکەی لێ بوو، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە گازە بە خێرایی گڕدەگرێت و دەسوتێت[3]، ناوبراو ئاماژە بەوەدەکات ئاگر لەو ژورە گەورەیە کەوتەوە، کە کەمال حەسو و منداڵەکانی لێ بوو، ئاگرەکە لە کۆنترۆڵ دەرچوو، ئەو ژوورە گەورەیەی گڕی گرتووە درێژییەکەی (٣٠) مەتر بوو، ئاگر تەواوی ژورەکەی گرتۆتەوە و دەرگای ژوورە گەورەکە داخراوبوو، دەسەڵاتداران و بەرپرسانی زیندانەکە هەوڵیکردنەوەی دەرگای ژورەکەیان نەدابوو، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکەیان نەدا، لە ئاکامدا (٦٠) زیندانیکراوی نێو زیندانەکە سوتان، دەیانی دیکەش بریندار بوون و بەدوکەڵی ئاگرەکە خنکان یان بێهۆشبوون[4].

لوقمان سلێمان نوسەر و کەسایەتی ڕۆژئاوای کوردستان هەمان بۆچوونی (جمال ئەبو شڤان)ی هەیە و پێیوایە سوتانی زیندانی حەسەکەبە مەبەست بووە، ئەو کارەساتە لە کێشەیەکی

---

١ مركز توثيق الانتهاكات: بعد ٢٨ عاما على حريق سجن الحسكة أهالي ٦١ ضحية مازالوا بانتظار تحقيق العدالة.

[2] کەمال حەسو مشکینی: کەسایەتیەکی کورد بوو لەپارێزگای حەسەکە، لەسەر کێشەی زەویی و زاری کشتوکاڵی، کێشە لە نێوان خێزانی کەمال حەسو و خێزانێکی مەسیحی دۆست و لایەنگری دەزگا ئەمنییەکان دروستبوو، ئاکامی ئەوکێشەیە، خێزانی کەمال حەسو مەسیحییەکیان کوشت، دەزگا ئەمنییەکان کێشەکەیان گەورەکرد و خێزانی کەمال حسویان خستە زیندانەوە. بڕوانە: (یەکێتی میدیا(Yekiti Media): ستة وعشرون عاما على حرق سجن الحسكة..ولازال النظام متسترا على ملابساته, ٢٣ منشور في مارس ٢٠١٩، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی ١٥ / ٧/ ٢٠٢٢ لە وێبسایتی: https://bit.ly/3UyguQn

[3] یەکێتی میدیا(Yekiti Media): ستة وعشرون عاما على حرق سجن الحسكة...

[4] نفس المصدر.

کۆمەڵایەتی نێو خۆی پارێزگای حەسەکەوە ڕوویداوە، کێشەکە لەنێوان خێزانێکی کورد بەناوی خێزانی کمال حەسو لەگەڵ خێزانیکی مەسیحی کە لایەنگر و دۆستی دەزگا ئەمنییەکان بوون، کێشەکە لەسەر زەوی وزاری کشتوکاڵی بوو، خێزانی حەسو مەسیحییەکیان کوشت و کێشەکە گەورە بوو، دەزگا هەواڵگریی و ئەمنییەکان کێشەکەیان زیاتر گەورە کرد و خێزانی حەسویان خستەزیندانەوە، ئەمەیان بە هەلزانی بۆ تێکدانی پەیوەندی کورد و مەسیحییەکان، دواجاریش لەسەر ڕاسپاردەی دەزگا ئەمنییەکان کێشەکە زیاتر گەورەکرایەوە و خەڵکیان ڕاسپارد ئاگر لەو ژوورە بەربدەن کە خێزانی حەسوی تێدابوو، بەم شێوەیە کێشەکە بەهاوکاری و چاوساغی دەزگا ئەمنییەکان ڕوویدا.[١]

شەمسەدین مەلا ئیبراهیم کەسایەتی سیاسیی کورد باس لە ڕوداوی زیندانی حەسەکە دەکات، ئەوە دەخاتەڕوو کە لە ٢٣ی مانگی ئازاری ١٩٩٣ خەڵکی ئاهەنگی نەورۆزیان دەکردەوە، زیندانی حەسەکە لە پێنج ژوری گەورە پێکهاتبوو، دەسەڵاتداران دەرگای هەندێ لەو ژورانەیان کردەوە، بەمەبەستی ڕێگەدان بە ئەنجامدانی ئاهەنگی جەژنی نەورۆز، گەواهی ئەوەدەدات ئەو لە ژووری دووەم بووە، هەریەکە لەو ژورانە زۆر گەورە بوون، لە شێوەی هۆڵێکی گەورە بوون، بڕوای وایە ئیدارەی زیندانەکە هەستاون بە بڵاوکردنەوەی گاز بە نێو زیندانەکەدا، لە ژووری دووەم چەند لیترێک لەو گازەیان ڕشتووە بەسەر جێگەی نوستن و هەموو جێگەیەکی زیندانەکەدا بڵاویان کردەوە. پاشان سەرجەم دەرگاکانی زیندانەکەیان داخستووەو یەکێک لە زیندانییەکان بە ناوی "عەلی قاسم" لە دەرەوە مابوەوە، پۆلیس و بەرپرسانی زیندانەکە لێیاندا. هاوڕێکانی عەلی قاسم بەرامبەر بەو کارەی پۆلیس جێگە و کەل و پەلی ئەو ژوورە گەورەیەیان کۆکردەوەو ئاگریان تێبەردا. کەلوپەلەکان بە هۆی ئەو گازەوە بەسەریدا کرابوو بە ئاسانی گڕی گرت و تەواوی ئەو ژوورە سوتا، کە کەمال حەسۆ و منداڵەکانی تێدا بوو، لە ئاکامدا (٦٢) زیندانی سوتان و مردن کە زۆرینەیان کورد بوون[٢].

چەند شایەتحاڵێکی دیکەی کارەساتی سوتانی زیندانیانی حەسەکە زۆرینەیان پێیان وایە زیندانەکە پڕبووە لە گاز، ئەوەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی بە خێرایی گڕبگرێت، پاش کەوتنەوەی ئاگرەکە و تەشەنەسەندنی سەرەڕای هاوارکردنی زیندانەکان، بەڵام ئیدارەی زیندانەکە دەرگای زیندانەکە و ژووری دووەمیان نەکردەوە، هەرچەندە هەندێ لە زیندانەکان هەوڵی کردنەوەی دەرگای زیندانەکەیان دا وەک قەهرمان عەلی، بەڵام بە هۆی تەشەنەسەندنی ئاگرەکەوە نەتوانرا سەرجەم

١ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لوقمان سلێمان، لە ڕێگەی تەلەفونەوە، کاتژمێر٣:٠٠ پاش نیوەڕۆ، پێنج شەممە، ئەڵمانیا ، ٢٠٢١/١٢/٩؛ چاوپیکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەلی شەمدین، کاتژمێر٣:٠٠ پاش نیوەڕۆ، چوارشەممە، سلێمانی ١٢ /٢٠٢٢/١.

٢ وكالة أنباء هاوار( ANHA) :شمس الدين ملا: التسيب و الرشاوي من قبل قائد الشرطة و إدارة السجن كانا السبب في حريق السجن.

زیندانیان ڕزگار بکەن. لە ئەنجامدا (٦١) زیندانی سوتان و مردن[١]، (١٠٠) بریندارى لێکەوتەوە، دەسەڵاتدارانی حکومەت بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ چوار زیندانی دەرکرد، بەهۆی ئەوەی بونەتە هۆکاری کەوتنەوەی ئاگری زیندانەکە[٢].

شەمسەدین مەلا ابراهیم دەڵێت:" ئێمە ١٢ شایەتحاڵی ڕووداوەکە بووین، براین بۆ کۆشکی کۆماری لە دیمەشق تاوەکو تەواوی ڕاستییەکان سەبارەت بە ڕووداوەکە بڵێین لە سەعاتی ١١ شەو تاوەکوو ٧ی بەیانی لێکۆڵینەوەیان لێکردین، ئێمەش ڕاستییەکانمان بە ئەفسەری لێکۆڵینەوەکە وت بەم شێوەیە؛ هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکە پۆلیس و ئیدارەی زیندانەکە بووە، لەبەرئەوەی ڕێگەیان لە هێنانی مادەی هۆشبەر بۆ ناو زیندانەکە نەگرت، ئەگەر چی هێنانی مادەی هۆشبەر بۆ ناو زیندانەکە و بەکارهێنانی قەدەغە بوو"[٣]. چەند شایەتحالێکی دیکە هۆکاری ڕووداوی زیندانی حەسەکە بۆ لێکتێنەگەیشتنی نێوان ئیدارەی زیندانەکە و هەندێک لە زیندانیەکان دەگێڕنەوە، بەهۆی ئەو لێکتێنەگەیشتنەوە ئاگر لە زیندانەکە کەوتۆتەوە و لە کۆنترۆڵ دەرچوو و ئەو کارەساتەی لێ کەوتۆتەوە[٤].

دەسەڵاتدارانی حەسەکە چاویان لە ڕاستی ڕوداوەکان پۆشی و بەرپرسیارێتی ڕوداوەکەیان خستەئەستۆی ژمارەیەک زیندانی کورد، دەسەڵات بە ئالودەبووی مادەی هۆشبەر وەسفیکردن. ئەوەیان ڕاگەیاندبوو. هەندێک لە زیندانییان مادەی هۆشبەریان بەکارهێناوە و لەگەڵ پۆلیس و کاربەدەستانی زیندانەکە کەوتونەتە شەر و ناخۆشییەوە. زیندانیەکان هەڕەشەی سوتاندنی زیندانەکەیان کردووە، پاش ئاڵۆزبوونی ڕەوشەکە زیندانییەکان ئاگریان لە کەلوپەلی نوستنەکەیان بەرداوە و کەل و پەلەکان لەبەرئەوەی گازی بەسەردا کرابوو بە ئاسانی گری گرتووە. ئەوانەی بە هۆکاری ئەم کارەساتە تاوانبارکران ئەمانە بوون "فەرحان سەکفان، حەسەن فەرحان سەکفان، قهرمان جمهور، کمران شەریف ئیبراهیم، عەلی مەحمود قاسم، محەمەد ئەمین ئەحمەد". دەسەڵات لە ڕاپۆرتی سەرۆکی پۆلیسی حەسەکە بە ژمارە (١٣٢١/ص)، کە بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە ئەمەی خستوەتەڕوو هۆکاری ئاگرەکەی خستوەتەسەر ئەو زیندانیانە. لە دوای دوو مانگ لە ڕوداوەکە پێنج کەس لەوانەی تاوانبارکران بە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە لە سێدارە دران[٥]، هەروەها

[١] آرک نیوز: تسع وعشرون سنة على مجزرة سجن الحسكة، منشور في ٢٤ مارس ٢٠٢٢، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی ١٣ / ٧ / ٢٠٢٢ لە وێبسایتی: https://bit.ly/3dxaqXT

[٢] نفس المصدر.

[٣] مركز توثيق الانتهاكات: بعد ٢٨ عاما على حريق سجن الحسكة أهالي ٦١ ضحية مازالوا بانتظار تحقيق العدالة.

[٤] آرک نیوز: تسع وعشرون سنة على مجزرة سجن الحسكة.

[٥] ئەوانەی لە سێدارەدران بە ناوەکانی (عەلی مەحمود قاسم لە دایکبووی ١٩٦١ی حەسەکە، فەرید مەحمود ئەلحیری لە دایکبووی ١٩٧٢ی حەسەکە، قهرمان جمهور لە دایکبووی١٩٦١ حەسەکە، محەمەد ئەمین محەمەد لە دایکبووی ١٩٦٨ی دێریک، محەمەد فەرحان سەکفان لە دایکبووی ١٩٦٥ی قامیشلۆ. بڕوانە: (عبدالباسط سيدا:

بڕیاری زیندانیکردن بۆ پێنج کەسی دیکە دەرچوو کە یەکێکیان تەمەنی نەگەیشتبووە (١٧) ساڵ بۆ ماوەی (١٢) ساڵ بڕیاری زیندانیکردنی درا. دواتر کرایە زیندانی هەتاهەتای، چوار کەسی دیکە بۆ ماوەی سێ ساڵ لە مافە مەدەنیەکانیان بێبەشکران.[١] سوتاندنی زیندانی حەسەکە لە لایەن دەسەڵاتدارانی سوریاشەوە لە بەڵگەنامە و ڕاپۆرتەکانیاندا ئاماژەیان پێدراوە وەک لە ڕاپۆرتی بەشی پرۆسەو ڕاهێنانەکاندا، ڕاپۆرتێکی بە ناونیشانی"التقرير اليومي بالجرائم و الموادن المعروض عنها" بەرواری ٢٠ی ئاداری ١٩٩٣ بە ژمارە (١٣٢١ س-ص)، تێیدا هاتووە، لە کاتژمێر(٩:٣٠) خولەکی شەوی ٢٤ی ئادار هەندێک لە زیندانیانی گرتووخانەی ناوەندی حەسەکە ئاگریان بەرداوە لە ژووری گەورەی ژمارە دووەم و پێنجەم. ئەوە بەهۆی بڵاوکردنەوەی گاز بەسەر زەوی ئەو دوو ژوورەدا، لە ئەنجامدا ئاگرەکە تەشەنەی سەندووە و هەردوو ژوورەکە سوتان، هەرچەندە هەندی لە زیندانیەکان هەوڵی کردنەوەی دەرگای ژوورەکەیان داوە و قوفڵی دەرگاکەیان شکاندووە، بەڵام ئاگر و دوکەڵ بووە هۆی ئەوەی نەتوانن بە تەواوی دەرگاکە بشکێنن، بەوشێوەیە ئاگر تەواوی ئەو دوو ژوورەی گرتۆتەوە و ئاگر لە کۆنترۆڵ دەرچووە و پاش ئەوەی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن گەشتە لای زیندانەکە، بریندار و سوتاوەکانی گواستەوە بۆ نەخۆشخانە لە ئەنجامدا (٦٠) زیندانی سوتان و مردن و ژمارەیەکیش برینداربوون[٢]. بە کورتی ڕوداوی زیندانی حەسەکە، بە بەشێک لە پرۆسەی جینۆسایدی فیزیکی بەکۆمەڵ دادەنرێت بەرامبەر بە کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان[٣].

سەبارەت بە هەڵوێستی لایەنە کوردییەکان لە بارەی کارەساتی سوتانی زیندانی حەسەکە بێجگە لە سەرکۆنەکردنی لایەنی دەسەڵات و بەرپرسانی زیندانەکە ڕەخنە و پرسیاری ئەوەیان دەکرد، لەوکاتەدا ئەگەر لایەنی دەسەڵاتداری زیندانەکە گازیان بەکارنەهێناوە. کێ گازی بەکارهێناوە؟، ئەگەر دەوترێت زیندانییەکان گازیان بەکارهێناوە، زیندانییەکان گازیان چۆن دەست کەوتووە؟ چۆن پاسەوانانی زیندانەکە نەیانتوانی قوفڵی دەرگاکان بشکێنن و دەرگای سەرەکی زیندانەکە بکەنەوە؟ بۆچی ئامێری ئاگرکوژێنەوە بەکارنەهات؟ ئەگەرچی ئەو ئامێرە لە زیندانەکەدا هەبووە[٤]. ئەمانە پرسیاری جدی بوون و وەڵامەکەیان ڕوون بوو، بەس ئیدی کەس زاتی وتنی ڕاستییەکانی نەبوو.

---

المسالة الكردية في سورية...، ص١٦٩-١٧٠ ؛ صلاح بدرالدين: غرب كردستان دراسة تأريخية-سياسية-وثائقية موجزة، منشورات رابطة كاوا للثقافة الكردية، بون، ١٩٩٨، ص١٤٥-١٤٦).

[١] مركز توثيق الانتهاكات: بعد ٢٨ عاما على حريق سجن الحسكة أهالي ٦١ ضحية مازالوا بانتظار تحقيق العدالة.

[٢] عبدالباسط سيدا: المسالة الكردية في سورية...، ص١٦٩-١٧٠.

[٣] وكالة أنباء هاوار( ANHA) :شمس الدين ملا: التسيب و الرشاوي من قبل قائد الشرطة و إداره السجن كانا السبب في حريق السجن.

[٤] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة/دهوك: القضية الكردية في كردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الأسد...، ص٦٠.

پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕووداوی سوتانی زیندانی حەسەکە لە سەرجەم ناوچەکانەوە لە شار و گوندەکانەوە هاونیشتمانانی کورد توڕە و نیگەران بوون لە مامەڵەی دەسەڵاتدارانی زیندانەکە و لە کاتی ڕووداوەکە ئەنجامیان داوە، وەک نەگرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریێتی بەرامبەر بە ڕووداوەکە، سەلامەتی زیندانەکەیان نەپاراستووە، بە پێی یاساو بڕیارە نێودەوڵەتییەکان مامەڵەیان لەگەڵ زیندانییەکاندا نەکردووە، لەم بارەیەوە لیژنەی ناوەندی پارتی ئیشتراکی کوردی سوریا لە جەزیرە داوایکرد لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە بکرێت، پێیان وابوو:" کارەساتی زیندانییانی حەسەکە کارەساتێکی نیشتمانییە، هەموو ویژدانێکی زیندوو دەجوڵێنێت"[1]، داوایانکردبوو لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە و ئاشکرا بۆ کارەساتەکە بکرێت، هۆکار و پاڵنەرەکانی کارەساتەکە هەموو شتێک کە پەیوەندی بە ڕووداوەکەوە هەبووە بخرێتەڕوو بۆ خەڵک[2]. لە درێژەی هەڵوێستی لایەنە کوردیەکان سەبارەت بە ڕووداوی سوتانی زیندانەکە، (هاوپەیمانی دیموکراتی کوردی سوریا) بەیاننامەیەکی هاوبەشیان سەبارەت بەو ڕووداوە بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە، ئاماژەیان بەوە کردوە، ئەو ڕوداوە کارەساتێکی گەورە و مرۆی بوو بۆ کورد، شوێنی ئاهەنگ و جەژنی کوردەکانی گرتەوە، ئەوەیان خستبووەڕوو کاربەدەستانی ئەمن و ئاسایشی زیندانەکە لە بری ئەوەی ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن، کەچی دۆخێکی ناهەمواریان لە نێو زیندانەکەدا دروستکردووە.[3] بەیاننامەکە داوای کردووە لێکۆڵینەوەی ورد لەبارەی هەموو شتێک و هەموو کەسێکەوە بکرێت کە پەیوەندی بەکارەساتەکەوە هەبوو، دادگاییەکی دادپەروەرانەی ئەو کەسانە بکرێت کە پەیوەندیان بە ڕووداوەکەوە هەبووە، ئەنجامی دادگایکردنەکە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن رابگەیەنرێت،بەیاننامەکە داوای لە جەماوەری کورد کردوە ئارامبگرن، تاکو فیتنەی تائیفی سەرهەڵنەدات[4]. لەدرێژەی بەیاننامەو ناڕەزایەتی کورد و پارتە کوردییەکان سەبارەت بەڕووداوی سوتانی زیندانی حەسەکە(پارتی یەکێتی گەلی کوردی سوریا) لەدەرەوە لەکۆتایی نیسانی ١٩٩٣ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، تێیدا جەختی لەوەکردۆتەوە، پێشکەوتن لە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی سوتانی زیندانی حەسەکەدا کراوە، هەروەها ئاماژەبەوە دەکات پێنج ڕۆژ پێش ڕووداوی سوتانی زیندانی حەسەکە لیژنەی ئەمنی پارێزگای حەسەکە کۆبووەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەڕووداوی کوشتنی هاوڵاتیەک لەشاری درباسیە کەمەسیحی بووە، لەسەر دەستی هاوڵاتیەکی کوردی هەمان

---

[1] بيان حول مجزرة سجن الحسكة المدني القيادة المشتركة: الاتحاد الشعبي الكردي في سوريا الحزب الديموقراطي الكردي الموحد في سوريا حزب الشغيلة الديمقراطي الكوردي في سوريا، ٢٦ آذار ١٩٩٣، **وەرگیراوە لە کتێبی:** مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق / جامعة دهوك: القضية الكوردية في كوردستان –سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد...، ص٦١.

[2] نفس المصدر و الصفحة.

[3] جريدة صوت الاكراد، العددان (٢٢٠-٢٢١)، شباط- آذار١٩٩٣.

[4] علي صالح حمدان: جريمة الاحراق سجن الحسكة المركزي فى ليلة ٢٤ئادار١٩٩٣،ص١٨٢-١٨٣ ؛ جريدة صوت الاكراد، العددان (٢٢٠-٢٢١)، شباط- آذار١٩٩٣.

شار، لیژنەیەکیان بۆ لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە پێکهێناوە، لە ئەنجامی کۆبونەوەکەوە لیژنەکە بڕیاری داوە سەرجەم ئەندامانی ئەو خێزانە کوردە لە ناسنامەی سوری بێ بەشبکرێن، دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا بگیرێت، لەبەر ئەوەی ئەو هاوڵاتییەی کوژرابوو پەیوەندی پتەوی لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکاندا هەبوو، ئەو خێزانە کوردەی هاوڵاتییەکەیان کوشتبوو سەرجەمیان خرانەزیندانەوە، لە ڕووداوی سوتانی زیندانی حەسەکەدا سەرجەم ئەندامانی ئەو خێزانە سوتان و مردن[1]. سوتانی زیندانی حەسەکە خەڵکی پارێزگای حەسەکەی هەژاند، دوای تێپەڕبوونی دوومانگ لەڕووداوەکە چەند جارێک، لەکۆبونەوەی ئەنجوومەنی گەلی سوریادا باسکراوە[2]، هەروەک ئەندامی کوردی ئەنجوومەنی گەلی سوریا کەمال ئەحمەد دەروێش لەدانیشتنی ٣١ی ئازاری ١٩٩٣ لەبارەی سوتانی زیندانی حەسەکەوە ئاماژەیدا بەوەی (٥٧) قوربانی و (٣٠) بریندار تۆمارکراوە و پۆلیس و کاربەدەستانی زیندانەکەی بە کەمتەرخەم داوەتە قەڵەم و ئاماژەی بەوەکرد، ئەو بەرپرسانە ئاسایشی زیندانەکەیان نەپاراستووە، داوای کرد لێکۆڵینەوەی دادپەروەرانە لە ڕووداوەکە بکرێت و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بۆ کەس وکاری و قوربانیان و خەڵکی سوریا بخرێتەڕوو[3]. سوتانی زیندانی حەسەکە کارەساتێک بوو بەگشتی لە پارێزگای حەسەکە و تێکڕای ڕۆژئاوای کوردستان دەنگیدایەوە. زۆرینەی شایەتحاڵەکان و ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن ڕووداوەکە پیلانێک بووە پێشتر نەخشەی بۆ دانراوە و بەمەبەست ئەنجامدراوە، بەڵام هۆکار و پاڵنەری ڕووداوەکە هەرچیەک و هەرچۆنێک و هەرکەس بووبێت، لایەنی ئاسایشی زیندانەکە لەئەستۆی حکومەت و بەرپرسانی زیندانەکە بوو، بەرپرسیارێتی تەواوی ژیانی زیندانییەکان و زیندانەکەش لەئەستۆی لایەنی بەرپرسی زیندان بووە و دەکرا ڕێگری لەو کارەساتە بکەن، دەکرا نەهێڵن ڕەوشەکە بگاتە ئەو ئاستەی کارەساتێکی وا ڕووبدات.

دوای ڕووداوی زیندانی حەسەکە، سیاسەتی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی کورد لەسوریا درێژەی هەبوو، بە نموونە، بێبەشکردنی منداڵانی کورد لە ڕەگەزنامەی سوری و ڕێگەپێنەدانی ڕەگەزنامە بەمنداڵان سیاسەتێکی حکومەت بوو لە ساڵی ١٩٦٢وەوە دەستپێکردبوو، نزیکەی (٢٥٠٠٠) منداڵی کورد لە سوریا لە سەرژمێری ١٩٦٢دا بەبێگانە تۆمارکران، بەبەردەوامی ئاستەنگی ئەوەیان بۆ دانراوە ڕەگەزنامەی سوری وەربگرن، هەموو ساڵێکیش کێشەکانیان بەرەو زیادبوون دەچوو، لەمافی مەدەنی و ڕۆشنبیری بێ بەشدەکران[4] بەرنامەی حکومەت لە دەرکردنی خوێندکاران و

[1] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة/دهوك: القضية الكردية في كردستان–سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الأسد...، ص٦٢.

[2] صلاح بدرالدين: غرب كردستان...، ص١٤٥–١٤٦.

[3] خليل شاخكي: الاحزاب السياسية الكوردية في سوريا...، ص٢٠٧.

[4] هێریەرت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکوڵی لێکراو، ل١١٧–١١٨.

گواستنەوەی فەرمانبەران و بڕیاری گۆڕینی ناوی کوردی بۆ ناوی عەرەبی درێژەی هەبوو. دەسەڵاتداران لە پرۆسەی پەروەردەی ناوچەکوردییەکان بەردەوامبوون لەدەرکردن و بێ بەشکردنی خوێندکارانی کورد لەخوێندنگە و پەیمانگا و زانکۆکان و دوورخستنەوەی مامۆستایان بۆ دەرەوەی ناوچەکانی خۆیان، ساڵانی خزمەتیان بۆ مامۆستا و فەرمانبەرانی کورد جێگیر نەدەکرد، ئەگەرچی دەیان ساڵ بوو لەخزمەتکردن بەردەوامبوون[١].

مەترسی مامۆستایان و فەرمانبەرانی کورد لەسایەی بڕیاری حکومەت بۆ دوورخستنەوە و دەرکردنیان بووبووە جێگەی بایەخپێدانی ناوەندە کوردییەکان و بایەخپێدانی ڕۆژنامەی (الديمقراطي) لە ژمارە (٢٣٨)دا مەترسی ئەو بابەتەی خستۆتەڕوو و بەپێویستی زانیوە چارەسەری بنەڕەتی بۆ بکرێت، وەک لەوتارێکیدا ،ئاماژەی بەوەداوە، دەرکردن و دوورخستنەوەی خوێندکاران و مامۆستایان...هتد دیاردەیەکی نارەوایە دوورە لە ڕۆحی شارستانێتی و مرۆڤایەتییەوە، حکومەت مامۆستای پارێزگاکانی دیکە دەهێنێت لەناوچە کوردییەکان دایان دەمەزرێنێت، ئەمەش زیان بەکورد دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی ئەو مامۆستایانەی لەپارێزگاکانی دیکەوە دەهێنرانە ناوچە کوردییەکان زۆر وانەیان نەدەوتەوە، نەدەهاتن بۆسەرکاری خۆیان، ئەمە ببووە هۆی دابەزینی ئاستی خوێندن و زانست و زانیاری لای خوێندکارانی کورد و دەبووە هۆی زیانگەیاندن بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە ناوچە کوردییەکان، هەروەها هێنانی ئەو مامۆستایانەی پارێزگاکانی دیکە بۆ ناوچە کوردییەکان دەبوونە هۆی دەرکردنی ژمارەیەک مامۆستا و فەرمانبەری کورد کە بە (الوكلاء)[٢] ناسرابوون، کە فەرمانبەر و مامۆستای هەمان ناوچەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا هێنانی ئەو مامۆستایانەی پارێزگاکانی دیکە دەبووە هۆی بارگرانی سەرشانی خێزانە هەژارە کوردەکان ئەوانەی منداڵەکانیان دەیانخوێند، لەبەرئەوەی دەبوو جێگەی حەوانەوە و خواردن بۆ ئەو مامۆستایانە دابین بکەن[٣].

ڕۆژنامەی دەنگی کورد (صوت الأكراد) مەترسی دەرکردنی خوێندکاران و دوورخستنەوەی مامۆستا و فەرمانبەران و هێنانی مامۆستایانی پارێزگاکانی دیکەی خستۆتەڕوو، لەوتارێکیدا ئاماژە بەوە دەکات دەسەڵاتدارانی سوریا کار بۆ گۆڕین و لادانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە ڕێچکە زانستییەکەی خۆی بۆ ڕێچکەی جیاکاریی نەتەوەیی دژ بەکورد دەکەن، ئەوە دەبێتە هۆی لاوازکردن و لێدان لە ژێرخانی ڕۆشنبیری و زانستی ناوچە کوردییەکان، هەروەها وتارەکە باس لە دەرکردنی خوێندکارانی کورد لە ناوچەکانی خۆیان دەکات، هەموو ساڵێکی خوێندن دووبارە دەبێتەوە

---

[١] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة/دهوك: القضية الكردية في كردستان–سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الأسد...، ص٦٥.

[٢] الوكلاء: مەبەست ئەو فەرمانبەر و مامۆستا گرێبەست یان وانەبێژانە بوون، هەریەکەیان پژێوی خێزانێک لە ئەستۆیان بوو، بە چەند مانگیک موچەیەکیان پێدەدرا. (مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/جامعة دهوك: القضية الكردية في كردستان–سوريا خلال عصر الرئيس حافظ الأسد...، ص٦٦).

[٣] جريده الديمقراطي، العدد (٢٣٨)، ايلول ١٩٩٣.

بەبیانووی ئەوەی مەترسین بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت. بۆ نموونە، ئاماژە بە لیستێکی ناوی خوێندکارانی کورد کە لە (١٩) خوێندکاری پەیمانگای مامۆستایانی حەسەکە پێکهاتوون دەکات کە ئامادەکراون بۆ دەرکردنیان و بێ بەشکردنیان لە خوێندن، لە کۆتایی وتارەکەدا داوای ئەوە دەکات، چیتر جیاکاریی نەتەوەیی دژی خوێندکارانی کورد پەیڕەونەکرێت[١].

"ڕۆژنامەی الوحدة" سەبارەت بە دەرکردنی خوێندکارانی کورد و دوورخستنەوەی مامۆستایانی کورد بۆ ناوچەیەکی دیکەی سوریا و لە بارەی ئەوەی لە ناوچەکوردییەکان و لەبواری خوێندن و فێربووندا ڕوودەدات لە ژمارە (١١)دا، ئاماژەی بەوە داوە، کۆمەڵێک خوێندکاری کورد لە پەیمانگای حکومی دەرکراون بەپێی نوسراوی وەزیری پەروەردە بە ژمارە (٦٠٣ع ـ س ١٤/٤٠) لە ڕێکەوتی ٢٥ی نیسانی ١٩٩٣، ئەمەش لە سەربنەمای ڕاپۆرتی ئەمنی و سیاسی جەزیرە بوو[٢]. لەلایەکی دیکەوە "ڕۆژنامەی التحالف" لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەدەرکردن و بێ بەشکردنی خوێندکارانی خوێندنگە و پەیمانگا و زانکۆکان دەکات لەکاتی تاقیکردنەوەی کۆتایی لەحەسەکە و قامشیلو[٣].

شایانی تێبینی کردنە پشتگوێخستنی ناوچە کوردییەکان لە بوارە جیاوازەکاندا، یەکێکی دیکە بوو لە سیاسەتەکانی حکومەتی سوریا و سیمایەکی دیاری گۆڕەپانی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بوو، وەک پشتگوێخستنی لە بواری خوێندن و خوێندنگا و ژمارەی خوێندنگا لەناوچە کوردییەکان، ژمارەی خوێندنگا کەم بوو بەشی پێویستی خوێندنی ناوچەکانی نەدەکرد، لە ناوچەکانی دیکە خوێندنگای تایبەت بە زمانی نەتەوەیی بۆ نەتەوە جیاوازەکان بوونی هەبوو، بەڵام لە ناوچە کوردییەکان بوونی نەبوو، هەروەها ناوچە کوردییەکان لەخزمەتگوزاری بێ بەشبوون، هەر بڕیارێکی حکومەت بۆ خزمەتکردنی ناوچەکانی سوریا دەدرا، پاریزگای حەسەکە و ناوچە کوردییەکان بەرێژەیەکی کەم لەو پرۆژە خزمەتگوزارییانە بۆ ناوچە کوردییەکان دابین دەکرا، وەک لە ٩ی تشرینی دووەمی١٩٩٣ حکومەتی سوریا بڕیاریدا (٩٠٠) ملێون لیرەی سوری بۆ خزمەتکردنی پارێزگاکانی وڵات دابین بکات، بەشی پارێزگای حەسەکە بەراورد بەناوچەکانی دیکە زۆر کەم بوو[٤].

لە مانگی ئابی١٩٩٤ حکومەتی سوریا بڕیاریدا ئازادی بەرتەسک بکاتەوە، لەو کاتە بەدواوە هیچ کوردێک لە هەڵبژاردندا ڕێگەی پێ نەدرا خۆی کاندید بکات، بۆ ئەوەی بچێتە نێو ئەنجومەنی گەل یان ئەنجومەنی وەزیران، کورد لەهەر هەنگاوێکیدا پێویست بوو ڕەزامەندی حکومەت وەربگرێت[٥].

---

١ العدد (٢٢٩)، تشرين الثاني ١٩٩٣.

٢ العدد (١١)، حزيران ١٩٩٣.

٣ مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة/دهوك: القضية الكردية في كردستان–سوريا خلال عصر الرئيس حافظ الأسد...، ص٦٥؛ جريدة الديموقراطي، العدد (٢٣٩)، تشرين الأول ١٩٩٣.

٤ مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة/دهوك: القضية الكردية في كردستان–سوريا خلال عصر الرئيس حافظ الأسد...، ص٦٦-٦٧ ؛ جريدة الديموقراطي، العدد (٢٣٩)، تشرين الأول ١٩٩٣.

5 Jordi Tejd: Syrias Kurds History Political and Society, P.67.

سەبارەت بەچالاکی فەرهەنگی کوردی و چالاکی نوسین ...هتد سەرەڕای جورێک لە کرانەوەی فەرهەنگی بەروی کوردا، بەڵام زۆرێک لەچالاکییە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان بە شێوەیەکی نهێنی ئەنجام دەدران، بۆ نموونە محەمەد حەمۆ لە ساڵی ١٩٨٨دا[١] یانەی کۆماخانی لە حەلەب دامەزراند، کە ئاماژەیەک بوو بۆ ئەحمەدی خانی شاعیری ناوداری کورد، ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٤ ئاهەنگێکی نهێنی لە عەفرین و قامیشلۆ و حەلەب و دیریک ئەنجامدا، بەڵام ئەو چالاکییانەی محەمەد حەمۆ و چالاکیەکانی دیکەی کورد بوونە هۆی ئاگاداربوونەوەی حکومەتی سوریا، لەبەرئەوە بوو محەمەد حەمۆ لەساڵی ١٩٩٥ قۆڵبەستکرا، بەهۆی بوونی کتێب و بڵاوکراوەی کوردی لای محەمەد حەمۆ تاوەکو ساڵی ١٩٩٦ لەزینداندا مایەوە، و لەساڵی ١٩٩٦ئازاد کرا[٢]. بەو شێوەیە کورد لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبوونەوە، هەروەک ڕوانین لە کورد وەک سیخور و پرسی کوردیش وەک هەڕەشەیەکی ئاسایشی، خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی مامەڵەکردنی دەسەڵاتدارانی سوریا لە هەمبەر کوردی ڕۆژئاوا[٣].

ئەم پشتگوێخستنانەی ناوچە کوردییەکان لە ڕاپۆرتێکی ژمارە (٢٣)ی ڕۆژنامەی "التقدمی"دا بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە پارێزگای حەسەکە یەکەم پارێزگایە لە سوریا کە زۆرترین سودی بۆ وڵاتی سوریا هەیە لە دانەوێڵەو لۆکە... هتد، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو خێرو بێرەی کە پارێزگاکە هەیەتی لەسەرجەم بوارەکانی خزمەتگوزاری پەروەردەو فێرکردن و زانست دا، کەمی ژمارەی خوێندنگا و زانکۆ و پەیمانگا، لە پرۆژەکانی پێویستی ناوچەکە وەک کەمی تۆڕی ئاو، کەمی پرۆژەکانی ڕێگاوبان و لە خزمەتگوزاری تەندروستی پشت گوێ خراوە، کەمی ژمارەی نەخۆشخانە ...هتد[٤]

لە ساڵی ١٩٩٥ کەناڵی ئاسمانی بە زمانی کوردی کرایەوە، ئەمە وایکرد زۆر بە خێرایی ئەو تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنە بگاتە سوریا و لە سوریا بڵاوبێتەوە، ئەو تەکنەلۆژیایە بەخێرایی بە ناوچەو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاوبێتەوە، ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی پارت و لایەنە سیاسییە کوردییەکان بەخێرایی هەواڵی ناوچە کوردییەکانی دیکەیان پێدەگەیشت و فیلمی فێرکاری و فێربوونی فیلمی دۆکیۆمێنتاریان لەبارەی پرسی کورد و خەباتی کوردەوە پێدەگەیشت، بەرنامەی

---

١ محەمەد حەمۆ: کەسایەتیەکی ڕۆشنبیر و چالاکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بوو، ساڵی ١٩٦١، لە عفرین لە دایکبوو، چالاک بوو لە بواری کتێب و نووسین و بڵاوکردنەوە، دامەزرێنەری یانەی خانی بووەو چەند جارێک لەسە ئەو چالاکییانە زیندانی کراوە و لە ساڵی ١٩٩٥ گیراوە تاوەکو ساڵی ١٩٩٦ لەزیندان گلدراوەتەوە. بڕوانە: (Jordi Tejd: Syrias Kurds History Political and Society, P.106).

[2] Jordi Tejd: Syrias Kurds History Political and Society P.106.

[٣] محەمەد عەلی ئەحمەد: باری یاسایی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (سیاسەتەکانی سەدەی بیست و یەکەمی تورکیا و سوریا و ئێران و عێراق بەرامبەر بە کوردەکان، و: بایەزید حسن عبدالله، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٢٤٥ .

[٤] جريدة التقدمي، العدد (٢٣)، نيسان ١٩٩٤.

نامە گۆڕینەوەو پڕوپاگەندە بە زمانی کوردی و میوزیکی کوردی، تێکەڵی لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا پەیدابوون، هەموو ئەمانە بوونەهۆی ئەوەی کورد گرنگی بە کلتورو مێژووی فەرهەنگی خۆی بدات، چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار دەرکران وەک ڕۆژنامەی (Newroz) لە ١٩٩٥ بە زمانی کوردی لەلایەن پارتی یەکێتی، ڕۆژنامەی (Delav) ١٩٩٦ بە زمانی کوردی ڕۆژنامەی (Dang) ١٩٩٥ لە لایەن پارتی ئازادی لە سوریا ڕۆژنامەی (Rweşnbîr) ١٩٩٥، لەلایەن پارتی دیموکرات تەنانەت لە ڕووی سیاسیشەوە سودیان لەو تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنە بینی بۆ تێگەیشتن لە پرسی کورد و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان[1].

سیاسەتەکانی حکومەتی سوریا بۆ لە قاڵبدانی چالاکی سیاسی و فەرهەنگی تەنانەت لێدان لە ئابووری و بێ بەشکردن لە ناسنامە و بە بێگانە لە قەڵەمدانی کورد...هتد، لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا دەنگی داوەتەوە بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٩٦ ڕێکخراوی (هیومان ڕایتس وۆچ-H.R.W)، بە پشت بەستن بە چەند سەرچاوەیەک ڕاپۆرتێکی نوسیوەو تێیدا هاتووە، تێکڕای ژمارەی ئەو کەسانەی کە ناسنامەیان نییە و لە حەسەکە نیشتەجێن دەگاتە دەوروبەری نزیکەی (٢٠٠) هەزار کەس، کەسەرجەمیان کوردن[2]، ئەو کوردانە لەسەرجەم مافە مەدەنی و سیاسی و ئابوورییەکانیان بێبەشن وەک لە مافی موڵکداری بێبەشکراون نموونە، بۆ ئەوە لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٩٦ بەپێی نوسراوی گشتی خانوبەرە، کە لە دادگای خانوبەرەی قامشلۆ دەرچووە، بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو کەسانە دراوە، کە بە بێگانە لە قەڵەمدراون[3].

لە درێژەی ئەو هەوڵانەی کە دەدرا بۆ پیشاندانی ژیانی ئەو کوردانەی کە بەهۆی سەرژمێری ١٩٦٢ پارێزگای حەسەکەوە لە مافەکانیان بێبەش بوون و ڕەوشی ژیانیان چەند ناهەموار بوو، ڕۆژنامەی "التحالف" لە وتارێکدا، ئاماژەی بەوە کردووە کە بەهۆی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی لەجیهاندا ڕوویداوە و هەوڵی نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ ئاشتەوایی جیهانی، گەلی سوریا

---

[1] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus…, P. 47-48 ؛ کونێ ڕەش: تاریخ الصحافة الكردية...، ص١٤١-١٤٢.

[2] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus …, P. 31.

٣ محمد حسن: الحركات السياسية والمدنية الكردية في سوريا و إشكالية التمثيل، كلية لندن لاقتصاد والعلوم السياسية، بدون مكان الطبع، كانون الاول ٢٠٢٠، ص٧ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیسماعیل محمد حەسافلە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر١٠:٠٠ شەو، شەممە، هەولێر ٢٠٢٢/٩/١٠. (دکتۆر ئیسماعیل محمد حەساف ١٩٥٣ لە گوندی کرسور لە ڕۆژئاوای کوردستان لە ناوچەی قامیشلۆ لە دایکبوو، لە ماوەی نێوان ١٩٧٣-١٩٧٥ بەرپرسی ڕێکخراوە نهێنیەکانی خوێندکارانی پارتی دیموکراتی کوردی چەپی سوریا بوو لە قامیشلۆ، لە ساڵی ١٩٨١ بڕوانامەی ماجستێری بەدەستهێناوە، ١٩٨٦ بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە لە بواری فەلسەفەی مێژووی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، ئێستا سکرتێری پارتی(الطليعي الكردستاني-سوريا) ئێستا پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین، ژمارەیەکی بەرچاو کتێب و نوسینی هەیە لەبارەی پرسی کوردەوە).

و کوردیش بەهیوای ئەوەن کاربەدەستانی وڵات گرنگی بە داواکاری سەرجەم هاونیشتمانیانی سوریا بدەن و ئازادی و دیموکراتی لەوڵاتدا دەستەبەربکەن و کۆتایی بەحوکمی دواکەوتوی و زوڵم و زۆرداری بهێندرێت، سەبارەت بەگەلی کورد لەسوریا ئاماژەی بەوە دابوو کورد هەوڵی جدی خستووتەگەر بۆ کرانەوە و گفتوگۆی دیموکراتی لەگەڵ دەسەلاتدارانی دەوڵەت بۆ ئەوەی مافەکانی مرۆڤ دەستەبەربکرێت، بەلام ئەم هەولانە بێ ئەنجام بوون، سیاسەتی جیاکاریی نەتەوەیی دەرهەق بە مافەکانی کورد لەلایەن دەسەلاتدرانی حکومەتی سوریاوە بەردەوامبوو، کۆت و بەند لەسەر ئەو کوردانەی بێ ناسنامە بوون وەک خۆی مابووەوە[١]. هەر لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەی "الوحدة" لەوتارێکدا ئاماژەی کردووە بەوەی ڕەوشی کورد لەسوریا خراپە و لە مافەکانیان بێبەشکراون، بڕیاری دەستگیرکردنی هەڕەمەکی، سیاسەتی بەعەرەبکردن و گۆڕینی ناوە کوردییەکان و دەرکردنی خوێندکارانی کورد لەپەیمانگا و زانکۆ، دەرکردن و دوورخستنەوەی فەرمانبەر و مامۆستایانی کورد... هتد، هەموو ئەم مامەلانە درێژەی هەبوو بەرامبەر بەکورد[٢]. ڕۆژنامەی " الديمقراطي" لەژمارە (٢٩٠) دا بەهەمان شێوە باس لە خراپی ڕەوشی کوردە بێ ناسنامەکان دەکات و داوا لەهێزە جەماوەری و دیموکراتییەکان دەکات، لەپێناو کۆتاییهێنان بە سیاسەتی جیاکاریی نەتەوەیی و کارکردن و بڕیاری نائاسایی خەبات و تێکۆشان بکەن[٣].

بە پێچەوانەوە تێبینی دەکرێت حکومەتی سوریا لەو ڕاپۆرتانەی پێشکەشی لیژنەی مافی مرۆڤی کردووە لە سوریا، سەبارەت بە پاراستنی مافی مرۆڤ و ژیانی کەمینەکانی سوریا...هتد. ئەوەی خستووەتەڕوو کە مافە مەدەنی و سیاسییەکانی مرۆڤ لە سوریا پارێزراوە، وەک لە ڕاپۆرتی سێیەمدا کە پێشکەشی لیژنەی مافی مرۆڤی کردووە، لە بڕگەی جێبەجێکردنی بەڵێنی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و ساسییەکانی تێدا هاتووە:"هەموو کەسێک کە بەردەوام لەسەر خاکی وڵات نیشتەجێیە، بەجیاوازی ئاین و زمان و نەتەوە، هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا ناکرێت لە پێدانی مافەکانیان"، لە بڕگەکانی (٤١٢-٤١٣)ی ڕاپۆرتەکەدا، جەختکراوەتەوە لەوەی کورد بەشێکە لە سوریا و هیچ ڕێوشوێنێکی جیاکاری نەتەوەیی لە دژیان نەگیراوەتەوەبەر[٤]. لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا باس لەو کوردانە دەکات کە بە بێگانە لە حەسەکە تۆماکراون و ئاماژە بەوە دەکات ئەو کوردانە، لە تۆمارە مەدەنییەکاندا تۆمارکراون و پێناسی کەسی و خێزانییان و هەموو ئەوەی پەیوەندی بە لەدایکبوون و مردن و هاوسەرگیرییەوە هەیە، تۆمارکراوە. لە بواری خوێندن و زانستدا منداڵەکانیان لە هەموو قۆناغێکی خوێندنی حکومی و تایبەتدا وەردەگیرێن، لەبواری کارکردندا ڕێگەیان پێدراوە کاربکەن لە دامەزراوەی کەرتی گشتی و تایبەتدا، ڕێگەیان پێدەدرێت بڕوانامەی زانکۆیی لە پزشکی

١ العدد (٢٢)، كانون الاول ١٩٩٦.

٢ جريدة الوحدة، العدد (٣٦)، ايار ١٩٩٦ ؛ علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص٣٢٢.

٣ علي صالح ميراني: الحياة الحزبية السرية...، ص٣١١.

٤ علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص ١٢٥.

و دەرمانخانەو یاسا...هیتد بەدەستبهێنن بە بێ هیچ ڕێگرییەک، ئازادن لە کارکردن لە نوسینگەی کار و پیشەگەریی لە بواری موڵکداریی و خاوەنداری خانوو و ئۆتۆمۆبێل ڕێگرییان لێ ناکرێت ئەو خاوەندارێتییە لە ڕێگەی گرێبەستی ئاسایی یان بەناوی خۆیان یان بەناوی کەسانی نزیک یان هاوڕێی نزیکی خۆیان کە خاوەنی ناسنامەی سوری بوون دەکرێت، لە بواری پێدانی کۆبوونی خۆراکەوە، ئاماژەی بەوەداوە کۆبوونی خۆراکیان پێدراوە، بەشێوەیەکی فەرمی و سودمەند دەبن، لەو مادە خۆراکیانەی بە کۆبوون دەدرێن بە هاونیشتیمانیان. لە بواری گەشتکردن لە ناوخۆی وڵاتدا دەتوانن گەشت بکەن، بەو بەڵگەنامە و پێناسانەی بۆیان کراوە، بۆ گەشتکردن بۆ دەرەوە بۆ کاری پێویست وەک نەخۆشی و خوێندن دەتوانن گەشتبکەن و حکومەتی سوریا بۆ ئەو جۆرە گەشتانە بەڵگەنامەی پێویستیان بۆ دابین دەکات[1]، بەڵام لە ڕاستیدا بەپێی ئەو ڕەفتارانەی لایەنی فەرمی حکومەتی سوریا لە ناوچە کوردییەکان ئەنجامیان دەدا، ئەوە ڕوون دەکەنەوە ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی و داپۆشینی سیاسەتە چەوتەکانی نەتەوەگەرای عەرەبی بوو بەرامبەر کورد و دووربوون لە ڕاستی ئەوەی لە واقیع دا ڕوویدەدا.

ئەو ڕاپۆرتەی حکومەتی سوریا لە لایەن چەندین مافناس و لایەنی یاسایی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە وەڵامدراوەتەوە، بۆ نموونە نوسەرانی مافناس لە ناوەندی دیمەشق بۆ مافەکانی مرۆڤ هەندێک ڕاستیان لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی حکومەتی سوریا خستەڕوو، وەک وەڵامێک بۆ حکومەتی سوریا ڕاپۆرتێکیان نوسی و تێیدا ئەوە ڕوونکرابووەوە، کە ژمارەی ئەو کوردانەی لە پارێزگای حەسەکە بە "بێگانە" ناسێنران ژمارەیان گەشتووەتە (٢٠٠) هەزار کەس لەساڵی ١٩٩٦، بەڵام ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تەمموزی ١٩٩٦ ژمارەی ئەو کوردانەی بە (نیو ملیۆن) کەس هەژمارکردووە، لە ڕاپۆرتی مافناسەکاندا ئەوە خراوەتەڕوو ئەو کوردانەی وەک بێگانە لەدایکدەبن ڕووبەڕووی زۆر ڕێگریی و ئاستەنگ دەبنەوە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، لەبەرئەوەی بێ بەشکراون لە خاوەندارێتی زەوی و موڵک، کاروباری بازرگانی و دامەزراندن لە فەرمانگە و پرۆژە حکومییەکان بێ بەشکراون، ڕێگەیان پێنادرێت لە پزشیکی و ئەندازیاری و یاسادا بخوێنن و بڕوانامە بەدەستبهێنن، ڕێگەیان پێنادرێت بە شەرعی لەگەڵ هاوڵاتی سوری هاوسەرگیری بکەن و گەشتی دەرەوەی وڵات بکەن، لەبەر ئەوەی پاسپۆرت و بەڵگەنامەی گەشتکردنیان نییە[2].

ناوەندی دیمەشق بۆ لێکۆڵینەوە لە مافەکانی مرۆڤ ئەوەی خستۆتەڕوو، کە حکومەتی سوریا ناوی هەندێک لەو کوردانەی لە ناسنامەی سوری بێ بەشکراون، واتە ئەوانەی هیچ بەڵگەیەکی سورییان نییە و هیچ ناسنامەیەکی سوریان پێ نەدراوە و لە هیچ تۆمارێکی تایبەتیدا تۆمارنەکراون، دیپلۆماتکارە ئەوروپییەکان ئەوەیان خستووەتەڕوو، کە (٢٠) هەزار کوردی سوریا بێ بەشکراون

[1] عبدالباسط سیدا: المسالة الكردية في سورية...، ص١٩٩-٢٠٠.
[2] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص١٢٥-١٢٦.

ژمارەی بێ بەشکراون لە ساڵی ١٩٨٥دا (٦٠) هەزار کوردبوون، دواتر لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ (٧٥) هەزار کورد بەرزبۆتەوە[١].

لەلایەکی دیکەوە مافناسە کوردەکان ئەوەیان خستوەتەڕو، ئەو منداڵانەی لە دایک یان باوکی بێگانە لەدایکبێت بە بێ بەشکراو دادەنرێن، ئەو منداڵانەی لە هەر دوو دایک و باوکی بێگانە لە دایکبێت بە بێ بەشکراو دادەنرێن، منداڵێک لە دایک و باوکی بێ بەشکراو لە دایکبێت هەر بە بێ بەشکراودادەنرێت، لەم سێ بوارەدا منداڵ بە بێبەشکراو دادەنرێت و کارتی هاوڵاتی سوری پێنادرێت لە لیستی فەرمی دانیشتواندا ناوی تۆمارناکرێت[٢]، لە ڕاستیدا هەموو ئەو وەڵامانە بەڵگەی ڕاستەقینە و حاشاهەڵنەگرن و وەڵامێک بوون بۆ ئەو ڕاپۆرتەی حکومەتی سوریا .

هەڵبەت سەرژمێری نائاسایی حەسەکە کاریگەرییەکی دوور مەودای لە داهاتووی کورد کرد، هەمیشە و ساڵ بە ساڵ کاریگەرییەکانی زیاتر دەردەکەون، لە بەرئەوە بوو کورد بە بەردەوامی وتار و بابەتی لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا، سەبارەت بە کاریگەریی ئەو سەرژمێرییە نووسییوە هەروەک ڕۆژنامەی :صوت الاکراد: لە وتارێکیدا ئاماژەی بەوە کردووە حکومەتی سوریا بەو سەرژمێرییەی ئاکامێکی خراپی بۆ کورد و داهاتووی کورد لە سوریا هێنایەبوون[٣]. هەمان ڕۆژنامە لە وتارێکدا تیشکی خستووەتە سەر سەرژمێری نائاسایی ، بە تاوانێکی نیشتیمانی دژ بە مافەکانی کورد لە سوریا وەسفکردووە، کە لە هیچ وڵاتێکی دیکەی دونیادا ئەم مامەڵە و سیاسەتە هاوشێوەی نییە، هەروەها سەرژمێرییەکەی بە هەنگاوێک دژی شەرعییەتی مافی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراتی وەسفکردووە بە گورزێکی گەورە بۆ سەریەکێتی نیشتیمانی سوریا وەسفکردووە[٤]. بەهۆی ئەوەی کاریگەرییەکانی ئەو سەرژمێرییە تاکو هەنوکەش لەسەر کوردی ڕۆژئاوا بەردەوامە.

هەر لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەی"الوحدة" دژی سیاسەتی جیاکاری نەتەوەیی بە عەرەبکردنی ناوی گوند و شار و ناوچە کودرییەکان دژی دەرکردنی خوێندکاران...هتد وتارێکی نووسیووە، داوای لە سەرجەم لایەنە جەماوەری و دیموکراتییەکان کردووە، دژی سەرجەم ئەو مامەڵانەی حکومەتی سوریا دژی کورد ئەنجامیداوە بوەستنەوە و کار بۆ وەستاندنی ئەو بڕیار و یاسایانەی دژی کورد دەدرێن بکەن و چیتر کاریان پێنەکرێت[٥].

---

[١] علي صالح ميراني: سياسه التمييز القومي...، ص ١٢٦.

[٢] نفس المصدر، ص ١٢٧-١٢٦.

[٣] جريدة صوت الاكراد، العددان (٢٥١-٢٥٢)، ايلول و تشرين ١٩٩٥، **وەرگیراوە لە کتێبی:** علي صالح ميراني: الحياة الحزبية السرية...، ص٣٠١.

[٤] علي صالح ميراني: الحياة الحزبية السرية...، ص٣٠٠.

[٥] جريدة الوحدة، العدد (٤٠)، ايلول ١٩٩٦.

ساڵی ١٩٨٤ بە دواوە سەردەمی هاوپەیمانی نێوان حافز ئەسەد و "عەبدوڵا ئۆجەلان"[١] بوو، ئەو پەیوەندی و هاوپەیمانێتییە پەیوەندیداربوو بە سیاسەتی هەرێمی، بە تایبەتی ناکۆکی سوریا لەگەڵ وڵاتی تورکیای دراوسێی[٢]، لەم چوارچێوەیەدا سوریا ئاستی هاوکارییەکانی بۆ یارمەتی پارتی کرێکاران بەرزکردەوە و هەوڵی پێکهێنانی لیژنەیەکی عەرەبیدا دژ بە تورکیا، بەڵام تورکیا هۆشداری دایە وڵاتانی عەرەبی لە هاوکاریکردنی سوریا، بەوپێیەی کێشەی نێوان دوو دەوڵەتە و هەردەوڵەتێکی دیکە بیەوێت سیاسەتی دوژمنکارانە لە دژی تورکیا بگرێتەبەر، ڕووبەڕووی دەرئەنجامی خراپ دەبێتەوە[٣]. لەو ڕێگەیەوە پارتی کرێکارانی کوردستان پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کوردانی سوریا دروستکرد[٤]، دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی بەرزکردەوە لەبەرئەوە بوو کوردەکانی سوریا چونە ڕیزی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، گەنجانی کورد ڕێگر نە بوون لە زیاتر بڵاوبوونەوەی چالاکی ئایدۆلۆژیای پارتەکە لە نێو کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژئاوادا، بەئاشکرا و بەویستی خۆیان چوونە ڕیزەکانی پارتی کرێکارانەوە[٥]، هەرئەوەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لەو هەڵبژادنانەی لەو ماوەیەدا لە سوریا ئەنجامدران چووە هەڵبژاردنەوەو چەند کاندیدێکی سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، ئەوسەرکەوتنە لەسەر حسابی دەنگی پارتە کوردییەکانی سوریا بوو لە ناوچەکانی کۆبانێ و عەفرین[٦].

سەبارەت بە کوردی سوریا و هەڵوێستی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بەرامبەر چارەنووسی کورد لە سوریا، سەرۆکی پارتەکە هەمان هەڵوێستی حکومەتی سوریای هەبوو واتا تەبەنی سیاسەتی سوریای کرد سەبارەت بە پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان[٧]. وەک ئەوەی

[١] عەبدوڵا ئۆجەلان: لە ساڵی ١٩٤٩ لە ناوچەی ئامرلی سەر بە ویلایەتی ئورفە کە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا نزیک سنوری سوریا لە دایک بووە، سەرۆک و دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان بووە لە تورکیا، ١٩٧٨ بە هاوبەشی لەگەڵ هاوڕێ و هاوبیرەکانی دەستیان کردووە بە خەباتی چەکداری و بانگەشەی دامەزراندنی کوردستانی گەورەی سەربەخۆیان کردووە، لەماوەی تێکچوونی پەیوەندی تورکیا و سوریا چۆتە دیمەشق و سەربازگەی لە سوریا دامەزراندوە بە مەبەستی ڕاهێنانی سەربازی بە ئەندامانی پارتەکەی، بەڵام پاش باش بوونی پەیوەندی سوریا و تورکیا سوریای بەجێهێشت و دواتر لە ١٩٩٩ لە کینیا دەستگیرکرا و بڕیاری لە سێدارەدانی لەلایەن تورکیاوە بۆ دەرکرا، بەڵام دواتر بڕیارەکە گۆڕا بۆ زیندانی کردنی هەتا هەتایی لە ساڵی ٢٠٠١. بڕوانە: (لقاء مكي: الكورد دروب التأريخ الوعرة، الجزيرة نيت البحوث و الدراسات، بدون مكان، حزيران ٢٠٠٦، ص٢٢-٢٣).

٢ شمس الدين الكيلاني: المسألة الكردية في ضوء...، ص١١.

٣ کۆمەڵێک نوسەر: کێشەی کورد و پارتی کرێکارانی کوردستان...، ل١١٤-١١٥.

٤ مایکڵ ناس و ئەوانی دیکە: شۆڕشی ڕۆژئاوا...، ل١٢٢.

٥ محمد سهيل طقوش: تاريخ الاكراد(٦٣٧-٢٠١٥)، ص٤٢٨ ؛ شمس الدين الكيلاني: المسألة الكردية في ضوء...، ص٩-١٠.

[٦] هوشنك اوسي: الحياة المدنية و السياسية الكردية في سوريا بين عامي ١٩٨٩-٢٠١٧، ص٦١

[7] Thomas Schmindinger: Rojava …, P.70.

شمس الدين الكيلاني: المسألة الكردية في ضوء...، ص١١.

حکومەتەکانی سوریا جەختیان لەوە کردۆتەو، کە زۆرینەی کوردی سوریا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە تورکیاوە هاتوون بۆ سوریا بۆ ئەوەی ناسنامەی عەرەبی جەزیرە لەناوبەرن، دەوڵەتی کوردی لە سوریا بونیاتبنێن[1]. عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەمان بۆچوونی حکومەتی سوریای هەبوو پێی وابوو:"شتێک نییە بە ناوی پرسی کورد لە سوریا" ئەوەشی ڕەتکردۆتەوە شتێک هەبێت بەناوی کوردستانی سوریا، هەروەها بوونی نەتەوەی کوردی لە سوریا ڕەتکردۆتەوە، لەم بارەیە وتی:" زۆرینەی کوردی سوریا کۆچەرن و لە ترسی زوڵم و زۆرداری حکومەتی تورکیا هەڵاتوون بۆ سوریا" هەروەها وتی:" پارتی کرێکاران هەوڵدەدات ئەو کوردانە بگێڕێتەوە بۆ زێدی خۆیان، حکومەتی سوریاش بەمە ڕەزامەندە و ڕازییە"[2]، هەم لەم چوارچێوەیەدا ئۆجەلان مکوڕبوونی خۆی پیشاندا بۆ کارکردن لە پێناوی وەستاندنی کۆچی کوردان لە باکورەوە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان و وتی:" ئێستا کاتی کۆچی پێچەوانەیە لە بەشەکانی دیکەوە بۆ باکور"[3].

لەدرێژەی هەڵوێست و بۆچوونی بۆ پرس و کێشەی کورد لە سوریا لە ساڵی ١٩٩٦ سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا وتی:"کورد و سوریا کاتێک سەرکەوتوو دەبن، کورد لە سوریا دەربچێت و بگەڕێتەوە باکوری کوردستان و زێدی خۆی لە تورکیا"[4]. لە ماوەی هەوپەیمانی حافز ئەسەد و پارتی کرێکارانی کوردستان، کە لە سوریا بوو، ڕێککەوتنێک لە نێوان زۆرینەی جەماوەری کوردی سوریا ئەوانەی کە مەیلی لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستانیان هەبوو لەگەڵ حافز ئەسەدا دروست بوو، چونکە حافز ئەسەد زیاتر بڕوای بەو کوردانە هەبوو، وەک ئەوەی لە هەندێک عەرەب کە گومانی پشتگیریی و هاوکاری حکومەتی عێراقیان لێ دەکرا[5].

داڵدەدانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەن سوریاوە بەردەوامبوو تاکو ساڵی ١٩٩٨ تاوەکو ئەوکاتەی گرژی و ئاڵۆزی نێوان سوریا و تورکیا گەیشتە لوتکە، کاتێک سوپای هەردوو وڵات کۆکرانەوە، دوور نەبوو ئاڵۆزییەکان پێکدادانی لێ بکەوێتەوە، بەڵام سوریا ڕازیی بوو پارتی کرێکاران و سەرکردەی پارتەکە لەلایەن سوریاوە هاوکاری نەکرێن، ڕێگەیان پێ نەدرێت چالاکی لە سوریا ئەنجام بدەن، هەروەها سوریا ڕەزامەندیی پیشاندا، کە پارتی کرێکاران و سەرکردەی پارتەکە لە سوریا دەرکرێن و ڕێککەوتنی ئەمنی لە نێوان هەدوو وڵاتدا ئیمزاکرا، ئەو ڕێکەوتنە بەناوی

[1] محمد جمال باروت: التكون التاريخي الحديث للجزيرة السورية، ص٧٢١.
[2] Jordi Tejel: Syrias Kurds History Political and Society, P.70.
[3] عبدالباسط سيدا: المسألة الكردية في سورية...، ص١٢٩.
[4] شمس الدين الكيلاني: المسألة الكردية في ضوء...، ص١١.
٥ نفس المصدر، ص١٢.

"ڕێکەوتنی ئەدەنە"[١]، بەپێی ئەم ڕێککەوتنە ناکۆکی هەردوو وڵاتی سوریا و توکیا کۆتایهات[٢] و سوریا عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی لە دیمەشق دەرکرد[٣].

لە درێژەی سیاسەتەکانی حکومەتی سوریا دژ بە کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، سیاسەتی بە عەرەب کرنی ناوچە کورییەکان بەردەوامی هەبوو، لە میانەی ئەو سیاسەتەدا، لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٧دا بە ئیمزای پارێزگاری ئیداری و کارگێڕی حەسەکە، بڕیاری ژمارە (٤٥٤٢/ن) دەرچوو، کە چەند مادەیەکی تێدابوو بۆ گۆڕینی ناوی چەندین شوێن و چەندین ناوچەی کوردی بۆ بە عەرەبی کردنیان، وەک لە مادەی یەکەمدا ناوی (٥٥) گوندی پارێزگا حەسەکە بڕیاردرابوو بە گۆڕینی ناوەکانیان بۆ ناوی دیکە، بۆ نموونە، (پماد محمود کبیر) گۆڕدرا بۆ (پمود)، (عبله کبیر) گۆڕدرا بۆ (عباه)، (کورکند) گۆڕدرا بۆ (تل البلبل)، (خراو) گۆردرا بۆ (نابلس)، (قولیه) گۆڕدرا بۆ (اللد)، (کردو) گۆڕدرا بۆ (تل اللبن) هەر وەک لە مادەی دووەمدا ناوی (٤٩) کێڵگە لە پارێزگای حەسەکە تەعریبکران بۆ نموونە (کشتو) گۆڕدرا بۆ (شهباء)، (دبشو) گۆڕدرا بۆ (تل الجنب)، (جولاق) گۆڕدرا بو (جلن) و (شور عزبی) گۆڕدرا بۆ (شط العربی الشرقي) ...هتد[٤].

لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ بە بۆنەی یادی (٣٥) ساڵەی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٢وە ڕۆژنامەی صوت الاکراد بە یاننامەیەکی بە ناوی "هاوپەیمانی دیموکراتی کورد" بڵاوکردەوە و تێیدا جەختی کردبووە سەر داخوازی پێدانی ناسنامە بەو کوردانەی، کە بەهۆی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٢وە لە ناسنامەی سوری بێبەشکران، هەروەها داوای دەستەبەرکردنی مافی کوردی کردبوو، هەروەها داوای کردبوو جیاکاریی نێوان هاونیشتیمانیان لەسەر بنەمای جیاوازی نەتەوەیی و ڕەگەزی کۆتایی پێبهێنرێت، ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ دەستوری وڵات کە جەختی لە یەکسانی نێوان هاونیشتیمانیان کردۆتەوە، هەروەک بەیاننامەکە داوای کردبوو لە گەل و دەستەبژێرێکی کەسایەتییە دیارەکانی ناوخۆ و دەرەوەی سوریا کە دژی دیاردەی بێ بەشکردنی کورد لە ناسنامە و بە بێگانە

---

١ ڕێککەوتنی ئەدەنە: ئەو ڕێککەوتنە بوو لەنێوان تورکیا و سوریادا مۆرکرا، لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٨, لە ڕێککەوتنەکەدا سوریا ڕازی بوو هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان کۆتاپێبهێنێت و هیچ ئاسانکارییەک بۆ چالاکییەکانی نەکات، تەنانەت سەرۆکی پارتەکەش بەپێی ئەم پەیمانە لە سوریا دەرکرا. بڕوانە: محمد جمال باروت وآخرون: مسألة أكراد سورية...، ص٩٦ ؛ هێریەت مۆنتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆڵی لێکراو، ل١٨٧-١٨٨).

٢ هێریەت مۆنتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆڵی لێکراو، ل١٨٧-١٨٨؛ محمد جمال باروت وآخرون: مسألة أكراد سورية...، ص٦٩.

[٣] مایکل کیر و کریغ لارکن: العلویون في سوریا الحرب و الدین و السیاسة في المشرق، ت: رضوان زیادة و احمد العبده، ط١، منتدى العلاقات العربیة و الدولیة، القطر، ٢٠٢١، ص٢٠٩.

٤ بۆ زانیاریی و وردەکاریی تەواوی مەرسومەکە. (التحالف الدیمقراطي الکوردي في سوریا: حملة تعریب اسماء المدن والقری الکوردیة في کردستان سوریا...، ص١٣-١٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیساعیل محەمەد حەساف لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر ١٠:٠٠ شەو، شەممە، هەولێر، ٢٠٢٢/٩/١٠).

دانانی هاونیشتیمانیانی کورد بووەستنەوە، کە دیاردەیەکی ترسناکە و داوای کردبوو کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی سەرژمێرییەکە بکرێت، یەکسانی نێوان هاوڵاتیان بەبێ جیاوازیی دەستەبەربکرێت[1].

لە درێژەی ئەو بڕیار و مەرسومانەی کە بۆ بە عەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان دەردەچوو، لە ڕێکەوتی ٥ی ئایاری ١٩٩٨دا مەرسومی ژمارە (٢١٢٣/ن) دەرچوو، لە مادەی یەکەمی ئەو مەرسومەدا بڕیاری گۆڕینی ناوی (٩٧) گوندی پارێزگای حەسەکە درا بۆ ناوی عەرەبی. بۆ نموونە، (خراب کورت) گۆڕدرا بۆ (الخلیل)، (ئۆرتی) گۆڕدرا بۆ (بسمان)، (خربە جلحاش) گۆڕدرا بۆ (المها)، (کلاوە) گۆڕدرا بۆ (حور) و (کالو) گۆڕدرا بۆ (حیفا) ...هتد، لە مادەی دووەمی مەرسومەکەدا، بڕیاری گۆڕینی ناوی (٢٣) کێڵگە لە پارێزگای حەسەکە درا بۆ ناوی عەرەبی بۆ نموونە، (خربە جمو) گۆڕدرا بۆ (السري)، (ینجە) گۆڕدرا بۆ (دلتا)، (مغسل) گۆڕدرا بۆ (قسطل)...هتد[2]. دەرچونی بڕیار و مەرسومی حکومی بۆ بە عەرەب کردنی ناوی شار و گوند و شوێنی کوردی بەردەوامی هەبوو، هەروەک لە ڕێککەوتنی ٢٧ی تەمووزی ١٩٩٨دا مەرسومی ژمارە (٣٣٤) گشتێنراوە، لە مادەی یەکەمی ئەو مەرسومەدا بڕیاری گورین وبەعەربکردنی١٢٠ گوند و ناوی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە پارێزگای حەسەکە گۆڕدرا بۆ ناوی عەربی بۆ نموونە (قبر غیت) گۆڕدرا بۆ (قدس)، (کافرۆ) گۆڕدرا بۆ (الحمامە)، (قولو) گۆڕدرا بۆ (الصابریە)، (تل باتی) گۆڕدرا بۆ (عکا)، (یارمجە) گۆڕدرا بۆ (الدوحة)، (دوکر) گۆڕدرا بۆ (تلیل)، (بریفا) گۆڕدرا بۆ (العدنانیة)، (کرمیر) گۆڕدا بۆ (لبنیە)... هتد[3]، لە درێژەی وتارەکانیدا سەبارەت بە پیشاندانی ڕەوشی ژیانی کورد لە سوریا لە ئەنجامی سەرژمێری نائاسایی حەسەکە، (صوت الاکراد) لە مانگی ئابی ١٩٩٩دا لە وتارێکی دیکەدا باسی نەهامەتییەکانی ئەو کوردانەی بە بێگانە تۆمارکران دەکات، کە چۆن مامەڵەی جیاکاری ڕەگەزی و نەتەوەییان بەرامبەر دەکرێت و لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری بێ بەشکراون، مافی خاوەندارێتی و خزمەتگوزاریی و تەندروستیان نەبوو، لە سەرجەم مافەکانی هاوڵاتیبوون بێ بەشکراون دەکات[4]. هەروەک لە ١٩٩٩/١٠/١٥ بە پێی بڕیارێکی پارێزگاری حەسەکە بە ژمارە (٧٨٨٩/ح) کە تیایدا بڕیاری

١ جریدة صوت الاکراد، العدد (٢٧٦)، تشرین الأول ١٩٩٧.

٢ بۆ زانیاریی و وردەکاریی تەواوی مەرسومەکە بڕوانە: التحالف الدیمقراطي الکوردي في سوریا, حملة تعریب اسماء المدن والقری الکوردیة في کوردستان سوریا...، ص١٩-٢٦.

٣ بۆ زانیاریی و وردەکاریی تەواوی مەرسومەکە بڕوانە: (التحالف الدیمقراطي الکوردي في سوریا, حملة تعریب اسماء المدن والقری الکوردیة في کوردستان سوریا...، ص١٣-١٨ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیسماعیل محەمەد حەساف لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر١٠:٠٠ شەو، هەینی، هەولێر، ٢٠٢٢/٩/١٠).

٤ جریدة صوت الاکراد، العدد (٢٩٧)، آب ١٩٩٩.

قەدەغە کردنی پێدانی هەر بەڵگەنامەیەک یان پێناسێک لە لایەن موختاری ناوچەکانەوە بەو کوردانە بدرێت کە بە بێبەشکراوان ناسرابوون[1].

بە کورتی سیاسەتی حکومەتی سوریا لەم قۆناغەدا لە مامەڵەکردن لەگەڵ کورد لە ڕۆژئاوایی کوردستان، جگە لە بەردەوامیدان و نکۆڵیکردن لە بوونی پرسی کورد لە سوریا، ئەو کرانەوە کەمەی، کە لەچوارچێوەی ئازادییەکی ڕێژەیی فەرهەنگیدا بە کوردی ڕۆژئاوا درابوو، بەرتەسک کرابووەوە، پرۆسەی بە عەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان بەردەوام بوو، هەوڵدان بۆ گۆڕینی ناو و دیمۆگرافیای ناوچە کوردییەکان درێژەی هەبوو. لە لایەکی دیکە سیاسەتی بەرامبەر بە کوردی باکور و باشور کە جیاواز بوو لەو سیاسەتەی بەرامبەر کوردی ڕۆژئاوا، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەیارێتی (تورکیا و عێراق)، نەک باوەڕبوون بە پرسی کورد لە ناوچەکەدا.

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئیسماعیل محەمەد حەساف لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر ١٠:٠٠ شەو، شەممە، هەولێر، ٢٠٢٢/٩/١٠.

# بەشی سێیەم

## ڕۆژئاوای کوردستان و هاتنی بەشار ئەسەد بۆ دەسەڵات (حوزەیرانی ٢٠٠٠ - ١٢ای ئاداری ٢٠٠٤)

# باسی یەکەم:

# ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان و هاتنەسەر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد (حوزەیرانی٢٠٠٠- ئازاری ٢٠٠٤):-

دوای مردنی حافز ئەسەد و هاتنی بەشار ئەسەدی کوڕی بۆ سەر دەسەڵات، ڕەوشی سوریا لە سەرەتادا وەها دەردەکەوت ڕووی لە کرانەوە و ئازادییەکی ڕێژەیی کردبێت، ئەمەش لە بەڵێنی بەشار ئەسەدەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە لە مێژووی سوریادا بە بەهاری دیمەشق ناوی ڕۆیشتووە. سیاسیەکان و چالاکوانان بە ئومێدبوون دەروازەیەک بێت بۆ هەنگاونان بەرەو سیستمێکی دیموکراتی. ئەمە لە کاتێکدابوو دەنگی ڕەخنە لە دەسەڵات و چالاکیی ڕۆژنامەوانی و بڵاوکراوەی جیاجیا و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و...هتد، وایکرد حکومەت لە بەڵێنەکانی پاشگەزببێتەوە و ڕەوشەکە لە جاران خراپتری بەخۆوەبینی. ئەمە بە نیسبەت کوردەوە لە کەمایەتییەکانی دیکە زیاتر ڕووبەڕووی سەرکوتکاریی و گرتن و قەدەغەی چالاکیی و...هتد بووەوە، بەهۆی پێگەی جوگرافی، جیاوازیی زمان و ڕەگەز....هتد لە سوریا.

حافز ئەسەد لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٠دا، پاش سی ساڵ حوکمرانی سوریا و لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا کۆچی دوایکرد[١]، هەندێک لە سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن کە تاوەکو ساڵی١٩٩٤، پێگە و ڕۆڵی سیاسی "بەشار ئەسەد"[٢]، دەرنەکەوتووە، تاوەکو ئەوکاتە تەنها وەکو کوڕی سەرۆک کۆمار ناسرابوو، نەک وەکو دەسەڵاتدار و خاوەن پۆستی سیاسی، چونکە ئەوکاتەی حافز ئەسەد دەسەڵاتی

---

[١] ليون ت. غولد سميث: دائرة الخوف العلويون السوريون في الحرب و السلم، ت: عامر شيخوني، ط١، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، ٢٠١٦، ص٢٤٧.

[٢] بەشار ئەسەد: لە ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٥ لە دیمەشق لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی لە خوێندنگەی "الحرية"ی فەرەنسی لە دیمەشق خوێندووە، لە ساڵی ١٩٨٨ بڕوانامەی پزیشکی بەدەستهێناوە، لە ١٩٩٢-١٩٩٣ پسپۆڕی لە پزیشکی چاو لە زانکۆی "سانت ماری" لە لەندەن بەدەستهێناوە. لەلایەن حافز ئەسەدەوە ئامادەکراوە بۆ وەگرتنی دەسەڵات، ئەم ئامادەکردنەش لەسەر ئاستی سوپا و دەزگا ئەمنییەکان، لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگە پەرەی پێدراوە، هەوڵدراوە کەسایەتی بەشار ئەسەد سەرکردەئاسا بۆ داهاتوو ئامادەبکرێت، لەم پێناوەشدا چەندین پلە و پۆستی لە نێو سوپادا بەدەستهێناوە وەک لە ١٩٩٤ "پلەی نەقیب"، ١٩٩٥ "پلەی ڕائید"و پلەی "مقدم ركن" لە ١٩٩٩، پلەی "عقيد ركن"ی پێدراوە، سەرکردایەتی لیوای پاسەوانی کۆماربووە، ڕۆڵی سیاسیشی بینیوە، وەک لە ١٩٩٨ کراوە بە بەرپرسی مەلەفی پیوەندییەکانی سوریا-لوبنان. بڕوانە: (دايڤيد دبليوليش: سورية سقوط مملكة الآسد، ت: انطوان باسيل، ط١، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت، ٢٠١٤، ص١٤).

گرتەدەست بەشار ئەسەد تەمەنی تەنها پێنج ساڵ بوو[١]، بەڵام سەرەتای دەرکەوتنی بەشار ئەسەد لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٩وە دەستیپێکرد، کاتێک وردە وردە ڕۆڵ و پێگەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەرکەوت. بەشار ئەسەد بواری بۆ ڕەخسا بۆ پەرەپێدانی توانا و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و سەرۆکی وڵاتانی ئەوروپا. بە نموونە, کۆبوونەوەی لەگەڵ (جاک شیراک) ی سەرۆکی فەرەنسا(١٩١٢-٢٠١٩)، کە ناوبراو ئاماژەی دا بەوەی بەشار ئەسەد بایەخ بەو پرس و بابەتانە دەدات، کە گرنگن بۆ داهاتووی سوریا. بێگومان لە دەرکەوتنی ڕۆڵ و پێگەی بەشار ئەسەد دا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سوریا ڕۆڵی بەرچاویان بینی[٢].

پاش ئەوەی حافز ئەسەد کۆچی دواییکرد، لەلایەن دەسەڵاتدارانی سوریاوە لیژنەیەک پێکهێندرا بۆ سەرپەرشتی (گۆرینی) مادەی (٨٣)ی دەستوری هەمیشەی ١٩٧٣ی سوریا[٣]، ناوەڕۆکی ئەو مادەیە بەمشیوەیە بوو:"مەرجە ئەو کەسەی بۆ سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێردرێت تەمەنی لە (٤٠) ساڵ کەمتر نەبێت، عەرەب بێت و خاوەن مافی مەدەنی و سیاسی بێت"[٤]. لیژنەکە بڕیاری دەستکاریکردنی و گۆڕینی مادەی (٨٣)دا، مادەکە گۆڕدرا بەوەی مەرجی تەمەنی ئەوکەسەی بۆ سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێردرێت دەبیت بەلایەنی کەم (٣٤) ساڵ بێت، بڕیارەکەش بۆ ئەنجوومەنی گەل پێشنیازکرا و ئەنجومەنی ناوبراو بڕیارەکەیان پەسەند کرد[٥]، دوای ڕۆژێک لە گۆڕینی مادەی (٨٣)ی دەستور، واتە لە ڕێکەوتی ١١ی حوزەیرانی ٢٠٠٠دا، "عەبدولحەلیم خەدام"[٦]، دوو مەرسومی تەشریعی دەرکرد،

---

[1]Flynt Leverett: Inheriting Syria: Bashar's trial by fire, Brookings Institution Press, Washington, D.C., 2005, P.58-62، مركز الدراسات الكوردية حفظ الوثائق جامعة دهۆک: القضية الكوردية، في كوردستان، سوريا خلال عهد الرئيس بشار الاسد، ١٠ تموز ٢٠٠٠- ٣٠ كانون الاول ٢٠٠٨، منشورات مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق، جامعة دهۆک، دهۆک، ٢٠٠٩، ص٤.

[٢] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة/دهوک: القضية الكردية في كردستان–سوريا خلال عهد الرئيس بشار الاسد...، ص٧.

[٣] إيال زيسر: باسم الأب بشار الاسد السنوت الاولى في الحكم، ط١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٧٧.

[٤] نعمان عطاءالله الهيتي: الدساتير العربية النافذة، ج١، دار رسلان للطباعة و النشر و توزيع، دمشق، ٢٠٠٧، ص٢٣٦.

[٥] رضوان زيادة: ربيع دمشق قضايا اتجاهات، مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان، القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٨٨؛ دايفيد دبليوليش: سورية سقوط مملكة الأسد...، ص١٦.

[٦] عەبدولحەلیم خەدام: لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٣٢ لە دیمەشق لە دایکبووە، کۆلێژی مافی لە دیمەشق خوێندووە، لە تەمەنێکی کەمەوە پەیوەندیی بە ڕیزەکانی حزبی بە عسەوە کردووە، لە ١٩٦٨دا پارێزگاری حەما بووە و دواتر بووەتە پارێزگاری دیمەشق. خەدام گەورەترین هاندەری حافز ئەسەد بووە بۆ ئەنجامدانی کودەتا، لە بەرامبەر ئەو پشتیوانییەدا، بۆ ماوەی ١٤ ساڵ کرایە وەزیری دەرەوەی سوریا، لە ١٩٨٤-٢٠٠٥ جێگری سەرۆک کۆماری سوریا بووە، پشتیوانی بەشار ئەسەد بوو بۆ بوونی بە سەرۆک کۆمار، مەلەفی پەیوەندی سوریا و لوبنانی بۆ

مەرسومی ژمارە (٩) کە تێیدا پلەی (فەریق) درا بە بەشار ئەسەد کەبەرزترین پلە بوو لە سوپادا، مەرسومی ژمارە (١٠) کە تێیدا بڕیاردرا بە شار ئەسەد بکرێت بە ئەمینداری گشتی سوپا و هێزە چەکدارەکان[1]. بەشار ئەسەد دواتر بە ئەمینداری حیزبی بەعس و ئەمینداری هەرێمی هەڵبژێردرا[2].

دوای کۆچی دوایی حافز ئەسەد ڕاستەوخۆ بەشار ئەسەد کرایە "سەرۆکی بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخواز"، لە ١١ی حوزەیرانی ٢٠٠٠دا ئەنجومەنی گەل کۆبووەوە بۆ گفتوگۆکردن لە سەردانانی بەشار ئەسەد بە سەرۆک کۆمار، پاش گفتوگۆکردن بە پێی دەستوری وڵات و بە کۆی دەنگ ڕازیبوون لەسەر کاندیدکردنی بەشار ئەسەد بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، بۆ ئەو مەبەستە لە ١٠ی تەمموزدا ڕاپرسیەک لەسەر کاندیدکردن و هەڵبژاردنی بەشار ئەسەد بۆ سەرۆک کۆمار ئەنجامدرا، ئەنجامی ڕاپرسیەکە بەشار ئەسەد (٩٧،٢٩٪)ی دەنگەکانی بەدستهێنا و بووە سەرۆک کۆماری سوریا[3].

بەشار ئەسەد لە ١٧ی تەمووزی ٢٠٠٠دا، بە بۆنەی دەستبەکاربوونی وەک سەرۆک کۆماری سوریا وتارێکی لە بەردەم ئەنجومەنی گەلی سوریادا پێشکەشکرد و سیاسەتی خۆی بەدروشمی "گۆڕانکاریی لە سایەی بەردەوامی و ئارامیدا" خستەڕوو، لە وتارەکەیدا ئەسەد جەختی لەوەکردەوە، پێویستە بیرۆکەی نوێ لە هەموو بوارەکاندا پەیڕەوبکرێت، گرنگی و بایەخ بە بیرۆکەی نوێ بدرێت، پێویستە سیستمی چاودێری کارابکرێت، هەست بە بەرپرسیارێتی بکرێت ڕێزی یاسا بگیرێت، خەبات دژیی گەندەڵی بکرێت، شەفافیەت و ڕۆشنبیری پەرەی پێبدرێت...هتد. ئەم کارانە دەبێت بەرنامەی سیاسی دەوڵەت بێت، هەروەها بەشار ئەسەد داوایکرد گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ڕەوشی گشتی سوریادا بکرێت و وتی:" دیموکراتی ڕۆژئاوا ئەو پێشکەوتنە فەرهەنگی و کۆمەڵگە دیموکراتییەی ئێستای بەرهەمیهێناوە، پێویستە ئیمەش دیموکراتییەت بەرهەمبهێنین، کە پێویستی شارستانیبوونی

---

ماوەی (٢٠) ساڵ بەڕێوەبردووە، لە ساڵی ٢٠٠٥دا پەیوەندی لەگەڵ بەعس و بەشار ئەسەددا تێکچوو و چووە پاریس و بووە ئۆپۆزیسیۆنێکی سەرسەختی حکومەتی سوریا، لە ٢٠١٨ لەتەمەنی (٨٨) ساڵیدا کۆچی دواییکردووە. بڕوانە: (Flynt Leverett: Inheriting Syria…., P.100 ؛ طه کلینتش: عبد الحليم خدام...سيرة ذاتية رديئة، منشور بتاريخ ٤ أبريل٢٠٢٠، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی ١٢ی ئابی ٢٠٢٢ لە وێبسایتی:

https://bit.ly/3f9qy26

[1] إيال زيسر: باسم الأب بشار الاسد...، ص٧٧.

[2] شمس الدين الكيلاني: مدخل في الحياة السياسية السورية في تأسيس الكيان الى الثورة، ط١، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسيات، بيروت، ٢٠١٧، وەرگیراوە لە پەراوێزی، ص١١٥ ؛ إيال زيسر: باسم الأب بشار الاسد...، ص٧٨.

[3] دايڤيد دبليوليش: سورية سقوط مملكة الآسد...، ص١٦؛ شمس الدين الكيلاني: مدخل في الحياة السياسية السورية ....، وەرگیراوە لەپەراوێزی، ص١١٦.

کۆمەڵگەکەمان پڕبکاتەوە"[١]. بەشار ئەسەد لە وتارەکەیدا ئەوەی دوپاتکردەوە، سوریا پێویستی بە بونیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا یاسا باڵادەستە، دادگا سەربەخۆیە، بڕیاری نا ئاسایی تێدا نییە، واتە سیستمی دەوڵەت دیموکراتی بێت و تێیدا مافی مرۆڤ، ڕەوشێکی دیموکراتی، ئازادی دەستەبەربکرێت و نیشتیمانێکی دیموکراتی و کاریگەر دابمەزرێت[٢]، هەروەک ئامادەیی دەربڕیی بۆ زیندووکردنەوەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، تاوەکو بتوانن هاوسەنگی نێوان ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆڵی دەوڵەت لە چوارچێوەی هاوبەشێتی ڕاستەقینەی نێوانیان دەربکەوێت، جەختی لە گرنگی ئازادی ڕادەربڕین و ڕێزگرتنی ڕای دیکە و بەشداری ئەرێنی تاک لە کۆمەڵگەدا، کردەوە[٣].

ئەو وتارەی بەشار ئەسەد ڕێگەی بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی چاکسازیی ئابووریی، سیاسی و سەرجەم بوارەکانی دیکە کردەوە، خودی بەشار ئەسەد هەڵوێستی جدی بۆ پرسی چاکسازیی هەبوو[٤]، ئەو وتارەی بەشار ئەسەد بۆ ناوخۆو دەرەوەی ئومێدی بە لیبرالیزەکردنی سیستمی سیاسیدا[٥] خەڵکی سوریا دروشمی "سەرۆک قۆناغێکی نوێ دەکاتەوە"یان بەرزکردەوە، کەشێکی دیموکراتی و ئازادی و ڕێگەدان بە ئازادی ڕادەربڕین سیمای ئەو قۆناغە بوون، چالاکوان و ئەوانەی گرنگییان بە دیموکراتی و ئازادی دەدا چەندین "یانە و ڕێکخرا و "مونتەدا"یان لەژێر ناوی جۆراوجۆری وەک بزوتنەوەی زیندوکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی، بزوتنەوەی ئاشتی کۆمەڵایەتی ...هتد، دامەزراند، کە دواتر دەنگی ڕەخنەگرتن لە ڕەوشی نادیموکراتی لەو یانە و ڕێکخراو و مونتەدایانەوە دەرکەوت[٦].

چالاکوان و ڕۆشنبیرانی سیاسی داوایان لە حکومەت کرد چاکسازیی سیاسی و ئابووریی ئەنجامبدات، ئەو ڕەوشە نەخوازراوەی کە لەساڵی شەستەکانەوە ڕووبەرووی خەڵکی سوریا و کەمینەکانی بە نموونە کورد بۆتەوە، هەڵوەشێندرێتەوە[٧]. بەم شێوەیە لەگەڵ هاتنەسەر دەسەڵاتی

---

[١] دایڤید دبلیولیش: سوریه سقوط مملكة الآسد...، ص١٦؛ ليون ت: غولد سميث: دائرة الخوف العلويون السوريون في الحرب و السلم، ص٢٥١.

[٢] رضوان زيادة: ربيع دمشق قضايا اتجاهات...، ص٢٥٩.

[٣] نفس المصدر، ص٢٦٠.

[٤] Flynt Leverett: Inheriting Syria …, P.69-70 –رضوان زيادة: ربيع دمشق قضايا اتجاهات...، ص٢٥٩- ٢٦١.

[٥] Thomas Schmindinger: Rojava …, P.74.

[٦] ليون ت. غولد سميث: دائرة الخوف العلويون السوريون في الحرب و السلم، ص٢٥٢ ؛ مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة دهوك: القضية الكردية في كردستان–سوريا خلال عهد الرئيس بشار الاسد...، ص٩.

[٧] ليون ت. غولد سميث: دائرة الخوف العلويون السوريون في الحرب و السلم، ص٢٥٢.

بەشار ئەسەد، ڕەوشێکی سیاسی تارادەیەک ئازاد، جۆرێک لە کرانەوە و ئازادی کارکردنی سنووردار بۆ چالاکوان و ڕێکخراوەکان و ئازادییەکی ڕێژەیی بۆ چالاکییەکانیان دەستەبەر بوو، ئەو ماوەیە بە "بەهاری دیمەشق"[١]، ناسرا[٢].

لە بەهاری دیمەشقدا بواری کارکردن بە ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لیژنەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی و دیمکراتی، درا. لە ڕووی سیاسیەوە داواکرا ئەو یاسا و بڕیارانەی، بە شێوەی "بڕیاری باری لەناکاو" دژی بەرژەوەندیی هاونیشتیمانیان دەرکراون و لە ساڵی ١٩٦٣وە کاریان پێدەکرێت، هەڵبوەشێندرێتەوە، هەروەها گرنگی بە ڕەوشی زیندانی بە گشتی و زیندانیانی سیاسی درا، لەم چوارچێوەیەدا (٦٠٠) زیندانی سیاسی ئازادکران، بڕیاری لێخۆشبوونی گشتی بۆ زیندانیانی سیاسی و نا سیاسی دەرکرا و بڕیاری داخستنی هەندێک لە زیندانەکان درا[٣] هەروەها لە بەهاری دیمەشقدا داوایان لە حکومەت کرد، کە چاکسازیی ئابووریی و سیاسی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی ئەنجامبدات، بەهاری دیمەشق کرانەوەی سیاسی و ڕۆشنبیریی هێنایە کایەوە، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چالاکبون لە سوریا[٤].

لە چوارچێوەی چالاکی کرانەوە و کاری سیاسی سنووردار لە بەهاری دیمەشقدا، ئازادی بۆ چالاکوانان لە دەرەوەی حیزبەکانی بەرەی نیشتیمانی هاتەکایەوە[٥]، ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران و ئەدیب و کەسانی دیاری ئەنجومەنی گەل و کەسایەتییە ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندکارەکان و دادوەران و مامۆستایانی زانکۆ "مونتەدا"یەکیان بە ناوی مونتەدای گفتوگۆی نیشتیمانی (منتدای الحوار الوطني)[٦]،

---

[١] بەهاری دیمەشق: ڕەوشێکی سیاسی تاڕادەیەک کرانەوە و ئازادبوو، لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن بەشار ئەسەد لە ساڵی (٢٠٠٠) لە سوریا دەستیپێکرد، لەو ڕەوشە سیاسییەدا، بەکرداریی چالاکی نوێیی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سوریا ڕێگە بەکارکردنیان درا. ( Thomas Schmindinger: Rojava …, P.74.؛ ليون ت. غولد سميث: دائرة الخوف العلويون السوريون في الحرب و السلم، ص٢٥٢.

[٢] ليون ت. غولد سميث: دائرة الخوف العلويون السوريون في الحرب و السلم، ص٢٥٢).

Flynt Leverett: Inheriting Syria …, P.89-90.

[٣] رضوان زيادة: ربيع دمشق قضايا اتجاهات...، ص٣٣٩؛ رياض سيف: سيرة ذاتية وشهادة للتأريخ، ط١، مؤسسة دارالجديد، بيروت، ٢٠٢٠، ص١٠٩-١١٠.

[٤] Thomas Schmindinger: Rojava …, P.74. ليون ت. غولد سميث: دائرة الخوف العلويون السوريون في الحرب و السلم، ص٢٥٢.

[٥] رضوان زيادة: ربيع دمشق قضايا اتجاهات...، ص٢٧٧.

[٦] مونتەدای گفتوگۆی نیشتیمانی: لە ١٣ ئەیلولی ٢٠٠٠ دامەزرا، لەسەر بنەمای وتاری سەرۆک کۆمار بەشار ئەسەد، بە تایبەت ئەو بەشەی وتارەکەی کە وتی:"کۆمەڵگە بونیاتنانرێت و گەشە ناکات گەر پشت بە لایەنێک یان کۆمەڵەیەک یان دەستەیەک ببەستێت، بەڵکو دەبێت پشت بە کاری هەموان و کۆمەڵگە بە گشتی ببەستیت"، دەستپیکی کاری ئەم "مونتەدا"یە گرنگیدان بوو بە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ڕاگەیاندنیان دەستپێکرد بۆ

یان دامەزراند، پارتێکی سیاسی بەناوی "ئاشتی کۆمەڵایەتی نێوان کۆمەڵە ئیتنی و ئاینییە جیاوازەکان"یان دامەزراند[1]، هاوشێوەی ئەو ڕێکخراو و "مونتەدا"یانە لەسەرجەم پارێزگاکان دامەزران[2]، هەروەک سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ لە سەرانسەری سوریادا (٢١) "یانە و ڕێکخراو و مونتەدا"ی گفتوگۆی چالاکوانان دامەزران[3].

ڕۆشنبیران و چالاکوانە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زنجیرەیەک وتاریان بەشێوەی (نامە وتار) بڵاوکردەوە، ئاڕاستەی دەسەڵات و خودی بەشار ئەسەدیان کرد و داوایانکرد، گەل لە ڕەوشی رەعیەتەوە بچێتە، ڕەوشی هاوڵاتیبوونەوە[4]. ڕۆلی تاک وەک کۆمەڵگە دیموکراسییەکان بێت، لە قامیشلۆ ئەو ناوچەیەی کە بە چڕی زۆری دانیشتوانی کورد ناسراوە، یانەی جەلادەت بەدرخان، گۆڕا بۆ "مونتەدا" و مینبەری گفتوگۆی چالاکوانانی سیاسی کورد، ئەو چالاکوانەی کە داوای دانپێدانانی مافی کوردیان دەکرد، مافی ئەو کوردانەی بەهۆی " یاسای باری لەناکاو"ی حکومەتەوە مافەکانیان زەوتکرابوو[5]، چالاکوان و ڕۆشنبیرانی کورد بەشداریان لەو کارو چالاکی و هەوڵە سیاسیانەدا کرد کە بەهاری دیمەشق لە کۆڕبەند و سیمینارەکانیدا کردییەوە[6].

هەروەک لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠دا چالاکوانانی سیاسی کورد داوای گێڕانەوەی ناسنامەی سورییان کرد بۆ ئەو کوردانەی کە ناسنامەیان لێ زەوتکرابوو بە پێی سەرژمێری

---

چارەسەرکردنی کێشەکان و بونیاتنانی داهاتویەکی باش بۆ سوریا، لە ٢٠٠١ ئەم "مونتەدا"یە لیژنەیەکیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری (مونتەدا)کەدامەزراند، لە (١٤) ئەندام پێکهاتبوو لەنەتەوە جیاوازەکان بوون و پێکەوە کاریان دەکرد بڕوانە:( ریاض سيف: سيرة ذاتية و شهادة للتآريخ ، ص١٠٢-١٠٧).

[1] نوال عبدالجبار سلطان: توجيهات المعارضة السياسية في سورية المعاصرة، مجلة دراسات إقليمية، سنه٤، العدد(٦)، كانون الثاني، ٢٠٠٧، ص١٦-١٧.

[2] رضوان زيادة: ربيع دمشق قضايا اتجاهات...، ص٢٨١.

[3] نوال عبدالجبار سلطان: توجيهات المعارضة السياسية في سورية المعاصرة، ص١٧.

[4] محمد جمال باروت و شمس الدين الكيلاني: سوريا بين عهدين، قضايا المرحلة الانتقالية( بيانات و وثائق، حوارات و سجلات مقابلات)، دار سندباد للنشر، عمان، ٢٠٠٣، ص٤١ ؛ شمس الدين الكيلاني: مدخل في الحياة السياسية السورية...، ص١١٧.

[5] نوال عبدالجبار سلطان: توجيهات المعارضة السياسية في سورية المعاصرة...، ص١٧.

[6] شمس الدين الكيلاني: المسألة الكردية في ضوء...، ص١٣.

نائاسایی پارێزگای حەسەکە لە ساڵی ١٩٦٢دا، پاشان داوای داننان بە مافە ڕۆشنبیری و مەدەنییەکانی کوردیان کرد و داوای کارنەکردن بە یاسای "باری لەناکاو"دژیی کوردیان کرد[١].

ئامانج ومەبەستی چالاکوان و ڕۆشنبیران لە چالاکی و هەوڵ و گفتوگۆ کردن لە نێوان ئەو یانە و مونتەدا و ڕێکخراوانەدا بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی باری نائاسایی، کارنەکردن بە حوکمی عورفی، هەڵوەشاندنەوەی حوکمی هەڵاواردن (الاستثنائية)، ئازادکرنی زیندانە سیاسییەکان، دەستەبەرکردنی ئازادی گشتی، چاکسازیی لە وڵاتدا ئەنجامبدرێت، کار بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لە دەزگاکانی دەوڵەتدا بکرێت[٢]. جیا لەوە داواکرا ئەو کەسایەتی و چالاکوانە سیاسیانەی دورخرابوونەوە، بگەڕێندرێنەوە بۆ سوریا، دەوڵەتی خاوەن یاسا بونیات بنرێت، ئازادی و فرە حیزبی تێیدا بەرجەستەبێت، ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی کۆبوونەوە دەستەبەربکرێت، هاونیشتیمانیان ئازادبن لە داواکردنی مافی خۆیان[٣]، بەتایبەت بۆ کەمینەکانی وەک کورد. بەمەبەستی گەیاندنی دواکارییەکانیان دەستەبژێر و چالاکوانان چەندین بەیاننامە و یاداشتیان نوسی و تیایدا داواکارییەکانیان گەیاندە دەسەڵات وەک لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٠دا، (٩٩) بیرمەند و دەستەبژێری سوریا یاداشتێکیان نوسی و تێیدا داوای ئازادکردنی سەرجەم زیندانیانی سیاسیان کرد، هەموو ئەو داواکاریانەی کە لە پێناویدا خەبات و هەوڵیان دەدا لەم یاداشتنامەیەدا نوسرابوو و ئاراستەی دەسەڵاتیان کرد[٤].

بە هاتنەسەردەسەڵاتی بەشار ئەسەد، دەسپێکردنی ڕەوشێکی سیاسی تا ڕادەیەک ئازاد و جۆرێک لە کرانەوە و دەستپێکردنی بەهاری دیمەشق، توێژێکی سیاسی لاوی کورد لەسەر گۆڕەپانی سیاسی سوریا دەرکەوتن، (پارتی یەکێتی کورد لە سوریا)[٥] دامەزرا، دەستپێشخەربوو لەوەی بە

---

[١]بکر صدقي: إستراتيجية النظام تجاه الكرد في الثورة السورية و غيابها لدى المعارضة، **وەرگیراوە لەکتێبی:** احمد برقاوي(اعداد): استراتيجية سلطة الاستبدادي في مواجهة الثورة السورية، منشورات مركز الدراسات الجمهورية الديموقراطية، الجزائر، ٢٠١٤، ص٤٢.

[٢] حازم نهار: مسارات السلطة والمعارضة في سورية نقد الرؤي و الممارسات، ط١، مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان، القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٤.

[٣] رضوان زيادة: ربيع دمشق قضايا اتجاهات...، ص٢٨٩-٢٩٠ .

[٤] إيال زيسر: باسم الأب بشار الاسد...، ص١٥٦؛ نوال عبدالجبار سلطان: توجيهات المعارضة السياسية في سوريه المعاصرة، ص٢١.

[٥] پارتی یەکێتی کورد لە سوریا: ئەم پارتە لە ئاداری ٢٠٠٠ دامەزرا لە دیارترین دامەزرێنەرانی فؤاد عليكو، حسين صالح و مروان عوسمان، دروشمی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتەکە خەباتکردن بوو لە پێناوی سڕینەوە و لابردنی پرۆژە ڕەگەزییەکان دژی کورد و تێڕوانینێکی دیموکراتییانە بوو بۆ پرسی کورد، هەروەها دەستەبەرکردنی ئازادی گشتی بۆ وڵات. بڕوانە: (علي صالح ميراني: الحياة الحزبية السرية...، ص١٩٦).

ئاشكرا داواى خۆبەڕێوەبەرى ناوچە كوردييەكانى دەكرد، داواى بەفەرمى كردنى زمانى كوردى ناوچە كوردييەكانى دەكرد[١]، هەروەها تەيارى سياسى و هزرى زۆر دەركەوتن كە دواى ئازادى گشتيان دەكرد، كورد وەك ڕێكخراوى حيزبى يان وەك تاك لە ليژنەكانى (زيندوكردنەوەى كۆمەڵگەى مەدەنى) بەشداريكردووە، لە مونتەدا و يانە ڕێكخراوەكانداو لە چوارچێوەى كارى ئەو مونتەدا و ڕێكخراوانەدا، داواى ئازادى بۆ كوردى سوريايان دەكرد، بە نموونە لە ساڵى ٢٠٠٠ وە هاوشانى چالاكوان و ڕۆشنبيرانى سوريا كورد داواى ئازادى و ديموكراتى دەكرد و دژيى زوڵمو ستەمى حكومەت بوو دژيى توندوتيژى بوو، هەڵبەت ئەو بەشداريكردنەى كورد ئاكامى باشى بۆ كورد هەبوو[٢]. بۆ نموونە، ناونانى منداڵ بەكوردى و ميهرەجانە كورديەكان و قسەكردن بەزمانى كوردى قەدەغە نەبوو هەرلەوچوارچێوەيەدا ڕۆشنبيرانى كورد چەندين ڕۆژنامەو گۆڤاريان دەركرد سەرجەميان داواى مافى كورديان دەكرد لەوانە لە ساڵى ٢٠٠٠دا لە لايەن دەستەيەك لە خوێندكارانى كوردەوە و ڕۆژنامەى سيبا(Siba)بە زمانى كوردى بڵاوكرايەوە ، گۆڤارى هەڵوێست(Helwest)بە زمانى كوردى و عەرەبى لەلايەن دەستەيەك لە ڕۆشنبيرانى ڕۆژئاوا...هتد[٣]، بەمشێوەيە چالاكى كورد لە سەرەتاى هاتنى بەشار ئەسەدەوە قەدەغەكراو نەبوو[٤].

ئەگەر چى وڵات هەنگاوێكى ديموكراسى ناوخۆيى بەخۆوە بينى، دەوڵەت و سەرۆك كۆمار ويستى چاكسازى و سيستمى كرانەوەى سياسيان هەبوو، بەڵام جۆرێك مەترسى لاى دەسەڵات دروستبوو، لەوەى لە داهاتوودا تواناى نەبێت كۆنترۆڵى چالاكى و لێكەوتەكانى ئەوكرانەوەيە بكات، مەترسى دەسەڵات لەوەى ئەو كرانەوە و چالاكييە ئابووريى و سياسييانەى هاتبوونەئاراوە لە داهاتوودا، ڕەنگە مەترسى جدى بن لەسەر دەسەڵات. كێشەى دەسەڵات ئەوەبوو، ماوەيەكى دورودرێژ بوو حوكمى بە شێويەكى سەركوتكاريى توند و ئەمنى كردبوو، هەربۆيە ئەوكات گومانى لەم كرانەوە دەكرد، كە ببێتە هۆى لاوازكردن و كۆنترۆڵكردنى دەسەڵات و كاريگەريى خراپى لەسەر دەسەڵات هەبێت. بۆ نموونە، يەكێك لە ئاكامە ئەرێنييەكانى بەهارى ديمەشق ڕەخنەگرتن بوو لە

---

[١] هێرش عەبدلڵا حەمە كەريم: پەيوەنديە سياسييەكانى نێوان هەرێمى كوردستان و دەوڵەتانى دراوسێ ئێران و توركيا و سوريا ١٩٩١-٢٠٠٣، چ١، ناوەندى ڕۆشنيرى ئەنديشە بو چاپ و بڵاوكردنەوە، سلێمانى، ٢٠١٣، ل٢١٧.

[٢] علي بدران: دور الكرد و الثورة السورية، مركز الديموقراطي العربي، منشور بتاريخ ٢٤ سبتمبر ٢٠١٦، وەرگيراوە لە ڕێكەوتى ٢٣ى ئابى ٢٠٢٢ لە وێبسايتى: https://bit.ly/3S9HIvd

[3] Bader Husein: The Kurdish Issue..., P.35 ...، كونى ڕەش: تاريخ الصحافة الكردية في سوريا و لبنان، ص١٤٥.

[4] Bader Husein: The Kurdish Issue..., P.35.

دەسەڵات و سیستمی حوکم[١]، لەبەرئەوە بوو دەسەڵات هەڵمەتی توندی دژی ئەو ڕۆشنبیر و چالاکوانانە گرتەبەر، کە دژی دەسەڵات بوون و نوسین و ڕەخنەکانیان ئاڕاستەی حکومەت دەکرد، بەڵام چالاکی ڕۆشنبیران و چالاکوانان بەردەوامبوو، لەسەر ڕەخنەگرتن و چالاکی کارکردن[٢].

بەشار ئەسەد لە سالی ٢٠٠١ لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی "الشرق الأوسط"دا، وەها دەرکەوت، کە دەسەڵات دژی ناوەندە چاکسازیی و یانە و ڕێکخراو و مونتەداکانە هێڵی سووری بو چالاکییەکانیان کێشا کە وەک مەترسی بۆ سەر دەسەڵات لێیان دەڕوانێت، هەروەک جەختیکردەوە لەوەی:" هێنانەکایەی کۆمەڵگەی مەدەنی واتای سڕینەوەی مێژووی دورودرێژی سوریایە، ئەوەش واقیعی و ڕاست نییە و ناکرێت بە سڕینەوەی مێژووی قۆناغێکی گرنگی مێژووی سوریا هەنگاو بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی بنرێت"[٣]، ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ بۆ دانانی سنورێک بۆ کارکردنی دەستەبژێری کۆمەڵگە[٤]. لە دوای ئەو چاوپێکەوتنە، لە شوێنە جیاوازەکانی وڵات لە لایەن دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی دەسەڵات هەڵمەتی گەڕان بەدوای چالاکوانەکاندا دەستپێکرد، دەزگاکانی ڕاگەیاندن هێرشیان بۆ سەر چالاکوانان و ڕۆشنبیران دەستپێکرد و بەوە تاوانباریان کردن، کە زیان بە بەرژەوەندی وڵات دەگەیەنن، هەربۆیە ژمارەیەکیان لێ دەستگیرکران[٥]. حکومەتی سوریا بۆ بەرتەسککردنەوەی چالاکی مونتەداکان و چالاکی ڕۆشنبیران و چالاکوانان لە ئەیلولی ٢٠٠١ حکومەتی سوریا مەرسومی ژمارە (٥٠)ی بۆ سانسۆردانان لەسەر بەرهەمی چاپکراو دانا، زیاتر لە (٥٠) مادەی لەخۆگرتبوو، بۆ ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم دەزگاکانی ڕاگەیاند و فراوانکردنی هەژموونی دەوڵەت لەسەر بڵاوکردنەوەی بەرهەمی چاپکراو[٦].

سەبارەت بە کورد، ئەو ڕەوشە تاوەکو ڕادەیەک ئازاد و دیموکراسییە ماوەکەی زۆر کورتخایەن بوو، حکومەتی سوریا بەخێرایی لەو بڕیار و بەڵێنانەی دوورکەوتەوە کە جۆرێک لە کرانەوەی دیموکراسی تیادا بەرجەستە بوو، پەیوەندی کورد و حکومەت ڕووی لە خراپی کرد[٧]. چالاکی و بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنی کوردی بەپێی مەرسومی(٥٠) ئەوە خرایەڕوو، ئەگەر ڕێگە بەکورد بدرێت

---

[١] إيال زيسر: باسم الأب بشار الاسد...، ص١٦٦.

[٢] نفس المصدر، ص١٥٧.

[٣] شمس الدين الكيلاني: مدخل في الحياة السياسية السورية...، ص١٢٣–.١٢٤؛ إيال زيسر: باسم الأب بشار الاسد...، ص١٦٦–١٦٧.

[٤] إيال زيسر: باسم الأب بشار الاسد...، ص١٦٦–١٦٧ ؛ شمس الدين الكيلاني: مدخل في الحياة السياسية السورية...، ص١٢٣–.١٢٤.

[٥] إيال زيسر: باسم الأب بشار الاسد...، ص١٦٧.

[6] Jordi Tejd: Syria’s Kurds History Political and Society, P.110.

[7] Bader Husein: The Kurdish Issue…, P.35.

بڵاوکراوە و ڕاگەیاندن بەزمانی کوردی بڵاوبکاتەوە، ئەوا هەوڵدانە بۆ گۆڕینی دەستور و هەڕەشەیە لەسەر یەکگرتوویی خاک و وڵات، لەبەر ئەم ڕوونکردنەوەیە دەسەڵات هەنگاوی توندی دژی بڵاوکراوەو ڕاگەیاندنی کوردی دەستپێکرد. بۆ نموونە لە ٢٠٠٢ ژمارەیەک کورد لە نێویاندا هەردوو نوسەر "ئیبراهیم نعسان" و "حەبیب ئیبراهیم"، کە دوو چالاک و ڕۆشنبیری کوردبوون دەستگیرکران، بۆ ماوەی پێنج ساڵ زیندانیکران، هۆی زیندانیکردنیان ئەوە بوو کەبڵاوکراوەی کوردیان لابووە، بەزمانی کوردی وانەیان ووتوەتەوە، ئەو بڵاوکراوە کووردییانەیان بەسەر خەڵکدا دابەشکردووە. دەستگیرکردن و زیندانیکردن ئەو کوردانەشی گرتووەتەوە کە ئاهەنگیان دەگێڕا و مۆزیکی کوردیان لێدابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کوردانەی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوون لە ناوچە کوردییەکان بڕیاریاندا چالاکی زیاتر و فراوانتر ئەنجام بدەن و سەرکۆنەی ئەو سەرکۆتکاریی و مامەڵەیە بکەن، کە دژی کورد ئەنجامدەدرێت بەتایبەتی لەدیمەشق[١].

ناوچە کوردییەکان بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی سوریا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی درەنگتر دەرکەوت، بەواتایەکی دیکە دەرکەوتنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دواکەوت بەراورد بەناوچەکانی دیکە، ئەوەش بەهۆی باڵا دەستی سیستمی هۆزایەتی و پێدانی سیمای جیاکاریی ئیتنی لەلایەن حکومەتەوە بەناوچە کوردییەکان، وەک بەربەستێک لەڕێگەی داواکاری کورد و هەنگاونانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها بەئاشکرا یاساخی پێکهێنانی هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوێک لە پارێزگای حەسەکە کرا. هۆکارێکی دیکەی لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ناوچە کوردییەکان، ئەوە بوو کورد و پارتە کوردییەکان نەیانتوانی هاوشانی کۆمەڵگەی مەدەنی فەرهەنگێک دروست بکەن، بەپێچەوانەوە، پارتە کوردییەکان بە هۆی لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە گەشەیانکرد[٢].

هۆکارێکی دیکەی دواکەوتووی ناوچە کوردییەکان بەگشتی بەهۆی سیاسەتی حکومەتەوە بەکارهێنانی چەندین ڕێگە بۆ بێ دەنگکردنی کورد وڕێگە گرتن لەگەشەکردن و بەئاگاهاتنەوەی کورد لەرۆژئاوای کوردستان تا ئەوەندەی دەکرێت کورد پەراوێز بخرێت، ناوچە کوردنیشینەکان بەهەژاری و دواکەوتوی بمێنێتەوە[٣]، ڕیگە نەدرێت چالاکی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری و گەشەی ناوچە کوردنیشینەکان گەشە بکات و لەقاڵب بدرێت. بەم شێوەیە فۆلکلور و فەرهەنگی کوردی قوربانییەکی دیکەی مامەڵەکردنی خراپ و نەبوونی مافی هاوڵاتیبوونی یەکسان بوو لە سوریا، لەم بارەیەوە لە ٢٠ئایاری ٢٠٠٠دا، بڕیاریَ(٧٨٦)درا بۆ داخستنی هەموو ئەو کۆگایانە کە کاسێت و ڤیدیۆ و سیدی بەزمانی کوردی دەفرۆشن و دووبارە جەختی لە سەر قەدەغەکردنی بەکارهێنانی

---

[1] Jordi Tejd: Syria’s Kurds History Political and Society, P.110.

[2] Ibid, P.111.

[٣] علي بدران: دور الكرد و الثورة السورية.

زمانی کوردی لە کۆبوونەوە و ڤیستیڤاڵەکاندا کردوە، بەو جۆرە یاساخ کرنی زمان و کۆتوبەندکردنی فەرهەنگی کوردی بە یاسایی کرابوو[1].

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەرچی هەوڵی چاکسازیی ئابووری درا، بەڵام ئەو چاکسازییەی لە سەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن بەشار ئەسەد دا ئەنجامدرا، خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵێک سەرمایەدار و خاوەنی پلە و پۆستی کرد، کە پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ چینی باڵادەستی دەسەڵاتدا هەبوو و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبوو[2]، هەروەکو لەچوارچێوەی سیاسەتی ئابووری ئازاد دا و سیاسەتی چاکسازیی ئابووریی و کشتوکاڵیدا، حکومەتی سوریا بڕیاری دا بەپێی مادەی (٨٣)ی چاکسازیی، تەواوی زەوییەکانی دەوڵەت لە پارێزگای حەسەکە دابەشبکرێتەوە بۆ ئەو مەبەستە وەزارەتی کشتوکاڵ دەستیکرد بە دووبارە دابەشکردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان، لەو دابەشکردنەدا فەزڵی هۆزە عەرەبیەکان درا بەسەر هۆز و جوتیارە کوردەکاندا، بەبیانووی ئەوەی زەوی دەوڵەت دەدرێت بەو هۆزە عەرەبییانەی کە بە پێی یاسای کێڵگەی دەوڵەت زیانیان پێگەیشتووە، ئەوە کێشە و ناکۆکی زیاتری لە نێوان کورد و عەرەب لێکەوتەوە[3].

لەگەڵ ئەو هەنگاوە سەرکوتکارییانەدا هەڵمەتی دەستگیرکردن و قەدەغەکردنی چالاکی ڕۆشنبیران لە سوریا بەگشتی و ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی دەستپێکرد، لەبەرئەوە هەنگاوەکان دژی کورد توندتر بوون بۆ قەدەغەکردنی چالاکی کورد[4]، بەم جۆرە "بەهاری دیمەشق" مەودا کورت بوو، سەرکوتکردنی کورد لەلایەن حکومەتی سوریاوە دەستپێکرد، بەهاری دیمەشق بەدەستگیرکردنی نەیارانی حکومەت کۆتایهات[5]، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی ڕۆشنبیران و چالاکوانانی سوریا بەگشتی یاداشتنامەی (١٠٠٠) یان نوسی ئەو یاداشتنامەیە (١٠٠٠) بیرمەند و چالاکوان لە سەرانسەری سوریا واژۆیان لەسەر کرد، بەمەبەستی ڕێکخستنی هەوڵەکانیان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی[6].

زیادبوونی سەرکوتکردنی پارتەسیاسییە کوردییەکان و زیادبوونی ژمارەی بەندکراوانی سیاسی لەزیندانەکانی سوریا، لایەنی دیاری ڕەوشی ژیانی کوردبوو لەو کاتەدا، ئەم ڕەوشەی ژیانی کورد ئەوەی ڕوونکردەوە کەڕەوشی سیاسی کورد هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات، بەو

---

[1] محەمەد عەلی ئەحمەد: باری یاسایی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست...، ل٢٤٥-٢٤٦.

[2] بلال سلايمة: سوريا تحت حكم الاسد، حالة نظام ابوي جديد (نيوباترموني)، ت: احمد عيشة، مركز حرمون للدراسات المعاصرة شرق الاوسط، دوحة، ١٥ كانون الاول ٢٠١٨، ص٣١.

[3] علي صالح ميراني: سياسة التمييز القومي...، ص١٣٢ ؛ Haian Dukhan: State and Tribes in Syria…, P.108-109.

[4] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة دهوك: القضية الكردية في كردستان–سوريا خلالعهد الرئيس بشار الاسد...، ص١٠.

[5] Thomas Schmindinger: Rojava …P.74

[6] إيال زيسر: باسم الأب بشار الاسد...، ص١٥٨ ؛ رضوان زيادة: ربيع دمشق قضايا اتجاهات...، ص٣٣٩.

گۆرانکاریانەی کە لە وڵاتدا ڕوویدا[1]، لیژنەکانی ئاشتی جیهانی کە لەو کاتەدا لەو شارانەبوون کە زۆرینەیان کوردبوون، بۆ چارەسەرکردنی پرسی تاوانکاریی و ستەمی کۆمەڵایەتی دامەزرابوون، لەم کاتەدا حکومەت بەجۆرێک تەنگەتاوی کردبوون، زۆر بە نهێنی کاریان دەکرد، لەگەڵ دەستپێکی توندوتیژیی و سەرکوتکارییەکانی حکومەت بەرامبەر بە کورد لە ناوچە کوردییەکان، ئەم لیژنانە بەکەمی و لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا کاریان دەکرد[2].

بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەدەسەڵات لەو کاتەدا بەرامبەر دەستەبژێری دیموکراتخوازەکان و دەنگی ئۆپۆزسیۆن توندتر بوو بەرامبەر بەکورد زیاتر توندبوو، کۆمەڵێک هەنگاوی فەرمی و ڕاگەیاندنی فەرمی دژ بەکورد و فەرهەنگ و زمانی کوردی لە سوریا ئەنجامدرا، هەورەک لێدوانی وەزیری ڕاگەیاندنی سوریا بۆ ڕۆژنامەی (الدستور) لە ئەیلولی ٢٠٠١دا، تیایدا باسی لەوە کردووە کە دەستوری سوریا لە پێناوی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات تێدەکۆشێت، داواکردنی پارچەیەک لەخاکی وڵات و دابڕینی لە پارچەکانی دیکە، تاوانە بەرامبەر بەدەوڵەت و یاسا[3]، ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی هیچ زۆرینە و کەمینەیەکی وڵات تەنانەت نەئێستا و نە لە داهاتووشدا ناتوانن داوای دامەزراندنی دەوڵەت بکەن لە باکوری سوریا، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کورد بەخیانەتکار تۆمەتبار کرا و دادگا حکومی زیندانیکردنی بۆ ماوەی چەن ساڵێک بۆ ئەو چالاکوان و ڕۆشنبیرانەی کە بەشدار و پشتیوانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی سوریایان کردبوو، حکومەت هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی دژی ئەو چالاکوانانە دەستێکرد بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ گۆڕینی دەستور بەڕێگەی ناڕاستەوخۆ تۆمەتباریکردن، لەلایەکی دیکەوە، لە هەنگاوێکی جیاوازدا، بەشار ئەسەد لە ١٨ی ئابی ٢٠٠٢، سەردانی پارێزگای حەسەکەی کرد، کورد بەئومێدەوە تەماشای سەردانەکەی سەرۆک کۆماری کرد، داوکاری خۆی پێشکەشی سەرۆک کۆمارکرد، داوایانکرد کێشەی سەرژمێری ١٩٦٢ی پارێزگاکەیان چارەسەر بکات، بەشار ئەسەد گرنگی بە داواکەیان داوە، پاش کۆبوونەوە لەگەڵ ژمارەیەک کاربەدەستی پارێزگاکە و ژمارەیەک کەسایەتی، داوایان لە ئەسەد کرد ناسنامە بەکورد بداتەوە[4]. دواتر پاش سەردانەکەی بۆ پارێزگای حەسەکە، بەشار ئەسەد نامەیەکی گەیاندۆتە کوردانی جەزیرە، لە ناوەڕۆکی نامەکەدا ئەسەد ئاماژەی بەوە کردوە کە:" بەڵێ لە بارودۆخی تایبەتی کورد دەزانین، بەڵام ئەمە وەک کارتێک بەکارمەهێنن، هەنگاوی زیاتر و داواکاری زیاتری تیادابکەن"[5]. سەرەڕای

---

[1] Bader Husein: The Kurdish Issue…, P.39-40.

[2] Michael Knapp and Others: Revolution in Rojava; Democratic Autonomy and Women's Liberation in Syrian Kurdistan، First published، published by Pluto Press، London، 2016، P.164.

[3] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/جامعة دهوك: القضية الكردية في كردستان–سوريا خلال عهد الرئيس بشار الاسد...، ص١٢-١٣.

[4] نفس المصدر، ص١٤-١٦.

[5] Jordi Tejd: Syria's Kurds History Political and Society, P.114.

ئەو جۆرە هۆشدارییە، هەڵوێستی ئاڵنگارییانەی پارتی یەکێتی کورد لە سوریای نەگۆڕا[1]. لە ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٠٢ پارتی یەکێتی کورد لەسوریا، هێڵی سوری حکومەتی بەزاند کە بۆی کیشرابوو، هەستا بەڕێکخستنی خۆپیشاندانێک لە پایتەخی سوریا و لەبەردەم پەرلەمانی سوریا، لەو خۆپیشاندانەدا پارتە کوردییەکان و ڕیکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کرد[2].

دروشم و بانگەشەی ئەو خۆپیشاندانە مافی هاولاتیبوون بۆ کورد، سوریا نیشتمانی هەموو گەلی عەرەب و کورد و کەمایەتیەکانی دیکە بێت، زمان و کلتوری کوردی زمانێکی فەرمی بێت، ڕێزی مافی مرۆڤ لەسوریا بگیرێت[3]، لەکاتی خۆپشاندانەکەدا دوو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی "مەروان عوسمان" و "حەسەن ساڵەح" بەیاننامەکیان پێشکەش بە "عەبدولقادر قادورە"ی سەرۆکی پەرلەمان کرد، تێیدا داوای مافی یەکسانیان بۆ کورد لە سوریا کرد. بەڵام سەرۆکی پەرلەمان نکۆڵی لە بوونی پرسی کورد کرد لە ولاتەکەی و جەختی لەوە کردەوە کێشەی کورد لە سوریا بوونی نییە[4]. دواتر خۆپیشاندەرانیش داوای بینینی وەزیری ناوخۆیان کرد بۆ ئەوەی هەولبدرێت ڕەوشی ژیانی کوردان لە ڕێگەی وەزیری ناوخۆەوە بەرەو باشبوون ببرێت[5]، یان هیچ نەبێت فشاری ئەمنی بۆ سەر کورد و چالاکوانە سیاسییەکانی کورد کەم بکرێتەوە و ئاستەنگی زیاتر بۆ چالاکی فەرهەنگی کوردی دروست نەکرێت، بەلام لەپاش پێنج ڕۆژ لە خۆپیشاندانەکە سەرکردە و ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە "مەروان عوسمان" و"حەسەن ساڵەح" بانگهێشتکرانەوە بۆ دیمەشق بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ وەزیری ناوخۆ، بەگەشتنیان بە دیمەشق دەستگیران[6]. دوای مانگێک لەلایەن دادگای باڵای ئاسایشی دەوڵەتەوە، بە تۆمەتی ئەندامبوون لە ڕێکخراوی نایاسایی و هاندانی ململانێ و شەڕی تائیفی، پیلان گێڕیی کارکردن بۆ جیاکردنەوەی بەشێک لە سوریا تۆمەتبار کران و دادگاییکران[7] .

---

[1] Jordi Tejd: Syria’s Kurds History Political and Society, 114.

[2] Flynt Leverett: Inheriting Syria ..., P.180؛ Jordi Tejd: Syria’s Kurds History Political and Society, P.114.

[3] Muhammet Ali Asil: The impact of The Kurdish Question on Turkey’s Relations with its Middle Eastern Neighbors and The European Union between 2002-2012, In Partial Fulfillment of the Requirements for The Degree of Master of Arts in Modern Turkish Studies, A Thesis Submitted to the Graduate School of Social Sciences of İstanbul Şehir University, January 2013, P.50.

[4] هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکوڵی لێکراو، ل١٧٠.

[5] Flynt Leverett: Inheriting Syria ..., P.180.

[6] ایفان بختیار: النضال السلمي الدیمقراطي للشعب الكردي في كردستان، ص٤٨-٤٩؛ هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکوڵی لێکراو، ل١٧٠.

[7] Muhammet Ali Asil: The Impact of The Kurdish Question…, P.50؛ محەمەد عەلی ئەحمەد: باری یاسایی کوردەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ...، ل٢٤٧.

لەدرێژەی ڕێگریی و پەلاماردانی دەزگاکانی پۆلیس و ئەمنی بۆ سەر خۆپیشاندەران لە ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٣دا، کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بە ڕێبەرایەتی پارتە کوردییەکان، بەتایبەت پارتی یەکێتی و ژمارەیەک پارتی کوردی، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە خۆپیشاندانێکی ئاشتییانەیان لە بەردەم بارەگای ڕێکخراوی جیهانی منداڵان یونسێف (Unicef) لە دیمەشق ڕێکخست[1]، خۆپیشاندەران ڕۆژێکی ڕەمزییان هەڵبژارد بۆ ئەوەی داخوازییەکانی کورد ببەستنەوە بەپرسە نێودەوڵەتییەکانەوە، لەو خۆپیشاندانەدا نزیکەی (٣٨٠) خۆپیشاندەر گردبوونەوە لە نێویاندا (٢٠٠) منداڵی تێدابوو کە ناسنامەیان نەبوو، داوایان لەحکومەت کرد مافە مەدەنی و سیاسیەکانی هاوڵاتیانی کورد لە سوریا دەستەبەر بکات، لە نێویاندا داوای مافی فێربوون بەزمانی کوردی، ئازادی ڕادەربڕین، فەرهەنگ، زمان و مافی مرۆڤ داواکرابوو، لەم خۆپیشاندانەدا پارتی یەکێتی سەرکەوتوو بوو لەوەی بەشێک لە هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان، کە ژمارەیان چوار پارتی کوردی بوو بەشداربن لە خۆپیشاندانەکەدا[2].

خۆپیشاندانەکە لەلایەن(٤٠٠) کەس لە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس چاودێرییان دەکرا. دواجار بەزەبری هێز کۆتاییان بە خۆپیشاندانەکە هێنا، زۆرێک لە خۆپیشاندەران قۆڵبەستکران و لە زیندان توندکران[3]، لەم خۆپیشاندانەدا ژمارەیەک خوێندکاری کورد لەزانکۆی دیمەشق بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کرد، یاداشتێکیان دایە ڕێکخراوی یونسێف و تیایدا ناهەمواری و زوڵم و ستەمی حکومەت و دەسەڵات بەرامبەر بەکورد نوسرابوو. بەڵام حکومەت لە ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٣ زۆرینەی ئەو خوێندکارانەی دەستگیر کرد کە بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کردبوو و ڕێگرییان لە پۆلیس و هێزی دەسەڵات کردبوو لە لێدان لە خۆپیشاندەران، "سەید مسعود" کە ڕۆژنامەنوسێکی کورد بوو لە ٢٤ی حوزەیران دەستگیر کرا، بەتۆمەتی هەستان بەوێنەگرتن و ڤیدۆکردنی خۆپیشاندانی منداڵانی کورد لە بەردەم نوسینگەی ڕێکخراوی یونسێف لە دیمەشق[4]. شەپۆلی دەستگیرکردنی نەیارانی حکومەت لە نێو کورد دا لە لایەن حکومەتەوە بەردەوام بوو، لە ٢٠٠٣ ژمارەی ئەو کەسانەی دەستگیرکران بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لەزیاد بوون کرد[5].

ئەگەرچی کورد لەساڵی ٢٠٠٠وە کەوتبووە جموجۆڵ و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین، ئەوەش بەکاریگەریی دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، بەڵام هەوڵی کورد لە ٢٠٠٣وە زیاتر بوو، دوای ڕووخانی سەدام حوسێن و ڕژێمی بەعسی عێراقی و دامەزراندن و دروستکردنی هەرێمێکی

---

[1] Jordi Tejd: Syria’s Kurds History Political and Society، P.113-114.

[2] Jordi Tejd: Syria’s Kurds History Political and Society، P.113-114 ؛عمر رسول: الكرد والاعتقال السياسي في سوريا...، ص٢٣٦.

[3] هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکوڵی لێکراو، ل١٧١.

[4] جريدة الوحدة، العدد(٥٦)، ١ تموز ٢٠٠٦.

[5] Thomas Schmindinger: Rojava …, P.74.

فیدراڵی بۆ کورد له عێراق دا[١]، ئەوەش لەچوارچێوەی پرۆژەی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە)[٢] بەسەرکردایەتی "جورج دەبلیو بۆش"ی سەرۆکی ئەمریکا، بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی نێودەوڵەتی و هەرێمی و دژایەتی تیرۆر، ئەو پرۆژەیەی خستەبواری جێبەجێ کردنەوە، سەبارەت بە عێراق، ئەمریکا بڕیاریدا عێراق بکاتە نموونەیەکی دیموکراسی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا[٣]. هەر لەو میانەیەدا ئەمریکا دەیویست لە دوای عێراق فشار بخاتەسەر سوریا و کۆنترۆڵی بکات[٤]، چونکە سوریا لەدیدگای ئەمریکاوە بەوڵاتانی میحوەری شەڕ دانرابوو[٥].

ئازادکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە دیفاکتۆیەکی نوێی هێنایە ئاراوە و توانای ئەمریکای لە گۆڕانکاریی جیۆسیاسی گەورە نیشاندا، لە کاتێکدا پارێزگاری لە کوردی باشور لە عێراق کرد بۆ دامەزراندنی هەرێمێکی فیدراڵی لە باکوری عێراق، کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لە ڕۆڵی ئەمریکا کرد، ئەمە لەکاتێکدا بوو کوردی ڕۆژئاوا بێهیوا بوون لە دروستبوونی گۆڕانکاریی لەناو وڵاتەکەیان[٦].

هاوکات حکومەتی سوریا ترسی لە پەرەسەندنی ڕووداوەکانی هاوشێوەی عێراق بوو کە سوریاش بگرێتەوە و کوردی سوریا هەمان مەبەستیان هەبێت و هەنگاوی لە پێناودا بنێن، داوای حکومەتی خۆجێی بکەن و ئەمریکاش پشتگیری و پارێزگاریان لێ بکات، ئەمەش حکومەتی سوریای هاندا سیاسەتی مەرکەزییەت دژی کورد پەیڕەوبکات، چونکە وەها دەردەکەوت سوریاش ڕووبەرووی هەمان چارەنووسی عێراق بێتەوە لەلایەن کورد و ئەمریکاوە. حکومەتی سوریا درکی بەوە کردبوو، داواکاریی کوردی وڵاتەکەی لە داهاتودا سەنگێکی گەورەی دەبێت و ئامانجی بۆ سەربەخۆی هەرێمی هاوشێوەی عێراق دەبێت[٧].

---

[١] شمس الدين الكيلاني: المسألة الكردية في ضوء...، ص١٣.

[٢] پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە: ئەو پرۆژەیە بوو، کە لە ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٣ لەلایەن جورج دەبلیو بوشی سەرۆکی ئەمریکاوە بڕیاری لێدرا، تێیدا وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ڕەزامەندی دەربری بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی دژایەتی تێرۆر و بڵاوکردنەوەی بنەماکانی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەنجامدانی چاکسازیی گشتی و مەبەستی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی...هتد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرلەچوارچیوەی ئەم پرۆژەیەدا بڕیار لە سەر ئازادکردنی عێراق درا. بڕوانە: (عبدالرحمن النقيب: مشروع الشرق الاوسط الكبير; تداعياته السياسية والاقتصادية والتربوية، ط١، دار السلام، مصر، ٢٠١٠، ص١٣٣-١٣٤).

[٣] عبدالقادر رزيق المخادمي: مشروع الشرق الاوسط الكبير الحقائق والاهداف و التداعيات، ط١، دار العربية للعلوم، لبنان، ٢٠٠٥، ص٤٩-٥٠.

[٤] رايق السليم البريزات: مشروع الشرق الاوسط الكبير والسياسة الخارجية الامريكية (الاهداف والادوات، والمعوقات)، رسالة مقدمة الى جامعة الشرق الاوسط للدراسات العليا استكمالا للمتطلبات الحصول على الدرجة الماجستير في كلية العلوم الانسانية/ قسم تاريخ، الجزائر، ٢٠٠٨، ص١٥٦. (غير منشور).

[5] Thomas Schmindinger: Rojava …, P.74.

[٦] شمس الدين الكيلاني: المسألة الكردية في ضوء ...، ص١٣.

[7] Thomas Schmindinger: Rojava …, P.74.

هەوڵی کورد لە درێژەدان بە چالاکی و خەباتی سیاسی بەردەوام بوو لە ٢٠٠٣دا "پارتی یەکێتی دیموکرات"[١]دامەزرا. ئەم پارتە سەبارەت بە پرسی کورد و چارەسەری ئەو پرسە لە ڕۆژئاوای کوردستان، جەختی لەسەرئەوە دەکردەوە پێویستە دەستوری سوریا پێداچوونەوەی تێدابکرێت، مادەیەکی نوێی بۆ زیاد بکرێت و تێیدا دان بە بوونی نەتەوەی کورد دا بنێت، ئەمە لەپاڵ داخوازی فەرهەنگی، زمان، ناسنامە و مافی خوێندن بەزمانی دایک...هتد زمانی کوردی بکرێت بەزمانی فەرمی لە ناوچە کوردییەکاندا و ڕێگە بدرێت بە دامەزراندنی کەناڵی ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆنی ناوخۆیی لە ناوچە کوردییەکاندا، هەروەک پارتی یەکێتی دیموکرات داوایکرد دان بەجەژنی نەورۆزدا بنرێت وەک جەژنێکی نەتەوەیی، نەک تایبەت بێت بەکورد، بەڵکو بۆ تەواوی وڵاتی سوریا بێت. لەسەر ئاستی سیاسی، پارتی دیموکرات داوای دامەزراندن و ڕێکخستن و ئیدارەی تەواوی ناوچە کوردیەکانی دەکرد[٢].

سیاسەتی حکومەت بەرامبەر بەکورد هەر لە پێنەدانی مافی بەکارهێنانی زمانی کوردی و مافی فەرهەنگی...هتد[٣] ، پەیڕەوکردنی جیاکاریی لەسەر بنەمای شوناسی دژی کورد، بەردەوامی ئەم سیاسەتانە بەرامبەر بە کورد، بووە هۆی بەرپاکردنی گەورەترین ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی کورد لە مێژووی هاوچەرخی سوریادا لە ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤[٤].

پێشەکی ڕاپەڕینی ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤ لە قامیشلۆ لە ٨ی ئاداری ٢٠٠٤وە دەستیپێکرد، کە تیایدا کوردو عەرەب لە قامیشلۆ ڕێپێوان و خۆپیشاندانیان ڕێکخست بە مەبەستی ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی داننان بە سیستمی فیدراڵییەت لە عێراقدا. لەڕاستیدا ڕۆژی جیهانی ژنان وەک بیانوویەکی سیاسی ڕاستەقینە بۆ ئەو گردبوونەوەیە بەکارهێنرا و تێیدا جەخت کرایەوە سەر شوناسی کورد لە شوێنێکی گشتیدا. هاوکات گرووپی فۆلکلۆر و ڕێکخستنی میهرەجانی شیعر بە زمانی کوردی **ئەنجام درا**، هەربۆیە هێزە ئەمنییەکان بە بەکارهێنانی توندوتیژی ڕووبەڕووی بەشداربووان بوونەوە. لەو نێوەندەدا

---

[١] پارتی یەکێتی دیموکرات: لە ساڵی ٢٠٠٣دا لەلایەن ئەندامانی پێشتری پارتی کرێکارانی کوردستان لە سوریا دامەزرێنرا، بە ئامانجی ڕزگاربوون لە سەرکوتکاریی حکومەت و پشتیوانی کورد لە سوریا. ئەم پارتە جگە لە داواکارییە تەقلیدییەکان، داخوازیی دامەزراندن و ڕێکخستنی ئیدارەی تەواوی دەسەڵاتە ناوچەیی و بەڕێوەبەرایەتی و دامەزراوەکانی ناوچە کوردییەکانی دەکرد لە لایەن کورد خۆیەوە. بڕوانە:
Sabina Catar: Kurdish Political Parties in Syria, P.112-118.

[2] Jordi Tejel: Syria’s Kurds History politics and society, P.112-113.

[3] Abdullah Öztürk: Turkey's relations with Syria in the context of the Kurdish Issue: 1980-2014, A Thesis Submitted to the Graduate School of Social Sciences of Middle East Technical University, Turkey, December 2014, P.74 ؛ Grayson Lanza: A Contemporary Analysis and Comparison of Kurdish National; Syria, Iraq, and Turkey, A thesis submitted in partial fulfillment of the requirements for the **Honors** in the Major Program in Political Science in the College of Sciences and in The Burnett Honors College at the University of Central Florida Orlando، Florida, Spring Term 2017, P.3.

[4] Thomas Schmidinger: Rojava …, P.74.

هەشت چالاکی پارتی یەکێتی دیموکراتی دەستگیرکران، پاش چوار ڕۆژ لەم ڕووداوە ڕاپەڕینی ١٢ی ئاداری قامیشلۆ سەریهەڵدا. هەڵبەت هەر بزاڤ و جوڵانەوەیەکی توندوتیژانە بە شێوەیەکی گشتی، ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەشداربووانی هۆکاری جیاجیای وەک: توورەیی لەو ڕەوشەی تێیدادەژیین و هەستکردن بە بێ بەشبوون لە مافەکان و بێ هیوایی لەو ڕەوشەی تێیدایە...هتد[1]. ئەم تێڕوانینە بۆ کوردی ڕۆژئاوا لە ڕووداونی ڕاپەڕینی ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤ تاڕادەیەکی زۆر ڕاستە.

بە کورتی بە هاتنی بەشارئەسەد بۆ دەسەڵات، سەرەڕای بەڵێنی کرانەوە و ئازادی و هێنانەکایەی ڕەوشێکی نوێ تێیدا ئازادی ڕۆژنامەگەریی و ڕادەربڕین و پرۆسەی چاکسازیی، کە بە بەهاری دیمەشق ناسرا دران، بەڵام ئەو بەڵێنانەی دەسەڵاتدارانی سوریا کورت مەودابوون و زۆر تێ نەپەڕیی حکومەت دڕدۆنگ و نیگەران بوو لەو جوڵە هەمەلایەنانەی ئۆپۆزسیۆنی وڵاتەکەی دەستیپێکردبوو. هەربۆیە حکومەت لەو بەڵێنانەی پەشیمان بوەوە و ئۆپۆزسیۆن و کورد بە تایبەتی ڕووبەڕووی شەپۆلێکی سەرکوتکاریی سیاسی و گرتن و قەدەغەی ئازادی فەرهەنگی بوونەوە، بە مانایەکی دیکە کورد لە سوریا زیاتر لە جاران بێ ماف و پەراوێزخراو هێڵدرانەوە و لەوپەڕی هەژاریدا دەژیان و لە پلەوپایە سیاسی و سەربازییەکانی حکومەت وەدەرنرابوون و بەشدارییان یاساخ کراوبوو، بەڵکو مافی هاوڵاتیبوون لە بەشێکی بەرچاویان سێندرابووەوە و لە جوڵەخرابوون‌و بێدەنگکرابوون بە ڕێگەگەلێکی هەڕەشە و دەستگیرکردن‌و توندو تیژانە...هتد. ئەمانەو زۆر هۆکاری دیکە وایکرد ڕاپەڕینی قامیشلۆ سەربکێشێت بۆ توندوتیژیی و لە کۆنترۆڵی حکومەتی سوریا چووە دەرەوەو ڕەهەندێکی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی بە خۆیەوە بگرێت.

---

[1] Jordi Tejel: Syria’s Kurds History Politics and Society, P.114.

## باسی دووەم:

## ڕاپەڕینی ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤، هەڵوێست و کاردانەوەکانی حکومەتی سوریا بەرامبەر ڕاپەڕینەکە:

پاش ئەو سیاسەت و گوشارە توندانەی لەسەرەتای وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن بەشار ئەسەدەوە بەرامبەر بە کوردی ڕۆژئاوا گیرابووەبەر، کورد کەوتبووە ناو ڕەوشێکی خراپ و سەرکوتکاریی. ئەمە لە کاتێکدابوو شەپۆلێک گرتن و زیندانیکردنی چالاکوانان و جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی ئەسەدی کوڕ بۆ چاکسازیی هاوسات بوو لەگەل زنجیرەیەک لە گۆڕانکاریی کە لە ناوچەکەدا هاتبووە ئاراوە، گرنگترینیان ڕوخانی ڕژێمی عێراق و دروستبوونی سیستمێکی فیدراڵی بۆ کوردی باشور. هەموو ئەمانە وایکردبوو توڕەیی کوردانی ڕۆژئاوا تەنها تەقینەوەیەکی بوێت، ئەو بیانووە لە قامیشلۆ لە یارییەکی تۆپی پێدا ڕق و توڕەیی کوردی ڕۆژئاوای بەڕووی سیستمی حوکمڕانی سەرکوتکاریی سوریادا تەقاندەوەو ڕاپەڕینێکی بەرفراوانی لە رۆژئاوای کوردستان لێکەوتەوە کە بە ڕاپەڕینی ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤ ناوی ڕۆیشتووە.

دەرگای ئەوکرانەوە سیاسییەی دەوڵەت بەڵینی دابوو بەتەواوی بەڕووی وڵاتدا داخرا و لەلایەن حکومەتەوە چاودێریی توند خرایەسەر ئۆپۆزسیۆنی سوریا[١] بە تایبەتی کورد، هەربۆیە کورد لە سوریا بێ هیوابوون لە دروستکردنی گۆڕانکاریی لەناو دەوڵەتی سوریا، لەبەرئەوە بەخۆشحاڵییەوە دڵخۆشییان بۆ گۆرانکاری نێو عێراق و ڕۆڵی ئەمریکا دەربڕیی لە هاوکاریکردنی کورد لە باشوری کوردستان بۆ دروستکردنی هەرێمی فیدراڵی و حوکمەت و سەرۆکایەتی و پەرلەمانی خۆی[٢]. لێرەوە گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لەژێر کاریگەریی کوردەکانی عێراقدا دەستیانکرد بە هەڵمەتی چڕوپڕ بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان، هەربۆیەدەستەبژێر و چالاکوانانی کورد، ترسیان نەما، گۆڕانکارییان لە واقعی سیاسی حکومەت و دۆخی سیاسی کورددا کرد لە ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤ڕاپەڕین لە شاری "قامیشلۆ" دەستپێکرد. ئەو ڕاپەڕینە لە مێژووی کورد دا بە ڕاپەڕینی ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤ی قامیشلۆ ناوی ڕۆیشتووە[٣].

---

[١] ليون ت. غولد سميث: دائرة الخوف العلويون السوريون في الحرب و السلم، ص٢٥٥.

[٢] شمس الدين الكيلاني: المسألة الكردية في ضوء...، ص١٣.

[٣] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة دهوك: القضية الكوردية في كوردستان–سوريا خلال عهد الرئيس بشار الاسد...، ص٢٣ ؛ محەمەد عەلی ئەحمەد: باری یاسایی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست...، ل٢٥٥.

ڕاپەڕینی قامیشلۆ هۆکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەبوو، هۆکارە ناڕاستەوخۆکان پەیوەندی بە سیاسەتی حکومەتی سوریاوە هەبوو، کە ژیانی سیاسی و کاری ڕێکخراوەیی لەوڵاتدا خنکاندبوو، سیاسەتەکانی دژی کورد و بڕیاری باری نائاسایی و نکوڵیکردن لە بوونی کورد لەسوریا و دژایەتی بزوتنەوەی سیاسی کوردی...هتد، هەموو سیاسەتەکانی حکومەت ژیانی هاونیشتیمانیانی کوردیان کردبووە زیندانێکی گەورەوە[1]، کەواتە هۆکاری ناڕاستەوخۆ دەرئەنجامی سروشتی سیاسەتەکانی دەوڵەت بوو لەسەرخان و ژێرخانی وڵاتدا بەدرێژای نزیکەی ماوەی (٤٠) ساڵ[2].

ڕای زۆرینە لەسەر ڕاپەڕینی قامیشلۆ بەسەر دوو بۆچووندا دابەشبووە،

**بۆچوونی یەکەم:** پێیانوایە، ڕاپەڕینەکە پەیوەستە بە سیاسەتی توندوتیژی دەسەڵاتی حکومەتی سوریا و پەیوەندی بەهۆکاری دەرەکیشەوە هەیە وەک هەوڵدانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ دووبارەکردنەوەی ئەزمونی کورد لە عێراق و بەدەستهێنانی هەمان دەسکەوتی کورد لە عێراق.

**بۆچوونی دووەم:** جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ڕاپەڕینەکە خۆی لەبوونی دەستەبژێری سوریا و هێزی ئۆپۆزسیۆن و لیژنەکانی وەک زیندوڕاگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی و لیژنەکانی مافی مرۆڤ...هتد، دەبینییەوە، کوردیش وەک بەشێک لەم لیژنانەدا خەباتی کردووە، تاوەکو بگاتە ئەو بڕوایەی، ڕاپەڕینێکی لەو شێوازە بەرپابکات[3].

لەو کاتەوەی ڕژێمی بەعس لە عێراق بەسەرکردایەتی سەدام حوسێن لە لایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕوخێنرا، هەریەک لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابوو دژی ئەوەبوون کوردی وڵاتەکەیان پشتگیریی و پشتیوانی کوردی عێراق بکەن[4]، ئەوەش لە ترسی پەرەگرتنی جوڵانەوەی جیاخوازیی کوردی بوو بۆ وڵاتەکەیان هاوشێوەی کوردی عێراق. هەربۆیە هەریەک لەو وڵاتانە بەتایبەت سوریا دووهەنگاوی کاریگەری نا:

**یەکەم:-** هەوڵیدا ڕێکەوتن و هاوپەیمانی هەرێمی لەگەڵ تورکیا ببەستێت بە مەبەستی لاوازکردنی بزوتنەوەی سیاسی کوردی لە سوریا، لەم پێناوەشدا هەوڵیدا پەیوەندی خۆی لەگەڵ تورکیا بەهێزبکات و هاوکاری تورکیای کرد بۆ ڕادەستکردنەوەی ژمارەیەک ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان کە لە سوریا بوون، جیا لەوەی بەشار ئەسەد لە ٦ی کانونی دووەمی ٢٠٠٤ وەک یەکەم سەرۆک کۆماری سوریا سەردانی تورکیای کردو لەو سەردانەیدا بەشار ئەسەد هەڵوەشاندنەوەی یەکپارچەی خاکی عێراقی بە ڕوونی وەک هێڵی سوور بۆ وڵاتەکەی ناوبرد، ئەوەشی نەشاردەوەکە

---

[1] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة دهوك: القضية الكوردية في كوردستان–سوريا خلال عهد الرئيس بشار الاسد...، ص٢٣.

[2] حازم نهار: مسارات السلطة والمعارضة في سورية ...، ص٤٠.

[3] فريق باحثين: مسالة اكراد سورية...، ص٩٤-٩٥.

[4] اسماعيل محمد حصاف: المسالة الكردية في سوريا، ص١٧٤.

وتی:" ترسی جدیی هەیە لە جیابونەوە لە لایەن کوردەکانەوە یاخود هەر گروپێکی دیکەی وڵات"[١]، ئەوە بۆ عێراق راست بوو، کە کورد داواکاری جیابوونەوەو سەربەخۆی هەبوو، بەڵام بۆ سوریا تەنها بەباسکردنی هەرمافێکی کورد یان هەرجوڵەیەک بەمەبەستی نارەزایەتی دەربڕین، ئەوا حکومەت ڕێوشوێنی سەرکوتکردنی کوردی بە توندی دەستپێدەکردەوە، ئەمە لە کاتێکدابوو سوریا لە هەموو ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، کەمتر ڕووبەڕووی مەترسی جیابوونەوەی کورد بووەتەوە، چونکە خەباتی کورد لە سوریا تاوەکو ئەو کاتە لە سنوری خەباتی سیاسی ئاشتیخوازانە تێنەپەریبوو و داواکاری کورد لە سوریا لە سنوری داواکردنی دانپێدانانی مافی نەتەوەیی و لابردنی ڕەفتاری نادادپەروەرانە بەرامبەر بە کورد لە چوارچێوەی سوریای یەکگرتودا و سنور دانان بۆ سیاسەتی ڕەگەز پەرستی و پرۆسەکانی بەعەرەبکردن و هەڵوەشاندنەوەی حوکمی عورفی لە ناوچە کوردییەکان و یاسای باری نائاسایی و پەیڕەوکردنی دیموکراسی... هتد، بەڵام حکومەت بەردەوام بوو لە نکۆڵیکردن لە بوونی کورد لە سوریا و دژایەتی مافی کورد.

**دووەم:-** سوریا لەپێناوی خۆپاراستن لە مەترسی کورد ئەوەی کاری لەسەر کرد بریتی بوو لەوەی کۆمەڵێک دەسەڵاتداری نەتەوەی وڵات هانی کۆمەڵێک خەڵکی سەربە سەدام حوسێنیان دا کاری گێرەشێوێنی و شەڕ و ئاژاوە دژ بە کورد ئەنجام بدەن لە سوریا[٢]، چونکە ئەوکاتەی ئەمریکا فشاری کردبوو بۆ سەر سوریا، تاوەکو چاکسازیی لەسەرجەم لایەنەکانی وڵاتدا ئەنجام بدات. سوریا کوردی بە هۆکاری سەرەکی لەقەڵەمدا، کە بەهۆیەوە ئەمریکا فشار دەخاتەسەر وڵاتەکەی، لەبەرئەوەی بڕیاربەدەستانی سوریا گەشتنە ئەو بڕوایەی کورد لەنێو سوریادا دوچاری شەڕ و ئاژاوە بکات، هەربۆیە ئەو تاکتیکەی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی قۆستەوە[٣]. بەمەش زۆرینەی دانیشتوانی عەرەب لە سوریا بەهۆی زیادبوونی هەستی دژە کورد لە ناویاندا کەوتنە دوژمنایەتیکردنی کورد[٤].

[1] Muhammet Ali Asil: The Impact of The Kurdish Question…, P.51-52.

[٢] اسماعيل محمد حصاف: المسالة الكردية في سوريا، ص١٧٥.

[٣] عمر رسول: الكرد و الاعتقال السياسي في سوريا(١٩٢٠-٢٠١٧)، ص٢٣٦ ٢٣٧.

[٤] محەمەد عەلی ئەحمەد: باری یاسایی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست...، ل٢٥١.

هۆکاری ڕاستەوخۆی ڕاپەڕین و ئاڵۆزییەکانی قامیشلۆ یارییەکی تۆپی پێ بوو لە یاریگایەکی شاری قامیشلۆ، کە (١٠هەزار) کەسی دەگرت[١]. یاریەکە لە نێوان هەردوو یانەی فوتوە (الفتوة)[٢] و یانەی جیهاد (الجهاد)[٣] دابوو کەلە ١٢ی ئادار ی ٢٠٠٤دا ئەنجامدرا[٤].

دوای گەشتنی یانەی فوتوە، کە لە دێرەزورەوە هاتبوون بۆئەنجامدانی یاری تۆپی پێ لەگەڵ یانەی جیهاد، ئەنجامی یارییەکە بە بردنەوەی یانەی فوتوە کۆتاییهات، ئەو یانەیە بەوەناسراو بوو کە نەتەوەپەرستانی عەرەب لایەنگر و هاندەری یانەکە بوون، بەتایبەت ئەو هاندەرانەی یانەی فوتوە بەهۆی نزیکی دێرەزور لە عێراقەوە "لایەنگری سەربە رژێمی سەدام حوسێن"[٥] بوون[٦]. هەموو دروشمەکانیان ئاماژەبوو بۆ ئەو ڕەوشەی عێراقی تێدابوو دوای کەوتنی سەدام حسێن و پەسەندکردنی دەستور، کە تێیدا فیدراڵییەتی بۆ کوردی عێراق مسۆگەر کردبوو، ئەوەش بە شێوەیەکی ڕوون ڕەنگدانەوەی لەسەر کورد و عەرەب و خودی دەوڵەتی سوریاش هەبوو[٧]. ئەو کاریگەرییە وەک ڕق و کینەیەک لای عەرەبی سوننی دێرەزور دروستببوو دەربارەی کورد، بەتایبەتی کوردی جەزیرە و هەوڵیاندا تۆڵەی کوردی عێراق لە کوردی ڕۆژئاوا بکەنەوە، وەک پێش یارییەکە پیلانی ئەو تۆڵەسەندنەوەیان دانابوو، کە پیلانێکی ئاژاوەگێڕیی بوو دژی کورد[٨]. بۆ

---

[١] حازم نهار: مسارات السلطة والمعارضة في سورية...، ص٤٠ ؛ Thomas Schmidinger: Rojava…, P.74.

[٢] یانەی فوتوە (الفتوة): یانەیەکی تۆپی پێ بوو، لەساڵی ١٩٣٠ لەشاری دێرەزور دامەزرا جەماوەرێکی زۆری لەسوریا هەبوو، چەند جارێک نازناوی خولی سوریای بەدەست هێناوە وەک لەساڵەکانی ١٩٧٤، ١٩٧٥، ١٩٨٩، هاندەرانی ئەم یانەیە نەتەوە پەرستانی عەرەب بوو، چونکە یانەکە خۆی یانەیەکی عەرەبی بوو. (نور ابو جبارة :نادي الفتوة السوري، نشرت علی موقع ٢٧ مارس٢٠٢٢، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی ٦/ ٧/ ٢٠٢٢ لە وێبسایتی: https://bit.ly/3UvQjK5.

[٣] یانەی جیهاد (الجهاد): یانەیەکی تۆپی پێی سوری بوو، مەڵبەندی یانەکەباکوری ڕۆژهەڵاتی قامیشلۆ بوو لەساڵی ١٩٦٢ لەقامشلی دامەزرابوو لەیاریگای (٧) نیسان لە قامیشلۆ یاری کردووە. لەخولی سوری چەندین پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، لە خولی یانەنایابەکاندا پلەی باڵای بەدەستهێناوە. بڕوانە:
Thomas Schmidinger: Rojava…, P.75.

[4] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus…, P.43.

[٥] وەک دەستەیەکی بەرگریکاری عێراقی دژی ئەمریکا هوتاف و دروشمیان دەوتەوە، کوردی عێراقییان تۆمەتبار دەکرد بە هاوکاریکردنی ئەمریکا و دروشم و هوتافیان بەسەر سەدام حوسەیندا دەوتەوە. بڕوانە: (فريق باحثين: مسالة اكراد سورية...، ص٩٤-٩٥).

[6] Thomas Schmidinger: Rojava…, P.74-75.

[٧] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی شمدین، کاتژمێر ٥:٠٠ پاش نیوەرو، یەک شەممە، سلێمانی ٢٠٢٢/٥/١٥ ؛ Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus…, P.43.

[٨] لجنة الثقافه والاعلام الحزب الوحدة الديمقراتي الكردي فی سوريا-يكيتي: احداث القامشلي آذار ٢٠٠٤ من المؤامرة الی الحركة الشعبية السلمية، من منشورات لجنة الثقافه والاعلام الحزب الوحدة الديمقراتي الكردي فی

جێبەجێکردنی پیلانەکە هاندەرانی یانەی فوتوە پێش دەستپێکردنی یارییەکە بە کەژاوەوە بەناو شەقامەکانی شاری قامیشلۆ دا دەگەڕان و دروشمیان دەوتەوە[١]، لە هوتافەکانیاندا سوکایەتییان بەڕێبەرانی کوردی عێراق دەکرد وەک"مەسعود بارزانی" و "جەلال تاڵەبانی" و "بڕوخێت بارزانی و تاڵەبانی"...هتد[٢]، هەروەها دروشمی "بژی سەدام حوسێن"یان دەوتەوە[٣] و وێنەی سەدام حوسێنیان بەرزکردبووەوە[٤]. بێگومان ئەو هوتاف و دروشمانە سەرجەمیان سوکایەتیکردن بوو بە کورد و ڕێبەرەکانی[٥].

ئەوەی شایانی تێبینی بوو هاندەرانی یانەی فوتوە ڕێگەیان پێدرا بەبێ پشکنین بچنە نێو ستادیۆمی یاریگاکەوە، لە ڕاستیدا ئەو هاندەرانە چەکی سوک و دارو تێلایان هەڵگرتبوو، بەڵام بەئاماژەی هێزە ئەمنیەکان پشکنینیان بۆ نەکرا[٦]، هۆی هەڵگرتنی چەک و دار و ...هتد ئەوە بوو دەیانزانی ئاژاوەو پشێوی دروستدەبێت، چونکە ئەوان بۆ جێبەجێکردنی پیلانی ئاژاوەگێڕیی و تێکدان هاتبوون بۆ ناو یاریگاکە[٧]. هەرچی هەوادارانی یانەی جیهاد بوو دروشم و هوتافی "بژی بارزانی" وەک ئاماژە بۆ "مەسعود بارزانی"[٨]و دروشمی "بژی بۆش"ی- جۆرج دەبلیو بۆش، سەرۆکی ئەمریکا- یان دەوتەوە[٩] .

پێش دەستپێکردنی یاریەکە شەڕەقسە لە نێوان هاندەرانی هەردوو یانەکە دەستیپێکردو و جەماوەری کورد ئاڵای کوردستانیان بەرزکردەوە، وێنەی جۆرج دەبلیو بۆشی سەرۆکی ئەمریکایان

---

سوریا-یکيتي، بدون مکان و سنة النشر، ص٤ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ علی شمدین، کاتژمێر ٥:٠٠ پاش نیوەڕو، یەک شەممە، سلێمانی ٢٠٢٢/٥/١٥.

[1] Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P .115.

[2] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus…, P.43 ؛ Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P .115.

[3] Robert G. Rabil: Syria, The United States, and The War on terror in the Middle East, 1st Published, Published by Praeger Security International, London, 2006, P.150.

[٤] لجنة الثقافة والاعلام الحزب الوحدة الديمقراتي الكردي في سوريا-يكيتي: احداث القامشلي آذار ٢٠٠٤ ...، ص٤. ؛ Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P .115.

[٥] رضوان بادینی: اکراد سوریا موعد مع التاریخ، پاریس، ٢٠٠٥، ص٧.

[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لوقمان سلێمان لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنەوە، کاتژمێر ٩:٠٠ شەو، هەینی، ئەڵمانیا، ٣ / ٦|٢٠٢٢ ؛ Thomas Schmidinger: Rojava…, P.75.

[٧] لجنة الثقافة والاعلام الحزب الوحدة الديمقراطي الكردي في سوريا-يكيتي: احداث القامشلي آذار ٢٠٠٤...، ص٤.

[8] Robert G. Rabil:S yria, The United States, and The War on terror …, P.150.

[9] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus…, P.143 ؛ Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P .115.

بەرزکردبووەوە، لەبەرامبەردا جەماوەری یانەی دێرزور بە دروشم ڕووبەڕوویان بوونەوە و لافیتەی پشتیوانی بۆ سەدام حوسێنیان بەرزکردبووەوە[١] .

لێرەوە پێکدادان و ئالۆزیی دەستی پێکرد، لە نێوان جەماوەری هەردوو یانەکە[٢]، بەبەرد بارانکردنی یەکتر هێرشیان کردە سەریەکتر[٣]، بەمەش ڕۆژێکی وەرزشی گۆڕا بۆ ڕۆژێکی دژوار[٤] و کارەساتێکی خوێناوی و پێکدادانی توند ڕوویدا[٥]، ئەویش کاتێک بوو کە هاندەرانی یانەی فوتوە هێرشیان کردە سەر هاندەرانی یانەی جیهاد و ڕووبەڕووبونەوەی توند لەنێوان هاندەرانی هەردوو یانە ڕوویدا[٦]. هۆکارەکەشی ڕەفتاری نەشیاوی هاندەرانی یانەی فوتوەی دێرەزور بوو[٧].

کاتێک پێکدادان و ئالۆزیی دروستبوو کاردانەوەی هێزەئەمنییەکان ناسروشتی بوو، لەبری ئەوەی هەوڵی ئارامکردنەوە و هێوەرکردنەوەی ڕەوشەکە بدەن، خێرا دەستیانکرد بە لایەنگری هاندەرانی یانەی فوتوە و گوشاریان خستەسەر هاندەرانی یانەی جیهاد و چەکیان دژی هاندەرانی یانە کوردییەکە بەکارهێنا و دەستیان بە تەقەکردن کرد، بەمە ئاستی توندوتیژی و ڕقی خەڵک زۆر خرۆشاو پێکدادان ماوەی کاتژمێر و نیوێک بەردەوام بوو[٨].

ئەوەی پێکدادانەکەی زیاتر توندکرد هەواڵی مردنی سێ منداڵ بوو، کە کەوتبوونە ناو ئالۆزییەکەوەو گیانیان لەدەستدابوو[٩]. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە لە ڕادیۆ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە قامیشلۆ و دەوروبەریەوە وەک لە تربەسپی و عاموداوە هاتن بۆ بەردەم یاریگاکە بۆ ئەوەی بچنەناو یاریگاکەوە و منداڵەکانیان ڕزگار بکەن[١٠]. جەماوەری

---

1 Jack Morrison and Others: Creation of the Modern Middle East: Syria, 2nd Edition, Chelsea House Publishers, New York, 2009, P.98.

٢ ليون ت. غولد سميث: دائرة الخوف العلويون السوريون في الحرب و السلم، ص ١١٢.

3 Azzma Aljurf: The Syrian Kurds' Right of Self- determination…, P.28 ؛Jordi Tejel: Syria's Kurds History, Politics and Society, P.115.

٤ رياض علي: موقع الكرد في الثورة السورية، شركة اصيلة وضرائب باهضة، مجلة قلمون، العدد (٢)، آب ٢٠١٧...، ص١٩٣.

٥ جواد ملا: السياسة الاستعمارية...، ص٣١١.

٦ رضوان باديني: اكراد سوريا...، ص٨ ؛ Thomas Schmidinger: Rojava…, P.75 ؛ فيديو الوثائقي: انتفاضة قامشلو، ١٢ / ٣/ ٢٠٠٤، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی ١٢/ ٦/ ٢٠٢٢ لە وێبسایتی: https://bit.ly/3dDwFeI

7 Jordi Tejel: Syria's Kurds History, Politics and Society, P.115.

٨ هەندرێن شێخ راغب: ڕۆژئاوای کوردستان، ب ١، چاپخانەی کارۆ، هەولێر، ٢٠٢٠، ل١٦؛ رضوان باديني: اكراد سوريا...، ص٨ ؛ فيديو الوثائقي: انتفاضة قامشلو، ١٢ / ٣/ ٢٠٠٤ .

9 Thomas Schmidinger: Rojava, P.75.

10 Jordi Tejel: Syria's Kurds History, Politics and Society, P.115

عەرەبی و هاندەرانی یانەی فوتوە چەک، بەردو تێلایان دژی دانیشتوانە کوردەکە بەکارهێنا، لێرەوە پێکدادانەکان هێندەی دیکە ئالۆزبوو[١].

لەوکاتەدا پارێزگاری حەسەکە"سەلیم کابول" خۆی گەیشتە یاریگاکە، بەچەکی خۆی دەستیکرد بەتەقەکردن لە جەماوەرە کوردەکان، تەقەکردنی پارێزگار کوژراو و برینداری لێکەوتەوە. هۆکاری تەقەکردنەکەی پارێزگار، ترسی لە ڕقی جەماوەر هەبوو یان مەبەستی ئەوەبوو هێزەئەمنییەکان چاو لە هەڵوێستی ئەو بکەن[٢]. دواتر پارێزگاری حەسەکە فەرمانی بەهێزە ئەمنیەکان کرد تەقە لە جەماوەری کورد بکەن ئەوانەی تەمەنیان لە (١٠-٦٠) ساڵدابوو[٣]. جیا لەوەی پۆلیسی سوریا تەقەیان لە جەماوەری کورد کردو دەنگی تەقەکردن و بەردەوامی پێکدادان لەیاریگاکەوە تەشەنەی سەند[٤]. لە ئەنجامدا دەیان هاوڵاتی بەتەقەی هێزەئەمنیەکان و پۆلیس کوژران و بریندار بوون[٥]. ژمارەی ئەو هاونیشتیمانییە کوردانەی لەسەرەتای پێکدادانەکاندا کوژران (٦) کورد بوون[٦]، کە (٣) لەو کوژراوانە منداڵ بوون[٧].

بڵاوبونەوەی هەواڵی کوژرانی ئەو کوردانە، کاردانەوەی توندی لەلایەن خەڵکەوە لێکەوتەوە[٨]و ئالۆزیی ڕەوشەکە زیاتر پەیوەندیان بەنەتەوەگەرایی وخراپی ڕەوشی پەیوەندیی سیاسی نێوان کوردو ڕژێمی سوریاوە هەبوو، لەبەرئەوە ڕەوشەکە لە ژێردەستی هێزەکانی ئاسایشی ستادیۆمی یاریگاکە چووەدەرەوە، عەرەب بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یارمەتی کوشتنی کوردیان داوە، ئەمە

---

[1] Michael M. Gunter: Out of Nowhere, P.95 ؛ Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P.115.

[٢] رضوان باديني: اكراد سوريا...، ص٨.

[3] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus…, P.44.

[٤] رضوان باديني : اكراد سوريا...، ص٨ ؛ فيديو الوثائقي: انتفاضة قامشلو، ١٢ / ٣/ ٢٠٠٤ .

[٥] رياض علي: موقع الكرد في الثورة السورية...، ص١٩٣.

[6] Michael M. Gunter: Out of Nowhere..., P.93 ؛ Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus..., P.44.

[7] Eva Savelsberg: The Syrian-Kurdish Movements: Obstacles Rather Than Driving Forces for Democratization, **From Book of:** David Romano and Mehmet Gurses (Edited): Conflict, Democratization, and the Kurds in the Middle East Turkey, Iran, Iraq, and Syria, 1st Published, Published by Palgrave Macmillan, New York, 2014, P.91 ؛ Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P.115.

[8] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus…, P.44.

بووە هۆی کێشەیەکی گەورە لە نێوان کوردو حکومەتی سوریا[١]، زیاتر لەوە بووە هۆی ئەوەی شەڕ و ململانێکان زیاتر تەشەنەبسەنێت بۆ ناو شەقامەکانی شاری قامیشلۆ[٢].

ئەو شەوەی قامیشلۆ شەوێکی پڕئاڵۆزیی و نائارامیی بوو، خەڵکی قامیشلۆ ڕژانەسەر شەقامەکان و بەدرێژایی شەو پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان خۆپیشاندەران و دەزگا ئەمنییەکان و پۆلیس بەردەوام بوو، ئاسایش و پۆلیس لە هەموو کوچەو کۆڵانێکی قامیشلۆ بڵاوبوونەوە[٣]. ئەگەر تێبینی بکەین سوپای سوریا لە ڕۆژهەڵاتی سوریا بونێکی بەهێزی نەبوو، هەروەها نەیاندەتوانی ڕووبەڕووی تورەیی کورد ببنەوە بەبێ بوونی هێزی پشتیوانی، لەبەرئەوە داوایان لە هۆزە عەرەبییەکان لە پایزگای حەسەکە کرد، لە وەڵامی داواکاریی حکومەت و دەزگای ئەمنیدا، دەسەڵاتداریی هۆزی"جبور"[٤] بوونێکی بەهێزی لە حەسەکە هەبوو، پارێزگاری لە بینا حکومییەکان خرابووە ئەستۆیان و ڕێگەیان پێدرا چەک هەڵگرن و گەمارۆی بیناحکومییەکان بدەن و بیانپارێزن. هەرچی هۆزی "تەی"[٥] بوو بەسەرۆکایەتی "شێخ محەمەد فارس" بەرگریکردن لە

---

[1] Ahmed Babakr Ahmed: The Role of Syrian Kurds in Confronting International Terrorism (ISIS), Submitted to the Institute of Graduate Studies and Research in partial fulfillment of the requirements for the **degree of Master** of Arts in International Relations, Eastern Mediterranean University, Gazimağusa, North Cyprus, February 2017, P.27-28.

[2] Michael M. Gunter: Out of Nowhere…, P.95 ؛Jordi Tejel: Syria's Kurds History, Politics and Society, P.115.

[٣] فیدیو الوثائقي: انتفاضة قامشلو، ١٢ / ٣/ ٢٠٠٤.

[٤] هۆزی (جبور) گەورەترین هۆزی عەرەبییە، بەژمارەیەکی زۆرەوە لەسوریاو عێراق و سعودیە... هتد بڵاو بونەتەوە، هۆزی جبور لەسوریا لەباکور و باشوری حەسەکە، ڕەققە، دیرەزور، حەلەب، ئیدلب، باشوری دیمەشق، حمص بڵاوبونەتەوە. بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵن و ڕێژەی خوێندەواری تێیاندا لە ئاستێکی نزمدابوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (فرحان عبدالعزیز المسلط: انساب القبائل العربية وفق المصادر التاريخية، دار الشجرة للنشر والتوزيع، دبي، ٢٠٠٢، ص١٢٥ ؛ محمد طلب هلال: دراسة عن محافظة الجزيرة...، ص١٥٨-١٥٩).

[٥] هۆزی تەی: ئەم هۆزە لە یەمەن و سعودیە و سوریاو عێراق نیشتەجێ بوون، لە (١٤) لق پێکهاتبوون، لە (١١ ) عەشیرەت پێکهاتوون لە سوریا لە چوار پارێزگا نیشتەجێن هەریەک لە پارێزگاکانی "ڕەققە"، "دێرئەلزور"، "ئیدلب" و "قامیشلۆ". ئەم هۆزە بەشێوەی نیمچە شارستانی دەژێن یاسایی هۆزگەراییان هەڵوەشاندوەتەوە و (٥٪) کەمتریان لە ناوچەی قامشلو دەژین. بڕوانە: (مجد كيلاني وآخرون: خارطة اهم القبائل والعشائر العربية في سوريا، جسورللدراسات، تركيا، ٢٠٢١، ص١٤ ؛ اسماعيل محمد صحاف: تاريخ كوردستان سوريا المعاصر١٩١٦-١٩٤٦، ج١، ص٢١٣).

قامیشلۆ خرایەئەستۆیان[١]، کەواتە کورد لەیەک کاتدا ڕوبەڕووی هەریەک لە هێزی ئەمنی و هێزی پۆلیس و ڕووبەڕووی هێزەعەرەبییەکانیش ببۆوە[٢].

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین و پێکدادان تەنها لە سنوری شاری قامیشلۆدا نەمایەوە، بەڵکو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی گەیشتە ناوچەکوردییەکانی دیکەی وەک عەفرین، کۆبانێ، عامودا، حەلەب، خودی دیمەشق و زانکۆی دیمەشق[٣]. هەرهەمان شەوی ١٢ی ئادار یەکەمین شەوی ڕاپەڕینی قامیشلۆ و قوتابیانی کورد لە زانکۆی دیمەشق لە نوسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دیمەشق نزیکبوونەوە، بە مەبەستی ناڕەزایی بەرامبەر پشتگوێخستنی بەرگرییکردن لە مافەکانی کورد لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە[٤]. ئەوە یەکەمجار بوو ناڕەزایی لەو جۆرە ڕێکبخرێت بۆ هاوسۆزیی و پشتیوانی کورد[٥].

ڕۆژی ١٢ی ئادار وەک یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینی قامیشلۆ کۆتاییهات بە کوژرانی چەند هاونیشتیمانیەکی کورد بەدەستی هێزەکانی سەربە حکومەت و میلیشیا عەرەبەکانی، کە هاوردەی ناوچەکە کرابوون پێشتر، ئەمە جگە لە برینداربوونی چەند کوردو دەستگیرکردنی سەدان کوردی دیکە لەلایەن دەسەڵاتەوە[٦].

لەلایەکی دیکەوە، لە درەنگانێکی شەوی ١٢ی ئادار دا هەندێک لە پارتە کوردییەکان لە نێوانیاندا پارتی دیموکرات و پارتی یەکێتی و هەندێک هۆزو عەشیرەتی ناوچەکەکۆبوونەوە و بڕیاریاندا بۆ دەربرینی ناڕەزای بەرامبەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی هێزەئەمنییەکان و سودوەرگرتن لەکاتی بەرێکردن و ناشتنی تەرمی قوربانیانی ئالۆزییەکانی ڕۆژی ١٢ی ئادار بۆ خۆپێشاندانێکی بەرفراوانی جەماوەریی و دەربرینی ئەو ناڕەزایەتییەئەنجام بدەن[٧]. لەم بارەیەوە پارتەکوردییە ئۆپۆزسیۆنەکانی حکومەت بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە لەسەر ئەو کارەساتەی قامیشلۆ و ئاماژەیان بۆ ئەوەکردبوو ڕۆژی ١٢ی ئادار شاری قامیشلۆ ڕووبەڕووی کارەساتێکی گەورەبۆتەوە، هەروەها

---

[١] ایفان بختیار: النضال السلمي الديمقراطي للشعب الكردي في كوردستان سوريا، ص ٥٢ ؛ Haian Dukhan: State and Tribes in Syria…, P.108-109.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لوقمان سلێمان لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر ٩:٠٠ شەو، هەینی، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/٦/٣.

[٣] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة دهوك: القضية الكوردية فی کوردستان–سوریا خلال عهد الرئيس بشار الاسد...، ص٢٣؛ رياض علي: موقع الكرد في الثورة السورية...، ص١٩٣.

[4] Eva Savelsberg: The Syrian-Kurdish Movements…, P.91-92.

[5] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus…, P.45.

[٦] رياض علي: موقع الكرد في الثورة السورية...، ص١٩٣.

[7] Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P.115 ؛ Eva Savelsbe: The Syrian-Kurdish Movements…, P.92.

ئەوەیان خستبووە ڕوو، کە بریندابوون و هەڵمەتی دەستگیرکردنی بەرفراوانی کورد لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، بووەتەهۆی ئەوەی ئەو ئاڵۆزییە سەرجەم ناوچەکانی پارێزگای حەسەکەو هەندێک شاری دیکەی سوریای بگرێتەوە، خەڵک دووبارە خۆپیشاندان و ڕێپێوانیان ئەنجامداوەتەوە بۆ دەربرینی ناڕەزایەتی، بەڵام حکومەت جارێکی دیکە ڕووبەڕووی جەماوەر بووەتەوەو ژمارەیەکی دیکە بوونەتەقوربانی، هەربۆیە جەختیان کردبۆوە لەسەرئەوەی:" ئێمە ئیدانەی مامەڵەی دەسەڵات دەکەین و داوا لەجەماوەر دەکەین ئارامبگرن و واز لە فیتنەی ئیتنی بهێنن، داوا لە عەرەبیش دەکەین پشتیوانی براکوردەکانیان بن و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ماتەمینی بۆ گیانی قوربانیان ڕادەگەیەنین"[١]، هەروەها پارتە کوردییەکان ڕێکەوتن لەسەر کوتلەیەکی هاوبەش تەرمی قوربانییەکانی ڕۆژی ١٢ی ئادار بە لافیتەو مەراسیمێکی ئاشتییانە و خۆپیشاندانێکی گەورە و بەرفراوان بەڕێبکەن و بەخاکیان بسپێرن[٢] .

لایەنی دەسەڵات لەترسی گەشەکردنی هەستی جیاخوازی کورد کە ئیلهامی لەو ڕەوشە نیمچەسەربەخۆییەی کورد لە باکوری عێراق وەرگرتبوو، لیژنەیەکی ئەمنی لە گەورە بەرپرسان پێکهێنا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵۆزییەکان و چالاکی ڕێکخراوە کوردییەکان. ئەم لیژنەیە لەژێر سەرپەرشتی غازی کەنعان، سەرۆکی هەواڵگریی لە لوبنان و بە ئەندامێتی هیسام بەختیار، سەرۆکی هەواڵگریی پارێزگاری حەسەکە ... هتد. وەک هەنگاوی سەرەتا، حکومەت لەو ناوچانەی خۆپیشاندان و ئاڵۆزی تێدابوو، قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند[٣]. بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و ڕێگرتن لە تەشەنەسەندنی ئاڵۆزییەکان بۆ ناوچەکانی دیکە.

لە ڕۆژی ١٣ی ئادار بە بەشداری (١٠٠) هەزار کەس تەرمی قوربانییانی کورد، کە ڕۆژی پێشتر کوژران بەرەو گۆرستان بەڕێکران[٤]. بەشداریکردنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک بەجۆرێک بوو، پێشبینی پارتەسیاسییەکانی تێپەڕاند. تەرمی قوربانیان بۆ گۆڕستانی "قاسمو قدوربیک" لە گەڕەکێکی کۆنی شارەکە بەڕێکران، لەو مەراسیمەدا مەسیحی و عەرەبەکانی قامیشلۆ بەشدارییان کرد، ئەگەرچی ژمارەیان کەمبوو بەرامبەر بەکورد[٥]. بەشداربووان لە شەقامەکانی قامیشلۆ وەستابوون

---

[١] لجنة الثقافة والاعلام الحزب الوحدة الديمقراتي الكردي في سوريا – يكيتي: احداث القامشلي آذار ٢٠٠٤...، ص٨.

[2] Thomas Schmidinger: Rojava…, P.75.؛ هەندرێن شێخ راغب: ڕۆژئاوای کوردستان...، ل١٧

[3] Robert G. Rabil:Syria, The United States, and The War on terror… , P.150.

[٤] ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل لوقمان سلێمان لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر ٩:٠٠ شەو، هەینی، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢|٦|٣ ؛ هەندرێن شێخ راغب: ڕۆژئاوای کوردستان...، ل١٧ ؛ Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus…, P.45.

[5] Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P.115 ؛ Eva Savelsberg: The Syrian-Kurdish Movements, P.92.

بۆ بەڕێکردنی تەرمەکان، دەزگائەمنییەکان هوتاف و دروشم و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانیان قەدەغەکرد و ڕەتیانکردەوە بەئاڵای کوردستانەوە تەرمەکان بەڕێبکرێن، ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایی کورد و ئامادەبوانی مەراسیمەکە و ئاڵۆزیی دەستپێکرد، دەزگائەمنیەکان دەستیانکرد بەتەقەکردن بەسەر خەڵکدا، ژمارەیەک خەڵک کوژران و ژمارەیەکی دیکە بریندار بوون[١].

زۆری نەخایەند خۆپیشاندان دژی توندوتیژی و مامەڵەی هێزەئەمنییەکان دەستپێکردەوە[٢]و ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران دروشمیان بۆ ئەمریکا دەوتەوە[٣]. بەم شێوەیە مەراسیم و بەرێکردنی تەرمی قوربانییەکان گۆڕا بۆ ئاڵۆزیی و خۆپیشاندان، خۆپیشاندەران داوای لێپرسینەوەیان لە بەرپرسانی کارەساتەکەی ڕۆژی ڕابردوو دەکرد و لافیتەو دروشمیان بەرزکردبوەوە، داوای چارەسەری پرسی کورد و ئازادی بۆ زیندانییەکان، هەروەها دروشمی نەتەوەییان بەرزکردبووەوە لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و دروشمگەلی وەک: "بۆش باوکی ئازادی" و "بژی کوردستان" و "ئیدانەی کارەساتەکەی ڕۆژی رابردوو دەکەین"... هتد[٤].

حکومەت و دەزگائەمنییەکان بەشێوەیەکی ئاشتییانە مامەڵەیان لەگەڵ خۆپیشاندەراندا نەکرد[٥]. لەم ڕووەوە هێزەئەمنییەکان بە پشتیوانی "میلشیا چەکدارەکانی هۆزە عەرەبیەکان" هۆزی "تەی" و هۆزی "جبور" دەستیانکرد بە ڕووبەڕووبونەوەی خۆپیشاندەران و تەقەیان لە خۆپیشاندەران و بەشداربووانی مەراسیمی ناشتنی تەرمەکان کرد[٦]. ئەو هۆزەعەرەبیانە لە چەند شوێنێک لەپاڵ هێزەئەمنییەکاندا بەشداربوون لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران، بۆ نموونە، لە سەرێکانی و حەسەکە بەشێک لە دانیشتوانی عەرەبی ناوچەکە لەپاڵ هێزە ئەمنییەکاندا بەشدارییان لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەراندا کرد و دوکان و کۆگاکانی کوردیان تاڵانکرد[٧]. هەندێک لە هێزی ئەو هۆزانە لە

---

[1] Barry Rubin: The Truth about Syria, P.161 ؛Michael M. Gunter: Out of Nowhere..., P.93 ؛ فیدیو الوثائقي: انتفاضة قامشلو، ١٢ / ٣/ ٢٠٠٤.

[2] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus..., P.45 ؛رياض علي: موقع الكرد في الثورة السورية...، ص١٩٣.

[3] Thomas Schmidinger: Rojava..., P.75. ؛ هەندرێن شێخ راغب: ڕۆژئاوای کوردستان...، ل١٧.

[٤] مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق جامعة دهوك: القضية الكوردية في كوردستان–سوريا خلال عهد الرئيس بشار الاسد...، ص٢٣-٢٤؛ رضوان باديني: اكراد سوريا...، ص٨.

[5] Azzma Aljurf: The Syrian Kurds’ Right of Self- determination ..., P.28.

[6] Eva Savelsberg: The Syrian-Kurdish Movements..., P.92 ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لوقمان سلێمان لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر ٩:٠٠ شەو، هەینی، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢|٦|٣.

[7] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus…, P.46 ؛رياض علي: موقع الكرد في الثورة السورية...، ص١٩٣.

میلیشیاکانی سەربە هۆزی الغمر بوون، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی ڕقە بوون و لە میانەی پشتێنەی عەرەبیدا هێنرابوون بۆ ئەو ناوچەیە[١]. جیا لەوەی کە هێزە ئەمنییەکان هەندێک جار بە جل و بەرگی مەدەنییەوە ڕووبەڕووی کوردەکان دەبوونەوە و کوردیان بەئامانج دەگرت[٢].

ئاڵۆزیی و خۆپیشاندان سەراپای ناوچەکوردیەکانی زۆر بەتوندی گرتەوە، خۆپیشاندەران هێرشیانکردەسەر بینا گشتییەکان و وێستگەکانی هێڵی ئاسنی و توندو تیژی لە شاری قامیشلۆ دەستی پێکردەوەو خۆپیشاندەران پەیکەری حافز ئەسەدیان لە شاری قامیشلۆ شکاند، بەمە ئاڵۆزیی و پشێوییەکان گەیشتەلوتکە و هەواڵی ئاڵۆزیی و کوشتن بڵاوبووەوە، هەواڵی ئەم ڕووداوانە لە نێو گەڕەکە کوردنشینەکانی شارەگەورەکاندا بڵاوبووەوە و ڕووداوەکان زیاتر پەرەیانسەند[٣]. بە جۆرێک هەزاران کورد لە شارە کوردییەکانی دیکە دەستیان بەخۆپیشاندان کرد، هەتا لە شارەعەرەبییەکانیش کە ژمارەیەکی زۆر کوردیان تێدا بوو وەک حەما، رەقە، حەلەب و دیمەشق، لەهەمان کاتدا خۆپیشاندان لە شارەکانی دێرک، عامودا، تربە سپی و سرێکانی دەستیپێکرد[٤].

خۆپیشاندەران هێرشیان کردە سەر بینا گشتییەکان و بنکە و بارەگاکان و وەک بنکەی پارتی بەعس و یانەی جوتیارانی عەرەبی[٥]و بنکەی گومرگ و زیانیان بەرکەوت. لە کۆبانێ خۆپیشاندەران ئاگریان لە مەکتەبی تۆماری مەدەنی و حکومی بەردا و هەوڵیاندا زیندانییەکان ئازادبکەن لە بنکەی پۆلیسی ناوچەکە[٦]. لە دێرک خۆپیشاندەران  هێرشیان کردە سەر بنکەی ئەمنی و سەربازیی دەوڵەت[٧]، هەروەها لە عامودا و دێرک و سەرێکانی و کۆبانی هێرشکرایە سەر نوسینگەکانی حیزبی بەعسی و وێنەو پەیکەرەکانی حافز ئەسەدیان شکاند[٨]. پێدەچێت خۆپیشاندەران بەم ڕەفتارە ویستبێتیان بەبیر رژێمی سوریا بێننەوە، چۆن پەیکەری سەدام حوسێن لە عێراق شکێندرا،

---

[1] Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P.116.

[2] Barry Rubin: The Truth about Syria, P.161.

[3] Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P.115 ؛ Michael M. Gunter: Out of Nowhere…, P.93-94 ؛ ایفان بختیار: النضال السلمي الديمقراطي للشعب الكردي في كوردستان سوريا...، ص ٥١-٥٢.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لوقمان سلێمان لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر ٩:٠٠ شەو، هەینی، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/٦/٣؛ هەندرێن شێخ راغب: ڕۆژئاوای کوردستان...، ل١٧؛  فیدیو الوثائقي: انتفاضة قامشلو، ١٢ / ٣/ ٢٠٠٤؛ Thomas Schmidinger: Rojava…, P.75

[5] Jordi Tejel: Syria’s Kurds History, Politics and Society, P.115.

[6] Michael M. Gunter: Out of Nowhere…, P.93.

[٧] لیون ت. غولد سمیث: دائرة الخوف العلويون السوريون فی الحرب و السلم، ص ٢٦٢.

[8] Thomas Schmidinger: Rojava…, P.75.

بەوجۆرەش پەیکەرەکانی سوریا هەمان چارەنوسیان دەبێت[1]. واتە کوردی سوریا مەبەستیان بوو حکومەتی سوریا تێبگات چارەنوسێکی هاوشێوەی چارەنوسی عێراق چاوەڕێیان دەکات.

دوای دوو ڕۆژ ئاڵۆزیی و سیاسەتی سەرکوتکارانەی دەزگا ئاسایشییەکانی سوریا بەرامبەر خۆپیشاندانەکان و کوشتن و گرتنی ژمارەیەک کورد و بەکارهێنانی چەک لە کاتی بەڕێکردنی تەرمی قوربانییەکان لە ڕۆژی ١٣ی ئادار ناوچە کوردییەکان تووڕەیی و ناڕەزایەتییەکی بەرفراوانی لێ چاوەڕێ دەکرا، هەرواش بوو لە ڕۆژی دواتر واتە ١٤ی ئادار ئاڵۆزیی و خۆپیشاندان زیاتر پەرەیسەند و گەڕەکە کوردییەکانی دیمەشق و حەلەبی گرتەوە تەلەفزیۆنی (ڕۆژ–ROJ) سەربە پارتی کرێکاران بە ئاشکرا بانگەوازی بۆ ڕاپەڕین دەکرد، هەروەک بەکارهێنانی چەک دژی خۆپیشاندەران لە ناوچە جیاوازەکان ڕەوشەکەی زۆر ئاڵۆزکردبوو، هەروەها بووەهۆی زیاتر تاوسەندنی ڕەوشەکە[2]، بەجۆرێک خۆپیشاندان و ئاڵۆزیی و پێکدادان گەیشتە حەلەب هێزی ئاسایشی سوریا لەگەڵ گروپێک لە یاخیبوانی کورد پێکیاندادا و لانیکەم پێنج کورد و سێ پۆلیس کوژران[3]. لە دێریک هێزەکانی پاسەوانی کۆماری بە قیتار گەیشتنە ئەوێ و بە درێژایی سنوری تورکیا–عێراق هێز بڵاوکرانەوە. ئەمە لە کاتێکدابوو کاتێک خۆپیشاندەران هێرشیانکردە سەر بینای هەواڵگریی سەربازیی و بینای ئاسایشی دەوڵەت چەند کەسێک کوژران[4].

لە ڕاستیدا ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی ئەو ڕۆژانە ڕێوشوێن و کارێکی بەهێزبوون دژی ڕژێمی حکومەتی سوریا و جوڵانەوەیەک بوو بۆ کۆتاییهێنان بەزەبروزەنگی حوکمی چل ساڵەی ڕژێمی بەعس لە سوریا[5]. هاوکات خۆپیشاندانەکان دەسەڵاتدارانی هێنایەسەرخەت، تاوەکو لەبارەی پرسی کوردەوە لێدوان بدەن وەک لە ١٤ی ئادار لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی(الحیاة) بەشار ئەسەد ئاماژەی بەوەدا، ڕەوشی خەڵک و خۆپیشاندەران پێویستی بە چاکسازییە، بەڵام چاکسازیی ڕێگەیەکی دوور و درێژە[6].

خۆپیشاندان و ئاڵۆزی ناوچە کوردییەکان درێژەی هەبوو، لە ڕۆژئاوای وادی مەشاریع ناوچەیەکە، کە نزیکەی (٥٠٠٠) کوردی تێدانیشتەجێیە لە دەوروبەری دیمەشق لە نزیک کۆشکی کۆماری لە درێژەی خۆپیشاندانی کورداندا ئاڵۆزیی ڕوویدا و کوژراو و برینداری لێکەوتەوە[7]. هەر

---

[1] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.116.

[2] Thomas Schmidinger: Rojava…, P.75.

[3] Muhammet Ali Asil: The Impact of The Kurdish Question ..., P.50.

[4] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.116.

[5] هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆلی لێکراو، ل ١٧٢ ؛ Michael M. Gunter: Out of Nowhere…, P.93.

[6] Flynt Leverett: Inheriting Syria…, P.190.

[7] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.116.

له یادی ساڵوەگەری کیمیابارانی هەڵەبجەدا، ژمارەیەک کورد دەستگیرکران، دەوترێت ژمارەیەک کورد لە حەلەب و عەفرین لە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بریندار بوون و ژمارەیەک خوێندکاری زانکۆی دیمەشق لەو ساڵیادەدا دەستگیرکراون[١].

له ١٦ی ئادار  به دواوه بەهۆی هەڵمەتی ڕەشبگیری فروانی کورد لەلایەن دەزگاکانی حکومەتی سوریاوه خۆپیشاندانەکان بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشت، لەو میانەیەدا (١٠٠٠) هەزار کورد دەستگیرکران[٢]. هەر لە ١٦ی ئادار دا یازدە پارت و ڕێکخراوی سیاسی و فەرهەنگی و ڕێکخراوی بەرگریکاران لە مافی مرۆڤ و لە نێوانیاندا پارتە کوردییەکان و دامەزراوەی مافی مرۆڤی عەرەبی، بانگەوازی کۆتاییهێنانیان بە خۆپیشاندان و ئاڵۆزیی و توندوتیژی و چارەسەرکردنێکی خێرای ڕەوشەکەیان کرد[٣]، بەڵام سەرەڕای ئەم بانگەوازە خۆپیشاندان لە قامیشلۆ و ناوچەکانی دیکە ئەنجامدرا و خۆپیشاندەران ئاڵای کوردستانیان بەرزکردبووەوە و دروشمی کوردییان دەوتەوە، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو عەرەب و مەسیحییانەی بەشداریی خۆپیشاندانەکەیان کردبوو لە ناڕەزیەتییەکان کشانەوە و خۆپیشاندان بەتەواوی بوو بە نارەزایی و خۆپیشاندنێکی کوردیی پوخت[٤].

لە پشێوی و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی قامیشلۆ لە ١٢ بۆ ٢٥ ئادار ی ٢٠٠٤دا، هەندێک سەرچاوە ئاماژە بە کوژرانی (٣٣)[٥] کەس  و هەندێک سەرچاوەی دیکە ئاماژە بە کوژرانی (٤٣) کەس دەکەن، کە (٧) یان عەرەب  بووە[٦].  هەندێکی دیکە ئاماژە بە کوژرانی (٥٠) کەس دەکەن[٧]، ئەمە لە کاتێکدایە لە ١٨ ئادار سەرچاوەیەکی فەرمی سوریا ڕایگەیاند، ژمارەی کوژراوان (٢٥) کەس بووە[٨]، بەڵام سەرچاوە کوردییەکان  ئاماژە بە کوژرانی زیاتر لە (٤٠) کورد دەکەن[٩]. بەیانێکی هاوبەشی پارتە کوردییەکانی سوریا ئاماژە بە  برینداربوونی (١٥٠) کەس دەکات لەو خۆپیشاندانانەدا[١٠]، هەروەها ژمارەیەکی زۆر کورد دەستگیرکران و نزیکەی (٢٥٠٠) کەس بوون کە منداڵیشیان لە نێودایە، لە

---

[1] Barry Rubin: The Truth about Syria, P.161 ؛Jordi Tejel:  Syria's Kurds History Politics and Society, P.116.

[2] Alexander Mckeever: Between Kurdistan and Damascus…, P.46.

[3] Thomas Schmidinger: Rojava …, P.75.

[4] Eva Savelsberg: the Syrian Kurdish Movements…, P.92.

[5] David Commins and David W. lesch: Historical Dictionary of Syria, 3rd, Edition the Scarecrow Press U.K, 2014, P.275.

[6] Eva Savelsberg: the Syrian Kurdish Movements…, P.92.

[7] Michael M. Bunter: Out of Nowhere…, P.93.

[٨] هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆلی لێکراو، ل١٧٢.

[٩] لجنة الثقافة والاعلام لحزب الوحدة الديموقراطي الكردي في سوريا– يكيتي: احداث القاميشلي آذار ٢٠٠٤...، ص١٧،

[10] Jordi Tejel:  Syria's Kurds History Politics and Society, P.116.

لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکران[1] و خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی سوریا دەستگیرکران بەهۆی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکاندا لە زانکۆکان دەرکران[2].

هەتا کۆتایی مانگی نیسانی ٢٠٠٤ قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییەکان لەگەڵ پەیمانگا ناوەندییەکان لە تەواوی شارەکانی جەزیرە داخران لە ترسی کاردانەوەی قوتابی و خوێندکارانی عەرەب و کورد لەسەر ئەوەی ڕوویدابوو[3]. ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەندین ئۆتۆمبیل سوتان و بیناکان زیانیان بەرکەوت. بەهۆی خۆپیشاندان ڕەوشەکە بە ئالۆزیی مایەوە بۆ ماوەی یەک هەفتە، ململانێی نێوان خۆپیشدەرانی کورد و هێزە ئەمنی و میلیشیا عەرەبییەکان درێژەی هەبوو[4].

بۆ جەژنی نەورۆزی ٢٠٠٤، زۆربەی لایەنە کوردییەکان ئاهەنگیان بە بۆنەی جەژنی نەرۆزەوە هەڵوەشاندەوە، لە جێی ئاهەنگگێڕان ماتەمینی گشتییان ڕاگەیاند[5]و لە کۆبوونەوەی ژمارەیەک پارتی کوردی لە سوریا لە ١٩ ئادار دا جەختیان لەوە کردەوە، بە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆری کورد و زیندانییکردنی ژمارەیەکی زۆری کورد، کە لە سەروی (٢٥٠٠) کەسەوەیە، تەنها لە قامیشلۆ (٢٠٠٠) کەس زیندانیکراون و ژمارەیەکی زۆریش بریندارببووە و بەهۆی خراپی ڕەوشی گشتی ناوچە کودرییەکان...هتد، بڕیاریاندا ڕۆژی نەورۆز، ڕۆژی ماتەمینی گشتی بێت لەنێو گەلی کورد لە سوریا و ئاگری نەرۆز لە ناوچە کوردییەکان نەکرێتەوە و لافیتەی ڕەش بەرزبکرێتەوە و ماتەمینی گشتگیری نەتەوەیی بێت[6].

هەریەک لە پارتی یەکێتی و یەکێتی دیموکراتی ڕۆژی ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤یان بە ڕۆژی "شەهید" ناساند لە نەورۆزی ٢٠٠٤دا لافیتەی ڕەشیان بەرزکردەوە و دروشمی"بژی شەهید" و "نەورۆز دەگری بە سەر شەهیدەکاندا"ی تێدا نووسرابوو[7]. لە ڕاستیدا بیانوی کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندانی کوردی سوریا لە ئاداری ٢٠٠٤ بەرێکاری توند و بە فەرمی وەک ئامرازێک بۆ پارێزگاری لە یەکێتی نیشتیمانی سوریا ڕاڤەی بۆ کراوە لەلایەن حکومەت و دامەزراە ئاسایشییەکانەوە.

---

[1] Jordi Tejel:  Syria's Kurds History Politics and Society, P.116 ؛ Eva Savelsberg: the Syrian Kurdish Movements…, P.92.

[2] David Commins and David W. lesch: Histrrical Dictionary of Syria, 3rd, Edition the Scarecrow Press U.K. P.275.

[3] رضوان باديني: اكراد سوريا...، ص ٤٢ ؛ محەمەد عەلی ئەحمەد: باری یاسایی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست...، ل ٢٥٢.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لوقمان سلێمان، لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، کاتژمێر٩:٠٠ شەو، هەینی، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢|٦|٣ ؛ Muhammet Ali Asil: The Impact of The Kurdish Question…, P.50.

[5] Thomas Schmidinger: Rojava…, P.76.

[6] لجنة الثقافة و الاعلام لحزب الوحدة اليدموقراطي الكردي في سوريا، احداث القاميشلي و اذار ٢٠٠٤...، ص١٤.

[7] Jordi Tejel:  Syria's Kurds History Politics and Society, P.123.

سەرەڕای بەکارهێنانی هێز دژی خۆپیشاندانەکان و کوشتنی کورد و زیندانیکردن...هتد. کورد بە گشتی و زیندانییەکان بە تایبەتی لەلایەن حکومەتی سوریاوە ڕووبەڕووی تۆمەتی جیاجیابوونەوە، بۆ نموونە، کوردیان بەوە تاوانبارکرد پەیوەندی بەو گروپانەوە هەبووە کە هەوڵی لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی گەلی سوریایانداوە و فیتنەی تایفی و ڕەگەزپەرستییان ئەنجامداوە، یان بە مەبەستی هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆ و شەڕی تایفی و هاندانی کوشتن و ئینتیما بۆ کۆمەڵەی نهێنی، هەروەها هەوڵدان بۆ دابڕینی بەشێک لە خاکی سوریا و لکاندنی بە دەوڵەتێکی بێگانەوە...هتد[١]، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەرپرسانی سوریا و ڕاگەیاندنی فەرمی سوریا ئەو ڕاپەڕینەی کوردییان بە ئاژاوە و پشێویی و خۆپیشاندەران کە هێزی بێگانە کۆنترۆڵی کردوون باسکردبوو، هەروەها کوردییان بە تێکدەر وەسفکردووە کە لە وڵاتانی دراوسێوە هاندراون بۆ تێکدانی ئاسایشی سوریا[٢]، هەروەها دەسەڵاتی سوریا هەوڵیدا وەها دەربخات کورد لە سوریا کێشەی نییە، هەروەک وەزیری ناوخۆی سوریا لەم بارەیەوە ئەوەی ڕاگەیاند:" کێشەیەک نییە لە سوریا بە ناوی کێشەی کورد، ئەو کوردانەی لە سەرخاکی سوریان لەلایەن سوریاوە پارێزراون" و ئەوەی ڕەتکردەوە کە یەک کورد ناسنامەی لێسەندرابێت، وتی:" هیچ کوردێک ناسنامەی لێنەسەندراوەتەوە، چونکە ناسنامە مافی هاونیشتیمانییانە جا کوردبێت یان عەرەب"[٣].

بەرپرسانی دەوڵەتی سوریا ڕەتیانکردەوە خۆپیشاندان و ئاڵۆزییەکان پرسێکی نەتەوەیی بێت، وەک ئەوەی بەشار ئەسەد ئەوەی ڕەتکردەوە، کێشەکە هێندە گەورە بێت و لەلایەن هێزی دەرەکییەوە هاندرابن و خەختی لەوە کردەوە کە:" ئەو گرژییەی لەو هەفتەیەدا ڕویداوە ئاژاوەیەکی وەرزشی بووە و لە فۆرمی نەتەوەییدا ڕوویداوە"[٤]، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەندێک دەسەڵاتداری سوریا وەک "عەبدولحەلیم خەدام" جێگیری سەرۆک کۆماری سوریا لە بەیاننامەیەکدا وتی:" یەکێتی نەتەوەیی سوریا بەو کارەگێرە شێوینییانە تێکناچێت"[٥].

عەبدولحەلیم خەدام دەستی دەرەکی و هێزە بێگانەکانی تۆمەتبار کرد بە هەوڵدان بۆ سودوەگرتن لە ئاڵۆزی سوریا[٦]، بۆ قۆستنەوەی کێشەی ناوچە کوردییەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان

---

[1] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.116.

[2] Ibid, P.117.

[٣] لجنة الثقافة و الاعلام لحزب الوحدة اليدموقراطي الكردي في سوريا، احداث القاميشلي و اذار ٢٠٠٤...، ص٥٦.

[٤] هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆلی لیکراو، ل ١٧٢ ١٧٣.

[5] Muhammet Ali Asil: The impact of The Kurdish Question …, P.50.

[٦] ریاض علي: موقع الكرد في الثورة السورية...، ص. ١٩٤ ؛ Muhammet Ali Asil: The impact of The Kurdish Question…, P.50.

و سودوەرگرتن لەو ڕوداوانە[١]. بە بڕوای خەدام فرەیی پلانگێڕی ڕۆژئاوا بۆ کاولکردنی وڵاتان لە ڕێگەی داواکردنی مافی چارەی خۆنوسی بۆ گروپە ئیتنییەکان، بۆ خۆی هەنگاوێکە دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی ناوخۆ لە سوریا. بۆ نموونە، چۆنێتی هەڵگیرساندنی ڕووەکانی ئاداری ٢٠٠٤ی سوریا لە میانەی یارییەکی تۆپی پێ[٢] هەرچی لایەنی کورد بوو ئەوەی ڕەتکردووەتەوە، کە خۆپیشاندان و ئالۆزییەکان دەستی دەرەکی لە پشتبێت و کورد ئەو تۆمەتبارکردنەی بە بەشێک لە سیاسیەتی حکومەت دژی کورد لێکدایەوە بۆ ئیستفزازکردنی کورد[٣]. بۆ نموونە، ئیبراهیم دەرویش سەرۆک هۆزێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان ئاماژەی بەوە کردووە کە :"کورد باشەی بۆ وڵات دەوێت و نابێت تۆمەتبار بکرێت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەستی دەرەکی"[٤].

لایەنی کوردی ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەی بە ڕێگایەک زانی بۆ دەربازبوون لە هەموو ستەم و نادادییەکانی ژیانی کوردی ڕۆژئاوا بەهۆی سیاسەتەکانی حکومەتەوە دووچاری ببووەوە، عەبدولباست سیدا لەم بارەوە دەڵێت:" ڕاپەڕینی کورد لە بەهاری ٢٠٠٤ هەڵچونێک نەبوو بۆ وەڵامدانەوەی ڕووداوەکانی یاریگای قامیشلۆ و کوشتنی خۆپیشاندەران بە دەستی هێزە ئەمنییەکان، بەڵکو ئەو ڕاپەڕینە دەرهاوێشتەی موعانات و ناهەمواری کوردبوو بە درێژایی سەدەیەک"[٥]. نموونەی ئەو ناهەموارییانە جیاکاری نەتەوەیی و هەندێک پرۆژەی حکومەتە کە دژ بە بوونی کورد لە سوریا ئەنجامدراوە وەک سەرژمێری پارێزگاری حەسەکە زۆر کوردی لە مافی خوێندن و تەندروستی و کارکردنی بێبەشکردن و پرۆژەی پشتێنەی عەرەبی و بە عەرەبکردنی ناوی شار و گوندی کوردی و قەدەغەکردنی زمانی کوردی... هتد[٦]. هەروەکو سەرۆکی حکومەتی سوریا (محمد ناجی عطری) لەم بارەوە ڕایگەیاند:" کێشەی کورد لە سوریا دەگەڕێتەوە بۆ سەرژمێری ١٩٦٢، بێبەشکردنی بەشێکی کورد لە ناسنامە و هیچ بەڵگەیەکی بوونی لە سوریای پێنەدرا، پێویستە لەسەر حکومەت گرنگی تەواو بداتە ئەو کێشەیە و چارەسەری ئەو کێشەیە بکات"[٧].

لەم بارەوە وتە بێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا "ئادەم ئەریلی" بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:" ئێمە پشتیوانی کوردی سوریا ناکەین بۆ جیابوونەوە، ئێمە داوای مامەڵەیەکی ئاشتییانەی مافی مرۆڤ لە سوریا دەکەین لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی سوریادا و بیرۆکەی هاوکاری کورد بۆ

---

١ ریاض علي: موقع الكرد في الثورة السورية...، ص. ١٩٤ ؛ هێریەت مونتگومری: کوردی سوریا بونێکی نکۆلی لێکراو، ل١٧٢ ؛ Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.117.

2 Barry Rubin: The Truth about Syria, P.161.

3 Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.117.

4 Muhammet Ali Asil: The impact of The Kurdish Question …, P.50.

٥ الكرد و الثورة السورية، مجلة سياسات عربية، العدد ٢٩, تشرين الثاني، ٢٠١٧، ص ٧٦.

٦ ریاض علي: موقع الكرد في الثورة السورية...، ص ١٩٤.

٧لجنة الثقافة والاعلام لحزب الوحدة الديموقراطي الكردي في سوريا-يكيتي: احداث القاميشلي آذار٢٠٠٤...، ص٦٦.

جیابوونەوە لە سوریا بیرۆکەیەکی گەمژانەیە"[1]. بەم شێوەیە ئەمریکا ستراتیژی گۆڕینی ڕەفتاری ڕژێمی پەیرەوکرد، نەک گۆرینی ڕژێمی سوریا[2].

ڕایەکی دیکە هەیە سەبارەت بە تەقینەوەی دۆخەکە لە قامیشلۆ، کە بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی پشتیوانی دەکەن کە جەخت دەکاتەوە سەرئەوەی ڕوداوەکانی ئاداری قامیشلۆ و ڕاپەڕینی قامیشلۆ لە ١٢ی ئادار، هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ دەرئەنجامی ململانێی توندی نێوان خودی دەسەلاتی دەولەت، ململانێی نێوان دەزگای هەواڵگریی و خەڵکانی دەوروبەری بەشار ئەسەد، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە، تەواوی دەزگای هەواڵگریی فەرامۆشکراوە لە میانەی جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی، تەنانەت زۆربەی لقەکانی ئەم دەزگایە داخران، لەبەرئەوە دەوترێت، بەرهەمهێنەر و سیناریۆی ڕووداوەکانی قامیشلۆ خودی دەزگای هەوالگریی بوو، بۆ ئەوەی پەیامێک بداتە دەولەت و خودی سەرۆک کۆمار، کە زەرورەتی دەزگای هەواڵگریی لە پلەی یەکەمدایە و بایەخی زۆری هەیە و دەبێت دەزگاکە گرنگی پێبدرێت[3]، هەروەها دەوترێت ڕاپەڕینی قامیشلۆ نەیتوانی سەرنجی لایەنە نارازی و ئۆپۆزسیونە ناوخۆییەکانی سوریا بۆ خۆی ڕاکێشێت و بپەڕێتەوە ناوچە ناکوردییەکانی دیکەی سوریا، بۆنمونە، خەڵکی حمص و حەما وەها لە خۆپیشاندانەکانی کوردیان دەڕوانی"هەڕەشەی جوداخوازی"یە، زیاتر لەوەی نارەزایی بێت بەرامبەر بە سیستمی سەرکوتکاریی دەسەلات، تاوەکو بتوانرێت پشتیوانیان لێبکەن و بچنە پاڵیان، هەروەک پارتە کوردییەکان نەیانتوانی بەشدارییەکی کارا بە دانیشتوانی ناکورد بکەن، لە میانەی نارەزاییەتییەکانیان لەو ناوچانەی زۆرینەی کورد بوون، ئەگەرچی بەشدارییەکی کەم هەبوو، بەڵام وەک پێوست نەبوو[4].

ڕاپەڕینی قامیشلۆ سەرەرای هەرکەموکورتییەک، خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی بوو بۆ بزوتنەوەی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان، سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و کاریگەریی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەولەتی هەبوو، پێگەی پرسی کوردی بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی هەریمی و نێودەولەتی بەو شێوە گەورەیە پێشاندا، لەبەر ئەم دوو هۆکارە:

**یەکەم**: بوونی نەتەوەی کورد و پرسە لەمێژیینەکەی سەلماند کە ماوەی چل ساڵە لە لایەنی دەسەلاتی سوریاوە نکوڵی لێدەکرێت.

[1] لجنة الثقافة والاعلام لحزب الوحدة الديموقراطي الكردي في سوريا-يكيتي: احداث القاميشلي آذار٢٠٠٤...، ص٥٧.

[2] شمس الدين الكيلاني: المسالة الكردية في ضوء...، ص ١٤-١٣.

[3] هەندرێن شیخ راغب: ڕۆژئاوای کوردستان...، ل١٧ -١٨.

[4] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.117 ؛ Eva Savelsberg: The Syrian Kurdish Movements…, P.92.

**دووەم**: پرسی کورد سنوری نیشتیمانی تێپەڕاندوو و بووە پرسێکی نێودەوڵەتی[١].

بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی هاوچەرخی سوریادا بزوتنەوەی ناڕەزایی تێکرای ناوچە کوردییەکانی سوریای گرتەوە، ئەمەش ڕەمزی یەکگرتووی لەنێو گۆرەپانی کوردی سوریادا لە جاران بەهێزتر کرد[٢]. ڕاپەڕینی قامیشلۆ لە ڕێگەی ڕوماڵی میدیایی و سەردێر و ناونیشانی ڕۆژنامە و گۆڤارە جیهانییەکان هەروەک ڕۆژنامەی عەرەبی و لوبنانی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کەنداوی عەرەبی و ناوەندە جیهانییەکانەوە زیاتر پرسی کوردی لە سوریا دەرخست[٣]. بەم پێیەی ڕاپەڕینی قامیشلۆ دەرخەری ناڕەزایەتییەکانی کوردبوو بەرامبەر بە دەوڵەت، ئەو نارەزایییەتییانەش گرنگییەکی گەورەی دا بە فاکتەری کوردی لە سوریا. ڕاپەڕینی قامیشلۆ سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ تێکرای ئەوانەی ڕۆلیان لە گۆڕەپانی سیاسیی و فەرهەنگی کوردیدا هەبوو، بە ئاشکرا کەوتنە کارکردن چ لە شارە گەورەکانی سوریا وەکو دیمەشق و حەلەب، چ لە شارە کوردییەکانی دیکە، ئەمە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی هەزاران کورد لە سوریا ئاڵنگاریی(تحدی) ڕژێمی سوریا بکەن لە ڕێگەی موبلیزەکردنی شوناسەوە. هەزاران کورد بە ئاشکرا ئاڵنگاریی حزبی بەعسیان کرد بە ئامرازگەلی کاری دەستەجەمعی وەک ڕێپێوان، ئاهەنگگیران، میهرەجانی فەرهەنگی و خۆپیشاندان[٤].

یەکێکی دیکە لە گرنگییەکانی ڕاپەڕینی قامیشلۆ ئەوە بوو هێزە دیموکرات و ئۆپۆزسیۆنەکان و لیژنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لیژنەکانی زیندوڕاگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی لایەنگر و پشتگیری کودربوون و هاوسۆزبوون لەگەڵ کورد و دژی زوڵم و توندوتیژی بوون بەرامبەر بە کورد، هەر لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا بەیاننامەیان دەرکرد دژی مامەڵەی دەسەلات بەرامبەر بە کورد و خۆپیشاندان. وەک لە ڕاپۆرتە بیانیەکاندا هاتووە:" جێگەی نیگەرانییە کەوا دەردەکەوێت بە لایەنی کەمەوە چل کەس بە ئەنقەست کوژرابن، یان بووبنە قوربانی بەکارهێنانی هێزێکی لە ڕادەبەدەر زۆر لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە، لەوانەیە ئەو خەڵکانە بە هۆی ڕەچەڵەکە کوردییەکەیانەوە چەوسێنرانەوە"[٥]. لیژنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ١٣ی ئادار بەیانێکیان بڵاوکردەوە سەرکۆنەی ڕەفتاریی هێزە ئەمنییەکانیان کرد بەرامبەر بە کورد و تێیدا جەختیان کردبووەوە، ئەوەی دەزگا ئەمنییەکان ئەنجامیاندا لە کوشتنی بە مەبەستی هاونیشتیمانیانی کورد و گوڕینی وەرزش بۆ سیاسەت ڕق و

---

[١] اسماعيل محمد حصاف، المسالة الكردية في سوريا، ص١٨١-١٨٥.

[2] Eva Savelsberg: The Syrian Kurdish Movements…, P.92 ؛ Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.108.

[٣] رياض علي: موقع الكرد في الثورة السورية...، ص١٩٣ ؛ Eva Savelsberg: The Syrian Kurdish Movements…, P.92؛ Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.108.

[4] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.108.

[٥] لجنة الثقافة و الاعلام لحزب الوحدة الديموقراطي الكردي في سوريا يكيتى، احداث القاميشلي و آذار ٢٠٠٤...، ص ٥٣ ؛ محەمەد عەلی ئەحمەد: باری یاسای کوردەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست...، ل٢٥٢.

کینەی دەسەڵات بەرامبەر بوونی کورد پیشان دەدات، هەروەک ئیدانەی ئەو مامەڵانەیان کرد و بەتاوانی دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەمیاندا، ئەم هەڵوێست و بەیاننامەیە دوای ئەوەهات، کورد بەشداربوو لە لیژنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی[١]، هەروەها لیژنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو کارەساتەیان بە فیتنەیەک دژی کورد و کۆی کۆمەڵگە دانا[٢].

ئیدی پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بەهۆی ڕاپەڕینی قامیشلۆوە، هاوسۆزی و پشتیوانی کوردی پارەچەکانی دیکەشی بەدەستهێنا و کوردانی پارچەکانی دیکە وەک لەباشوری کودستان لە شارەکانی سلیمانی و هەولێر و لە باکوری کوردستان لە شاری دیاربکر بەیاننامەیان دەرکرد و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا بۆ پشتیوانی لە کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان[٣]. بۆ نموونە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بە هاوبەشی چین و توێژەکانی دیکە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و سیاسەتە سەرکوتکارییەکانی رژێمی سوریایان پڕۆتێستۆکرد. ئەم پشتیوانییە زیاتر جەختی لێکرایەوە کاتێک لەسەر ئاستی فەرمی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا داوای لە بەشار ئەسەد کرد ڕێ و شوێنە سەرکوتکارییەکانی دژی کورد کەمبکاتەوە و چاکسازیی ئەنجام بدات[٤]. لەلایەکی دیکەوە، هەر لە ٢٠٠٤ وە گروپە ئۆپۆزسیونەکانی سوریا لە پارتە کوردییەکان لە تاراوگە کەوتنە چالاکی و دواتر بەرەی رزگاری نیشتیمانی (NSF) لێکەوتەوە[٥]. بەم جۆرە ڕاپەڕینی قامشلی و دەسەڵاتدارانی سوریای هێنایە سەر هێڵی گفتوگۆ لە بارەی بڕیاردان بۆ باشکردنی ڕەوشی کورد لە سوریا و گێڕانەوەی ناسنامە و ئازادکردنی زیندانییەکانی ڕوداوەکانی ١٢ی ئادار و ڕۆژانی دواتر، هەروەها دەسەڵاتدارانی سوریا بۆ یەکەمجار درکیان بەوەکرد، پرسی کورد پێویستی بە چارەسەر هەیە.

لە نیسانی ٢٠٠٤ دا وەزیری بەرگری سوریا "مستەفا تەلال" پارتە کوردییە گەورەکانی سوریای ئاگادارکردەوە کە (٣٠) هەزار کورد و نەوەکانیان کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەم لەناسنامەی سوری بێ بەشکرابوون، مافی ناسنامەی هاوڵاتیبوونیان بۆ دەگێڕدرێتەوە[٦]، هەروەها بەشار ئەسەد

---

[١] لجنة الثقافة و الاعلام لحزب الوحدة الديموقراطي الكردي في سوريا يكيتى، احداث القاميشلي و اذار ٢٠٠٤...، ص٥٣ ؛ محەمەد عەلی ئەحمەد: باری یاسای کوردەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست....، ل٢٥٢.

[٢] اسماعيل محمد حصاف: المسالة الكردية في سوريا، ص ١٧٨ ؛ مركز الدراسات الكوردية حفظ الوثائق جامعة دهوك: القضية الكوردية في كوردستان، سوريا خلال عهد الرئيس بشار الاسد...، ص٢٨.

[3] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.108.

[4] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.80. زیاتر لەوە، لە دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ڕووداوەکانی قامیشلۆ، بارزانی داوای لە حکومەتی سوریا کرد مافی دیموکراتی بە کورد لە سوریا ببەخشێت.Michael M. Gunter: Out of Nowhere…, P.94.

[5] Jordi Tejel:  Syria's Kurds History Politics and Society, P.108.

[6] Flynt Leverett: Inheriting Syria…, P.190.

له چاوپێکەوتنێکیدا له ١ی ئایاری ٢٠٠٤دا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی ئەلجەزیرەی عەرەبی ئاماژەی بەوەدا، کە سوریا بە خێرایی مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخەکەدا کردووەو وتی:"بابەتی ناسنامە تەمەنی چلودوو ساڵە، لەبەرئەوەی لە ساڵی ١٩٦٢ هەندێک ناسنامەیان بەدەستهێناوەو هەندێکی دیکە نەیانتوانیوە بەدەستیبهێنن، ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێتو گەلی کورد بەشێکی جیانەکراوەیە لە کۆمەڵگەو مێژووی سوریا"[1]. هەر ئەم وتارە بۆخۆی دانپێدانان بوو بە بوونی کورد لە سوریاو ڕەتکردنەوەی ئەو دیدگا کلاسیکییە فەرمییەی پێشتر، کە پێی وابوو کورد لە سوریادا بوونی نییە. هەروەک ئاماژەی بە پێدانی ناسنامە کرد بەو کوردانەی لە سوریا لە مافی هاوڵاتیبوون بێ بەش بوون، بەڵام ئەم بەڵێنە هەرگیز نەبووە کردارو تەنیا بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکەو ڕاگەیاندن بوو.

جگە لەوە بەشار ئەسەد لە ١٠ تەموزی ٢٠٠٤، بە پێی مەرسومی ژمارە (٤٠) لێبوردنی گشتی بۆ ئەو کەسانە دەرکرد، کە لە ڕۆژانی پێش ١٥ی ئاداری ٢٠٠٤ دەستگیرکراون و زیندانیکراون، ( ٩٠٪)یان کوردبوون، لە ١٨ی تەمموزی ٢٠٠٤دا، دەسەڵاتدارانی سوریا ئەوەیان ڕاگەیاند، زیندانییانی کورد بەرلێخۆشبوونی سەرۆکایەتی دەکەون کە (٢٧) کەسیان کوردبوون، (١٤)یان لە سەرێکانی و (٧)یان لە غەفرین و (٦)یان لە قامیشلۆ دەستگیر کرابوون[2].

بەشار ئەسەد لە ١٠ تەموزی ٢٠٠٤ دا بەبۆنەی ساڵیادی چوارەمین ساڵی بوون بە سەرۆکی وڵات، لێخشبوونێکی بۆ زیندانییان دەکرد، ئەو زیندانییانەی کە تاوانی بچوکیان ئەنجامدابوو، لەو میانەیەدا بە شێک لەو کوردانەی لە ڕاپەڕینی قامیشلۆ و ڕوداوەکانی دوای زیندانییکرابوون ئازادکران[3]. لە ڕاستیدا هەموو ئەم بەڵێنانە هەوڵێک بوون بۆ هێورکردنەوەی ئەو ڕەوشە شێواوەی ناوچە کوردییەکانی گرتبووەوە دوای ڕاپەڕینی قامیشلۆ، ئەگەرنا بەڵێنێکی بێ بنەما بوو لە سەرزاری زۆرینەی بەرپرسە سەربازیی و مەدەنییەکانی سوریا بوو، دوای هەرکاردانەوەیەکی کورد لە سوریا بۆ داواکردنی مافەکانی، جێبەجێکردنی بەڵێنەکان کرداریی نەبوون و تەنها بەڵێن بوون و جێبەجێ نەکران. لە واقیعدا ڕاستییەکە ئەوەبوو ڕاپەڕینی قامیشلۆ پەیوەندی حکومەتی سوریا و کوردی سوریای خراپترکرد بەڕادەی سفرکردنەوە، لەم تێکچونەی پەیوەندی هەردولا لە ٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٤دا، بە ئاشکرا دەرکەوت کاتێک دەزگای هەواڵگریی سەربازیی سوریا، ڕێبەرانی کوردی وڵاتەکەی هۆشیارکردەوە بەوەی چالاکی تەواوی پارتە کوردییەکان ڕێگە پێدراونییە و لەوە

---

[1] اسماعيل محمد حصاف: المسالة الكردية في سوريا، ص١٧٨ ؛مركز الدراسات الكوردية حفظ الوثائق جامعة دهوك: القضية الكوردية، في كوردستان، سوريا خلال عهد الرئيس بشار الاسد...، ص ٣١ ؛ محەمەد عەلی ئەحمەد: باری یاسای کوردەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست...، ل٢٥٢ ؛ Robert G. Rabil: Syria, The United States, and The War on terror …, P.150.

[2] مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق جامعة دهوك: القضية اكوردية في كوردستان سوريا خلال عهد الرئيس بشارد الاسد...، ص٣١.

[3] Flynt Leverett: Inheriting Syria…, P.193.

بەدواوە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان چالاکی سیاسییان قەدەغەیە[١]، هەروەها دەسەڵاتدارانی سوریا فەرمانیان بە پارتە کوردییە نایاساییەکان کرد، کە چالاکی سیاسی بگۆڕن بۆ کۆمەڵەی فەرهەنگی بەشێوەی یاسایی[٢].

کاردانەوەیەکی دیکەی حکومەت دوای ڕاپەڕینی قامیشلۆ چالاککردنەوەو چڕکردنەوەی گوشارەکانیان و چاودێری ناوچە کوردییەکان بوو، بە جۆرێک چاودێری توندتر ببوو، بەشێوەیەک هەوڵێکی چڕیان بۆ سەپاندنی شوناسی عەرەبی بەسەر کوردەکاندا دەدا. کە سەرنجی توێژەرانی دەرەکی بۆ سوریا ڕاکێشابوو سەبارەت بە هەواڵدەرە و ئەفسەری هەواڵگریی[٣]، لە ناوچە کوردییەکاندا لە ئەرک و چالاکیدابوون.

ئەو بەڵێنانەی کە حکومەتی سوریا بە کوردی دا چنگی حکومەتی بەسەر مافە مەدەنییەکانەوە کەم نەکردەوە، بە نموونە، قەدەغەکردنی چالاکییە سیاسییەکان لەو ڕێکخراوانەی مۆڵەتپێدراو نەبوون[٤]. ئەمە سەلمێنەریی ئەوەیە، ئەو هەنگاوانە تەنیا ڕووکەشانەبوو و هیچی دیکە.

ڕاپەڕینی قامیشلۆ بۆ کورد شەری خۆسەلماندن و بەرگریکردن بوو لە شوناسی کورد لە سوریا[٥]، وانەیەکی کاریگەربوو بۆ حکومەتی سوریاو تەنانەت بۆ خودی پارتە کوردییەکانیش، پێش هەمووشتێک پێی وتن، کە کێشەی کورد بەشێکە لە پرسی دیموکراسی لە سوریا و خەباتی هاوبەش لە پێناوی دیموکراسیدا. لە هەمان کاتدا خەباتە لە پێناوی دۆزینەوەی چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ پرسی کورد، ئەو ئەنجامە ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی بچنەپاڵ "ڕاگەیاندنی دیمەشق"[٦]، کاتێک لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن گەیشتنە دەقێکی سازان سەبارەت بە پرسی کورد، لەو دەقەدا هاتبووە:"دۆزینەوەی چارەسەری دیموکراتی دادپەروەرانە بۆ پرسی کورد لە سوریا، کە یەکسانی

---

[1] Flynt Leverett: Inheriting Syria…, P.191.

[2] Jordi Tejel: Syria's Kurds History Politics and Society, P.131.

[3] Sabina Catar: Kurdish Political Parties in Syria…, P.116 ؛ محەمەد عەلی ئەحمەد: باری یاسای کوردەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست...، ل ٢٥٣.

[4] Jack Morrison and Others: Creation of the Modern Middle East…, P.99.

[٥] هەندرێن شیخ راغب: رۆژئاوای کوردستان ...، ل ١٩.

[٦] ڕاگەیاندنی دیمەشق: کۆمەڵەیەکی نشتیمانی ئۆپۆزسیۆن بوو لە ٢٠٠٥ لە سوریا دامەزرا، دامەزرێنەرانی ئەو کەسایەتییانە بوون کە لە بەهاری دیمەشقدا بەشداری و چالاکییان دەکرد، زۆرینەی هێزە ئۆپۆزسیونەکان بە تێڕوانینی جیاواز و بیرۆکەی جیاواز و ئایدۆلۆژیای چەپ و ئیشتراکی و لیبرالی و نەتەوایەتی بوون، هەروەها لیژنەی زیندوڕاگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی، گەورەترین هێزی ئۆپۆسزیۆن بوو لە و ساڵەوەی، کە بەعس چووەتە سەردەسەڵات لە ١٩٦٣، ئەم کۆمەڵەیە داواکاری چاکسازیی هەبوو لە دەوڵەت. بڕوانە: (عزمی بشارة: سورية درب آلالام نحو الحرية محاولة في التاريخ الراهن، المركز العربي الابحاث و دراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٣، ص٢٠.

تەواو لە نێوان هاوڵاتییانی کورد و تەواوی هاوڵاتییانی دیکەی سوریا دەستەبەر بکات لە ڕووی مافی پێدانی ڕەگەزنامە، فەرهەنگ، بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی، دەستەبەرکردنی تەواوی مافە دەستوریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و یاساییەکان لە سەر بنەمای یەکێتی خاک و گەلی سوریا، هەربۆیە زۆر پێویستە ڕەگەزنامە و مافی هاوڵاتیبوون لەلایەن کوردانەوە بەدەستبهێندرێتەوە، کە لێی بێبەشکراون، ئەوەش لە پێناو یەکلاییکردنەوەی ئەو دۆسێیە بەتەواوەتی"[1].

بە کورتی ڕاپەڕینی ١٢ی ئادار ٢٠٠٤ قامیشلۆ چەند دەرئەنجامێکی بۆ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی ڕۆژئاوا و حکومەتی سوریا لێکەوتەوە: لەوانە:

**یەکەم:** پرسی نەتەوەیی کورد لە سوریا تایبەمەندی مێژوویی و سیاسی خۆی هەیە، ڕووداوەکانی ١٢ی ئاداری قامیشلۆ و ڕۆژانی دواتری ناوچەکانی دیکە سەلماندی، عەرەبی سوریا ناتوانن دیموکراتی و یەکسانی و ئازادی بە دەستبهێنن، تاوەکو چارەسەری پرسی کورد نەکرێت، چارەسەرێکی ڕیشەیی و دیموکراتی و دادپەروەرانە لە سەربنەمای مافی چارەی خۆنوسین بۆ کورد لە چوارچێوەی یەکێتییەکی ئارەزومەندانە.

**دووەم:** هێزی سەربازیی و پۆلیسی و سەرکوتکردن و دەستگیرکردن، مامەڵەیەکی کاریگەر و سەرکەوتوونییە، چونکە سیاسەتی بەکارهێنانی هێز شکستدەهێنێت و نزیکترین نموونەش چارەنووسی بەعسی عێراق بوو[2].

**سێیەم:** ڕووداوەکانی ١٢ی ئادار و ڕۆژانی دواتر ئەوەیان دەرخست، سوریا قەیرانێکی جێگیر و بەردەوامی هەیە و چارەسەرنابێت تەنها بە هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم پرۆسەکانی جیاکاریی ڕەگەزیی و کاریگەرییەکانی وەک کێشەی بێگانەکان و "پێشتێنەی عەرەبی" و گێڕانەوەی عەرەبی هاوردە بۆ ناوچەکانی خۆیان.

**چوارەم:** پرسی کورد لە سوریا گوزارشتە لەو ڕەوشەی تێیدایە، پرسێکی ئەمنی نییە، هەربۆیە نابێت لەسەر هەمان سیاسەتی ڕابردوو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

**پێنجەم:** باشترین بژاردە بۆ دەسەڵاتی سوریا ئەوەیە چارسەرەی پرسی کورد بکات لەسەر بنەمای یەکێتییەکی ئارەزومەندانەی ئازاد و یەکێتیەکی فیدرالی لەسەر بنەمای یەکێتی فیدرالی لەنێوان کورد و عەرەب و داننان بە زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە سوریادا هاوشێوەی عێراق[3].

---

[1] شمس الدين الكيلاني: المسالة الكردية في ضوء...، ص١٣-١٤.

[2] اسماعيل محمد حصاف: المسالة الكردية في سوريا، ص١٨٢.

[3] نفس المصدر، ص١٨٢ ١٨٣.

به کورتی سیاسەتی سەرکوتکارانەی حکومەتی سوریا وەک پێشتر بگرە توندتریش درێژەی هەبوو، دوای پەشیمان بوونەوە لە بەڵێنی کرانەوەو ئازادی فەرهەنگی و کارو چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، زۆری نەبرد شەپۆلێکی سەرکوتکاریی و گرتن و مامەڵەی ئەمنی سەرجەم هێزە ئۆپۆزسۆنەکانی گرتەوە لەسەروی هەموویانەوە کورد. ڕاپەرینی قامیشلۆ سروشتێکی ئاسایی تەقینەوەی کوردبوو بەڕووی دەسەڵاتی حکومەتی سوریا بە هۆی ستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و پەراوێزخستنی، کە لەڕاستیدا هەر لە ٨ی ئادارەوە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی وردەوردە ڕێڕەوی خۆی دەگرت هەتاوەکو لە ١٢ ئاداردا یارییەکی تۆپی پێی نێوان یانەی فوتوەی دێرزور و یانەی جیهادی قامیشلو، ناڕەزاییەکانی تەقاندەوە، لەمەدا حکومەتی سوریاو دامەزراوە هەواڵگرییەکانی پلانی تێکدەرانەیان هەبوو لە پاڵ ئامانجی دەسەڵاتخوازیی لە ململانێی نێوخۆیی دامەزراوە باڵاکانی حکومەتدا. ڕاپەرینی قامیشلۆ لە١٢ی ئاداری ٢٠٠٤دا بە ڕاستەقینەیی تەقییەوەو زۆرینەی ناوچە کوردییەکانی لە سوریا گرتەوەو حکومەتی سوریا لە ترسی ئەوەی ڕەوشەکەی لەدەست دەرنەچێت، بە تووندترین شێوە و بە کوشتن و بریندارکردن و گرتنی ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران و داخستنی قوتابخانەکان و تەنانەت دەرکردنی قوتابیانی کورد لە زانکۆکانی سوریا ...هتد مامەڵەی لەگەڵ پێشهاتەکانی ناوچە کوردییەکان کرد. لەم ڕەفتارەی حکومەت پەرتەوازەیی کورد و پارتەکان و دابەشبوونیان خزمەتێکی گەورەی بە شکستی ڕاپەرینەکەکرد. هەرچەندە ڕاپەڕینی ئادار سەرکوتکرا، بەڵام کاردانەوە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و پشتیوانی کوردی ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی سوریای بۆ پرسی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان، بابەتی ستەملێکردن و پەراوێزخستنی کوردی ڕۆژئاوای کردەوە بە سەرباس و نوسینی ڕۆژنامەو ناوەندە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان و لە هەمان کاتدا کرانەوەی پرسی کوردبوو لە ڕۆژئاوا بەڕووی دەرەوەدا.

# ئەنجام

له کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک و لە خوارەوەدا بە چەند خاڵێک دەیخەینەڕوو:

**یەکەم:** یەکێک لە دەرەنجامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم دروست بوونی چەند دەوڵەتێک بوو لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست، دواتر هەریەکێک لەم دەوڵەتانە کەوتنە ژێر منداتی بەریتانی یان فەرەنسی، سوریا یەکێک بوو لەو دەوڵەتانەی کەوتە ژێر منداتی فەرەنسی، بەشێکی کوردستان کە خرایە سەر سوریا بەهەمان شێوە کەوتەژێر منداتی فەرەنسی تاکو ١٩٤٦، کاتێک سوریا لە ١٩٤٦ سەربەخۆیی وەرگرت ولاّت ڕووبەڕووی ڕەوشێکی سیاسی بێ پێشینە بووەوە، زنجیرەیەک کودەتا شایەتی راستی ئەو ڕەوشەن کە سوریا بەخۆیەوەبینی هەریەک لەو حکومەتانەی کە لە سوریا پێکهێنران سیاسەتی دژ بەکورد سیمایەکی دیاری سیاسەتەکانیان بوو، بە نموونە سیاسەتی سەرکوتکردن و بێ بەشکردنی کورد لە مافە سیاسی و ئابووری ومەدەنی و مافە نەتەوەییەکانی لە سایەی حکومەتەکانی دوای سەربەخۆبوونی سوریا دەستی پێکرد، ئەوەش بوو بەبنەمایەک بۆ سیاسەتی حکومەتەکانی سوریا لە داهاتوودا دژ بە کورد. ئەم سیاسەتە گەیشتە لوتکە بە بڕیاری سەرژمێریەکی نائاسای لە پارێزگای حەسەکە ١٩٦٢ لە ماوەی تەنها یەک ڕۆژدا زیاتر لە (١٢٠)هەزار کورد لە ناسنامەی سوری بێبەشکران و لەسەرجەم مافە مەدەنی و سیاسی و ئابوریەکانیان...هتد بێبەشکران. هەر لەم حکومەتانەی دوای سەربەخۆبوونی سوریا، ناسیونالیزمی عەرەبی دژ بە کەمینەکان زۆر زەقتربوەوە و باڵی بەسەر حکومڕانی سوریادا کێشا، ئەمەش پاڵی بە ناسیونالیزمی کوردییەوە نا تاکو یەکەم پارتی سیاسی کوردی بەئاشکرا لە سوریا ١٩٥٧ دابمەزرێنرێت بەناوی(پارتی دیموکراتی کوردی سوریا-البارتی). لە ١٩٦٣ حکومەتی بەعس لە سوریا دەسەلاّتی گرتە دەست، لەسەر هەمان ڕێچکەی حکومەتەکانی پێش خۆی و زیاتریش دژی کورد و نکۆڵی کردن لە بوونی پرسی کورد لە سوریا و نکۆڵی کردن لە مافی کورد و سەرکوتکردن و بە عەرەب کردن و سەرکوتکردنی پارتەسیاسییە کوردییەکان، دانانی پلانی پێشوەختە بۆ سڕینەوەی کورد لە سوریا...هتد. سیاسەتی حکومەتەکانی سوریا بوو بەرامبەر بەکورد ئەم سیاسەتانە بەردەوامی هەبوو تاکو ساڵی ١٩٧٠ .

